حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

# حزبی سۆسیالیستی کوردستان

## توێژینەوەیەکی مێژوویی لەبارەی دروستبوونی و پێگەی لەجوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا

## (١٩٧٩-١٩٩١)

نامەیەکە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەمێژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا.

لەلایەن خوێندکار
سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا

بەسەرپەرشتی
پ.ی. د.دلێر ئەحمەد حەمەد

٢٠٠٩زاینی ٢٧٠٩ کوردی

**ئەم نامەیە بەسەرپەرشتیو چاودێری من لەزانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لەپێداویستییەکانی پلەی ماستەر لەمێژووی نوێو هاوچەرخدا.**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم**

**د.سەلاح کانەبی ئیسماعیل**

**سەرۆکی بەشی مێژوو**

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا خوێندکار شایەنی وەرگرتنی نامەکەیەتی بە پلەی (                    )و بڕوانامەی ماستەری لەمێژووی هاوچەرخی کوردا پێبدرێت.**

**سەرۆکی لیژنە**

**ئەندام**

**ئەندام**

**ئەندامو سەرپەرشتیار**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان پەسەندکرا.**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**د.دلێر ئەحمەد حەمەد**

**راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

# پێشکەشە بە:

- بەهاوسەری ژیانم( م.شەمیان )، کە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا ماندووبوونی زۆری کێشاو بەشێکی زۆر لەکاتەکانی خۆی بۆ تەواوکردنی ئەم بەرهەمە پێبەخشیم.

-بەکوڕە تاقانەکەم( بیار )، کاتێك سەرقاڵی نوسینی ئەم توێژینەوەیە بووم، جار جار دەهاتو پێیدەوتم :"بابە ئەوە بۆمامۆستا ئەنوسی".

# سوپاس و پێزانین:

ئەم توێژینەوەیە جگە لەهەوڵو ماندووبوونی توێژەر، بەرهەمی هاوکاری ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوەشە، بۆیە لەناخی دڵمەوە زۆر سوپاسیان دەکەم

- مامۆستای بەڕێزم(د.دلێر ئەحمەد)، کە لەگەڵمدا زۆر ماندوو بوو، بەسەرنجو تێبینییەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کردو لەسەرخستنی ئەم توێژینەوەیەدا هاوکاری سەرەکیم بوو.
- سوپاس و ڕێزی بێپایانی زۆرم بۆمامۆستای زۆر ئازیزو بەڕێزم(د.کەمال عەلی) هەیە، کە لەخوێندنی زانکۆوە هاندەرێکی دڵسۆزم بوو، بۆئەوەی درێژە بەخوێندن بدەمو هەمیشە ڕێنمایی دەکردمو هانیدەدام، بۆیە خۆم بەقەرزاری دەزانمو ڕێزو خۆشەویستی ئەو هەرگیز لەیاد ناکەم.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆخێزانە بەڕێزەکەم هەیە، بەتایبەت باوكو دایكو خوشكوبرا خۆشەویستەکانم هەیە، کەبەردەوام لەژیانی خوێندنمدا هاوکارم بوون، بەتایبەتیش بۆگەیشتنو تەواوکردنی خوێندنی باڵا هەمیشە هاندەرم بوون، بۆیە هەرگیز ناتوانم پاداشتی چاکەو گەورەیی ئەوان بدەمەوە.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆهاوسەری ئازیزم(م.شەمیان)، کە لەسەرەتاوەو لەتەواوکردنی ئەم توێژینەوەیەدا کۆمەکی تەواوی کردمو بەشێکی زۆری کاتەکانی خۆی پێبەخشیمو هاوکارو هاندەرم بوو، چاکەی زۆری بەسەرمەوە هەیە.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆئەم بەڕێزانە، کەبەکتێبو سەرچاوەو بەڵگەنامە هاوکاریان کردم:
- (د.سەروەر عەبدورەحمان عومەر، محەمەدی حاجی مەحمود، م.عەلی پەرلەمان، بێرون عومەر فەتاح، بەڵێن عەبدوڵڵا، سەعد خالید، گۆران جەلال، ئەرسەلان خالید کریم، نەوزاد عەلی فەتاح، م.رزگار عەبدولکەریم، کامەران بابان زادە).
- برای بەڕێزم(م.هیوا عەزیز)، کە لەرێکوپێك کردنی توێژینەوەکەدا هاوکاری پێویستی کردم.
- بەڕێزان(هەڵۆ خالید، لوقمان عەلی )، کە لەکاری کۆمپیوتەریدا کارئاسانیو هاوکاری زۆریان کردم.
- سوپاس و پێزانینم بۆکارمەندانی(کتێبخانەی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، کتێبخانەی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، کتێبخانەی گشتی سەیدصادق، کتێبخانەی گشتی سلێمانی، بەشی ڕووناکبیریی سەنتەری ڕووناکبیریی ئێلبەگی جاف).
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ(م.ئیدریس کەریم، م.ئیدریس عەلی، م.ئەوین ساڵەح) لەکاروباری زمانەوانی توێژینەوەکەدا هاوکاریان کردم.

- سوپاس‌و پێزانینم بۆبەڕێز کاکە(نەوزاد عەلی حەمە مراد)، کە لەئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکانی توێژینەوەکەدا هاوکاری کردم.

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| حسک | = حزبی سۆسیالیستی کوردستان |
| حسیک | = حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان |
| ی.ن.ک، یەکێتی | = یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| پ.د.ک، پارتی | = پارتی دیموکراتی کوردستان |
| حدکا | = حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران |
| پاسۆک | = پارتی سۆسیالیستی کورد |
| حسکع | = حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق |
| حشع | = حزب شیوعی عێراقی |
| لاک | = لەشکری ئیسلامی کورد |
| کاژیك | = کۆمەڵەی ژیانەوەو نەتەوایەتی کورد |
| م.س | = مەکتەبی سیاسی |
| س.پ | = سەرچاوەی پێشوو |
| هـ.س | = هەمان سەرچاوە |
| چ | = چاپ |
| و | = وەرگێڕان |
| ب.س | = بێ ساڵی چاپ |
| ب.ش | = بێ شوێنی چاپ |
| ل | = لاپەڕە |
| ژ | = ژمارە |
| ک.م | = کۆمەڵەی مارکسی– لینینی |
| جوقد | = جبهة الوطنية القومية الديمقراطية العراقية |
| جود | = جبهة الوطنية الديمقراطية العراقية |
| ت | = ترجمة |
| ب.م | = بلا مكان الطبع |
| ب.س | = بلا سنة الطبع |
| م.س | = مصدر سابق |
| ج | = جزء |
| ط | = طبعة |

ص = صفحة

# ناوەڕۆك


پێشەكی.................................................................................................................................٨

**بەشی یەكەم( هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان )......................**

باسی یەكەم– ڕێكەوتننامەی جەزائیر(٦ی ئاداری ١٩٧٥)و كاردانەوەی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی كورد..............

باسی دووەم– سیاسەتی ڕژێمی بەعس دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لەكوردستاندا...........................................

باسی سێیەم– دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان(١٩٧٦/٨/٨)...........................................................

باسی چوارەم– بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ...............................................

باسی پێنجەم– كۆنگرەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان(١٩٧٩).....................................................................

– هۆكارەكانی هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەریزەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان(١٩٧٩/٣/٢١)...............

ئەلف– ئەو هۆكارانەی بەنیمچە بەرەی یەكێتی ی نیشتمانی كوردستانەوە پەیوەستبوون.............................................

بێ– ئەو هۆكارانەی بەخودی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستانەوە پەیوەستبوون..................................................

جیم– ئەو هۆكارانەی پەیوەندییان بەناكۆكی نێوان كۆمەڵەو بزوتنەوەی سۆسیالیستییەوە هەبوو................................

دال– ئەو هۆكارانەی بەسەركردایەتی كاتیی(پ.د.ك)ەوە پەیوەستبوون.................................................................

هاء– ئەو هۆكارانەی پەیوەندیان بەلیژنەی ئامادەكاری(پ.د.ك)ەوە هەبوو..........................................................

واو– چەند هۆكارێكیتر.................................................................................................

**بەشی دووەم( حزبی سۆسیالیستی كوردستان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٥ )دا.....................................**

باسی یەكەم– وتووێژی نێوان حزبی سۆسیالیستی كوردستان و حكومەتی عێراق(١٩٧٩)...........................................

باسی دووەم– گەشەكردنی سیاسی و سەربازیی سۆسیالیست و بەشداریكردنی لەدوو بەرەی دژ بەیەكدا(١٩٧٩–١٩٨٠)...................

باسی سێیەم– سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ(١٩٨٠–١٩٨٥)..................................................................................

– هۆكارەكانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ

ئەلف– دروستبوونی دوو بەرەی دژ بەیەك (جوقدو جود)

بێ– ناكۆكی و ململانێ لەسەر دەسەڵات و ناوچەی فەرمانڕەوایی

جیم– ناكۆكی و ململانێ و شەڕكردن لەسەر باج وەرگرتن و خاڵە گومرگییەكان

دال– بوونی فرە هێزی چەكداری لایەنەكانی نێو جوڵانەوەكە

هاو– شەڕی عێراق– ئێران و كاریگەری لەسەر دروستكردنی ناكۆكی و تەشەسەندنی شەڕی ناوخۆ

واو– چەند هۆكارو پاڵنەرێكی تر

باسی چوارەم– سەرهەڵدانی ناكۆكی و دووبەرەكی لەنێو ریزەكانی حزبی سۆسیالیستدا(١٩٨٥)...................................

– هۆكارەكانی سەرهەڵدانی دووبەرەكی لەنێو ریزەكانی حزبی سۆسیالیستی كوردستاندا

ئەلف– بوونی جیاوازیی و ناكۆكی نێوخۆیی لەنێو ریزەكانی حزبی سۆسیالیستدا

بێ– كەڵەبوونی كێشە نێوخۆییەكان و گرێنەدانی كۆنگرە

جیم– هۆكارە هزرییەكان و جیاوازی بیروڕا

دال– دەستێوەردانو رۆڵی حزبە سیاسییەکانی تر
باسی پێنجەم– پەیوەندییە سیاسییەکانی حزبی سۆسیالیست..........................................................................

ئەلف: پەیوەندی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان...

– پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی ی نیشتمانی کوردستاندا

– پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا

– پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق(لیژنەی هەرێمی کوردستان)دا

– پەیوەندی لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆك)دا

– پەیوەندی لەگەڵ لەشکری ئیسلامی کورد(لاك)دا.........................................

بێ: پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوو پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان...........................................................

جیم:پەیوەندی لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ناوچەکە..........................................................................

هاء: پەیوەندی لەگەڵ هێزە بەرهەڵستیکارەکانی عێراق.................................................................................

واو: پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە..................................................................................................

یاء: پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا...................................................................................

**بەشی سێیەم( حزبی سۆسیالیست لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩٢ )دا**..............................................................

باسی یەکەم– حزبی سۆسیالیستو ئاشتبوونەوەی گشتی(١٩٨٦)............................................................................

باسی دووەم –حزبی سۆسیالیستو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی(١٩٨٧)......................................................................

باسی سێیەم -حزبی سۆسیالیستو راپەڕینی بەهاری(١٩٩١)..................................................................................

– هۆکارەکانی سەرهەڵدانی راپەڕینی بەهاری(١٩٩١)

ئەلف– هۆکارە دەرەکییەکان

بێ– هۆکارە نێوخۆییەکان

باسی چوارەم–حزبی سۆسیالسیتو وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیو بەعس لەدوای راپەڕین
– هۆکارەکانی بێئاکامی وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس

ئەلف – جیاوازی روانینی بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس بۆمەسەلە بنەڕەتیو هەستیارەکان

بێ– نادیاریی پرسی کەرکوكو سنوری هەرێمی کوردستانو ناوچە جێناکۆکەکان

جیم– کەمو کورتی ئەو خاڵانەی لەدوایین خولی وتووێژەکاندا بۆرێکەوتن ئامادەکرابوو

دال– چەند هۆکارێکی تر

ئەنجام.....................................................................................................................

لیستی سەرچاوەکان..........................................................................................................

پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی.........................................................................................

پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی.......................................................................................

پاشکۆی بەڵگەنامەکان.......................................................................................................

# پێشەکی

ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەڕۆژی(٦ی ئازاری ١٩٧٥)، خاڵی سەرهەڵدانی گۆڕانکاری گەورەبوو لەمێژووی نوێو هاوچەرخی نەتەوەی کورد لەباشوری کوردستاندا. بەجۆرێ ئەو ڕووداوە مێژووییە جگەلەوەی بوو بەهۆی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردی تووشی شکستو نسکۆ کرد، هاوکات کاریگەری گەورەیشی لەسەر ژیانی سیاسی هەبوو، بەشێوەیەك کۆتایی بەمۆدێلی تاك حزبی لەنێو جوڵانەوەکەدا هێنا، کە تائەو سەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی ڕابەرایەتی دەکرد. ئاکامی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولو بڕیاری کۆتاییهێنان بەشۆڕش، سەرەتای سەرهەڵدانی چەندین ڕێکخراوو پارتی سیاسی نوێ بوو لەباشوری کوردستاندا.

لەنێو ئەو ڕێکخراوو پارتە سیاسیيانەدا هەر زوو ڕەوتی سۆسیالیستی دەرکەوتو لەگەڵ ڕێکخراوو هێزە پێشکەوتووخوازە نوێیەکانی تردا جڵەوی شۆڕشی نوێیان گرتە دەستو سەرلەنوێ درێژەیان بەجوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەباشوری کوردستان دایەوە. دروستبوونی ڕەوتی سۆسیالیستیو بەشداریکردنی بەگشتی لەڕووداوەکانی دوای ساڵی(١٩٧٥)و بەتایبەت لەڕووداوەکانی نێوان ساڵانی(١٩٧٩-١٩٩١)، وەك بەشێك لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو پارتایەتی لەباشوری کوردستان پێویستی بەلێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی هەیە، چونکە لەو ماوە مێژووییەدا چەندین ڕووداو لەنێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد ڕوویانداوە، کەدواتر کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بەجێهێشت.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگیو بایەخی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کەلێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە(١٩٧٩-١٩٩١) بەگشتیو لەسەر ژیانی سیاسی پارتە سیاسییەکانو دروستبوونی ڕەوتی سۆسیالیستیو حزبی سۆسیالیست بەوردی وەك یەکێك لەڕێکخراوو پارتە سیاسییەکان لەباشوری کوردستان نەکراوە، جگە لەهەندێ کاری زانستی وەك(بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد

لەباشوری کوردستان ساڵەکانی جەنگی عێراقو ئێراندا ١٩٨٠-١٩٨٨)ی (عەلی تەتەر نێروەی)و چەند کار ێکی زانستی تر.ن بەڵکو ئەوەی تائێستا زیاتر هەیە بریتییە لەنوسینەوەی رووداوەکانی ئەو ماوە مێژووییەو ژیانی پارتایەتی سیاسی لەلایەن خودی کەسایەتییە سیاسیو حزبییەکان خۆیانەوە. ئەو هەوڵانەش خۆی لەنوسینی یادداشتو تۆمارکردنی رووداوە مێژووییەکاندا دەبیننەوە، نەك لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی. ئەمەش جگەلەوەی زۆربەیان مەرجی زانستیو بابەتییان تێدا نییە، هاوکات بەشێکی زۆر لەرووداوە مێژووییەکانیش بەلایەنگیریو دوور لەمیتۆدی زانستی نوسراونەتەوە. بۆیە بەپێویستزانرا وەك کارێکی زانستی رووداوە سیاسییەکانی ئەو ماوەیە بەگشتیو دروستبوونی حزبی سۆسیالیست لەنێوان ساڵانی(١٩٧٩-١٩٩٢)دا لەچوارچێوەی ژیانی سیاسیو پارتایەتی لەباشوری کوردستان بکەینە ناونیشانی توێژینەوەکەمانو لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەوە ئەنجام بدەین.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەپلەی یەکەم شیکردنەوەو بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی ئەو رووداوە سیاسییانەیە، کە لەدوای رێکەوتننامەی جەزائیرەوە روویانداوەو کاریگەریو گۆڕانکارییان لەسەر رووداوەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دروستکردووە. هەروەها خستنەڕووی لێکدانەوەو زانیاری راستو دروستی زانستییە لەسەر ئەو رووداوانە بەگشتیو لەسەر حزبی سۆسیالیست لەرۆژی دروستبوونییەوە تاوەکو بەشداریکردنی لەرووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا، چونکە تاوەکو ئێستا ئەو زانیاریو لێکدانەوانەی بۆرووداوەکانی ئەو قۆناغە کراون، بەتایبەت لەسەر حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کەمتر مەرجی زانستیبوونیان پێوە دیار بووە، هەروەها کۆمەڵە هەوڵێك بوون، کەبەلایەنگیریی ئایدۆلۆجیاو هزرێکی سیاسی بەرهەم هاتوون، نەك بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زانستیو خستنەڕووی راستی رووداوە مێژووییەکان. بۆیە هەوڵدراوە بەگوێرەی گەڕانەوەو پشتبەستن بەسەرچاوەی مێژوویيو بەڵگەنامەکان زانیاری زانستیو بابەتی هەم لەسەر رووداوەکانی ئەو قۆناغەو هەم لەسەر حزبی سۆسیالیست توێژینەوە لەو ماوە دیاریکراوە مێژووییە ئەنجام بدەین.

## ناوەڕۆكو پێکهاتەی توێژینەوەکە

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسێ بەشی سەرەکیو هەر بەشێکیش بۆچەند باسێك دابەشکراوە. هەرچی بەشی یەکەمە تەرخانکراوە بۆ بەدواداچوونو خستەڕووی زانیاری لەبارەی(هەرەسی شۆڕشی

ئەیلوولو دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)و پێنج باسی لەخۆگرتووە، باسی یەکەم(رێکەوتننامەی جەزائیرو کاردانەوەی لەسەر جولانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد)، تیایدا باسمان لەرێکەوتننامەی جەزائیری(٦ی ئازاری ١٩٧٥)و خاڵەکانیو کاردانەوەو کاریگەری لەسەر جولانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد کردووە، کەچۆن هۆکاری سەرەکی هەرەسهێنانی شۆڕی ئەیلوول بووە. باسی دووەم تەرخانکراوە بۆباسکردنی(سیاسەتی رژێمی بەعس دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەکوردستاندا)، بەتایبەت دوای راوەستاندنی شۆڕش، رژێمی بەعس کەوتۆتە پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنو راگواستنو بەبەعسیکردنی خەڵکی کوردستانو دوورخستنەوەو نیشتەجێکردنیان لەناوچەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراقدا. باشی سێیەمی توێژینەوەکە بریتییە لە(دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان). لەم باسەدا سەرەتاکانی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانمان باسکردووە، بەجۆرێ بڕیاری راوەستاندنی شۆڕشو پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنو بەبەعسیکردنو راگواستن، پاڵنەری سەرەکی بوون بۆبیرکردنەوە لەدامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسی نوێ، کەخۆی لەبزوتنەوەی سۆسیالیستیدا بینیوەتەوەو سەرەتاش ناوەکەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بووە، بەڵام دواتر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. هەر لەم باسەدا باسمان لەسەرهەڵدانی بیری سۆسیالیزمی لەباشوری کوردستانو هۆکارەکانی هاتنەناوەوی بۆناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد کردووە.

باسی چوارەم تایبەتە بە(بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ)و رۆڵی ئەم رێکخراوە لەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێدا خراوەتەڕوو، سەرەتاکانی جموجوڵی هەریەکە لە(عەلی عەسکەریو عومەر دەبابەو د.خالید سەعیدو سەعدی گچکەو سەیدا ساڵەح یوسفیو....تاد)مان خستۆتەڕوو، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەرەواندنەوەی نائومێدیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو لێدانی زەنگی شۆڕشی نوێ لەکوردستاندا. هەروەها باسمان لەناردنی مەفرەزە چەکدارەکان بۆچیاکانی کوردستان بۆدرێژەدان بەشۆڕش لەلایەن بزوتنەوەی سۆسیالیستییەوە کردووە. هەر لەم باسەدا باسمان لەچوونە ناوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بۆنێو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە، کەوەك یەکێك لەرێکخراوو پارتە سیاسییە پێشکەوتووخوازەکان راستەوخۆ لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەدایکبووەو جڵەوی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گرتۆتە دەستو پاشماوەیەك بووە بەنیمچە بەرەیەك.

لەباسی پێنجەمدا باسمان لەکۆنگرەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی، دوای هاتنەدەرەوەیان لەریزەکانی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان کردووە، بەتایبەت لەدوای کارەساتی هەکاریو تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو کۆمەڵەی مارکسی– لینینی کوردستان لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا، کەهەریەك لەم دووانە باڵێکی سەرەکی نیمچە بەرەی یەکێتییان پێکهێنابوو. هەر لەم باسەداو لەخستنەڕووی ڕووداوەکانی کۆنگرەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا، قسەمان لەچۆنێتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەو چۆنێتی یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاریی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کردووە، کەئەوکات لەلایەن(د.مەحمود عەلی عوسمان)و چەند کەسێکیترەوە پێکهاتبوو. بۆیە پاش یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو لیژنەی ئامادەکاری پارتی، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان پێکهاتو درێژەی بەرەوتی سۆسیالیستی لەجولانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی دا.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە بۆقسەکردن لەسەر رووداوە سیاسییەکان بەگشتیو بەتایبەت قسەکردن لەسەر (حزبی سۆسیالیست لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩–١٩٨٥) تەرخانکراوە، بەجۆرێ بەسەر پێنج باسدا دابەشکراوە، باسی یەکەم بریتیە لە(وتووێژی نێوان حزبی سۆسیالیستو بەعس)، ئەوەش پاش ئەوە هات بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتەدەرەوەو دوای بەستنی کۆنگرە ناوی خۆیان گۆڕی بۆحزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانو راستەوخۆ کەوتنە وتوێژ لەگەڵ رژێمی بەعسدا، کەئەوکات بانگەوازێکی بۆوتووێژ ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان کردبوو. باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆبەدواداچوون لەسەر(گەشەکردنی سیاسیو سەربازیی حسيكو بەشداریکردنی لەدوو بەرەی دژ بەیەکدا)، ئەمەش بەحوکمی ئەوەی حزبی سۆسیالیست لەنێوان سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هێزی سێیەم بوو، ئەوکاتەش شەڕو کوشتاری خوێناوی لەنێوانیادا هەبوو. لەبەرئەوەی زۆربەی سەرکردەو پێشمەرگەکانیان کەسانی بەرپرس بوون لەشۆڕشی ئەیلوولو لەناو خەڵکدا ناسراو بوون، ئەمانە وایانکرد پاش راگەیاندنی خۆیان وەك پارتێکی سیاسی سەربەخۆ لەماوەیەکی کەمدا گەشە بکەن. هەر لەم باسەدا قسەمان لەسەر بەشداریکردنی حزبی سۆسیالیست لەدوو بەرەی دژ بەیەکی جیاواز لەو قۆناغەدا کردووەو ئەوانیش بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی دیموکراتی عێراق(جوقد)و بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی عێراق (جود)بوون. بەشداریکردنی حزبی سۆسیالیست لەم دوو بەرەیە لەیەککاتدا بۆئەوە دەگەڕایەوە، کەبەرەی(جوقد) سەرەتا بەهۆی بەشدارییپێنەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانو هەوڵەکانی پارتیو لیژنەی هەرێمی کوردستان حزبی شیوعی عێراق دامەزرابوو.

باسی سێیەم لەم بەشەدا بۆخستنەڕووی ڕووداوی شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لەباشوری کوردستان تەرخانکراوە، بەتایبەت ئەو شەڕەی کە لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود ڕوویدا. ئێمە لەم باسەدا بەرپرسیارێتی هەر لایەنێکمان لەهەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆدا خستۆتەڕوو.

هەوڵمانداوە لەم باسەدا زیاتر پشت بە بەڵگەنامەو زانیاری متمانەدار پاش تاوتوێکردنیان ببەستین، چ وتەو لێدوانی سەرکردەی لایەنە سیاسییەکان بێت، کە لەیادداشتو نوسینەکانیاندا بڵاوکراونەتەوە، یان چ لەو نامەو بڵاوکراوە حزبیانەشدا بێت، کەکاتی خۆی ئاراستەی فەرماندەی سەربازیو پێشمەرگەکانی خۆیانیان کردووە. هەر لەم باسەدا ئاکامو ئەنجامی شەڕی ناوخۆمان باسکردووە.

باسی چوارەم بریتییە لە(سەرهەڵدانی ناکۆکیو دووبەرەکی لەناو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستدا). لەم باسەدا ئاماژەمان بەسەرهەڵدانی ناکۆکیو دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستدا کردووە، تاوەکو گەیشتۆتە ئاستی جیابوونەوەی ژمارەیەك لەکادرو ئەندامانی ئەو حزبە، بەتایبەت لەکۆتایی ساڵی(١٩٨٥). لەم باسەدا ئاماژەمان بەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناکۆکیو دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستدا کردووە، بەجۆرێ کەڵەکەبوونی کێشە نێوخۆییەکانو دواخستنی کۆنگرەو بوونی جیاوازیو لێك تێنەگەیشتنو پچڕاندنی پەیوەندیو پرسو ڕانەکردن بەیەکتریو ڕووداوەکانی دەرەوەی ئەو حزبە، ئەمانە لەو هۆکارانە بوون، کەڕێگەیان بۆسەرهەڵدانی دووبەرەکیو جیابوونەوە لەنێو ئەو حزبەدا کردووە.

باسی پێنجەمی ئەم بەشە بۆباسکردنی پەیوەندییە نێوخۆییو دەرەکییەکانی حزبی سۆسیالیست تەرخانکراوە. سەرەتا دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەو حزبە لەگەڵ هێزو پارتە نیشتمانیو سیاسییەکانی باشوری کوردستان وەك (یەکێتیو پارتیو حشعو پاسۆك)دا زانیاری خراوەتەڕوو. هەروەها پەیوەندییەکانی حزبی سۆسیالیست لەگەڵ پارتو لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان لەباکورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای باسکراوە. هەر لەم باسەدا باس لەپەیوەندییە دەرەکییەکانی حزبی سۆسیالیست لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لەنموونەی ئێرانو سوریا بەتایبەت کراوەو سەرەتاو شێوازو بنەمای ئەو پەیوەندییانە ئاماژەیان پێدراوە.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لەڕووداوو بارودۆخی باشوری کوردستان بەگشتیو ڕەوشی (حزبی سۆسیالیست لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩٢) بەتایبەت. ئەم بەشە بەسەر چوار باسی

سەرەکیدا دابەشکراوە، لەباسی یەکەمدا باس لەئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جوددا کراوە، بەتایبەت لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆو بێئاکامی وتوێژەکانی نێوان یەکێتیو رژێمی بەعسو ئەو ئاشتبوونەوەیەش بەچەند قۆناغو بارودۆخێکدا رۆیشتووە.

باسی دووەم لەم بەشەدا بریتییە لەبەدواداچوونی دروستبوونو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی. دیارە دروستبوونی بەرەی کوردستانی لەو قۆناغەدا بەنیسبەت جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەباشوری کوردستان رووداوێکی گرنگ بوو. هەرچەندە هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی ئەو بەرەیە بریتی بوو لەتوندبوونەوەی سیاسەتە توندوتیژەکانی رژێمی بەعس بۆسەر خەڵکی کوردستانو ناوچە کوردنشینەکان، بەجۆرێ مەترسییەکە گەیشتبووە سەر خودی پارتە سیاسییەکان خۆشیان، بەڵام دامەزراندنی بەرەی کوردستانی سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆیەکخستنی هەوڵو توانا سیاسیو سەربازییەکان دژی رژێمی بەعسی فەرمانڕەوا لەعێراقو وەستانەوە بەڕووی سیاسەتە توندوتیژەکانیدا.

باسی سێیەم بریتییە لەلێکدانەوەی رووداوی راپەڕینی بەهاری(١٩٩١)ی باشوری کوردستانو رۆڵو بەشداریو پێگەی پارتە سیاسییەکان بەگشتیو حزبی سۆسیالیست بەتایبەت، هەروەها خستنەڕووی ئەو هۆکارو بارودۆخانەی سەری کێشا بۆسەر هەڵدانی راپەڕینی جەماوەری لەکوردستان، بەتایبەت پیادەکردنی سیاسەتە توندوتیژەکانی رژێمی بەعس بەرامبەر بەنەتەوەی کورد لەباشوری کوردستان لەنێوان ساڵانی(١٩٨٧-١٩٩١).

لەکۆتا باسی بەشی سێیەمی توێژینەوەکەشدا باسمان لەهاتنەئارای وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانیو رژێمی بەعس لەدوای راپەڕینەوە کردووە، لەو دوو جەولەیەی وتووێژیشدا حزبی سۆسیالیستی کوردستان نوێنەری خۆی لەگەڵ نوێنەری لایەنەکانی تری نێو بەەری کوردستاندا هەبووەو بەشداری راستەوخۆی وتووێژەکانی کردووە. بۆخستنەڕووی وردەکاری رووداوەکانی ئەو وتوێژانەش، جگەلەوەی پشتمان بەسەرچاوە مێژووییەکان بەستووە، هاوکات بەگوێرەی پێویست چاوپێکەوتنمان لەگەڵ هەندێك لەو کەسانەدا ئەنجامداوە، کەبەشداری ئەو وتوێژانە بوونو زانیاری پێویستمان لەوبارەیەوە خستۆتەڕوو. سەرەڕای ئەوەش باسمان لەتەوەرو خاڵەکانی نێو ئەو وتووێژانە کردووەو هۆکاری بێئاکامیو نەگەیشتنە ئەنجامی وتوێژەکانیشمان باسکردووە. هەر لەم باسەدا کشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکان لەکوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئاماژەی پێکراوە، پاشان هەوڵی بەرەی کوردستانیشمان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییەو دواتر کارکردن بۆئەنجامدانی یەکەمین ئەزمونی دیموکراسی، کەبریتی بوو لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەمانگی(٥/١٩٩٢) باسکردووە، کەبەهۆیەوە یەکەمین دامو دەزگای دیموکراسیو یاسایی،

لەچوارچێوەی پەرلەمانی کوردستان هاتەئاراوە. لێرەوە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەباشوری کوردستان چووە قۆناغێکی جیاوازترو تازەترەوە. ئێمە لێرەدا وەك ماوەو قۆناغی مێژوویی لەچوارچێوەی ناونیشانی توێژینەوەکەمان کۆتاییمان بەتوێژینەوەکە پێهێناوە، چونکە رووداوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەمانگی(٥/١٩٩٢)، رووداوێکی یەکلاکەرەوەیە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

ئەو میتۆدو رێبازە زانستییەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتی پێبەستراوە، بریتییە لەمیتۆدێکی مێژوویی شیکاریی‌و رەخنەیی. واتە سەرەتا پشت بەتۆمارکردن‌و باسکردنی رووداوە مێژووییەکان بەستراوەو دواتر بەشێوەیەکی زانستییانە راڤەو شیکردنەوەیان بۆکراوەو رەخنەی زانستییان لێگیراوە. لەشێوازی توێژینەوە لەسەر ئەم رووداوانە پشت بەسەرچاوە مێژووییەکان بەستراوە، بەرێژەیەکی زۆریش پشتمان بەبەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە خۆی بەستووە، کەئەمە توێژینەوەکەی بایەخدارتر کردووە، چونکە بەڵگەنامە توخمێکی سەرەکی‌و زانستی لێکۆڵینەوەی مێژووییە. بەدڵنیاییەوە ئەوەش دەڵێین زۆر بێلایەنانەو دوور لەهەر کاریگەرییەك ئەو رووداوانەمان شیکردۆتەوەو قسەمان لەسەر کردوون، کەدەتوانین بڵێین هەوڵێکی بێلایەنانەو بابەتییانەیە دەربارەی ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان لەدوای رێکەوتننامەی جەزائیر بەگشتی‌و لەرووداوەکانی نێوان ساڵانی(١٩٧٩-١٩٩١). بەتایبەتی هەروەها زانستیانەو کورت‌و پوخت مەبەست‌و لێکدانەوەکانی خۆمان دەربارەیان خستۆتەڕوو.

## گرفتەکانی توێژینەوەکە

بێگومان هەموو کارێکی زانستی‌و هەموو لێکۆڵینەوەیەك بەشی خۆی گرفتی دێتەڕێ، بەتایبەت لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چونکە لەلایەك مرۆڤ بکەرو دروستکەری ئەو رووداوە مێژووییانە بووەو لەلایەکیتریشەوە مرۆڤ خۆی ئەو رووداوانەی نوسیوەتەوە، کە لەکاریگەری سۆزو هەڵچوون‌و لایەنگیریی دوور نەبووە. بەتایبەتیش رووداوەکانی ئەو قۆناغەی ئێمە هەڵمانبژاردووە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بەتایبەت ئەو سەرچاوە مێژووییانەی لەلایەن کەسایەتی نێو رێکخراوو پارتە سیاسییەکانەوە وەك یادداشت‌و کتێبی مێژوویی نوسراونەتەوە زۆرترین لایەنگیری بۆپارتە سیاسییەکەی خۆی‌و کەمترین مەرجی زانستییان تێدایەو بۆئێمەی توێژەر کارێکی گران بوو، چونکە دەبوو زۆر بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. هاوکات ئەو قۆناغە مێژووییە، مێژوویەکی نوێیەو هێشتا زانیاری‌و بەڵگەنامەی تەواوەتی‌و یەکجاری لەبارەیەوە نەخراوەتەڕوو، بۆیە رەنگە هەندێ لایەنی ئەو قۆناغە بەشاراوەیی مابێتەوە. ئەمە جگەلەوەی هێشتا هەندێ

بەڵگەنامەی مێژوویی تایبەت بەو قۆناغە ماوەو بڵاو نەکراتەوە. بۆیە دەبێ دان بەوەدا بنێین ئەمە یەکێك لەگرفتە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بوو، هەرچەندە هەوڵمانداوە پشت بەبەڵگەنامەی زیاتر ببەستینو توانراویشە سود لەژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامەی گرنگی تایبەت بەو رووداوانە ببەسترێو توێژینەوەیان لەسەر بکرێو لەتوێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی زانستییانە بەکار بهێنرێت.

گرفتێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بەشێك لەو کەسانەی خۆیان لەنێو رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ژیاون، ئامادە نەبوون قسە لەبارەی ئەو رووداوانە بکەنو هەندێکیشیان ماوەو دەرفەتیان بەئێمەی توێژەر نەداوە، تاوەکو لەنزیکەوە چاوپێکەوتیان لەگەڵدا ئەنجام بدەین، هەرچەندە بەدرێژایی چەندین مانگ چاوەڕوانی لەوبارەوە کراوە، کەبەداخەمەوە ئەمە کەلێنێکی گەورەیە، بەجۆرێ وادەکات هەندێك لایەنی شاراوەی نێو ئەو قۆناغە مێژووییە وەك خۆیان بەبێ لێکۆڵینەوە بمێننەوە.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان

ئەو سەرچاوانەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا سودمان لێوەرگرتوون جۆراوجۆرن، بەجۆرێ ئەوانەیان کەبریتین لەبەڵگەنامەو بڵاوکراونەتەوەو لەبنەڕەتدا بریتین لەبەڵگەنامەی مێژوویی، ئێمە بەباشی سودمان لێوەرگرتوون، چ ئەو بەڵگەنامانەی نامەی کەسایەتییەکانو چ ئەو بەڵگەنامانەی بریتین لەبڵاوکراوەی پارتە سیاسییەکانو پرۆژەو بەرنامەو راپۆرتی سیاسیو رێکەوتننامەو بەیاننامەی سیاسی پارتەکان. بۆیە ئێمە راستەوخۆ بەشێکیانمان بەکارهێناوەو بەشێکی تریشیان سومان لێوەرگرتوونو لەگەڵیدا ئاماژەمان بەو کتێبو سەرچاوانەش کردووە، کەدەقی بەڵگەنامەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئەمجۆرە بەڵگەنامانە بناغەی بەشێکی زۆری توێژینەوەکەی ئێمەیان پێکهێناوە، بەجۆرێ ئێمە بەشێکی زۆری رووداوە مێژووییەکانمان لێوەرگرتوونو دواتر شیکردنەوەو لێکدانەوەمان لەسەر کردوون. هەندێك لەو بەڵگەنامانە بەوریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵدا کردوون، چونکە بریتین لەبەیاننامەو بڵاوکراوەی حزبیو لایەنگیرییان تێدایەو هەندێ جاریش شێواندنی رووداوە مێژووییەکانو لێکدانەوەی لەقازانجی پارتێکی سیاسی دیاریکراون، بەڵام بەگشتی چ نامە تاکەکەسییەکانو چ بڵاوکراوەو بەیاننامەو رێکەوتننامە سیاسییەکان، بایەخێکی زانستی گەورەیان هەیەو ئێمە کەڵکی تەواومان لێوەرگرتوون.

هەندێك لەسەرچاوەکانی تر بریتین لەراپۆرتو نوسراوی رێکخراوو دامودەزگا جیهانییەکان لەمەڕ رووداوەکانی ئەو قۆناغە، وەك(جینۆساید لەعێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد)ی میدل ئیست ووچو

(کوردستان گەورەترین هێرش بەچەکی کیمیاوی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە)ی ڕێکخراوی (v.i.s.d.p)ی ئەڵمانی. ئەمجۆرە سەرچاوانە بایەخی تایبەتی خۆیان لەرووی زانستییەوە هەیەو تایبەتن بەخستنەڕووی زانیاری لەبارەی سیاسەتەکانی راگواستنو بەعەرەبکردنو بەبەعسیکردنو شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیبارانکردنی خەڵکی کوردستان لەو قۆناغە مێژووییەی توێژینەوەکەی ئێمە.

بەشێك لەو سەرچاوانەی ئێمە لەتوێژینەوەکەدا بەکارمان هێناون لەبنەڕەتدا بریتین لەیادداشتی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە، بۆیە ئێمە بەوریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەمجۆرە سەرچاوانەدا کردووەو زیاتر بۆتۆمارکردنو باسکردنی رووداوە مێژووییەکان پشتمان پێبەستوون، چونکە ئەم جۆرە سەرچاوانە بەلایەنگیریی نوسراونەتەوەو کەمتر مەرجی زانستیبوونیان تێدا بەدیدەکرێت. لەپێشەکی هەندێك لەو سەرچاوانەشدا بەئاشکرا باس لەو لایەنگیرییە کراوە، بەڵام لەهەمانکاتدا لەم سەرچاوانەدا زانیاری بەسودو بەڵگەنامەی گرنگ لەمەڕ رووداوە مێژووییەکانی ئەو قۆناغە خراوەتەڕوو، کەسودی زۆریان بۆتوێژەر هەیە. لەنمونەی ئەمجۆرە سەرچاوانەی ئێمە سودمان لێوەرگرتوون بریتین لە (لەکەناری دانوبەوە بۆخڕی ناوزەنگ)و (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن)و (خولانەوە لەناو بازنەدا)ی نەوشیروان مستەفا. هەروەها (چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی نەتەوەی کورد)بەرگی دووەم بەزمانی کوردیو هەر سێ بەشی کتێبی (صفحات من كفاح الشعب الكردي)و (بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستاندا)ی فاتیح رەسوڵ، لەگەڵ هەر سێ بەرگی (رۆژژمێری پیشمەرگەیەك)ی محەمەدی حاجی مەحمود، جگە لەکتێبی (یاخی بوون لەمێژوو)و (پورە کردستان ومتغيرات العصر)ی مەلا بەختیارو (بیرەوەری پێشمەرگەیەك)ی سەید کاکەو (قەندیل بەغدای هەژاند)ی رێبازو (بیرەوەرییەکانم)ی مەلا ئەحمەد بانیخێڵانیو (مذكرات)ی يوسف حنا يوسفو (سەفەری کوردایەتی)ی شاخەوان عەباسو (رێڕەوی تێکۆشان)ی کەریم ئەحمەدو (کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی)ی ئازاد مستەفاو (رۆژانی سەخت)ی ئەرسەلان بایزو (شۆڕشی نوێی ١٩٧٦ چۆن دەستپێکرد)ی مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانیو (سنوات المحنة في كردستان)ی شەکیب عەقراویو(چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا)ی موکەڕەم تاڵەبانیو (تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني– العراقي في محطات رئيسية)ی حەبیب محەمەد کەریمو (في تقييم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سنتي(١٩٥٨–١٩٩١)و (مذكرات)ی بەهادین نوریو چەند سەرچاوەیەکی تر.

هەندێکی تر لەو سەرچاوانەی ئێمە سودمان لێوەرگرتوون برینتین لەوتووێژ چ بەشێوەی راستەوخۆ یان لەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیو پۆستی ئەلەکترۆنییەوە یاخود ناردنی نامەی کەسایەتییەکان بۆتوێژەر.

لەمجۆرە سەرچاوانەشدا ئێمە بەوریاییەوە زانیارییەکانمان لێوەرگرتوون، وەك چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەزیز محەمەد، سەید کاکە، محەمەدی حاجی مەحمود، نەوشیروان مستەفا، عەدنان موفتی، شێخ محەمەد شاکەلی)، ئەمجۆرە سەرچاوانەش بایەخی خۆیان هەیە، چونکە لەنی, ڕووداوەکاندا ژیاونو نزیکبوون لێیانەوە.

جۆرێکیتری ئەو سەرچاوانەی بۆلێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ئەم توێژینەوەیە کەڵکیان لێوەرگیراوە، بریتییە لەگۆڤارو ڕاگەیەنراوو بڵاوکراوەی زمانحاڵی پارتە سیاسییەکان بەگشتیو حزبی سۆسیالیست بەتایبەت گۆڤارو ڕۆژنامەکانی (سۆسیالیست، سورێن، پێشکەوتن، دەنگی پێشمەرگە، پەیامی ئازادی، مەتین، خوێندکاری کورد). لەبەشێکی تری سەرچاوەکاندا پشتبەستراوە بەچاوپێکەوتن، کەهەندێکیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسایەتییەکاندا ئەنجامدراونو هەندێکیان بەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیو هەندێکی تریشیان بریتین لەنامەی کەسایەتییەکان بۆتوێژەر لەڕێگەی پۆستی ئەلەکترۆنیو بەشێکی تریشیان لەلایەن کەسانی ترەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە وەرگیراون. ئەمجۆرە سەرچاوانەش بایەخی تایبەتی خۆیان هەیەو هەندێك زانیاری وردیان لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان خستۆتەڕوو، بەڵام زانیارییەکانی نێو ئەم چاوپێکەوتنو وتووێژانە لەلایەنگیریی بەدەر نینو ئێمە بەوریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵدا کردوون.

بەشێکی تر لەو سەرچاوانەی زانیارییان لێوەرگیراوە، بریتین لەو جۆرە سەرچاوانەی تایبەت بەژیانی سیاسی ئەو ماوە مێژووییە نوسراونو پڕن لەزانیاری لەبارەی پارتە سیاسییەکانەوە، لەوانەش (التیارات السیاسیة فی کردستان العراق١٩٤٦-٢٠٠١)ی صلاح الخرسانو (المشکلة الکردیة)و (القضیة الکردیة فی العراق)ی حامد محمود عیسیو (الانفال الکرد ودولة العراق)ی شۆڕش حاجی. ئەم سەرچاوانەش بۆتوێژینەوەکەی ئێمە بەنرخ بوونو زانیاری باشمان لێوەرگرتوون.

بەشێکی تر لەو سەرچاوانەی لەتوێژینەوەکەدا بەکارهاتوون بریتین لەنوسینی هەندێ لەکەسانی بیانیو ڕۆژنامەنوسو کوردناسەکان، کەهەندێکیان خۆیان لەڕووداوەکانەوە نزیکبوونو تۆماریانکردوون، وەك (کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا)ی کریس کۆچێراو (کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو)ی گوینتەر دیشنەرو (مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد)ی دیڤید مەکداوڵو هەندێکی تر.

# بەشی یەکەم

## (هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول‌و دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)

باسی یەکەم- ڕێکەوتننامەی جەزائیرو کاردانەوەی لەسەر جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد

باسی دووەم- سیاسەتی حکومەتی بەعس دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لەکوردستاندا

باسی سێیەم- چۆنێتیی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

باسی چوارەم- بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان‌و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ

باسی پێنجەم- کۆنگرەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

## باسی یەکەم- ڕێکەوتننامەی جەزائیرو کاردانەوەی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد:

لەرۆژی (٦ی ئازاری ١٩٧٥) ڕێکەوتننامەی جەزائیر[١]، لەنێوان (سەدام حسێن)ی جێگری سەرۆك کۆماری عێراقو محەمەد ڕەزا شای ئێران، بەئامادەبوونی(هواری بومیدین)ی سەرۆکی جەزائیر لەپەراوێزی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئۆپیك لەوڵاتی جەزائیر ئیمزا کرا[٢]، بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتولعەرەبو زەوییە کێشە لەسەرە سنورییەکانی خۆی بوو لەبەرامبەر لەنێوبردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی[٣].

هەر لەو ڕێکەوتننامەیەدا عێراق لەبەرامبەر بەڵێنەکانی ئێراندا هەموو هاوکاریو پشتگیرییەکی خۆی بۆعەرەبو بلوچ دژی حکومەتی شا وەستاندو وازیشی لەو پڕوپاگەندەو داواکارییانە هێنا، کەپارێزگەی خوزستانی بەبەشێك لەزەوی عەرەبی دادەنا، لەبەرامبەریشدا ئێران هاوکارییەکانی بۆکورد راوەستاند.[٤]

ئەم ڕێکەوتننامەیە بەنیسبەت سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە شتێکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراوبوو، لەکاتێکدا هەندێ سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن لەکۆتایی مانگی شوباتو سەرەتای مانگی ئازاری(١٩٧٥)ەوە، بەهۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، چرپە چرپێك لەنێو هەندێك سیاسەتمەدارو کەسایەتی هۆشیاری ناوچە ڕزگارکراوەکان پەیدابووە،بەوەی پیلانێك دژی شۆڕشی کوردستانی عێراق لەئارادایە، بەڵام کەناڵە فەرمییەکانی شۆڕش بەلایدا نەڕۆیشتووەو جارجارەش باسیان لەتواناو ئیرادەی سەرکردایەتی کورد بۆروبەڕووبوونەوەی هەر گۆڕانکارییەك دەکرد[٥].

بۆیە ڕێکەوتننامەی جەزائیر سەرکردایەتی سیاسی کوردستانو مەلا مستەفا بارزانی خستە بەردەم هەڵوێست وەرگرتنێکی یەکلاکەرەوەوەو ڕۆژی(١٩٧٥/٣/١٢) بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانیو هاوڕێیەتی

هەریەکە لە(د.مەحمود عوسمان‌و شەفیق قەزازو موحسین دزەیی) سەردانی ئێرانیان کردو لەکۆشکی نیاوران چاویان بەشای ئێران کەوت[٦].

---

(١) بۆدرێژەی رێکەوتننامەی جەزائیرو پاشکۆکانی بڕوانە پاشکۆی ژ(١).

(٢) مەسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگ٣، ب٢، شۆڕشی ئەیلوول(١٩٦١–١٩٧٥)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٣١، سالّەح هەرکی: بەشێك لەپەیمانەکانی دژی کورد، ل١٥١.

(٣) عادل مراد: الاتحاد الوطنی الکردستانی، الانطلاقة..من طلیطلة الی بغداد، خواطر بعد ثلاثین عاما، ط١، مطبعة(زانا)، دهوك، ٢٠٠٦، ص١١.

(٤) المسالة الکردیة فی تقاریر الدول العظمی، ترجمة واعداد(پۆلا)، گۆڤاری(مەتین)، ژ(٦٨)، ل٩١.

(٥) د.ئەرسەلان بایز لەرۆژانی سەخت دەدوێ لەسەروبەندی نسکۆدا، لەکتێبی(یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان... سەرهەڵدان‌و نوێبوونەوە)، ب.ش، ل٥٩.

(٦) حامد محمود عیسی: المشکلة الکوردیة، مکتبة مدبولی، القاهرة– مصر، ١٩٩٢، ص٢٣٨–٢٣٩، دیڤید مەکداولّ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و:(ئەبوبەکر خۆشناو)، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٥٥.

لەو سەردانەدا تێگەیشتن ئێران بۆدواجار کۆمەکییەکانی لەشۆڕشی کورد دەبڕێ.[١] دوای گەڕانەوەی بارزانی‌و شاندەکە لەرۆژی(١٣/٣/١٩٧٥)چەند کۆبوونەوەیەك لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەرۆژانی(١٤–١٨/٣/١٩٧٥) ئەنجامدرا[٢]. لەو کۆبوونەوەیەدا بارزانی سێ ئەگەری خستە بەردەم سەرکردەکانی شۆڕش:

١. خۆبەدەستەوەدان‌و پەنابردن بۆئێران.
٢. خۆبەدەستەوەدان لەگەڵ پێشمەرگەکان بەحکومەتی عێراق‌و سود وەرگرتن لەلێبوردنی گشتی.
٣. بەردەوامی لەسەر شەڕو کوشتار بەبێ هاوکاری ئێران[٣].

لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان خۆیاندا دابەشبوون، بەشێکیان خۆبەدەستەوەدانیان رەتکردەوەو داوای بەردەوامی خەباتیان دەکرد. بەشێکیتر هەوڵیاندا لەرێگای رێکەوتن‌و گفتوگۆوە لەگەڵ بەغدا شۆڕش لەهەرەس رزگار بکەن. بۆئەم مەبەستە مەکتەبی سیاسی بەرەزامەندی مەلا مستەفا بارزانی بروسکەی بۆئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس ناردو بەغدای بۆگفتوگۆو چارەسەری کێشەی کورد ئاگادار کردەوە، بەڵام رەتیان کردەوەو وەڵامیان نەبوو.[٤] نەوشیروان مستەفا دەنوسێت:" بەدرێژایی ئەو کۆبوونەوانە دوو بۆچوون هەبوون: یەکێکیان لای وابوو مادەم عێراق‌و ئێران رێکەوتوون کورد بەتەنیا بەرگری پێناکرێ. ئەویتریان لای وابوو سەرەڕای هەموو کەموکورتی‌و ناتەواوییەك بەرگری دەکرێت‌و ئەبێ درێژە بەبەرگری بدرێ".[٥] لەراستیدا سەرکردە سەربازییەکان‌و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان

سوربوون لەسەر ئەوەی کەسەرەڕای بڕانی کۆمەکی ئێران درێژە بەشەڕ بدەن، بۆدرێژەدانی شەڕ نەخشەیەك دانراو بەگوێرەی ئەم نەخشەیە ژمارەی هێزی پێشمەرگە بۆ(١٣–١٤)هەزار کەس کەمبکرێتەوە.(٦) دواجار لەشەوی(١٩/٣/١٩٧٥) بارزانی بڕیاری کۆتایی هێنان بەشۆڕشیو خەباتی چەکداریو کشانەوەی بۆئێران دا.(٧) رەنگە ئەم مێژووە بەخەملاندن دانرابێت، نەك کتومت لەو رۆژەدا بووبێت، چونکە کەس بەوردی

(١) صلاح الخرسان: التيارات السياسية فی کردستان العراق(١٩٤٦–٢٠٠١)، ط١، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت– لبنان، ٢٠٠١، ص٢٢٩.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە بۆخڕی ناوزەنگ، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٣٠.

(٣) حامد محمود عيسى القضية الكردية فی العراق من الاحتلال البريطانی الی الغزو الامريكی، ط١، مكتبة مدبولی، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٣٧٥.

(٤) پارتی دیموکراتی کوردستان: رێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردو هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوولو بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەسەندکراو لەکۆنفرانسی پارتی لە(١١–١٥ی ئابی ١٩٧٦)دا، ل٣٩.

(٥) لەکەناری، ل٣٠.

(٦) کریس کۆچێرا: کورد، ل٤٢٤.

(٧) صلاح الخرسان: التيارات، ص٢٣٣، حامد محمود عيسى: القضية، ص٣٧٦. هەندێ سەرچاوە دەڵێن: شەوی(٢١/٣) بڕیاری کۆتایی شۆڕش دراوە، بڕوانە عادل مراد: من طليلة، ص١٧،و هەندێکی تریش پێیانوایە شەوی(٢٢ /٣/١٩٧٥)، الشيخ سالار الحفيد: علی العسكری والحكم للتاريخ، ط١، ١٩٩٢، ص٢٧.

نایزانێت. عومەری سەید عەلی باس لەوە دەکات سەرکردایەتی شۆڕشو مەکتەبی سیاسیو لیژنەی مەرکەزیو بارەگای بارزانی کۆمەڵێك ئامۆژگاریان بەخەڵك لەهەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیانداو داوایان لێکردن هەموو دامو دەزگا کارگێڕیو سەربازییەکان هەڵبوەشێننەوە، تەنانەت حزبەکەشیان حەلکرد.(١) مەحمود عوسمان پێی وایە شۆڕش لەساتەوەختێکدا کۆتایی پێهێنراوە، کەدەتوانرا درێژەی پێبدرێو ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی مەلا مستەفا بارزانی، بەو بەڵگەیەی شۆڕش لەوکاتەدا:

١. پارەیەکی زۆری هەبوو، بەبڕی(٢٤)ملیۆن دیناری عێراقی ئەوکاتە مەزەندە کراوە، بێجگە لەو قازانجەی لەکاروباری بازرگانیو فرۆشگەکانی شۆڕشدا دەستدەکەوت. لەراستیدا ئەم ژمارەیە پێناچێت راست بێت، بەڵکو کەس بەتەواوەتی نازانێ ئەو بڕە پارەیە چەند بووە.
٢. لەرووی تەقەمەنییەوە لانیکەم(١٥)ملیۆن فیشەکی جۆراوجۆری تفەنگو رەشاشو(٥٠٠)هەزار گوللە تۆپی جۆراو جۆرو(٦٠)هەزار پێشمەرگەی هەمیشەییو زیاتر لە(٤٠)هەزار هێزی بەرگری میللی چەکدارو دەیان جۆر رەشاشو بازوکاو تۆپی قورسو سوكو هاوەن هەبووە.
٣. ئازوقەیەکی ئەمبارکراوی زۆر هەبووە، کەبەشی چەندین مانگی شۆڕشی دەکرد.
٤. ئامادەیی رۆڵەکانی میللەت بۆقوربانیدانو بەرگری لەنێو خەڵكو پێشمەرگەدا ئەو گیانە زۆر بەرز بوو.(٢)

جگەلەمە باس لەوە دەکرێت رێکخراوی کۆمەڵەی(مارکسی– لینینی)، کەبەنهێنی لەریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەسەرەتای ساڵی(١٩٧٠)بەدواوە گەشەیان کردبوو، پەیوەندیان بەئیدریس

بارزانییەوە کردووەو ئامادەییان بۆدرێژەدان بەشۆڕش دەربڕیوەو توانا سەربازیی و چەکدارییەکانیشیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بڕیاری دەستهەڵگرتن لەشۆڕش درابوو[٣]، بۆیە بێسودبووە. مەسعود بارزانی لەوەڵامی ئەم قسانەدا دەنوسێت:"پاش هەرەسی١٩٧٥زۆر کەس لەگۆڕەپان رایان کردو ئەوکاتە بەهەموو شت رازی بوون، لەهەموو بڕیارەکاندا باش یان خراپ دەوری باڵایان هەبوو، زۆر لەبارزانی نزیکبوون و نزیکبوونەوەیان سودی تاکەکەسی تێدابوو، بەڵام پاش هەرەس نەك هەر لەبارزانی دوورکەوتنەوە، بەڵکو بەهەموو جۆرێك هەوڵیاندا بەرپرسیارێتی بخەنە سەر شانی ئەوو بەس...، هەموو سەرکردایەتی بەرپرسیار بووە، ئەمە واقیعو حەقیقەتە".[٤]

---

(١) هەندێ لایەن و رەوتی مێژوییی و سەرەتایی لەدامەزراندنی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان، لەکتێبی(یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان...سەرهەڵدان و نوێبوونەوە)، ل٤٦.

(٢) وتوێژ لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە لەرۆژی(٢٠٠٩/٨/١٨).

(٣) د. ئەرسەلان بایز: لەرۆژانی سەخت، ل٦٠.

(٤) راپۆرتی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی سەرۆکی پارتی، لەعەلی تەتەرەوە، ل٥٩.

ئەم قسەیەی مەسعود بارزانی هەرچەندە بەجۆرێ لەجۆرەکان بەرگریکردنە لەمەلا مستەفا بارزانی باوکی و گشتاندنی بەرپرسیارێتیی هەرەسی شۆڕشە بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا راستیشی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە راستە بارزانی بڕیارو دەنگی یەکلاکەرەوەی هەبوو، بەڵام ژمارەی ئەوکەسانەی نێو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ بڕیاری کۆتایی هێنانی شۆڕشدا نەبوون، لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات و ناوەکانیشیان ئاشکران. هاوکات زۆربەشیان بەقسەو کردەوە وەکو هەڵوێستێك بۆمێژوو لەبڕیارەکەی مەلا مستەفا نارازی نەبوون، تەنها لەم نێوەندەدا باس لەهەڵوێستی ناڕەزایەتی ساڵەح یوسفی و عەلی عەسکەری دەکرێت، بەجۆرێ ساڵەح یوسفی لەو کۆبوونەوەیەدا وتویەتی:" ئەوکاتەی پێویستبوو شەڕ نەکەین شەڕمان کرد، ئێستاش کەدەبێ بەرهەڵستی بکەین دەگوترێ شەڕ لەقازانجمان نییە".[١] عەلی عەسکەریش وەکو سەرکردەیەکی شۆڕش دەستهەڵگرتنی یەکجارەکی لەخەباتی چەکداری و سیاسی قبوڵ نەکردو لەسەر بەردەوامیدان بەبەرەنگاری و چەك دانەنان سوربوو.[٢]

هەندێ لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن ئەو شەوەی بڕیاری کۆتایی شۆڕش لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە درا، عەلی عەسکەری دوای ئەوەی ناڕەزایەتی خۆی دەربڕیوە، پێشنیازی بۆبارزانی کردووە هێزی چەکداری کوردی بەقوڵایی(١٠کم) بچنە ناوەوەی خاکی ئێران و چەکەکانیان پێبێت، بەوەش ئێران لەم جموجوڵە بێدەنگ نابێ و ئەوکاتە شەڕ هەڵدەگیرسێ و ناوچەکانی مهابادو مەریوان و سنە لەکوردستانی ئێران دەگرێتەوە....، بەڵام بارزانی قبوڵی نەکردووە. دواتر عەلی عەسکەری داوایکردووە هێزێکی

چەکداری(١٣٠٠)کەسی لەژێر سەرپەرشتیدا بمێنێتەوەو بارزانی هەندێ چەكو تەقەمەنی باشو پارەو خواردن بۆماوەی چەند مانگێك كۆمەكیان بكات، دیسان ئەم پێشنیازەش قبولّ نەكراوە.[٣] باس لەوەش دەكرێت هەندێ لەفەرماندە سەربازییەكانو رێبەرانی حزب تا(١٩٧٥/٣/٢٤) هەر لەبیری ئەوەدابوون شۆڕشی پارتیزانی لەدەڤەری پێنجوێن درێژە پێبدەن، بەڵام قەیرانی ساڵی(١٩٦٤)یان بیرهاتۆتەوە كەسیان نەیانوێراوە مل بداتە ئەوكارە.[٤] دەشێ ئەم قسەیە بەشێك لەراستی تێدابێت، چونكە كەشو هەوایەكی وا لەئارادا بووە، بەڵام كەس نەیوێراوە لەدەرەوەی بڕیاری سەركردایەتی شۆڕش هەوڵی درێژەپێدانی خەباتی چەكداری بداتو بەكرداریش جیابوونەوەو ناكۆكییەكانی ساڵانی شەستی باڵی مەكتەبی سیاسیو بارزانی

---

(١) ب.گۆران: واقیعبینی سیاسیو چەند دیدگایەكی سەیدای نەمر، چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵەح یوسفی، بێ شوێنو ساڵی چاپ، ل٦،٥.
سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەكێتی نیشتمانی ی كوردستان، دامەزراندنو هەستانەوەی شۆڕش، چ١، سەنتەری چاپو پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٩.

(٢) د.خالد یونس خالد: الزعیم الوطنی الكردستانی جلال الطالبانی، ط١، مطبعة حمدی، السلیمانیة، ٢٠٠٦،ص١٤، سەروەر عەبدورەحمان: یەكێتی، ل١٨.

(٣) الشیخ سالار الحفید: علی العسكری، ص٢٧.

(٤) كریس كۆچێرا: كورد، ل٤٢٥.

چارەنوسێكی خوێناوی بەدوای خۆیدا هێنا. هاوكات قسە لەسەر ئەوەش دەكرێت بارزانی دوای ئەوەی بڕیاری راوەستاندنی شۆڕشی دەركردووە، فەرمانیشیداوە پێشمەرگە بڵاوەی لێبكاتو هەڕەشەیشی لەوانە كردووە ملكەچی بڕیارەكەی نەبنو لەقسەی دەربچن.[١]

بەرهەحاڵ رێكەوتننامەی جەزائیرو بڕیاری هەرەسهێنانی شۆڕش لەسەر خەڵكی كوردستان زۆر گەورەو كاریگەرو لێدانێكی كوشندەبوو،بەجۆرێ پێشبینی نەدەكرا، هاوكات زۆر قورسو گران كەوتەوەو جەماوەری كوردستان هەستی بەناخۆشییەكی زۆر كرد.[٢]

شكستی شۆڕش نائومێدییەكی گەورەی لای خەڵكی كوردستان دروستكرد، بەجۆرێ هەرەس رۆچووە ناو سەنگەرو هەناوی كۆمەڵو هەموو كوردێك. تروسكەی هیوایەكیش نەما بەئاستەم بەرچاوی خەڵك روون بكاتەوە.[٣] بۆیە كارەساتێكی گەورە سەرانسەری كوردستان بەتایبەت باشوری كوردستانی گرتەوەو خەڵكی كەوتنە نێو قەیرانێكی بێوێنەوە، نائومێدیو بێبڕوایی تەشەنەی كردو چۆكدادانو پەرێشانی. تەنانەت دابەزینی هەستو هۆشی نەتەوەیی گەیشتە سنورێكی نەبینراوو باوەڕ پێنەكراو.[٤] لەم بارودۆخەدا خەڵكی كوردستان لەرۆژی (١٩٧٥/٣/٢٢) بەلێشاو پەنایان بردە بەر ئێران، كەسە كارگێڕییەكان مەلەفو نوسراوەكانیان دەسوتاندو پێشمەرگەش چەكەكانیان بەدەستەوە دەدا.[٥]

كاریگەری هەرەسی شۆڕش لەسەر هێزی پێشمەرگەبوو، كەمتر نەبوو لەو كاریگەرییەی لەسەر خەڵك دروستبوو بوو، چونكە بڕیاری راوەستاندنی شۆڕش بۆئەوانو بەسەر ئەواندا درا. بۆیە لەرۆژی (١٩٧٥/٣/٢٤)رادیۆی كوردستان، كە لەنزیك ناوپردان بوو لەكار وەستاو چەند پێشمەرگەیەك تەقاندیانەوە.

باس لەوە دەکرێت کاتێك مەسعود بارزانی گوێی لەدەنگی تەقاندنەوەی رادیۆکە بووە، دەستی بەگریان کردووە. لەلایەکیترەوە مەفرەزەکانی تۆپخانە کەوتنە لەکارخستنی ئەو چەند تۆپە کەمەی بەدەستیانەوە مابوو، دوکاندارەکانیش فرۆشگە بازرگانییەکانی خۆیان تەقاندەوە.[٦]

گوینتەر دیشنەر دەنوسێت:" زۆر پێشمەرگەم بینی لەداخو هەژمەتاندا تفەنگەکانیان بەتاوێراندا دەکێشاو دەیانشکاندن، نائومێدی زۆر بڵاوبووەوەو کۆمەڵێك پێشمەرگەی هەرزەکار کەوتنە رەفتاری نامەسولانە".[٧]

---

(١) قادر شۆڕش، چل ساڵو خەباتو تێکۆشان، (١٩٤٦–١٩٨٣)دا، چ٢، ب.ش، زستانی(٢٠٠١–٢٠٠٢)

(٢) عەلی تەتەر نێروەی:ل(٥١)، د.خالد یونس خالد: ص١٢.

(٣) مەلا بەختیار: بەهای خەباتی نهێنی، لەکتێبی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان.. سەرهەڵدانو نوێبوونەوە)، ل٦٧. شورش حاجی: الانفال الكرد ودولة العراق، ت: مجموعة من المترجمين، ط٢، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠٠٥، ص٣٤.

(٤) فاتیح رەسولّ: بنچینەی، ل٣٥٤.

(٥) حامد محمود عيسى: القضية، ص٣٧٦.

(٦) د.گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی(حەمەکەریم عارف)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ ل٢٩٧.

(٧) هـ.س، ل٢٩٧.

کریس کۆچێراش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دانیشتوانی گەلاڵەو چۆمانو دەربەند بەنزینیان بەماڵو دوکانەکانیاندا دەکردو دەویانسوتاندن، لەکاتێکدا لەبێدەسەلاتیو نائومێدیدا دەگریان، دەنگی دەستڕێژی تفەنگو رەشاش سەرانسەری دۆڵەکەی پڕکربوو، پێشمەرگە ئەم تەقانەیان دەکرد، دەیانویست بەرلەوەی تفەنگەکانیان بشکێننو بەدیوی ئێراندا بچن، تەقەمەنیەکانیان تەواو بکەن.[١]

هەر دوای هەرەسی شۆڕش، دەسەڵاتدارانی ئێران هەستان بەجیاکردنەوەی ژمارەیەك لەکادیرە سەرەکییەکانی پارتیو خێزانەکانیان لەخەڵکە هەژارو لێقەوماوەکەو شوێنو ژیانی نیمچە ئاسودەیان بۆسازکردنو خەڵکە زۆرینەکەش کەوتنە کارکردنو پەیداکردنی بژێوی ژیانیانو بەکولە مەرگی وردە وردە ژیانیان بەسەر دەبردو کۆنترۆڵو چاودێریکردنی سیخوڕیو مشەخۆرانیان بەسەردا سەپێنرا.[٢]

پێویستە ئەوە بوترێ وەنەبێ ئەمانەی جیاکرانەوە بۆخۆیشیو باشترکردنی بارودۆخی ژیانی رۆژانەیان بوو بێت، بەڵکو بۆئەوە بوو زیاترو چاکتر لەژێر چاودێری دامو دەزگاکانی ئێران بەگشتیو بەتایبەت دەزگای ساواکدا بنو ئاگاداری جموجوڵو چالاکییان بن.

(١) كورد، ل٤٢٧، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٦٨.

(٢) فاتیح رەسولٚ: بنچینەی، ل٣٥٤،٣٥٥.

## باسی دووەم- سیاسەتی حکومەتی بەعس دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لەکوردستاندا :

هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول جگەلەوەی کاریگەری خراپی کردە سەر خەڵکی کوردستانو هێزی پێشمەرگە، هاوکات بوو بەهۆی هاندانو سووربوونی حکومەتی بەعس لەپیادەکردنی سیاسەتو جەنگی قڕکردنی کورد بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو. ئەم جەنگەش تەنها داڕوخاندنی ژێرخانی سیاسیو سەربازی جوڵانەوەی کوردی نەبوو بەتەنها، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی تایبەتمەندێتیی نەتەوەییو ژێرخانی کۆمەڵایەتیو لەرزاندنی کەسێتیی ئەتنی سەربەخۆی کوردبوو.[1] بەجۆرێ بۆشاییەکی گەورە لەکوردستاندا پێکهاتبوو، کەحکومەتی بەعس بۆ زیاتر تێکشکاندنی بیری شۆڕشگێڕیو هەستی نەتەوایەتی کورد تەڕاتێنی تێدا دەکرد.[2] حکومەتی بەعس دەرفەتێکی زێڕینیشی دەستکەوت، تانەخشەکانی خۆی لەمەڕ بەعەرەبکردنو ڕاگواستنی کوردستان جێبەجێ بکاتو گەلی کورد بتوێنێتەوە.[3] بەعس لەیەکەمین هەنگاویدا لەسەرانسەری کوردستان کەوتە چەك داماڵینی خەڵك. لەماوەیەکی کەمدا هەزاران چەکی جۆربەجۆریان کۆکردەوەو رایانگەیاند هەر کوردێك چەکی لا بدۆزرێتەوە لەسێدارە دەدرێت. ئەوەش قەدەغەکرا، کەپەیوەندی سیاسی بەهەر کوردێکی پەشیمانبوو، وەکو بەعسییەکان ناویان نابوون گەڕاوەکان(العائدون)بکرێت، تەنها خۆیان نەبێت، ئەوەی سەرپێچی لەو بڕیارە بکردایە ملی بەپەتا دەکرا.[4] لەرووی سیاسەتی ڕاگواستنەوە بەعس لەرێگای بەرنامەیەکی چڕو پڕەوە، بەمجۆرەی لای خوارەوە پیادەی کرد:

١. راگواستنی تەوەرە ستراتیژییەکانی بەرگریکردن لەعێراق: ئەو شوێنانەی بەهۆی تەوەرەی ستراتیژییەوە راگوێزراون، گوندەکانی قەزای خانەقین‌و مەندەلی لەپارێزگای دیالەو قەزای بەدرە لەپارێزگای واسیت، قەزاکانی شێخان‌و تەلکێف‌و تەلەعفەرو شەنگار لەپارێزگای موسڵ، بەشێك لەقەزای زاخۆو قەزای سمێل لەپارێزگای دهوك‌و بەشێك لەقەزای دووز لەپارێزگای کەرکوکی دەگرتەوە. ژمارەی ئەو گوندانەی بەم هۆیەوە بەر سیاسەتی راگواستن کەوتوون(٥٩٣)گوندە، کەدەکاتە(٢٢٥٢٩)خێزان.[٥]

٢. راگواستنی ناوچە نەوتاوییەکان: ئەو ناوچانەی بەهۆی نەوتەوە راگوێزران، بریتیبوون لەقەزای کەرکوك‌و قەزای دوبز لەپارێزگای کەرکوك، قەزای کۆیە لەپارێزگای هەولێر. ژمارەی ئەو گوندانەی بەر سیاسەتی راگواستن کەوتوون(٧١٩)گوندە، کەژمارەی خێزانەکانیان(٢٦٥٨)خێزانە.[٦]

---

(١) ئەمین قادر مینە: ئەمنی بەعسیان‌و سێکوچکەی تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩،، ل١٩٣.

(٢) گۆڤاری سۆسیالیست، ژ(١١) ساڵی شەشەم، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل٢.

(٣) سامی شورش: کردستان والاکراد، الحرکة القومیة والزعامة السیاسیة ادریس بارزانی نموذجا، ط١، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠١، ص١٣٧، شری لەیزەر: کوردستانی بەر ئاگر باران، و:(ئەبو بەکر خۆشناو)، چ١، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٦.

(٤) د.دلێر ئەحمەد: ئەو بارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی کە(ی،ن،ك)ی تێدا دروستبوو، ل١٦،١٧، لەکتێبی(چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان)، فاتیح رەسوڵ: بنچینەی، ل٣٥٥.

(٥) مراد حەکیم: ئاکامە، ل١٢٦، د.دلێر ئەحمەد: ئەو، ل١٠. ئۆرغانی غالب: شۆڕشی ئەیلوول‌و رۆژگاری دوای هەرەس، چەند سەرنجێکی سەرەتایی، چ٢، چاپخانەی چیا، لەندەن، ٢٠٠٣، ل٣٦.

(٦) ئەمین قادر مینە: ئەمنی بەعسیان، ل١٨٩.

٣. راگواستنی ناوچە سنورییەکان: دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، دەسەڵاتدارانی بەعس یەکێك لەپلانەکانیان دژ بەکورد ئەوەبوو ناوچە سنورییەکانی(عێراق–ئێران، عێراق–تورکیا، عێراق–سوریا)، بەقوڵایی(١٥–٢٠کم) بەناوی پشتێنەی ئەمنییەوە رابگوێزن‌و دانیشتوانەکەیشی بخەنە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانەوە، ئەو ئۆردوگایانەی بەعس ناوی نابوون گوندی هاوچەرخ. لەراستیدا ئەوانە شتێك نەبوون جگە لەئۆردوگای زۆرەملێ،[١] چونکە هەر لەدوای نسکۆی(١٩٧٥)ەوە سەدام حسێنی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق رایگەیاند کەوا مەبەستی راگواستنی کوردەکانی سەر سنوری ئێران‌و تورکیای هەیە.[٢]

لەدرێژەی سیاسەتی راگواستندا، کەحکومەتی بەعس دەرهەق بەخەڵکی کوردستان پیادەی دەکرد، جەلال تاڵەبانی باس لەوە دەکات (٤٤٧)گوند لەکوردستاندا رووخێنراون‌و جوتیارانی ئەو گوندانەو خەڵکەکەی پەرش‌و بڵاوە پێکراون‌و لەکۆمەڵگە زۆرە ملێیەکاندا نیشتەجێکراون‌و زیاتر لە (٥)هەزار کرێکاری کوردیش پەرش‌و بڵاوە پێکراون‌و لەبەرامبەریشدا خەڵکی عەرەبیان لەنێوچەکانی ناوەڕاست‌و رۆژئاواوە هێنا بۆناوچە نەوتییەکانی کوردستان بەپێدانی جیاوکی زۆر، لەوانە شوێنی نیشتەجێکردن‌و بڕی(٢٠٠٠)دیناری عێراقی...و تاد.[٣] ئەو ناوچانەی بەهۆی سنورەوە راگوێزراون، بریتین لە: قەزاکانی چۆمان، رەواندز، زێبار لەپارێزگای هەولێر. قەزاکانی ئامێدی، زاخۆ لەپارێزگای دهۆك، کۆی ئەو گوندانەی بەم هۆیەوە راگوێزراون(٨٧٢)گوندە، کە(٣٠٨١٤)خێزان لەخۆدەگرێت.[٤] لەبارەی پیادەکردنی سیاسەتی راگواستنەوە یەکێتی ی نیشتمانی

کوردستان لەبەیاننامەیەکدا، کەلەسوریا بەزمانی عەرەبی بڵاویکردەوە، تیایدا نوسراوە:"گەلی کورد دوچاری سیاسەتی ڕاگواستن هاتووە، یەکەم قۆناغ یەك ملیۆن کوردی گرتۆتەوە، حکومەتی عێراق فشار دەخاتە سەر دەیان هەزار هاوڵاتی عەرەبو جوتیاران، کە لەشوێنی جوتیارانی کورد نیشتەجێ بن......".[٥]

تەنانەت بەعس هەزاران لەو خێزانە کوردانەی لەئێران دەگەڕانەوە بۆناوچەکانی باشوری عێراق رایدەگواستن، بەجۆرێ ئەو کوردە ڕاگوێزراوانە بۆ باشوری عێراق تاساڵی(١٩٧٦)ژمارەیان(٣٠٠)هەزار کەس دەبوو.[٦]

---

(١) هەندێ سەرچاوە(١٠–٢٠)و هەندێکیتریش(٣٠–٤٠کم)، بەڵام ڕاستییەکەی( ١٥–٢٠کم) بووە، مراد حەکیم: ئاکامە، ل١٢٤، شاسوار: صفحات من حرب الابادة الجماعية ضد الشعب الكردی فی العراق، گۆڤاری سۆسیالیست، ژمارە(١٧)، ساڵی نۆیەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٠، ل٢٧،٢٨.

(٢) جلال الطالبانی: حول القضية الكردية فی العراق، لەکتێبی(شاكر خصباك واخرون: كتابات فی المسالة الكردية)، ص٢٧١، فەرید ئەسەسەرد: کوردستانو مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٠، ، فەرمان عەبدورەحمان: پاکتاوکردنی ڕەگەزیی کورد لەکوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پرۆسێسەکانی بەعەرەبکردنو ڕاگواستنی دانیشتوان لەنێوان ساڵانی(١٩٢٥–٢٠٠٠)، چ١، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك). ل١١٤.

(٣) حول القضية الكردية فی العراق، ص٢٧١. هەروەها بۆ وردەکاری زیاتری سیاسەتی ڕاگواستن بڕوانە: ئەمین قادر مینە: ئەمنی بەعسییان، ل٢٥٦،٢٥٧.

(٤) ئەمین قادر مینە: ئەمنی بەعسییان، ل١٩٩–٢٠١، كاظم حبيب: الفاشية التابعة فی العراق، مطبعة حمدی، السليمانية، ٢٠٠٨، منشورات مؤسسة حمدی للطباعة والنشر، ص١٦٧.

(٥) د.دلێر ئەحمەد: ئەو، ل١٠.

(٦) مراد حەکیم: ئاکامە، ل١٢٩، شورش حاجی: الانفال، ص٣٥.

لەنێو ئەو خێزانە کوردانەدا، خێزانی هەریەکە لەعەلی عەسکەریو سەید کاکەو عومەر دەبابەو د.خالید سەعید...هەبوونو لەوێش حکومەتی بەعس هەر یەکێك لەوانەی لەنێوچەیەکی باشور دانا بۆئەوەی پەیوەندی بەیەکەوە نەکەن.[١] ئەمانە سەرەڕای ئەوەی بڕیاری لێبوردنی گشتیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆدەرچوو بوو، هەروەها لەلایەن سەدام حسێنەوە بەڵێنیان پێدرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی زوو نەگەڕانەوە بۆباشورو ناوەڕاستی عێراق ڕاگوێزرانو نەیانگەڕاندنەوە سەر کارەکانیان، بەڵکو لەسەر هەندێك کاری کارگێڕی تر دانران، ئەمەش بۆئەوەی لەژێر چاودێریدا بن. هاوکات لەدۆخێکی نالەباردا ژیانیان دەبردە سەر.[٢]

لەرووی سیاسەتی بەعەرەبکردنیشەوە لەو ماوەیەدا حکومەتی بەعس سیاسەتێکی چڕو پڕی بەعەرەبکردنی بەرامبەر شاری کەرکوکی گرتبووەبەر، تاسەرەتای ساڵی (١٩٨٠)لەم شارە (٨٠–١٠٠)هەزار عەرەبی نیشتەجێکرد.[٣] تەنانەت بەعس لەچوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردندا بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە(٤١)و بەئیمزای ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆمار، لەرۆژی(١٩٧٦/١/٢٩) ناوی پارێزگای کەرکوکی بۆ(التاميم) گۆڕیو دووبارە نەخشەی پارێزگاکەی داڕشتەوە، کەبەگوێرەی ئەم بڕیارە قەزاکانی چەمچەماڵو کفریو توزخورماتوو لەپارێزگای کەرکوك دابڕانو بەپارێزگای سلێمانیو دیالەوەو سەلاحەدینەوە لکێنران. دابڕینی ئەو ناچانەش واتە دابڕینی نزیکەی(٨٦٦٠کم) لەکۆی گشتی رووبەری

پارێزگاکە، کەلەو دەمەدا نزیکەی(١١٨٠٨٦کم دووجا)بووە. بەمشێوەیە دوای دابڕینی ئەو سێ قەزایە لەپارێزگای کەرکوك رووبەری پارێزگاکە تەنها(٩٤٢٦کم دووجا)ی مایەوە.[٤] هاوکات بەعس بەبڕیاری ژمارە(١١٩٩٤)ی وەزارەتی ناوخۆ لەرۆژی(١٩٧٦/٣/٢) ناوی هەندێ گوندی سنوری ناحیەی قەرە حەسەن لەکوردییەوە بۆناوی عەرەبیو ئیسلامی، گۆڕی[٥].

---

(١) جیرارد شالیان: الماساة الكردية، ت:(عبدالسلام النقشبندی)، مطبعة مؤسسة ئاراس، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، بلا سنة الطبع، ص١٢٦، رێباز: قەندیل، ل٥٠، ئۆرغانی غالب: شۆڕشی ئەیلوول، ل٣٦.

(٢) بڕوانە دەقی بەڵێننامەی سەدام بەدەستوخەتی خۆی بۆئاوارە عێراقییەکان، لەپاشکۆی ژ(٢)، عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل٣٠.
یەکێك لەشێوازەکانی پیادەکردنی سیاسەتی راگواستن لەلایەن بەعسەوە ئەوەبوو کەهێزەکانی حکومەت گەمارۆی گوندێك یان ژمارەیەك گوندیان لەکاتـژمێرەکانی گزنگدا دەداو دانیشتوانەکەیان ناچار دەکرد کەسواری ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان بن کەبۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرابوون، دەیانگواستنەوە بۆکۆمەڵگە زۆرە ملێکان یان ئەوەی پێیان دەوت گوندی هاوچەرخ لەنزیك شارە گەورەکان. پاشان هەڵدەسان بەچاندنی دینامیتو مادەی تەقینەوە لەماڵی گوندەکانو مزگەوتو قوتابخانەکاندا، هەموویان پێکەوە گرێدەدا لەتۆڕێکی تەقینەوەدا. دواتر هەڵدەستان بەپڕکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی بەچیمەنتۆو کۆنکریتو سوتاندنی دارو درەختو کێڵگەکان. پاشانیش تەقاندنەوەی گوندەکە بۆئەوەی لەماوەی چەند خولەکێکدا بەتەواوەتی تێکبچێت، سامی شورش: كوردستان والاكراد، ص١٣٧.

(٣) د.دلێر ئەحمەد: ئەو، ل١٢.

(٤) بڕوانە پاشکۆی ژ(٣).

(٥) بڕوانە پاشکۆی ژ(٤)، چێنەر عەلی جۆڵا: پاکتاویی نەژادی لەکوردستان، هۆکارو چارەسەرکردن لەنێوان یاساو مافەکانی مرۆڤدا، چ١، چاپەمەنی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٩٣، شورش حاجی: الانفال، ص٣٥.

سیاسەتی بەعەرەبکردن، بوارەکانی رۆشنبیریو خوێندنیشی گرتەوە. بەرنامەی پەروەردەی خوێندن بەرۆحێکی بەعسییانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە کاری بۆدەکرا. لەم سیاسەتەشدا قوتابخانە سەرەتاییو ئامادەییەکانی شاری کەرکوك کەوتنەبەر ئەم سیاسەتە، بەجۆرێ قوتابخانەی(پیرەمێرد) لەگەڕەکی ئیسکان کرا بە(بەکر)و (مەولەوی)بۆ(ئیدریسی)و(هەڵمەت)بۆ(ئەلعیراقییە)و(بەرزان)بۆ(ئوم ئەیمەن)و(بێکەس)بۆ(ئەلحەسەن ئیبن ئەلهەیسەم)گۆڕدران. هەرچی قوتابخانە ئامادەییەکانیشە: ناوی ئامادەیی(١١ی ئازار)یان بۆ(مەیسون)گۆڕیو(کاوە)بۆ(معاژ بن جبل)و(رێزان)بۆ(ئەلرافیدەین)و ئامادەیی(کوردستان)بۆ(عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان)و(زێوەر)بۆ(ئەندەلوس)گۆڕدران. ئەم قوتابخانانەش نەهێڵران(بابەگوڕ گوڕو ئامادەیی کوردستان).[١] بەعس بەرە بەرە دەستیکرد بەبەعەرەبکردنی خوێندنو گەلێك وانەی بەعسییانەیان بەزۆر لەمێشکی مناڵانی کورددا قایمکرد.[٢] خوێندن لەزۆربەی قوتابخانەکانی کوردستاندا بەزمانی عەرەبی کراو ناوی زۆربەی دامو دەزگا کارگێڕییەکانیش لەکوردستان بەعەرەبی کران.[٣]

هەرچی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەبواری رۆشنبیریو زانستدا بوو، ئەوەبوو لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دامو دەزگاکانی وەکو: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆشنبیریی کوردی، زانکۆی سلێمانی، یەکێتی نوسەرانی کورد، کۆڕی زانیاری کورد داخران.[٤] تەنانەت بەم سیاسەتە رێکخراوە پیشەییو کۆمەڵایەتییەکانی وەکو یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، یەکێتی قوتابیان، یەکێتی لاوان، یەکێتی ئافرەتان، هەموویان لەکارو جوڵە خران.[٥]

حکومەتی بەعس بۆتەواوکردنی سیاسەتەکانی لەو قۆناغەدا، دەستیدایە سیاسەتی بەبەعسیکردن‌و لەم نێوەندەشدا بەبەعسیکردنی خەڵك تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەتی گرتبووە، ئەوانەی دووچاری ئەمجۆرە سیاسەتە دەبوون، بریتیبوون لەئەفسەرانی سوپا، دکتۆرەکان، مامۆستایان، ئەندازیاران، کرێکاران‌و هەموو خوێندکاران. بەبەعسیکردن خەسڵەتێکی تۆتالیتارییانەی گشتی هەبوو، بەجۆرێ هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە، کەکاربەدەست‌و فەرمانبەرانی دەوڵەت بوون، ئەوەی پابەندی مەرجەکانی حکومەت نەبووایە، دووچاری بێکاری‌و دەرکردنی لەکار دەبووەوە.[٦] حکومەت رێکخراوو بارەگای حزبەکەی لەشارو شارۆچکە کوردییەکاندا، بەمەبەستی زیاتر بەبەعسیکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵاوکردەوە.[٧]

---

(١) غازی حەسەن: گۆڤاری (پەیامی ئازادی)، ژمارە(٣،٤)، ل٢٣،٢٤، هەر عەرەبێکیش کچێکی کوردی بکردایەتە هاوسەری خۆی، لەلایەن بەعسەوە(٥٠٠)دیناری عێراقی وەك خەڵات وەردەگرت، د.دلێر ئەحمەد: ئەو، ل١٣.

(٢) رێباز: قەندیل، بەرگی یەکەم‌و دووەم، ل٥٠.

(٣) حامد محمود عيسي: القضية، ص٣٩٧،٣٩٨.

(٤) سامی عبدالرحمن: البدايات والافاق، تقرير الكونفرانس الاول لحزب الشعب الديمقراطى الكردستانى، مطبعة گەل، كوردستان، ١٩٨٨، ص٧٥، کریس کۆچێرا: کورد، ل٤٥١،٤٥٢.

(٥) ئۆرخانی غالب: شۆڕشی، ل٣٦،٣٧.

(٦) د. دلێر ئەحمەد: ئەو ، ل١٣،١٤.

(٧) فاتیح رەسوڵ: بنچینەی، ل٣٥٥.

حکومەتی بەعس لەم سیاسەتەدا، لەلایەك هەڕەشەی ترساندنی بەکاردەهێناو لەلایەکیتریش خەڵەتاندن. جگەلەوەش هەوڵیدەدا چەکدارە گەڕاوەکانی دوای هەرەسی شۆڕش قەناعەت پێبکات، بۆئەوەی بچنە ریزی حزبەکەیەوە.[١] تەنانەت حکومەت دەستیکرد بەهێنانی فەرمانبەرانی پلە گەورە بۆئەو ناوچانەی خۆی ناوی نابوون ناوچەی ئۆتۆنۆمی. فەرمانبەرە کوردەکان، تەنانەت ئەگەر پیاوی حکومەتیش بوونایە، لای دەبردن. ئەندامانی بەعس بەتایبەتی لێپرسراوەکانیان بەناوی بەبەعسیکردنی ئافرەتی کوردەوە، بێحورمەتییان بەسەدان ئافرەت دەکردو گەلێکیان لەسەر باوك‌و براو هاوسەری خۆیان کردە سیخوڕ، تاوایلێهاتبوو هەندێ کەس بەگومانەوە سەیری خێزانی خۆی دەکرد.[٢] ئەمە بەرێژەیەکی زۆر نەبووەو دەگمەن بووە.

لەرووی ئابوریشەوە حکومەتی بەعس لەلایەك بۆنانەوەی ئاژاوە لەنێوان جوتیارەکان‌و دەرەبەگەکاندا، جوتیارو جوتیار لەلایەکیترەوە، یاسایەکی تایبەتی کشتوکاڵی لەکوردستان بەناوی یاسای ژمارە(٩٠) جێبەجێکرد. بەگوێرەی ئەو یاسایە جوتیارەکان بەکۆمەڵ زەوی بەکار بهێنن، کەدەیان گیروگرفتی بۆجوتیارانی کوردستان دروستکرد.[٣] ئەمە جگەلەوەی بەعس لەم ماوەیەدا سیاسەتی فەرامۆشکردنی باری ئابوری ناوچە کوردنشینەکانی پەیڕەو دەکرد، بەجۆرێ پەرەسەندنی ئاستی گەشەکردنی ئابوری‌و دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی لەکوردستان، بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی عەرەبی عێراق جیاوازبوو. هەرچەندە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕی جیهانیدا ئاستی ژیانی خەڵك لەعێراقدا باشتربوو، بەڵام ناوچە

کوردییەکان لەدۆخێکی خراپتردا، لەرووی ئابوری‌و ئاوەدانکردنەوەوە، دەژیان.[٤] هەرچەندە لەو قۆناغەدا بەعس سولفەی عەقاری دەداو دەیویست بژێوی خەڵك بەرز بکاتەوە، بەڵام ئەمانە بۆدەستەمۆکردنی خەڵکی کوردستان بوو، پاشان لەسنورێکی دیارکراویشدا بوو.

بەعس جۆرەها شێوازی وەحشییانەو دڕندانەو دژە مرۆڤانەی بەبەرامبەر بەکورد بەکاردەهێنا، بۆئەوەی گەلی کورد ناچار بکات واز لەکەرامەتی نەتەوەیی‌و مافەکانی خۆی بهێنێت‌و بەتەواوی ملکەچی بڕیارەکانی حکومەتی بەغدا ببێت. تیرۆری بەعسییەکان لەرادەبەدەر بوو، هەموو هەفتەیەك چەندین مرۆڤی کورد لەزیندانەکانی موسڵ‌و ئەبوغرێبدا لەسێدارە دەدران.[٥] ئەمە جگە لەوەی بەدڕندانەترین شێوە ئازارو ئەشکەنجەو سزای جەستەیی‌و دەروونی دەدران‌و بەسەدان مرۆڤی کورد لەزیندانەکانی حکومەتی بەعسدا لەبەر هۆکاری سیاسی کوژران.[٦]

---

(١) شورش حاجی: الانفال، ص٣٥.

(٢) ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکەم‌و دووەم، ل٤٩،٥٠.

(٣) هـ.س.

(٤) د.دلێر ئەحمەد: ئەو، ل١٩.

(٥) هـ.س، ل١٥.

(٦) بۆکلێشەی زیندانییە شەهیدکراوەکانی کورد، بڕوانە عەبدوڵلا کەریم محەمەد(رابەر): نامەی زیندانیە سیاسییەکانی زیندانی حکومەت، (ئامادەکردن‌و نوێکردنەوە)، سلێمانی،٢٠٠٠، ل١٥٩. سامی عبدالرحمن: البدایات، ص٧٥.

لەرووی سیخوڕیکردن‌و دروستکردنی تۆڕی سیخوڕییەوە، بەعس بۆپتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی‌و بنکەکانی لەکوردستاندا، دەستیدایە پەرەپێدانی تۆڕی سیخوڕیی‌و دامەزراوەکانی ئاسایش‌و فراوانترکردنیان. هەزاران ئەفسەرو پۆلیسی نهێنی، کەپێشتر بەبیرباوەڕی شۆڤێنیانەی عەرەبی پەروەردە کرابوون‌و مەشقی تایبەتییان پێکرابوو، نێردرانە شارو شارۆچکەکانی کوردستان. لەڕووی میدیاو ڕاگەیاندنیشەوە تاقە کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی، کەبوونی هەبوو، ئەویش هەر بۆتەرخانکردنی پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆجیای بەعس بوو.[١]

حکومەتی بەعس لەبەهاری (١٩٧٦)دا بڕیاریدا ئەو کەسانە لەکوردستان دوور بخاتەوە، کە لەنێو جەماوەری کوردستاندا خۆشەویست بوون یان لەبنەماڵەیەکی بەرێزبوون، یان لێپرسراوێتییان لەشۆڕشی ئەیلوول وەکو(ئامر هێز، بەتالیۆن، لق، پەل، کادر،...تاد) هەبوو، یان گومانیان لێدەکرا بیروباوەڕی کوردانە بڵاوبکەنەوە. بۆیە لەنیسانی(١٩٧٦)دا بەعس دەستی بەگواستنەوەی ئەو جۆرە کەسانە کرد . دواجار ئەم سیاسەتانەی حکومەتی بەعس لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لەکوردستانداو دژ بەمیللەتی کورد گرتیەبەر کۆمەڵێك ئامانجو مەبەستی لەدواوەبوو، گرنگترینیان:

١. شێواندنی ڕێژەی جێگیری دانیشتوان لەعێراق لەنێوان کوردو عەرەبدا.

٢. دوورخستنەوەی مەترسی کوردیی لەسەر ئایندەی عێراق.

٣. رووخاندنی قوڵایی ستراتیژی جوڵانەوەی کوردیی.[٢]

بەڵام ئەم سیاسەتانە لەلایەن میللەتی کوردەوە قبوڵ نەکراو چەند رێکخراوو پارتێکی سیاسی نوێ بۆروبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی بەعسو درێژەدان بەبەرخودانو بەرەنگاری دروستبوون، لەوانە یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.

---

(١) د.دلێر ئەحمەد: ئەو، ل١٤،١٧.

(٢) مکتب الاعلام الاتحاد الوطنی الکردستانی: العراق والمسالة الکردیة، لەکتێبی شاکر خصباك واخرون: کتابات فی المسالة الکردیة، ص٢٤٧.

## باسی سێیەم- دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان:

بڕیاری راوەستاندنی شۆڕشو خەباتی چەکداریی لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە بوو بەهۆی دەمەتەقێ، مقۆ مقۆو ناڕەزایی لەنێوان کادیرانو کەسانی هۆشیاری ئەوسای پارتی لەهەموو ئاستێکدا دروستبوو، هەندێ لەکادیرانی پێشکەوتوو هەوڵی رزگارکردنی جوڵانەوەی کوردیان لەم نسکۆیە دا. هەر بۆئەم مەبەستە بیر لەگەلێك رێگاچارە کرایەوە. لەلایەن هەندێ کەسەوە هەنگاوی بچووکیش بەمەبەستی بەردەوامی شۆڕش نرا. لەنێو ئەو کادیرە پێشکەوتووانەی بڕوایان بەدرێژەدان بەشۆڕش هەبوو(ساڵەح یوسفی، عەلی عەسکەری، د.خالید سەعید، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی هەژار)هەبوون.[١] هەر لەسەرەتاشەوە هەریەکە لەساڵەح یوسفیو عەلی عەسکەری لەگەڵ بڕیاری راوەستاندنی شۆڕشدا نەبوون. بۆئەو مەبەستەش عەلی عەسکەری لەوکاتەدا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی قسەی کردبوو، کەدرێژە بەخەباتی چەکداری بدەن، بەڵام بارزانی لەوبارەوە رەزامەندی نیشان نەدابوو وەك پێشتر باسمانکرد.[٢]. هەروەها سیاسەتی شۆڤێنیزمی بەعس هۆکارو پاڵنەری گەورەبوو، تاوەکو هەندێ لەسەرکردەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول بیر لەدرێژەپێدانی خەباتو بەرەنگاری بکەنەوەو بکەونە بیری دامەزراندنی رێکخراوو پارتی سیاسی نوێ.[٣] بۆئەو مەبەستە لەناوەڕاستی

مانگی(نیسانی١٩٧٥)دا یەکەم کۆبوونەوەی گرنگی چارەنوسساز لەشاری ورمێی ئێران لەماڵی عومەر مستەفا (دەبابە) بەسترا، بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە:(عەلی عەسکەری، رەسول مامەند، مەلا ناسیح، عەبدورەحمان گۆمەشینی، تاهیر عەلی والی بەگ، سەلیم ئاغۆك، کەمال محێدینو چەند کەسێکی تر).[٤] هەندێ سەرچاوەی دیکە دەبێژێ کۆبوونەوەکە لەماڵی(سەید عەزیزی شەمزینی)تێکۆشەری رۆژهەلاتی کوردستان ئەنجامدراوە،[٥] بەلام راستییەکەی لەماڵی عومەر مستەفا (دەبابە)بووە. هەروەها هەندێ سەرچاوەی دیکەش باس لەوەدەکەن کۆبوونەوەکە لەشاری نەغەدە کراوە[٦]، بەلام راستی ئەمەش ئەوەیە کۆبوونەوەی بەردەوام لەورمێو نەغەدەو هەندێ جێگەی تر بەمەبەستی درێژەدان بەشۆرشو بەرەنگاری هەبووە، بۆیە وا باسکراوە. لەو کۆبوونەوەیەدا پاش هەڵسەنگاندنی دۆخی ئەوکاتی کوردستان بیروبۆچوونی جیاجیا لەنێو ئەو کۆبوونەوەیەدا هەبووە، زۆربەیان بریاریان دابوو، کەدەبێ بەزوویی حزبێك لەکوردستان

---

(١) شاخەوان شۆرش: قادر شۆرش، ل٩٠.

(٢) خەلیل عەبدوڵلاو شیلان ئەحمەد: بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لەکتیبی(یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان..سەرهەڵدانو نوێبوونەوە)، ل٩٨، مقابلة مع (عبدالخالق زنگنە)، گۆڤاری(پێشکەوتن)، ژمارە(٣)، ص٧،٨.

(٣) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٣٥.

(٤) سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل٩٦، خەلیل عەبدوڵلاو شیلان ئەحمەد: بزوتنەوەی، ل٩٨.

(٥) بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند ٥٠ ساڵ تەمەنو ٣٣ساڵ خەبات، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٥٥،١٥٦، ئیسماعیل تەنیا: کاردۆ گەلاڵی نوسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، چ١، ١٩٩٧، ل٩.

(٦) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری ل٤٤، شاخەوان شۆرش: قادر شۆرش، ل٩٠،٩١.

دروستبکرێت، چونکە بەبروای ئەوان پارتی رێکخستنەکانی هەڵتەکاوە.[١] هاوکات دوو بەش بریار دەردەکرێت، کەبەشی یەکەم:

ئەلف- بەهیچ جۆرێك ناچینە دەرەوەو هەندەران.

بێ- بەهیچ جۆرێك لەئێران نامێنینەوە.

جیم- دەگەرێینەوە خوارووی کوردستان.

دال- هەوڵبدرێت زۆرترین کادیرو خەڵکیتر بنێردرێنەوە خوارووی کوردستان، چونکە کوردستانی بندەستی عێراق شوێنی خەباتی ئێمەیە.

بەشی دووەمی بریارەکان:

ئەلف- بەردەوامی پەیوەندی بەیەکترەوە هەبوون، دوای گەرانەوە بۆناو حکومەت.

بێ- دوای گەرانەوە رێکخراوێکی سیاسی دروستبکرێت، رێکخراوێکی فراوان بێت، کەهەردوو باڵی کۆنی پارتی بگرێتەخۆی، واتە(مەلاییو جەلالی). ئەمەش بەمەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو باڵە دوای جیابوونەوەکەی(١٩٦٤). هەروەها دوورکەوتنەوە لەشەری براکوژی. دوای گەرانەوەیان بۆناو حکومەت لەسەر ئەمانەش رێکدەکەون:

١. پەلەنەكردن لەدروستكردنی ڕێكخراوێكی سیاسی.

٢. خۆدەرنەخستن‌و وریایی‌و خۆدوورخستنەوە لەهەنگاوی پەلەو تاوتوێ نەكراو. [٢]

ڕەسول مامەند وەكو یەكێك لەبەشداربووانی ئەو كۆبوونەوەیە لەوتارێكدا باس لەوە دەكات، باس‌و خواسەكانی كۆبوونەوەكە بریتیبوون لەبڕیاردان لەسەر پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی، كەدوای هەرەس دروستببووبوو، نەهێشتنی نائومێدی خەڵكی كوردستان، هەوڵدان بۆدۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك تائەو بارودۆخە سەختەی هاتبووەكایەوە، چارەسەر بكرێت. بۆیە ئەم كۆبوونەوەیە بەسەرەتایەك دادەنرێ بۆ خۆڕێكخستنەوەو درێژەدان بەتێكۆشان. هەر لەم كۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا خەڵكی لەئێران نەمێننەوەو بگەڕێنەوە كوردستانی عێراق‌و ژیان‌و تێكۆشانیان لەنێو خەڵكی خۆیان‌و جەماوەری خۆیان سازبدەن. [٣] بۆیە ئەوانەی دواتر بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستانیان دامەزراند، بڕیاری گەڕانەوەیان بۆكوردستانی عێراق دا. [٤]

نەوشیروان مستەفا لەمبارەیەوە دەنوسێت:"ئەمانە لایان وابوو سەركردایەتی بارزانی بەو ڕێبازە سیاسییە چەوتەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا گرتبوویەبەر، جوڵانەوەی كوردی توشی هەڵدێركردووە، هەروەها

(١) ڕێباز : قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەكەم‌و دووەم، ل٧٠.

(٢) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٩١،٩٢.

(٣) بەهرۆز گەلاڵی: ڕەسول مامەند، ل١٥٦،١٥٧.

(٤) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٧٠،٩٠.

ڕێكخستنەوەی پارتی لەسەر بنچینەیەكی پێشكەوتوو، بەدۆستایەتی لەگەڵ بەعس‌و بەشداری لەدامو دەزگای ئۆتۆنۆمی دەكرێت هەندێ لەدەستكەوتەكانی كورد بپارێزرێ". [١] ئەمانە بەنیازبوون پاش گەڕانەوە بەناوی ئەو ڕێكخراوە تازەیەی دایدەمەزرێنن، گفتوگۆ لەگەڵ حكومەتدا بكەن‌و كاری سیاسی‌و ڕێكخراوەییان بەشێوەیەكیتر دابڕێژن. هەرچەندە كاربەدەستانی بەعس لەسەرەتادا بەڵێنیان پێدان‌و ئەوانیش بەو هیوایەوە بەكۆمەڵ گەڕانەوە بۆعێراق، ئەوەبوو عێراق بەگەرمی پێشوازی لێكردن، بەلام بەعس هیچ كام لەبەڵێنەكانی بەجێ نەهێنا. پاش ماوەیەكی كورت چالاكی سیاسی لێ قەدەغەكردن‌و لەكوردستان دووری خستنەوە. هەریەكێكیانیشی بەوەزیفەیەكی حكومی نارد بۆجێگایەكی خوارووی عێراق. [٢] د.خالید سەعیدو سەعدی عەزیز(گچكە) لەبەغداو عومەر مستەفاو سەید كاكە لەرومادی‌و عەلی عەسكەری لەرفاعی‌و تاهیری عەلی والی لەعەممارە بوون، [٣] بەلام ئەمانە لەئێران قسەیان كردبوو بەیەك، لەعێراقیش لەنێوخۆیاندا پەیوەندیان پاراست‌و ڕێكخستنێكیان پێكهێنا. سەرەتا بەچاولێكەری بزوتنەوەی ڕاستكردنەوە(الحركة التصحيحية)كەی بەعسی لەسوریا، ئەمانیش هەمان ناویان لەخۆیان نا. گوایە چەوتی‌و لادانە سیاسییەكانی پارتی ڕاستدەكەنەوە. چەندین كەسی تریش لەوانە:ساڵەح یوسفی بوو بەهاوبیرو هاودەنگییان. [٤] باسیش لەوە دەكرێت ساڵەح یوسفی ناوی بزوتنەوەی ڕاستكردنەوەی لەو ڕێكخراوە تازەیە ناوە. [٥]

دواجار ئەمانە توانیان لەهاوینی(١٩٧٦)، یان وەك هەندێکیتر دەڵێن لە(١٠/٥/١٩٧٦)دا، پاش کۆبوونەوەی عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، سەید کاکە، عەلی عەسکەری، سەعدی عەزیز(گچکە) دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی وەکو بیرۆکەیەك پێشنیاز کراوە.[٦] پاشئەوەی هەندێ پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا بەستو دانیشتنو لێکدانەوەی هەلومەرجی ئەوکاتەی کوردستانیان خستە بەر باسو لێکۆڵینەوە، بەدەستپێشخەری ساڵەح یوسفیو بەشداری ژمارەیەك لەکادیرو سەرکردەی هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان(بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)یان دامەزراند[٧] و بەیاننامەی دامەزراندنیش لەڕێگای(کەریمی حیسامی)یەوە لەبەیروت چاپکراو[٨] لەئابی(٨/٨/١٩٧٦)دا ڕاگەیەنرا.[٩]

---

(١) لەکەناری، ل٤٤.

(٢) عومەری سەید عەلی: هەندێ لایەنو ڕەوتی مێژوویی و سەرەتایی دامەزراندنی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان، لەکتێبی(چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان)، ل٧٥،٧٤، نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٤٤،٣١٧.

(٣) سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل٩٨.

(٤) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٤٥.

(٥) بێ نوسەر: تێڕوانینی سەیدای نەمر بۆئاشتیو ئازادیو مافی مرۆڤ، گۆڤاری(دەنگی پێشمەرگە)، ژمارە(٣)، حوزەیرانی ١٩٩٦، ل٢٧.

(٦) برزۆ عەلی هەژار: عەلی هەژار، ل١٠.

(٧) بڕوانە یەکەم بەیاننامەی لیژنەی ئامادەکاری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لەئابی(١٩٧٦)، لەپاشکۆی ژ(٥).

(٨) کەریمی حیسامی: بیرەوەرییەکانم، بەرگی پێنجەم، سوید، ل٥٧.

(٩) هەندێ سەرچاوە ڕۆژی(١٥/٨/١٩٧٦) دیاریدەکەن، محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی دووەم، چ١، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٩، ل٣١٣، صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٨٥، بەگوێرەی چەند چەند سەرچاوەیەکیتر لە(٧/٤/١٩٧٦)دا یەکەم بەیاننامەی

دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی پێکهاتبوون لە(ساڵەح یوسفی، عەلی عەسکەریو د.خالید سەعیدو سەعدی عەزیزو عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵیو ڕەسوڵ مامەندو تاهیری عەلی والیو سەید کاکەو مەلا ناسیح).[١]

ئەگەر سەیری ئەو قۆناغو بارودۆخو پاڵنەرانە بکەین بزوتنەوەی سۆسیالیستی تێدا دروستبوو، دەبینین لەسەختترینو دژوارترین هەلومەرجدا، لەتەمی نائومێدیو بێهیواییدا، کەسەرتاپای کوردستانی داپۆشیبوو دامەزرا. لەلایەك ڕێکەوتننامەی جەزائیری نێوان عێراقو ئێرانو لەلایەکیتریشەوە بڕیاری کۆتایی هێنان بەشۆڕشو خەباتی چەکدارییو دواتریش سیاسەتەکانی ڕاگواستنو بەعەرەبکردنو بەبەعسیکرنو....تاد پاڵنەری سەرەکی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە بوون.[٢] بزوتنەوە وەکو ڕێکخراوێکی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕ هاتەگۆڕەپان، بۆئەوەی ئەرکێکی قورسو گران جێبەجێ بکات، کەبریتی بوو لەیەکخستنی ڕیزە پەرشو بڵاوەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد.[٣] ئەوەش هاتووە، بزوتنەوەی سۆسیالیستی هەڵگری تیۆرێکی زانستییانەیەو بیر لەبەرژەوەندی بەشی هەرە زۆری چینە زەحمەتکێشەکانی

کوردستان دەکاتەوەو بزوتنەوەی کرێکارو جوتیارو شێرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانەو لەسەر رێبازی پێشکەوتووانەو زانستییانە بۆگەیاندنی گەلی کورد بەمافی چارەنوس خەبات دەکات.(٤)

بزوتنەوەی سۆسیالیستی هەر لەسەرەتاوە هەندێ تایبەتمەندی هەبوو لەوانەش: پشتبەستن بەسەرکردایەتی بەکۆمەڵو رێگانەدان بەکاری تاکڕەوانە، حەرامکردنی شەڕی براکوژی، جەختکردنە سەر لایەنی چۆنایەتی رێکخستن، واتە کەمیو پوختی رێکخستن، خۆدوورخستنەوە لەکاری هەرزەکارانەو خۆدەرپەڕاندن.(٥)

---

← راگەیاندنی بزوتنەوە دەرچووەو بڵاوکراوەتەوەو هەندێکیتریش پێیانوایە لەمانگی(٥/١٩٧٦)دا، دامەزراوە، عبدالسلام علی: صفحات، ص٢٧. بەڵام راستییەکەی لە(٨/٨/١٩٧٦)دا بووە.

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەمال حەکیم ئاغا لەرۆژی(٧/٢/٢٠٠٩)، سلێمانی، ئیسماعیل تەنیا: کاردۆ، ل٩، ١٠، صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٨٥، ٤٨٦.

(٢) گۆڤاری(خوێندکاری کورد)، ژمارە(٥)، ئەیلوولی(١٩٨٩)، دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد، سوید، ل٣. گۆڤاری(سۆسیالیست)، ژمارە(١١)، ساڵی شەشەم، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل٢٠.

(٣) پرۆژەی بەرنامەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان– عێراق بۆکۆنگرەی دووەم، ل٥، گۆڤاری(سۆسیالیست)، ژمارە(١١)، ل١٩.

(٤) بڕوانە یەکەم بەیاننامەی لیژنەی ئامادەکاری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لەئابی(١٩٧٦)، لەپاشکۆی ژ(٥).

(٥) بۆ تایبەتمەندێتی زیاتر بڕوانە شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٩٥.

لەرووی ئامانجی سیاسیشەوە کۆمەڵێك ئامانجی هەبوو، کە لەپێناویدا تێدەکۆشا لەوانە:

١. یەکگرتنی هەموو رێکخراوو هێزە نیشتمانییە پێشکەوتووخوازەکانی کوردستان لەبەرەیەکی کوردستانیدا.
٢. پتەوکردنو بەهێزکردنی برایەتی عەرەبو کوردو تورکمانو کەمە نەتەوایەتییەکان.
٣. بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هێزە نیشتمانییە پێشکەوتووخوازەکانی عەرەب لەژێر بناغەی مافی چارەنوسی گەلانی ژێر دەستە.
٤. بەهێزکردنی پەیوەندیی هاوکاری لەگەڵ بەرەی سۆسیالیست بۆپشتگیریی خەباتی گەلانی ژێردەستەی دونیاو لەباربردنی ئیمپریالیزمی حکومەتی سەرمایەداریی.(١)

لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ تێبینی هەندێ شت بکەین لەنێو بزوتنەوەدا، کەکەمو کورتیو خاڵی لاوازیی بوونو لەقۆناغەکانی دواتری کاری سیاسیو چەکداریدا، بەشێوەیەکی خراپ رەنگیدایەوەو کاریگەری لەسەر

دروستکردن. ئەویش ئەوەبوو بزوتنەوە لەبنەڕەتدا ڕێکخراو بوو نەك حزب.[٢] پاشان لەئەنجامی کۆنگرەو کۆنفرانسو بیرکردنەوەی قوڵو درێژخایەن دانەمەزرابوو، بەڵکو دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیرو بڕیاری کۆتایی هێنان بەشۆڕشی چەکداریی‌و بەردەوامی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس هاتبووە سەر گۆڕەپانی سیاسی، جگەلەوە لەنێو بزوتنەوەدا ڕاو بۆچوونی جیاواز بوونی هەبوو، تەنانەت یەك بیرو بۆچوونی سیاسی‌و فیکری دیاریکراو نەبوو، بەڵکو بزوتنەوە لەکەسانی (نەتەوەیی، چەپی‌و سۆسیالیستی، مارکسی– لینینی، دیموکراتی)پێکهاتبوو.[٣] لەسەرووی ئەمانەوە بزوتنەوە بەگشتی لەهەردوو باڵە کۆنەکەی مەلایی‌و جەلالی پێکهاتبوو.[٤]

لەگەڵ ئەمانەشدا دوای ماوەیەك ناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان گۆڕا بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان. ڕەسوڵ مامەند لەراپۆرتی سیاسی یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستاندا، هۆکاری ئەم ناو گۆڕینە بۆئەوە دەگێڕێتەوە، کەزاراوەی سۆسیال دیموکراتی جیهانی جێگەی گومان بووە، چونکە پشتی لەهزری شۆڕشگێڕی کردووەناچار، بزوتنەوە بەرێگای هەمەپرسی گشتی‌و پاش پرس‌ورا وەرگرتنی هەندێ هێزی نیشتمانی تر وشەی دیموکرسی لابراو بوو بەبزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.[٥]

بەڵام بیروڕای ڕاست ئەوەیە وەك هەندێ لەسەرچاوەکانیش ئاماژەی پێدەدەن، ئەم ناو گۆڕینە لەسەر پێشنیازی جەلال تاڵەبانی بووە، وەکو داواکاری‌و مەرجێکیش لەکاتی چوونە ناوەوەی بزوتنەوە بۆنێو نیمچە

---

(١) یەکەم بەیاننامەی لیژنەی ئامادەکاری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لەئابی(١٩٧٦)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە(٥).

(٢) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٩٤.

(٣) نامەی گۆران جەلال بۆتوێژەر، لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، لەرێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، هەولێر.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٥) بەهرۆز گەلاڵی: ڕەسوڵ مامەند، ل١٠٣.

بەرەی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان،[١] بەڵام ناکرێ باس لەو جیاوازییە هزرییانە نەکەین، کەدوای دامەزراندنی بزوتنەوە وردە وردە دەرکەوتن، بەتایبەت لەکاتی پێشنیازی گۆڕینی ناوی بزوتنەوەو لابردنی وشەی(دیموکراتی)دا، چونکە هێڵی چەپی ناو بزوتنەوە، ئەوانەی زیاتر کاریگەری مارکسییەتیان لەسەر هەبوو، خۆیان بەمارکسی دەزانی، لەگەڵ لابردنی وشەی(دیموکراتی)بوون‌و نەیاندەویست بزوتنەوە هیچ رواڵەتێکی سۆسیال دیموکراتانە بەخۆوە بگرێ، لەبەرئەوەی ئەوان سۆسیال دیموکراتیان بەلادەرو داردەستی سەرمایەدار دادەنا، بیروڕاکانیش دژی وشەی دیموکراتی یەکنەبوون. هاوکات بەربڵاوی بیروڕای مارکسییەت لەکوردستان‌و ناوچەکەش بەگشتی بۆئەم ناو گۆڕینە پاڵنەربوون.[٢]

پەیڕەوکردنی بیری سۆسیالیستی لەنێو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستاندا بەرەزامەندی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی نەبووە، بەتایبەت ساڵەح یوسفی، کەکرا بەسکرتێری بزوتنەوە، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ بیری سۆسیال دیموکراتیدا بوو، پێشی وابووەسۆسیالیستی لەگەڵ بیروڕای ڕووناکبیراندا

یەکناگرێتەوەو دواجار پەرتبوونی نێوخۆیی حزبی لێدەکەوێتەوە.[٣] لەمبارەیەوە سالەح یوسفی لەیەکێك لەنامەکانیدا، کە لەپاییزی(١٩٧٩)دا بۆسەرکردایەتی(حسیك)ی ناردووە، دەنوسێت:"من بەر لەدروستبوونی بزوتنەوەو لەئاییندەشدا هەروای بۆدەچم، کەپەسەندکردنی ئەم دروشمە لەگەڵ رای زۆربەی رۆشنبیراندا یەکناگرێتەوەو ڕاڕایی‌و ناکۆکی یەکێتی بیروباوەڕی لێدەکەوێتەوەو دەبێتەهۆی بڕبوونی حزب".[٤]

هاوکات پەیڕەوکردنی بیری سۆسیالیستی پەیوەندیشی بەهەندێ هۆکاری ترو بەو بارودۆخانەوە هەیە، کە لەوکاتەدا بوونی هەبووە، بەشێوەیەك سەرکەوتنی سۆڤیەت لەجەنگی دووەمی جیهانی بووە هۆی خێرا تەشەنەکردنی بیری سۆسیالیستی لەولاتانی رۆژهەلاتی نزیکدا. هەر لەژێر کاریگەری ئەم بیرەدا لەناوەڕاستی چلەکاندا پارت‌و رێکخراوی سیاسی دروستبوون، کە لەرووی ئایدۆلۆجییەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتی رێبازی چەپ.[٥] لەلایەکیترەوە سەرهەڵدانی بیری چەپ لەنێو جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستانی ئێران لەساڵی(١٩٤١) لەلایەن سۆڤییەتەوە.[٦]

---

(١) مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٧٣، جەلال تالەبانی لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئەو برادەرانە هاتن ببنە ئەندام لە(ی.ن.ك)دا، ئێمە مەرجێکمان لەسەریان دانا کەناوی خۆیان بگۆڕن، ئەو دەمە دژی ناوی سۆسیالیستی دیموکراتی بووین، سۆسیالیستی دیموکرات دژی خەباتی چەکدارەو گوتمان ئێوە سۆسیال دیموکرات بن، کەواتە خەباتی چەکداریتان بەلاوە پەسەند نیە، ئەگەر ئێوە ئەوەبن مانای خەباتی چەکداری ناکەن، لەبەرئەوە دەبێت بڵێن ئێمە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانین. چاوپێکەوتنی رۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٢٥٨) لەگەڵ مام جەلال(١٩٩٦/٦/٢).

(٢) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١١٤.

(٣) ب.گۆران: واقیعبینی، ل٩، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٩٧.

(٤) بڕوانە دەقی نامەی سالەح یوسفی بۆ سەرکردایەتی حسیك، لە: عبدالسلام علی: صفحات، ل٧٨.

(٥) د.دلێر ئەحمەد: ئەو، ل٨.

(٦) فاتیح رەسوڵ: بنچینەی، ل٣١٣،٣١٤.

بیری چەپ لەباشوری کوردستانیش لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە پەرەی سەندووە، بەتایبەت هەندێ پێیانوایە لەنێو پارتی(هیوا)وە چەکەرەی کردووە.[١] هۆکارێکیتر ئەوەبوو، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول پشتی بەیارمەتییەکانی ئەمریکا– ئێران– ئیسرائیل بەستبوو، دیارە ئەم سەرکردایەتییە سیاسەتێکی راستڕەوی گرتبووەبەر. هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول کاردانەوەیەکی وای لەنێو سەرکردایەتی کورددا دروستکردبوو، کەزۆر لەو سەرکردانە گەیشتنە ئەو باوەڕەی بیروباوەڕی رەوتی راستڕەو سودی نییەو پێچەوانەی ئامانجەکانی جولانەوەی نەتەوەیی کوردە. دوای ساڵی(١٩٧٥) ئایدۆلۆجیای مارکسیزم‌و بیروباوەڕی چەپ، بۆئەو رێکخراوە سیاسییە کوردییانەی، کەتازە فۆرمەلە بوو بوون، تاکە چەك‌و ئامرازی خەبات بوو، لەدژی دەسەلاتدارانی عێراق، بۆگەیشتن بەئامانج‌و ئاواتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد.[٢] پێویستە ئەوەش بوترێ سەرنەکەوتنی جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردو هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لەبەهاری(١٩٧٥)دا خرایە ئەستۆی باڵی راستڕەوی نێو جولانەوەکە بەهۆی پابەند نەبوون‌و پەیڕەونەکردنی

جولانەوەکە لەبیروباوەڕی چەپو پێشکەوتنخوازیی.[٣] دەبێ لێرەدا ڕۆڵی گۆڤاری(ڕزگاری)یش ون نەکەین، کە لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکەوە لەکۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا دەردەکراو هەڵگری بیری مارکسی– لینینیو سۆسیالیستی بوون، وەك(نەوشیروان مستەفا ئەمین، شازاد صائب)و زۆر کەسی دیکە، کە لەبنەڕەتدا وەك ئۆرگانی پەخشکردنو تیۆریزەکردنی هزری سیاسی کۆمەڵە وابوو. بیری سۆسیالیزم لەم گۆڤارەدا لەرێگای چەندین وتارەوە شرۆڤە دەکراو شیدەکرایەوەو تیۆریزە دەکرا، بۆنمونە باس لەزنجیرە وتارێکی عەبدورەحمان زەبیحی(عولەما)، بەناونیشانی(سۆسیالیزم) دەکرێت، کە لەگۆڤاری ڕزگاریدا بڵاوکراوەتەوە.[٤]

بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەرووی رێکخستنەوە بەجۆرێ خۆی رێکخستبوو، کەپێکهاتبوو لەکۆمیتەی سەرکردایەتی، بەشی رێکخستنی سەروو، بەشی رێکخستنی خواروو، واتە کۆمیتەی سەرکردایەتی سەرپەرشتی هەردوو بەشەکەی کردووە.بەشی رێکخستنی خواروو بەغدادو شارەکانیتری عێراقی گرتبووەوەو شێخ محەمەدی شاکەلی لەقۆناغێکدا بەرپرسی بووە. هەرچی بەشی رێکخستنی سەروو بووە هەموو شارو شارۆچکەکانی خوارووی کوردستانی گرتۆتەوە. هەموو شارێکیش کۆمیتەی تایبەت بەخۆی هەبووە.[٥]

شێوەی رێکخستن لەساڵەکانی سەرەتای بزوتنەوەدا، شێوەیەکی زنجیرەیی هەبووە لەسەر بنچینەی هێڵ

---

(١) فريد اسسرد: الاتجاهات السياسية الكردية بعد الحرب العالمية الثانية، ط١، منشورات مؤسسة كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٨، ص٢١-٣٢.

(٢) د.دلێر ئەحمەد، ئەو، ل١٩، ٢٠.

(٣) سەروتاری گۆڤاری سۆسیالیست، ژمارە(١٦) ساڵی نۆیەم، ئاداری ١٩٩٩، ل٣، عادل مراد: الاتحاد، ص٤٨، بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند، ل٣١.

(٤) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق(١٩٧٩-١٩٨٣)، ب.ش، ١٩٩٧، ل٩٧، ٩٨.

(٥)شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١١٢.

شۆڕبۆتەوە خوارەوە، واتە تاکەکەس پەیوەندی بەتاکەکەسەوە کردووەو بەشێوەی زنجیرە لەیەکتر گرێدراون. ئەمەش بەمەبەستی زیاتر نهێنی پارێزیو دڵنیایی، واتە زۆر گرنگی بەنهێنی پاراستن دراوە.[١] لەساڵەکانی دواتردا شێوەی پێکهاتن یان ستراکتۆری رێکخستن گۆڕدراوەو شێوەیەکی هەرەمی وەرگرتووە. واتە لەسەرەوە بۆخوارەوەو لقو پۆپی زیاتر، بەمجۆرە: کۆمیتەی رێکخستن، کۆمیتەی ناوچەی شار، رێکخراو، شانەی سەرەکیو شانە سەرەتاییەکان.[٢] کاتێکیش بەشی زۆری سەرکردەکانی بزوتنەوە پەیوەندی بەشۆڕشی نوێوە دەکەن، ئەرکی سەرکردایەتی رێکخستنی نهێنیی شارەکان دەکەوێتە ئەستۆی (شێخ محەمەد شاکەلی، محەمەد فاتیح، نیزامەدین گلی، عەلی رەسوڵ، نورەدین عەبدورەحمان). ئەمانە ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە بوون، بەبێ بەشداری کۆنگرەو بەدامەزراندنی سەرکردایەتی ناوخۆ

دانرابوون.[٣] ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەسالآنی دواتردا گەشەیان کرد، بەجۆرێ سەرکردایەتی بزوتنەوەو لقەکانی چەندین تۆڕی ڕێکخستنیان پێکهێنابوو.[٤]

لەرووی راگەیاندنەوە بزوتنەوە تاماوەیەکی زۆر تەنها لەرێگای بلآوکردنەوەی بەیاننامەو راگەیاندنی زارەکی‌و نامەو شتی لەمجۆرەوە کاری راگەیاندنی ئەنجامداوەو هیچ ئۆرگانێکی راگەیاندنی تایبەتی نەبووە، تاوەکو دواجارو دوای هاتنەدەرەوەی بزوتنەوە لەریزەکانی(ی.ن.ك)و ئەو باڵەی کەمایەوە لەکۆبوونەوەیەکدا لەکانوونی دووەمی(١٩٧٩) بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی(بزوتنەوە)وە دەدەن، کەوەك ئۆرگانێکی ئەو باڵە وادەبێت‌و لەدوو خولیشدا دەرچووە:

- خولی یەکەم: لە(١٩٧٩-١٩٨١) چوار ژمارەی لێدەرچووە.
- خولی دووەم: لە(١٩٨٢-؟)دوو ژمارەی لێدەرچووە.[٥]

ئیتر لێرەوە وردە وردە بزوتنەوە خۆی بۆخەباتی چەکداری‌و دەستپێکردنەوەو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ ئامادەکردو پێی نایە قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسییەوە، ئەم قۆناغە جگە لەوەی خەباتی سیاسی‌و سەربازی بوو، هاوکات لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول، قۆناغی دەستپێکردنەوەو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێش بوو.

---

(١) زۆر ڕێ‌و شوێن‌و تاکتیکی تر بەکارهێنراوە بۆنموونە لەگەڵ هەر گومان پەیداکردنێکدا چاوپێکەوتن بۆماوەیەك لەگەڵ یەکتر نەکراوە هەروەها ناوی نهێنی لەکاتی پێویستیدا گۆڕدراوە، ئەو شوێنانەش بۆ کۆبوونەوە دیاریکراون، کەکەمتر جێگای گومان بوون، لەکاری هەرزەکارانەش دوور کەوتوونەتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، هەولێر،٢٠٠٩/٢/٢٤، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١١٢.

(٢) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١١٣.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، هەولێر،٢٠٠٩/٢/٢٤، خەلیل عەبدوڵڵاو شیلان ئەحمەد: بزوتنەوەی، ل١٠٠.

(٤) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٣.

(٥) ئازاد خانەقینی: مادێنا، مێژوو ببلۆگرافیای راگەیاندنی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان(١٩٧٥-١٩٩١)، چ١، چاپەمەنی راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٠٥.

## باسی چوارەم- بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان‌و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ:

دوای ماوەیەك لەدامەزراندنی، بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بڕیاری ناردنە دەرەوەی مەفرەزەی چەکداری دا، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەرەواندنەوەی نائومێدی خەڵکی کوردستان‌و لێدانی زەنگی شۆڕشی نوێ بوو. لەسەرەتای هەرەسهێنانی شۆڕشیشەوە قسەو باس‌و گفتوگۆیەکی زۆر بۆدامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی نوێ هەبوو، بەڵام لەسەر ناوەکەی ڕێکنەکەوتبوون، تەنها دوای گرێدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی سیاسی‌و شیکاری‌و نوسینەوەی ڕەشنوسی یەکەم لەوکاتەدا نەبێت، واتە لە(١٩٧٥/٤/٧) تا (١٩٧٥/٥/٢٢). بۆیە لەرۆژی(١٩٧٥/٥/٢٢) لەقاوەخانەی(طلیطلة) لەناوەڕاستی دیمەشق بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی‌و

بەئامادەبوونی فوئاد مەعسومو عەبدورەزاق عەلیو عادل موراد، یەکەم کۆبوونەوە گرێدراو دوای گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوە بڕیار درا ڕێکخستنە نوێیەکە ناوبنرێت، یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو واش دانرا ڕێکخستنێکی نیشتمانی جەماوەری فراوان بێت، بەشێوەیەك ڕۆشنبیرانو جوتیارانو نەتەوەییەکانی کوردستانو مارکسیو کرێکارانو بۆرجوایانی کوردستان هەموویان لەخۆ بگرێت.[١]

ئەگەر سەیری یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ك)بکەین، تێدەگەین لەپێناوی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕی نوێدا دامەزراوە،[٢] بۆئەم مەبەستە جەلال تاڵەبانی پەیوەندی لەگەڵ(شاسوار جەلال– ئارام) لەکۆمەڵەو(عومەر مستەفاو عەلی عەسکەریو د.خالید سەعید) لەبزوتنەوەو چەند کەسێکیتر کردو بەنامە ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەگەڵدا کردن.[٣] هەرچەندە لەسەرەتای دەستپێکردنەوەو هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشەوە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بنەمایەکی کردارییان بۆپێکهێنانی خانەی سیاسی، نەك چەکداری دانا، بەڵام زیادبوونی توندوتیژی ئەتنی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دژی میللەتی کورد، کارەکەی وا لێکرد بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی سەربازی سەربکێشێت، بەڵام لەسەر شێوەی پارتیزانی.[٤] دواجار لەزنجیرەیەك کۆبوونەوەدا لەرۆژانی(٢٣–١٩٧٦/٥/٢٤)لەدیمەشق، کە(عەلی سنجاریو مونزیر نەقشبەندی)یش ئامادەبوون، جەلال تاڵەبانی پرۆژەیەکی بەناوی نەخشەی(ڕزگاری)ەوە ئامادە کردبوو، کەپاش زیادکردنی هەندێك بابەت بۆی، پەسەند دەکرێتو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا یەکەمین دەستەی

---

(١) عادل مراد: الاتحاد، ص٢٨.

(٢) بڕوانە دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی(ی.ن.ك) لەپاشکۆی ژمارە(٦).

(٣) سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل١٢٣. کاکە مەم بۆتانی باس لەنامەیەکی جەلال تاڵەبانی دەکات، کەگەیشتۆتە دەستی د.خالیدو تیایدا داوایان لێدەکات دەستبدەنە چەكو ئەویش یارمەتی رامیاریو چەکیان لەهەندێ دەوڵەت بۆمسۆگەر دەکات، بەها ڕێزان، بیرەوەریو بەسەرهات(١٩٧٥–١٩٩١)، ب.ش، ٢٠٠٥، ل١٨،١٩.

(٤) عادل مراد: الاتحاد، ص٣١.

پێشمەرگە ڕەوانەی کوردستان بکرێتەوەو نامە بۆهەموو ڕێکخستنەکانی ناو وڵات بنێردرێتو ئیتر دەست بەناردنی مەفرەزەکان بۆ شاخ بکەن.[١] بەکردەوەش یەکەم مەفرەزەی چەکدار بەسەرکردایەتی ئەندازیار(ئیبراهیم عەزۆ) لەڕۆژی(١٩٧٦/٦/١)لەسنوری سوریاوە هاتە کوردستان بۆهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ.[٢]

لەسەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێوە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ڕۆڵی گەورەو کاریگەری تێدا گێڕا، بەجۆرێ لە(٨ی ئابی ١٩٧٦) لەسەر داوای جەلال تاڵەبانیو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی هەر یەکە لە (د.خالید سەعید، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، سەید کاکە، سەعدی عەزیز، تاهیری

عـەلی والی) شـوێنەکانی خۆیـان بـەنهێنی بەجێهێشـت، بۆدۆزینــەوەو ڕێکخســتنەوەو ئامـادەکردنی دەسـتەی چــەکدار بــەرەو چــیای قەنــدیل کەوتنــەڕێو لەشــاخەکانی کوردســتاندا شۆڕشــیان دەســتپێکرد. لــەرۆژی (١٩٧٦/٨/١٤)دا ژمارەیەك لـەو پێمشـەرگانە گەیشـتنە گوندی(ئینـدزی)ی قەنـدیل.[٣] کاتێـك بزوتنـەوە ئـەو کادیرە پێشکەوتووانە رەوانەی شاخ دەکات، بڕیار دەدات دوو سەرکردایەتی دروستبکات:

یەکەمیان: سەرکردایەتیی شاخ بەسەرپەرشتی عەلی عەسکەری.

دووەمیان: سەرکردایەتیی ناو شارەکان بەسەرپەرشتی ساڵەح یوسفی.[٤]

رەنگـە ئەمــەش بۆزیـاتر گەشــەپێدانو ڕێکخســتنی کاروبارەکـانی بزوتنــەوەی سۆسیالیسـتی لـەپێناوی ئاراسـتەکردنی ڕێکخسـتنو ئەندامەکانیـدا بووبێـت، کەئەوکاتــەش بەشـێکیان بـەنهێنی لەشـارەکاندا کاریـان دەکرد. بەشێکیتر لەرۆڵی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردسـتان لەهەڵگیرسـاندنەوەی شۆڕشـی نوێـدا، بریتـی بوو لەدروستکردنی مەفرەزە چەکدارەکانو ئامادەکردنیان بۆچوونە شاخ، بەشێوەیەك بەدرێـژایی مانگـەکانی حوزەیران تامانگی تشرینی دووەم(د.خالیـدو کۆمەڵـەی مارکسـی– لینینـی کوردسـتان)خەریکی ڕێکخسـتنو نــاردنی مــەفرەزەکان بــوون، دەیــان مــەفرەزە لەسەرانســەری کوردســـتاندا بڵاوبوونــەوە.[٥] کــاتێکیش مەفرەزەکانی بزوتنەوەو کۆمەڵە گەیشتنە قەندیل، پێشتر دەستەیەك چەکداری تری عەشیرەتی بۆڵی لێبـوو. ئەمانە لەناوچەی حاجی ئۆمەران بوون پێشـتر لەلایـەن حکومـەتی بـەعس مەترسـی راگواسـتنیان کـەوتبووە سـەر،(مەلا شـێمحەمەدو حـاجی شـێخە)یان رەوانـەی رومـادی کـردو ئـەوانیش لـەوێ پەیوەنـدیان بەعومـەر دەبابەوە کردبوو، کەجارێك لەبەغداو جاری دووەمیش لەرومادی بوو. عومەر دەبابە رێنماییان دەکات بچنە

---

(١) بڕوانە نەخشـەی رزگـاریو پێشـنیازە بۆزیادکراوەکانیلەپاشـکۆی ژ(٧)، سـەروەر عەبـدورەحمان عومـەر: یـەکێتی، ل١٢٤، صـلاح الخرسـان: التیارات، ص٣٤٧،٣٤٨.

(٢) شاسوار جەلال– ئارام: یادی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، لـەکتێبی: رێگایـەك بۆئـازادی، ئامـادەو کۆکردنـەوەی(رێوار سالّەح)، چ١، ٢٠٠٦، ب.ش، ل٣٣، عادل مراد: الاتحاد، ص٣٢.

(٣) سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل١٠٠،١٣٧، بەهرۆز گەلاڵی، رەسولّ مامەند، ل٣٨ شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٩٩.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤)، هەولێر.

(٥) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٩٢.

قەنـدیل، تائـەو دەچـێتە لای مـام جـەلال لەدیمەشـقو دەگەڕێتـەوە. بۆیـە لەلایـەن بەعسـەوە تەنگـەتاو دەکرێنو ناچار دەبن لەرۆژی(١٩٧٦/٥/٢٤)حاجی ئۆمەران بەجێبهێڵنو (٢٢)چـەکدارو بـێ چـەکیان لەشـاخی قەندیل گیرسانەوە.[١]

لێرەدا جیاوازی زۆر هەیە لەسەر کاتی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشـی نـوێو لەسـەرئەوەی کـێ لەسـەرەتاوە بۆدەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەستپێخەری کـردووە؟ بەتایبـەتیش لەسـەر ئـەم دەسـتە چـەکدارە، بەجۆرێ بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە ئەمانە پارتی بوونو پەیوەندییان بەوانەوە هەبووەو لەلایەن پارتییـەوە چـەكو یارمـەتیان بـۆدابینکراوەو ئەمانـە لـەرۆژی(٢٦ی گـوڵانی١٩٧٦)دا چـوونەتە شـاخ، بۆیـە ئـەو ڕۆژەش

بەناوی شۆڕشی گوڵان بەسەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ لەقەڵەم دەدەن.[2] سەرچاوەیەکی تر باس لەوە دەکات ئەمانە پەیوەندیان بەیەکێتییەوە هەبووە، گوایە مەلا شێم حەمەدو حاجی شێخە کاتێك پەیوەندییان بەعومەر دەبابەوە کردووە، ناوبراو ئەندامی دەستەی سەکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بووەو بزوتنەوەش باڵێکی نێو یەکێتی بووە،[3] بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئەمانە لەلایەك کۆمەڵێك پێشمەرگەی تێکۆشەرو کورد پەروەربوونو هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوەنابوون، کەدەستبدەنەوە چەكو شۆڕشی چەکداری هەڵبگیرسێننەوە، لەلایەکیتریشەوە پەیوەندیان بەبزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە بەتایبەتی عومەر دەبابەوە هەبووە، بەتایبەت(مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانیو حاجی شێخەی بەنزیری)و بۆیەکەمجار لەرۆژی(٣٠/٨/١٩٧٥)سەردانی عومەر دەبابەیان لەبەغدا کردووەو جاری دووەمیش لە(٥/٤/١٩٧٦)لەرومادی. عومەر دەبابەش لەرۆژی(٦/١١/١٩٧٦) دەچێتە دیمەشقو وەك نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستیو دەچێتە ریزی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییەوەو بزوتنەوەش دەبێتە ئەندام لەیەکێتیدا.[4] هەرچی ئەو سەرچاوانەشە کەوایدادەنێن، پەیوەندییان بەپارتییەوە هەبوبێت، هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەکەمال کەرکوکی نامەیەكو چەند بڵاوکراوەو بەیاننامەی سەرکردایەتیی کاتیی پارتیان بۆدەنێرێت، نەك خۆیان پێشمەرگەی پارتی بووبن، ئەوەش وەکو تاکتیك وابووە، چونکە زانیبوویان ئەوانە دابوویانە شاخو بەتەنیاش ئەو کارەیان پێناکرێت. گرنگە ئەوەش بڵێین پێدەچێت کاتی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ لەرۆژانی(٢٣/٥/١٩٧٦)ەوە دەستپێبکات، بەتایبەت لەو کۆبوونەوەیەدا کەجەلال تاڵەبانی نەخشەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ تاوتوێ دەکاتو بەناوی نەخشەی رزگاری(خطة رزکاری)رایدەگەیەنێت[5]، چونکە نەخشەکەو بنەماکانی بەوردی نوسراونو شتێکی زارەکی نییە، بەڵکو

---

(١) بۆوردەکاری زیاتر بڕوانە: مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی: شۆڕشی نوێی ١٩٧٦ چۆن دەستیپێکرد؟ پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی(مومتاز حەیدەری)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٢، ل١٦-٢٢.

(٢) عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل٧٨.

(٣) سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل٩.

(٤) عادل مراد: الاتحاد، ص٤٣.

(٥) بڕوانە نەخشەی رزگاریو پێشنیازە بۆزیادکراوەکانیلەپاشکۆی ژ(٧)، صلاح الخرسان: التیارات، ص٣٤٧،٣٤٨.

لەرێگای نەخشەیەکی تاڕادەیەك وردەوە، بنەماو پرەنسیپەکانی چۆنێتییو جۆری هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێو خەباتی چەکداری داڕێژراوە، جگەلەوەش دواتر هەندێ برگەو پێشنیازی بۆزیاد کراوە. هەرچەندە رۆژی(١/٦/١٩٧٦)بەرۆژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام بەبڕوای ئێمە ئەو رۆژەش رۆژی هاتنەوەی یەکەمین مەفرەزەی چەکدارە بۆکوردستان، ئەگەرنا پێشتر بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری درابوو. بۆیە بەلێکدانەوەی ئێمە رۆژانی(٢٣-٢٤/٥/١٩٧٦)بەکاتی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ دادەنرێت، چونکە دەستە چەکدارەکەی عەشیرەتی بۆلێش لەناوچەی حاجی ئۆمەران لەشەوی (٢٤/٥/١٩٧٦) دەچنە چیای قەندیل.[1] بەهەرحاڵ ئەم دەستە چەکدارە، کە لەعەلی کۆو

ئەحمەد نەبی‌و سەید عەبدوڵڵا لەگەڵ چەند کەسێکیتر پێکهاتبوون، لەدژی داوای بەعس، کەدەیویست رایانبگوازێت، چوونە قەندیل‌و کوێستانەکانی سەر سنور. شەوی دواتر دەستەیەکیان بۆجێبەجێکردنی پێویستییەکانی خۆیان هاتنە نێو حاجی ئۆمەران ، لەرێگا تووشی کەمینی دوژمن بوون‌و سەید عەبدوڵڵا کوژرا.(٢)

لەراستیدا چوونی سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بۆشاخ کاردانەوەی گەورەی لەسەر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ هەبوو، بوو بەهۆی تەقینەوەی خەباتی چەکداری‌و شۆڕشگێڕانە، چونکە ئەمانە پێشتر لەشۆڕشی ئەیلوولدا بەشداربوون‌و پێگەی کۆمەڵایەتیشیان لەشارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستاندا بەهێزبوو. بەمجۆرە لەهەولێر سەعدی عەزیز گچکەو سەید کاکەو قادر عەزیز، کەهەردووکیان ئامر بەتالیۆن بوون، لەکۆیەش تاهیری عەلی والی، لەقەڵادزە رەسوڵ مامەند دەرچوون. دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش ئومێدێکی وەبەر جەماوەر هێنایەوەو بووە هاندەرێکی گەورە بۆگەشەکردنی رێکخستن لەنێو شارەکاندا.(٣) بەمشێوەیە جاڕی شۆڕشی نوێ درا. بۆیە پێشی دەوترێت شۆڕشی نوێ، چونکە لەئامانج‌و پەیوەندییەکان‌و رێبازو لەشێوەی کارو رابەرایەتیکردنیدا نوێ بوو.(٤) لەواقیعیشدا شۆڕشی نوێ رەنگدانەوەی ویستی گەلی کورد بوو، دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بەشێوەیەکی تایبەتیش کاردانەوەی میللی بوو دژی پرۆسەکانی راگواستن‌و بەعەرەبکردن‌و بەبەعسیکردن‌و(٥) درێژەدان بوو بەبەرەنگاری‌و خەباتی چەکداری دوای کۆتایی هێنان بەخەباتی چەکداریی. شەوی(٢٦/٦/١٩٧٦) یەکەم مەفرەزە، کەپێکهاتبوون لە (مەحمود عەبدورەحمان– خولە کەشکۆڵ، عەلی شیعە، شەوکەتی حاجی مشیر،

---

(١) مەلا شێمحەمەدی حاجی ئۆمەرانی: شۆڕشی، ل٢٣.

(٢) رێباز: قەندیل، بەرگی یەکەم‌و دووەم، ل٥٨، عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل٧٨.

(٣) شاخەوان عەباس: سەفەری کوردایەتی، بیرەوەری شارو شاخ، بەرگی یەکەم، چ١، ب.ش، ٢٠٠٢، ل٥٨، کاکە مەم بۆتانی: بەها رێزان، ل٢٠، سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل١٢٩،١٢٨، سەید قادر جەباری: ٢٥رۆژ لەزیندانی فاشییەکانی بەغداد، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٥،٢٤.

(٤) جەلال تاڵەبانی: لەکتێبی(یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان.. سەرهەڵدان‌و نوێبوونەوە)، ل٤٤.

(٥) شاكر خصباك واخرون: كتابات فی المسالة الكردية، ص٢٣٣، نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی(١٩٨٤–١٩٨٨)، چاپ‌و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی، ١٩٩٩، ل٣٩،٤٧.

حامیدی حاجی غالی، محەمەدی حاجی مەحمود، تۆفیق رەحیم، حەمەسەعید حەمە ئەمین) لەناوچەی شارەزوور بەرەو شاخی سورێن کەوتنەڕێ.(١)

پاش ماوەیەك لەدامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی‌و دوای ئەوەی عومەر مستەفا لەرۆژی(٦/١١/١٩٧٦) چوو بۆدیمەشق بۆلای جەلال تاڵەبانی، لەسەر پێشنیازی جەلال تاڵەبانی بزوتنەوە چووە ناو نیمچە بەرەی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانەوەو لەتەنیشت کۆمەڵەی مارکسی– لینیی کوردستانەوە بوو بەئەندام لەو بەرەیەدا.(٢) چەند هۆکارێك وایکرد بزوتنەوە بچێتە نێو ریزەکانی یەکێتییەوە،

لەوانە: عەلی عەسکەریو د.خالید، کە لەشاخ بوون بەشداربوونی خۆیان لەیەکێتی ڕاگەیاندبوو، پێویستی یەکێتیو یەکریزی دژی دوژمنی بەعس، خەباتی چەکداری پێویستی بەتوانای چەكو تەقەمەنی هەبوو، ئەمەش لای جەلال تاڵەبانیو یەکێتی دابین دەکرا، ئەویش بەهۆی بەشداری یەکێتی لەتەجەموعی عێراقی، کە لەلایەن سوریاو لیبیاوە پشتگیری دەکراو بەڵێنی یارمەتییان بەیەکێتی دابوو. هەروەها لەبەرئەوەی بزوتنەوە بەژمارە لەنێو یەکێتیدا زۆربوون پێیانوابوو، ئەگەر بشچنە ناو یەکێتی، دەتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، بەڵام بەشداریکردنی بزوتنەوە لەنێو نیمچە بەرەی یەکێتیدا بەبڕیارێکی بەکۆمەڵی سەرکردایەتیو ئەندامەکانی نەبوو، بەتایبەت ساڵەح یوسفی لەگەڵ هەندێ لەئەندامانی سەرکردایەتیی ناڕازیبوون.[3] بەشدارینەکردنی ئەوان لەبەرئەوە بوو پێیانوابوو یەکێك لەبنەماکانی دامەزراندنی بزوتنەوە ئەوەبوو، کەهێڵی سێیەم بنو ناکۆکی(مەلایی–جەلالی)نەهێڵنو تێکەڵی ئەم ناکۆکییە نەبن. هەندێکیشیان پێیانوابوو کارکردن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لەبەر تاکڕەویو خۆزاڵکردن ئاسان نەبێت،[4] بەڵام مەسەلەکە لەهۆکاری هزریش بەدەر نەبوو، بەجۆرێ ساڵەح یوسفی زیاتر مەیلێکی سۆسیالیست دیموکراتانەی هەبوو، جگەلەوەش زیاتر لەگەڵ وتووێژو گفتوگۆی سیاسیدابوو، بەڵام هۆکاری هزری کەمتر ڕۆڵی هەبووە.لەسەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێوە بیروڕا لەسەر جۆرو شێوازی خەباتی چەکداری لەسەر دوو بنەمای جیاواز هەبوو، یەکەمیان: دەستپێکردنەوەی شۆڕشی درێژخایەنو مەفرەزەی پێشمەرگەی گەورە، بەتایبەت شەڕی پارتیزانی، کەدوور بێت لەچاوی دوژمنو بەکرێگیراوان، ئامانجیش هۆشیارکردنەوەی زەحمەتکێشان بێت بەناوی شۆڕشی نوێوە

---

(١) سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل١٣٦. ئەم دەستەیە یەکەمین چالاکی پێشمەرگانەیان لەشەوی(١٩٧٦/٧/١١)لەسەر ڕێگای خورماڵ – سەیدصادق نواند، بەلێدانی ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس، کەلەئەنجامدا(٢)پۆلیس کوژرانو(٢)ی تریش بریندار‌بوون. یەکەم شەڕوپێکدادانی سوپای بەعسو پێشمەرگەی کوردستانیش لەشەوی(١٩٧٦/٩/١٣) لەگوندی قاینەجەی شارەزوور بوو. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەك بەناوی(فاتیح شێخ حەیدەر) بریندار دەبێو خۆی دەکوژێو ناکەوێتە بەردەستی سوپای بەعس. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(٢٠٠٩/٥/١١)، گوندی گوڵەخانە، ئازادی مام وەلی: بیرەوەری پێشمەرگەیەکی یەکێتی، ل٧.

(٢) د.فوئاد مەعسوم سەرەتاکانی دامەزراندنی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان دەگێڕێتەوە، لەکتێبی(چەند لاپەڕەیەك). یوسف حنا یوسف: مذكرات، ط١، مطبعة التعليم العالي، اربيل، ص١٠٠،١٠١، صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٨٦،٤٨٧.

(٣) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل٩٩–١٠١.

(٤) کرمانج گوندی: ٣٠ساڵ خەباتو وڵاتێکی وێران، ل٧٥.

لەگوندو چیاکاندا، لەپێناوی ڕووخاندنی حکومەتی بەعسو گۆڕینی بەسیستمێکی ئیئتلافی، تامافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆکوردستان وەدیبهێنێت. ئەو شۆڕشەش بە(شۆڕشی عێراقی هەڵگیرساو)لەچیاکانی کوردستانەوە ناوبنرێ. ئەمەش زیاتر دیدی کۆمەڵەی(مارکسی– لینینی)بوو. دووەمیان: پێکهێنانی هێزێکی چەکداریی گەورە، کەهەموو چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆبگرێت، وەك خڕبوونەوەیەکی چەکداری، لەپێناوی فشارخستنە سەر حکومەتی بەعس، بۆئەوەی بەخێرایی بڕیاری وتوێژ بدات، بەوەش گەلی کورد لەمەترسی ڕەگەزپەرستیو زۆرداری ڕزگار بکرێت. ئەمەش دیدی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بوو.[1]

لەبەرئەوەی هێشتا کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەکرابوو، هێشتا جەلال تاڵەبانیش لەسوریا نەگەڕابووەوە. سەرەڕای ئەوەش سەرانی بزوتنەوەو کۆمەڵە نەیانتوانیبوو لەسەر دیاریکردنی ئەندامەکانی سەرکردایەتی وڵاتو ژمارەو دابەشکردنی ئەرکو مافەکانیان رێکبکەون. بۆئەوەی ناکۆکی دروستنەبێ وەکو چارەسەرێکی کاتییو مامناوەندی لەسەر ئەوە پێکهاتبوون سەرکردایەتی دووانە[٢] بۆناوچەکان دروستبکەن. بەم پێیەش:

١. شاسوار جەلال(ئارام)– رەسوڵ مامەند، بۆکاری سیاسی.

٢. سالار عەزیز– عەلی عەسکەری، تالیب رۆستەم– د. خالید، عومەر عەبدوڵڵا– تاهیری عەلی والی، بۆکاروباری پێشمەرگایەتی ناوچەکان دانرابوون. هەموو لایەك وارێککەوتبوون مام جەلال برا گەورەی هەمووانو سکرتێری گشتی(ی.ن.ك)بێتو وەك یەك نوێنەریان لەسەرکردایەتی یەکێتیدا هەبێت.[٣] پاش گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لەدیمەشق بۆکوردستان لەدۆڵی خواکورکو لەرۆژانی(٣١/٨– ١٢/٩/١٩٧٧)، یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی ئەنجامدراو پاش دەستنیشانکردنی نوێنەرانی هەرسێ رێکخستنەکە، مەکتەبی سیاسیش لەسکرتێری گشتیو چوار ئەندام بەمجۆرە پێکهێنرا:

– عەلی عەسکەری، بەرپرسی هێزەکانی یەکێتی، کە لەبزوتنەوە بوو.

– رەسوڵ مامەند، بەرپرسی کارگێڕیو دارایی، کەئەمیش لەبزوتنەوە بوو.

– شاسوار جەلال(ئارام)، بەرپرسی ناوچەی قەرەداغ، کە لەکۆمەڵە بوو.

– سالار عەزیز، بەرپرسی رێکخستن، کەئەمیش لەکۆمەڵە بوو. نوێنەرانی خەتی گشتی[٤] جگە لەنەوشیروان مستەفاو شێخ حسێن کەسیانی تێدا نەبوو، چونکە کەسیان هێشتا نەگەڕابوونەوە.[٥]

---

(١) ملا بختيار: ثورة كردستان ومتغيرات العصر، نضال الجبال ام انتفاضة المدن، ترجمة الى العربية(انور المندلاوى)، ط٣، مطبعة مؤسسة ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٨، ص٣٢٣،٣٢٤.

(٢) مەبەست لەسەرکردایەتی دووانە ئەوەبوو، کە لەهەر ناوچەیەکدا دوو کەس: یەکێك لەبزوتنەوەو یەکێك لەکۆمەڵە دابنرێنو دەسەڵاتی هەردووکیان وەکو یەك بێتو پێکەوە کاروباری پێشمەرگەییو سیاسیو رێکخراوەیی ناوچەکە سەرکردایەتی بکەن.

(٣) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل١٧١.

(٤) خەتی گشتی: بەو ئەندامانەی یەکێتی دەوترا، کە نەئەندامی کۆمەڵەی مارکسی– لینینی بوونو نەهی بزوتنەوەی سۆسیالیستیش، بەڵکو ئەمانە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی بوونو پەیوەندی توندتۆڵیان بەجەلال تاڵەبانی یەوە هەبوو، وەك(فوئاد مەعسوم، شێخ حسێن)، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا (١٨/٦/٢٠٠٩) سلێمانی.

(٥) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل١٧٣، صلاح الخرسان: التيارات، ص٣٦٢–٣٦٥.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لەوەی بەوردی هەلومەرجی کوردستانو عێراقو رێو شوێنەکانی پەرەپێدانی خەباتی سیاسی، چەکداری، رێکخراوەیی، راگەیاندن باسکرا، پێکهاتەی هێزەکانی پێشمەرگەش لەگەڵ پێکهاتەی لیژنەی لقەکانو لیژنە ناوخۆییەکان تاوتوێکرانو کوردستان کرا بەچەند هەرێمو لقێك، کە لەسەر نوێنەرانی هەرسێ باڵەکە بەیەکسانی لە(٣)ئەندام پێکهێنران.[١] واتە لێرەوە سەرکردایەتی سیانە هاتە ئاراوە لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانو سەرکردایەتیکردنی ناوچەکاندا. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرکردایەتی

بزوتنـــەوە ســوور بــوون لەســەرئەوەی ڕێکخســتنی شــارەکانیش تێکــەڵاو بکــرێن‌و کۆمیتــەی هاوبەشــیان لێپێکبهێنرێت، بەڵام کۆمەڵە بەمە ڕازی نەبوو.(٢) جگەلەمە د.خالید سـەعیدو عـەلی عەسـکەری ڕایـان وابـوو، ڕێکخستنێکی تازە بەگوێرەی پێویستییەکانی شۆڕشـەکە دابمـەزرێنن‌و جێگـەی بزوتنـەوەو کۆمەڵـەو خـەتی گشتی بگرێتەوە.(٣)

لەدووەمین کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی یەکێتیـدا، جگـە لـەوەی چـەند مەسـەلەیەکی سیاسـی، پێشـمەرگەیی، ڕاگەیانـدن، ڕێکخراوەیـی، دارایـی، لەبەردەمـدا بـوو، کـەدەبوو لێیـان بـدوێ‌و باسـیان بکـات‌و بڕیاریان لەسەر بدات کۆمیتەی سەرکردایەتی پێکهێنرایەوە لە:

–نوێنەرانی بزوتنەوە: عەلی عەسکەری، تاهیری عەلی والی، د.خالید.سـەعید، سـەید کاکـە، حـاجی حـاجی برایم، عومەر مستەفا، کەئەوکات لەدەرەوەبوو.

– نوێنەرانی کۆمەڵە: ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار، عومەر عەبدوڵلا، تالیب ڕۆستەم، نەوشیروان مسـتەفا، سالار عەزیز، کە لەدەرەوەبوو.

– نوێنەرانی خەتی گشتی: شێخ حسێن‌و دەستەی دامەزرێنەر(کە لەدەرەوەی کوردستان بوون).

جەلال تاڵەبانی بەسکرتێری گشتی هەڵبژێردرایەوەو مەکتەبی سیاسی لەدوو نوێنـەری بزوتنـەوە کە(عـەلی عەسـکەری‌و تـاهیری عـەلی والی)بـوون‌و دوو نوێنـەری کۆمەڵـە، کە(سـالار عـەزیزو ئـازاد هـەورامی)بوون‌و دوو نوێنەری خەتی گشتی پێکهێنران. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا هەندێ مەسەلەی گرنگ باسکران:

یەکەمیان: هەڵبژاردنی شوێنێك بۆئەوەی بارەگای سەرکردایەتی تێدا دابنرێت.

دووەمیـان: مەسـەلەی ڕاگواسـتنی دێهاتـەکانی سـنور بـوو.(٤) ئەگـەر سـەیری پێکهاتنـەوەی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی یـەکێتی‌و مەکتـەبی سیاسـی بکـەین، تێبینـی ئـەوە دەکـەین باڵـەکانی یـەکێتی نـەیانتوانیوە بەتەواوەتی تێکەڵاوی یەکتر ببن، چونکە هەر سـێ ڕێکخسـتن دەبینـرێ‌و ئەمـەش ئاماژەیـەکی سـەرەتا بـوو، بۆئەوەی لەئایندەدا پێکەوە گونجانی ئـەم سـێ بـاڵ‌و ڕێکخسـتنە مەحاڵـە، چـونکە ئـەوەی ئـەمانی پێکـەوە بەستبووەوە بەرنامەیەکی هزری‌و ڕێکخراوەیی نەبوو، هێندەی بوونی دوژمنێکی وەك بەعس‌و مەترسی

(١) بۆ وردەکاری زیاتری چۆنێتیی پێکهێنانی هەرێم‌و لقەکان بڕوانە شاخەوان عەباس: سەفەری، ل١١٧، نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل١٧٥.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل١٧٥.

(٣) هـ.س، ل١٧٢، شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢١٢،٢١٣.

(٤) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢٦٤، ڕێباز: قەندیل، بەشی یەکەم، ل١٢٥.

ڕاگواستن‌و سیاسەتەکانی حکومـەت‌و دوژمنایـەتی سـەرکردایەتی کـاتیی پـارتی پێکـەوەی بەسـتبوون. بۆیـە دەبینین جارێکیتریش پەیکەری سیاسی‌و سەربازی یەکێتی بەجیاوازی باڵەکان پێکدەهێنرێتەوە.

لەم ماوەیەدا مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەیەکی چالاك‌و لەچەندین ناوچەدا چـالاکیان دژی سوپای عێراق ئەنجامداو لەبەهاری(١٩٧٧)دا حکومەت هێرشی کردەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان لەناوچەکانی(پشتئاشان، ئاشقوڵکەو سورەدێ‌و قرناقاو دۆڵی باڵـەییان‌و دەوروبـەری چـیای قەنـدیل). هێـزی

پێشمەرگەش رووبەڕوویان بوونەوەو چەند پێشمەرگەیەك كوژران‌و زیان لەهێزی بەعس دراو كۆپتەرێكیش لە(گۆمی سوران) خرایە خوارەوەو ئنجا هێزی پێشمەرگەش لەو ناوچانە بەهۆی تاكتیكی شەڕی پارتیزانییەوە دەكشێتەوە.[1]

لەمانگی(١٩٧٧/١١)دا حكومەت لەرێگای حاجی محەمەدی شێخ رەشیدی لولانەوە داوای وتووێژ لەیەكێتی دەكات، پاش زنجیرەیەك كۆبوونەوەو دوای پرس‌و راكردن، لەسەرەوە بۆخوارەوە، بڕیار دەدرێت وتووێژ لەگەڵ عێراقدا بكرێت. بۆئەو مەبەستە لەرۆژانی(٣-١٩٧٧/١١/٦) عەلی عەسكەری هەر بەجلی كوردی‌و پاتەی لاستیك‌و جامانەوە بۆ كەركوك‌و لەوێشەوە بۆبەغدا بەمەبەستی وتووێژ دەچێت.[2] لەم وتووێژەدا هەردوولا نەگەیشتنە ئەنجام، یەكێك لەهۆكارەكانی نەگەیشتنە ئەنجامی رێكەوتن، ئەوەبوو بەعس لەو نامە بێ ناونیشان‌و بێ ئیمزایەدا، كەبۆیەكێتی ناردبوو، داوای خۆبەدەستەوەدان‌و هاتنەوە ریزی نیشتمانی كردبوو.[3] بەكورتیش بەعس لەو قۆناغەدا نیازی رێكەوتنی لەسەر چارەسەری كێشەی كورد نەبوو، بەڵكو هەوڵێك بوو بۆئەوەی بزانێت ئیرادەی شۆڕشی چەكداری كورد لەچ ئاستێكدایەو هەروەك هەوڵێكیش بوو بۆ فریودانی كورد بەناوی وتووێژەوە، چونكە وەڵامی هیچ یەكێك لەو داواكارییانەی نەدایەوە، كەیەكێتی لەنامە هاوشێوەكەی بەعسدا ئاراستەی كردبوویەوە. بۆیە عەلی عەسكەریش بۆناوچەی برادۆست گەڕایەوە.هەرچەندە یەكێتی بەگشتی لەسەر وتووێژ رازیبوون، بەڵام رەنگە ئارەزووی ئەندامانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی زیاتر بووبێت، چونكە هەر لەسەرەتاوە بزوتنەوە وتوێژكردنی وەك ئامرازێكی شۆڕشی نوێ‌و هۆكارێك دەزانی بۆدەستەبەر كردنی داواكارییەكانی كورد لەبەرامبەر حكومەتی بەعسداو بەتایبەتیش ساڵەح یوسفی، تەنانەت لەكاتی شەڕیشدا بڕوای بەبنەمای دەرگاری كراوە هەبووە. لەبەیاننامەی دامەزراندنیشدا بزوتنەوە ئەم مەسەلەیەیان خستبووەڕوو.[4] جگە لەوەی لەكۆبوونەوەكانی كۆمیتەی سەركردایەتی یەكێتیدا

---

(١) رێباز: بەشی یەكەم، ل٧٣، محەمەدی حاجی مەحمود: گۆڕینی شەڕ بەپیاچوونەوەی واقیعبینانە، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٢، ل١٨.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لەكەناری، ل١٨٢، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەكەم، ل١٣٣، هەندێ سەرچاوە دەڵێن عەلی عەسكەری رۆژی(١٩٧٧/١١/٢٣)رۆیشتووە بۆ وتووێژەكە، بەڵام راستییەكەی(١٩٧٧/١١/٣)بوو، ڕوانە رێباز: قەندیل، ل٨، كریس كۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی كوردو هیوای سەربەخۆیی، و:(ئەكرەمی میهرداد)، بەرگی یەكەم، سەنتەری چاپ‌و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٩.

(٣) یەكێتی ی نیشتمانی كوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، بنكەی چاپەمەنی ئاسۆس، چاپخانەی شەهید جەعفەر، ١٩٨٥، ل٢٢، صلاح الخرسان: التیارات، ص٣٦٦.

(٤) عبدالسلام علی: صفحات، ص٢٥، هەروەها بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان، لەپاشكۆی ژمارە(٥).

بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی وتووێژ لەگەڵ سەركردایەتیی عێراق نەدەشاردەوە.[1]

بەهەرحاڵ لەچوارچێوەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێدا، چەندین جار هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەكانی سوپای عێراق روبەڕووی یەكتر بوونەوە. لەگرنگترین شەڕی ئەو قۆناغە، بریتی بوو لەو شەڕەی لەرۆژی(١٩٧٨/٣/٨)لەگوندی(دەشتێو)لەناوچەی پشدەر روویدا. ئەم شەڕە كاتێك روویدا سەعدی عەزیز(گچكە)بەیاوەری سەید كاكەو قادر عەزیزو فاروق سدیق‌و ئەحمەد محەمەد چەمرگەیی‌و پۆلێك كادیرو

پێشمەرگەی دەشتی هەولێر، کەژمارەیان(٤٥)پێشمەرگەیەك دەبوو، بۆبەشداری لەکۆبوونەوەکانی سەکردایەتی بەرەو نۆکان بەڕێوەبوون، لەنزیك گوندی دەشتێو بەماندوێتیو نەشارەزایی دەکەونە داوی هێزێکی گەورەو بەربڵاوی بەعسەوە، کەهەر شەوەکەی بۆئەم مەبەستە لەناوچەکەدا دامەزرابوون.[2] بەهۆی نابەرابەری هێزی هەردوولا لەرووی مرۆییو کەرەستەی جەنگییەوەو پاش بەرگریکردنێکی دلێرانە، هەریەکە لەسەعدی گچکە ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر، لەگەڵ(١٥)پێشمەرگەی تر دەکوژرێنو (٤) پێشمەرگەی تریش بریندار بوونو بەدیلی گیرانو لەرۆژی(١٩٧٨/٦/٢١)لەزیندانی موسڵ لەسێدارە دران. بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە زیانی هێزەکانی حکومەتیش ئەوەبوو نزیکەی(١٦٠)سەربازو ئەفسەر کوژرانو(٢٥٠)ی تریش بریندار بوونو(٣)هالیکۆپتەر کەوتنە خوارەوەو چەند زرێپۆشو زیلی سوپایی شکێنران.[3] شەڕی دەشتێو لەو قۆناغەدا زیانێکی گەورەی گەیاندە شۆڕشی نوێ بەگشتی، چونکە هێشتا لەقۆناغی خۆئامادەکردنو پێکهاتندا بوو. لەدەستدانی سەعدی گچکەو چەند پێشمەرگەیەکیتر مایەی دڵتەنگیو نیگەرانی بوو بۆ سەرکردایەتی یەکێتیو هێزی پێشمەرگەو لای خەڵکی کوردستانیش. تاڕادەیەك بۆشایی لەهەرێمی دەشتی هەولێردا دروستکرد، قەبارەی زیانەکەش زیاتر بەر بزوتنەوەی سۆسالیستی کەوت، لەبەرئەوەی سەعدی گچکە ئەندامی سەرکردایەتیو فەرماندەیەکی سەربازی ئەو رێکخراوەبوو، لەلایەکیتریشەوە ئەو کەلێنەی بەبۆنەی کوژرانی سەعدی گچکەوە لەنێو سەرکردایەتی بزوتنەوەدا دروستبوو، نەتوانرا شوێنەکەی وەکو پێویست پڕبکرێتەوە.

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی لەکۆبوونەوەکانی خولی دووەم، کەلەبەهاری(١٩٧٨) بەسترا، بڕیاریدا بنکەو بارەگاکانی خۆی بۆناوچەکانی برادۆست لەسەر سێ سنوری(ئێران– عێراق–تورکیا)بگوازێتەوە.[4] گواستنەوە بۆئەم ناوچەیەش بۆچەند هۆکارێك دەگەڕایەوە لەوانە: لەلایەك ئێرانو عێراق دژی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ بوون، بەتایبەت ئێران تادەهات ناوچەکانی لەیەکێتی بەرتەسك دەکردەوەو

---

(١) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل١٨٠.

(٢) سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٠، ل١٣٦، عادل مراد: الاتحاد، ص٧٨، عەبدوڵا وسو(عەبدوڵا باوزی): بیرەوەری رۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی لەشۆڕشی نوێدا، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٦.

(٣) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢٤٨،٢٤٧، بۆوردەکاری ناوی کوژراوەکانو بریندارە بەدیلگیراوەکان، کەدوای ماوەیەك ئەوانیش کوژران، بڕوانە سەید کاکە: بیرەوەری، ل١٣٩،١٤٠.

(٤) نەوشیروان مستەفا: کارەساتی هەکاری، چ٣، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ١٩٩٥، بڵاوکراوەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ل٦.

دواجار یەکێتی ئاگادار کردەوە بۆئەوەی بارەگاکانی خۆی لەنۆکان چۆڵ بکات. حکومەتی بەعسیش نیازی هەبوو لەرۆژی(١٩٧٨/٦/١)دا گوندەکانی ئەو ناوچەیە بەقوڵایی(٢٠کم) رابگوێزێت.[1] یەکێتی دەیویست پێش ئەو رۆژە چەكو تەقەمەنی لەسوریاوە بهێنێتو بەسەر عەشایەری ئەو ناوچانەدا دابەشی بکات، بۆئەوەی بەرگری لەخۆیان پێبکەن. لەلایەکتریشەوە پێشنیازو داواکاری رێکخراوی دەدەقەدە(DDKD)[2] لەباکوری

کوردستان رۆڵی سەرەکی هەبوو لەقەناعەتپێکردنی یەکێتی بۆگواستنەوەی بنکەو بارەگاکانی بۆناوچەی هەکاری، بەڵام لەنێو ئەم رێکخراوەدا دوو بۆچوون هەبوو، بۆچوونی یەکەم لەگەڵ هاوکاری یەکێتیدا بوو، کەنەجمەدین بیوك کایا(نەجۆ یان سەلاح) خاوەنی بوو، بەڵام بۆچوونی دووەم (عومەر چەتین)، کەبەرپرسی رێکخراوەکە بوو بەوشێوەیە بیری نەدەکردەوە.[3] جگەلەوەی ئەو ناوچەیە شوێنێکی ستراتیژی گرنگ بوو، بەئاسانی چەكو تەقەمەنیو پێویستییەکان لەسوریاوە دەگەیشتە شۆڕش. بۆیە بەپێویست زانرا هێز لەو ناوچەیە جێگیربکرێت.[4] یەکێتی بەهۆی هاوکاری دەدەقەدە لەگەڵ قاچاغچییەکان، کەچەکیان پێدەفرۆشتن، تاڕادەیەك خۆی پڕ چەك کردو لەکاتی رۆیشتنی هێزەکانی یەکێتیشدا بۆناوچەی هەکاری پشت بەدەدەقەدە بەسترابوو، بۆئەوەی ئەو چەکانەی لەقامیشلییەوە(د.کەمال خۆشناو) ئامادەی کردبوو، بگاتە دەستیان.[5] بۆیە یەکێتی نزیکەی(٨٠٠)پێشمەرگەی بەسێ رەتڵ بەرەو ناوچەی برادۆست بەرێخست.[6]

پاش چوونە ناوەوەی ئەم هێزانە بۆناو خاکی تورکیا، بەتایبەتی رەتڵی یەکەمو دووەم، لەلایەن هۆزو عەشیرەتە کوردییەکانی تورکیاوە(گۆییەکان، ژیرکی، سلیڤانییەکان) بۆسەیان بۆدانراو هێرشیان کرایەسەر.

---

(١) مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل(١٦٢)، محەمەدی حاجی مەحمود: شۆڕشو پێشمەرگایەتی، تاقیکردنەوەی حەوت ساڵی شۆڕش(١٩٧٦–١٩٨٣)، ل(٢٩)، رێباز: قەندیل، بەرگی یەکەمو دووەم، ل١٢٤، صلاح الخرسان: التيارات، ص٣٥٣.

(٢) رێکخراوی دەدەقەدە(DDKD): کورتکراوەی ناوی(کۆمەڵەی کەلتوری شۆڕشگێڕی دیموکرات)بوو، ناو تورکییەکەشی(DEVRIMICI DEMOCRAT KULTUR DEREGI) ئەو رێکخراوە سیاسییە چەپە بوو، کەکۆمەڵێك لاوو خوێندکاری زانکۆ دایانمەزراند لەساڵانی حەفتاکان، لەباکوری کوردستان، دەستیکرد بەجموجوڵی سیاسیو رێکخستن. سەردەمێك هاوکاری(یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان)ی کرد لەرووی گواستنەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگەو چەكو تەقەمەنیو رێنیشاندانو چاوساغی. رێوارساڵەح: رێگایەك بۆئازادی، ل٢٨–٣٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد مەعسوم، ٢٠٠٥/٩/١١، لەکتێبی(رێگایەك بۆئازادی)، ل٢٩.

(٤) رێباز: قەندیل، بەرگی یەکەمو دووەم، ل١٢.

(٥) صلاح الخرسان: التيارات، ص٣٦٦،٣٦٥، دیفید مەکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٥٦٦.

(٦) رەتڵی یەکەم بەسەرکردایەتی د.خالید کەلەزەڵێ وە دەرچوو، رۆژی(١٩٧٨/٤/١٧) بەئاراستەی بیرکمەو سیدەکانو برادۆستو ژمارەیان (٣٢٠)پێشمەرگەیەك بوو، کە(١٥٠)یان بێچەك بوونو توانیان رۆژی(١٩٧٨/٥/١١) بگەنە گوندی جورجان لەسەر سنوری تورکیا. رەتڵی دووەم بەسەرکردایەتی عەلی عەسکەریو تایەری عەلی والیو پاش چەند رۆژ لەجوڵانی رەتڵی یەکەم بەئاراستەی خانەو کێلەشینو حەسارۆست لەسنوری عێراقو ئێران رۆیشتنو زیاتر لە(٥٠٠)ی پێشمەرگەی لەخۆگرتبوو، کە(١٥٠)یان بێچەك بوون. رەتڵی سێیەم بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفا، کەنزیکەی(٥٠) پێشمەرگە دەبوون، لەنێوانیاندا ئەندامانی(م.س)ی یەکێتیو لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)و پاسۆك هەبوو، لەناوچەی زەڵێ لەنزیك قەڵادزە جوڵانو دوای(٣)رۆژ گەیشتنە دۆڵە کوگەو چیای قەندیل. بڕوانە نەوشیروان مستەفا: کارەساتی هەکاری، ل١٠، صلاح الخرسان: التيارات، ص٣٧٤،٣٧٣.

ئەمە جگە لەوەی لەرێگا لەلایەن عێراقو ئێرانەوە هێرشیان کرابووە سەر. ئەم هۆزانە جگە لەوەی بەکرێگیراو بوونو کێ پارەی زیاتری پێبدابان کاریان بۆئەو دەکرد، هاوکات لەلایەن میتی تورکیاو سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)یشەوە ، کە لەناوچەکانی هەکاری، ئولودەرە، شیرناخ، بارەگایان هەبوو[1]، هاندرابوون لەو هێزانەی یەکێتی بدەن. بۆیە لەرۆژی (١٩٧٨/٦/١)لەگوندی بازە گەمارۆدرانو دوای شەڕێکی قورس ژمارەیەکیان لێکوژراو بریندارابوو، هەندێکیشیان لەلایەن جەندرمەی تورکیاوە کە لەو ناوچانەدا بارەگایان

هەبوو بەدیلی گیران. لەکۆتاییدا پاش دەردەسەرییەکی زۆرو شەڕی خوێناویو سەرماو برسێتی بەشێکی زۆری هێزەکانی یەکێتی کوژرانو بەشێکی تریشیان بەدیلی گیرانو تەنها هەشت پێشمەرگە خۆیان بەدەستەوە نەداو رزگاریان بوو، لەرۆژی(١٩٧٨/٦/١٦) گەیشتنەوە بارەگای یەکێتی لەقەندیل.[٢] زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بەدیلی کەوتنە دەستی هێزەکانی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)، بەتایبەتی هەریەکە لەعەلی عەسکەریو د.خالیدو شێخ حسێن شێخ بابە، کەدواتر لەلایەن ئەوانەوە کوژران[٣]، بەڵام زۆربەی دیلەکانیتر ئازادکران.[٤]

لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین هەرچەندە یەکێتیو سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)باس لەوە دەکەن هیچ لایەکیان نیازو مەبەستی لێدانی ئەویتری نەبووەو باسیش لەنامەکانی تاڵەبانیو عەلی عەسکەریو د.خالیدو تاهیری عەلی والی بۆ ئیدریسو مەسعود بارزانیو حەمایل خانمی دایکی مەسعود بارزانیو رەشید سندی دەکەنو لەولاشەوە لەلایەن ئیدریس بارزانیو سامی عەبدورەحمانەوە نامە بۆعەلی عەسکەری نێردراوە، کەهێرش نەکەنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)و ئەوانیش هێرش ناکەنە سەریان.[٥] بەڵام جگەلەوەی ئەو نامانە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نابێت، دەبێ ئەوە بزانین هەر لایەك ئەوەی دانابوو ئەگەر لایەکەی تر بێتەسەر رێگایو هێرش بکاتە سەری، بێدەنگ نەبێتو وەڵامی بداتەوە. لەلایەکیتریشەوە ئەو بارودۆخەی لەوکاتەدا بوونی هەبوو، بارودۆخێکی بارگاوییبوو بەناکۆکیو ململانێو پڕ لەرقەبەرایەتی یەکتری، چونکە پێشتر لەلایەن سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)ەوە، ژمارەیەك لەفەرماندەو پێشمەرگەی یەکێتی لەناوچەکانی بادینان کوژرابوون(وەك کوشتنی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی، مولازم حەسەن خۆشناو، مەجید هەیبە لەدەشتی کۆیە)و دەستبەسەراگرتنی(١٠)دۆشکاو چەندین هەزار دیناری عێراقی ئەوکاتە،...تاد.[٦]

---

(١) دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، ل٥٦٥،٥٦٦.

(٢) ئەو هەشت پێشمەرگەیەش بریتیی بوون لە(محەمەدی حاجی مەحمود، رەفیق پارەزانی، مەحوود زەردۆیی، تاهیری حاجی عەزیز، حەمە رەش گرێزەیی، جەمال عەلی باپیر، بەکرە سور، ئاوات گەڕەدێی)، صلاح الخرسان: التیارات، ص٣٧٨،٣٧٩، وپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(٢٠٠٩/٥/١١)، لەگوندی گوڵەخانە.

(٣) پیاونامە: گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری، کۆمەڵێك هاوڕێی شەهید، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٢.

(٤) صلاح الخرسان: التیارات، ص٣٧٩.

(٥) بڕوانە نامەی جەلال تاڵەبانی بۆئیدریسو مەسعود بارزانی، لە: سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل٢٧٨، نامەی جەلال تاڵەبانی بۆعەلی عەسکەری، لە: سەروەر عەبدورەحمان عومەر: یەکێتی، ل٢٨٣، صلاح الخرسان: التیارات، ص٣٧٥،٣٧٦، نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢٧٠،٢٧١.

(٦) رێباز: قەندیل، بەرگی یەکەمو دووەم، ل١٢٤.

یەکێتیش لای خۆیەوە بارەگاکانی ناوچەی سۆرانی بەسەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)چۆڵکردو فشاری خستەسەر هەندێ پێشمەرگە، کەواز لەپارتی بهێننو بچنە ریزەکانی یەکێتییەوە، یان دەبێ ناوچەی سۆران جێبهێڵن. بەتایبەت لەناوچەکانی نۆکانو رۆژئاوای سەردەشت. لەسەرەتای ساڵی(١٩٧٨)یش یەکێتی هێزەکانی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)ی لەناوچەی سیوەیل لەچیاکانی سورکێو ناچار کرد یان ناوچەکە

جێبهێڵن یان خۆیان بۆشەڕ ئامادە بکەن. بۆیە ئەو هێزەی لەو ناوچەیە بوون خۆیان تەسلیم بەحکومەت کردەوە. لەسەرووی ئەمانەشەوە هەرلایەك لەهەوڵی دەستبەسەراگرتنی ناوچە گرنگو ستراتیژییەکاندا بوو، بەتایبەت ناکۆکی لەسەر ناوچەی برادۆستو بادینان. دوایین هەوڵی یەکێتی بۆگواستنەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بۆناوچەی برادۆست، کە لەسەر سێ سنور بوو، هۆکارێکی کاریگەر بوو لەڕووداوی هەکاریدا، چونکە سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)یش ئەمەی قبوڵ نەدەکرد.[1] جگە لەوەش ڕێکخراوی دەدەقەدە ڕۆڵێکی خراپیان لەهاندانی یەکێتی گێڕا بۆئەوەی هێزەکانی بباتە ئەو سنورەو بەڵێنی هاوکاری زۆریان پێدابوون، بەڵام جگە لەوەی لەنێو خۆیاندا ناکۆکی هەبوو لەسەر هاوکاریکردنی یەکێتی، بەڵکو راستگۆش نەبوونو یەکێتی دەستی بەمانەوە سوتاو تووشی کارەساتی هەکارییان کردنو لەکاتی پێویستدا هیچ هاوکارییەکیان نەکردنو زیاتر تەماعیان چووبووە سەر چەك. تەنانەت لەکارەساتەکەدا هەندێك لەرێبەرەکانیان خۆیان لەهێزەکانی یەکێتی شاردەوە.[2] کارەساتی هەکاری کاریگەرییەکی قوڵی کردەسەر یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان بەگشتیو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەتایبەتو بووە هۆی لاوازکردنی بەشێوەیەکی بەرچاو، چونکە دوو لەسەرکردەو دامەزرێنەرانی، کەعەلی عەسکەریو د.خالید بوون کوژرانو بۆشاییەکی گەورەو فراوان لەنێو سەرکردایەتی بزوتنەوەدا دروستبوو. لەولاشەوە سەرکردەکانی وەك ساڵەح یوسفیو عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵیو شێخ محەمەد شاکەلی لەشاربوونو بەنهێنی خەباتیان دەکردو دوور بوون لەشاخو بزوتنەوەوە، ئەمەش وایکرد ڕێگا خۆش ببێت بۆدروستبوونی بۆشایی لەسەرکردایەتیکردنو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بزوتنەوەو دواتریش سەرهەڵدانی ناکۆکیو هاتنە دەرەوەی بزوتنەوە لەنیمچە بەرەی یەکێتی نیشتمانی، لەبەرئەوەی دوای کارەساتی هەکاری جۆرێك لەناهاوسەنگی لەنێو پەیکەری سیاسیو چەکداری یەکێتیدا دروستبوو، بەجۆرێ رۆڵی کۆمەڵە وەك خەتێکی ناو یەکێتی زیاتر دەرکەوتو پێشتریش ناکۆکی قووڵ لەنێوان دیدو تێڕوانینی کۆمەڵەو بزوتنەوە لەسەر زۆر مەسەلەی سیاسیو ڕێکخراوەییو چەکداری هەبوو، کەدواجار بەهۆی هەندێ هۆکاری ترەوە، کەدواتر باسیان دەکەین بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەریزەکانی یەکێتی لەنەورۆزی(١٩٧٩)داهاتەدەرەوەو لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)دا بارەگاکانیان بۆگۆڕەشێرو بێدەلانو سەرکەندەو دۆواوی دۆڵەتوو گواستەوە.[4]

---

(١) عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل٩٥–٩٧.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢٧٥، چاوپێکەوتن لەگەڵ خدر مەعسوم، لەکتێبی( ڕێگایەك بۆئازادی)، ل١٧٠، شکیب عقراوی: سنوات المحنة فی کردستان، اهم الحوادث السیاسیة والعسکریة فی کردستان والعراق، من(١٩٥٨–١٩٨٠)، ط١، مطبعة مدیریة الثقافة، اربیل، ٢٠٠٧، ص٤٥٧.

(٤) فاتح رسول: صفحات من کفاح الشعب الکردی، ترجمة(کمال غمبار)، ج١، مطبعة(کارو) السلیمانیة، ص٢٣، ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم، چ١، ستۆکهۆڵم– سوید، ١٩٩٧، ل٣٥٦.

## باسی پێنجەم- کۆنگرەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان:

هەرچەندە ناکۆکییەکانی بزوتنەوە لەنێو یەکێتیدا، سەرەتا لەسەرکردایەتییەوە دەستیپێکرد، بەڵام دوایی بەرە بەرە هەرێمو کەرتو مەفرەزەو کادرو ڕێکخستنەکانیشی گرتەوە. لەئەنجامدا بووەهۆی ناکۆکی پانو

بەرین تاڕادەی لێکترازان‌و جیابوونەوە.[1] کاتێکیش بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)، لەنیمچە بەرەی یەکێتی هاتنەدەرەوە، لەشەوی(١٩٧٩/٣/٢٠)ڕۆیشتن‌و ئەم ڕۆیشتنەیان ناونا کۆچی نەورۆز،[2] بەڵام هەندێ لەئەندامانی بزوتنەوە لەریزەکانی یەکێتیدا مانەوە، وەك(عومەر مستەفا، جەمال حەکیم ئاغا، عەلی حەویز عەلی)و نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکەی خۆیان کردو هەر بەناوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە لەنێو یەکێتیدا مانەوە. لەرۆژی(١٩٧٩/١٢/١)یشدا بەیاننامەیەکیان دەرکردو تیایدا بەتوندی هێرشیان کردە سەر ئەو بەشەی کادیرانی بزوتنەوە، کە لەریزەکانی یەکێتی چووبوونە دەرەوەو بەکەسانی ئاژاوەگێڕو گوماناوییان لەقەڵەمدابوون[3]و خۆیان بەباڵە راستەکە دادەنا، بەڵام لەراستیدا باڵی راستەقینەو سەرەکی بزوتنەوە ئەوانەبوون، کە لەریزەکانی یەکێتی چوونە دەرەوەو ئەو باڵەش، کە لەنێو یەکێتیدا مابووەوە، بەتایبەت لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە بەباڵە گۆجەکە ناودەبرا.[4] ئەم هاتنەدەرەوەیەی بزوتنەوە لەنێو ریزەکانی یەکیتی رووداوو حاڵەتێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بەچەندین هۆکارەوە هەبوو، کەهەوڵدەدەین لێرە بەدواوە باسیان بکەین.

## ئەلف- ئەو هۆکارانەی بەنیمچە بەرەی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانەوە پەیوەستبوون:

هەر لەسەرەتاوە یەکێتی وەك نیمچەبەرەیەك دامەزرابوو، کەباڵی بزوتنەوەو کۆمەڵەو خەتی گشتی لەخۆگرتبوو. واتە یەکێتی لەبنەڕەتدا یەك حزبی سیاسی نەبوو، بەڵکو لەچەند تەوژم‌و رێکخراوو باڵێکی هزری‌و سیاسی جیاواز پێکهاتبوو. ئەمانە بیروڕای سیاسی‌و بەرنامەی ڕێکخراوەیی‌و شێوازی کارو خەباتی چەکداریی جیاواز لەیەکترییان هەبوو. هەروەها یەکێتی نەیتوانیبوو ئاراستەی ناکۆکییەکان بەئاقاری ململانێیەکی بابەتی لەنێوان باڵەکانیدا ببات.[5] تەنانەت سێ ڕێکخستنی جیاواز لەنێو یەکێتیدا بوونی هەبوو، کاتێك ئەندامێك بۆناو یەکێتی رادەکێشرا ، هەر ڕێکخستنێك بەجیا بۆخۆی هەوڵیدەدا، بیهێنێتە نێو

(١) ڕێباز: قەندیل، بەرگی یەکەم‌و دووەم، ل١٤٠.

(٢) شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٣٨–٢٤٠، مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، وەرگێڕانی(مامکاك)، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٣٩،١٤٠،٢٤٧.

(٣) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٢١٣،٤١١، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەمال حەکیم ئاغا لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٧)، سلێمانی.

(٤) پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی رووداوەکان، وەڵامێك بۆنەوشیروان مستەفا، چ١، ،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر،١٩٩٧، ل(١١)، شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٤٤.

(٥) هەروەها بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی(ی.ن.ك)، لەپاشکۆی ژمارە(٦)، لە: سەروەر عەبدورەحمان: یەکێتی، ل٢٣٢، نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٩٧،١٦٧، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل١٩٥.

ڕێکخستنەکەی خۆیەوە.[1] کاتی خۆیشی بزوتنەوە سەرەڕای ناڕەزایی سەرکردایەتیی شار، بەخواستی خۆی چووبووە نێو ئەو نیمچە بەرەیەوە، بۆیە شتێکی ئاسایی‌و چاوەڕوانکراوبوو لەهەر قۆناغێکدا بێتەدەرەوە. لەلایەکیترەوە تێکچوونی هاوسەنگی نێوان هێزەکانی نێو یەکێتی، بەتایبەت دوای کارەساتی هەکاری‌و کوژرانی عەلی عەسکەری‌و د.خالید سەعید، بەشێوەیەك پێگەی بزوتنەوەی لەنێو یەکێتیدا لاوازکرد،

چونکە ئەمانە ئەو لابالەی بزوتنەوە بوون، کەهەم کاتی خۆی رازیبون بچنە نێو یەکێتییەوەو هەم پێشینەیان لەنێو بالی جەلالیدا هەبوو. بۆیە کارەساتی هەکاری پایەگای جەلالیزمی لەنێو بزوتنەوەدا لاواز کردو لەپرۆسەی ململانێی نێوان کۆمەلەو بزوتنەوەدا، جەلال تالەبانی بەناچاری بۆداکوتانی ریشەی خۆیو کۆنترۆلکردنی یەکێتی نیشتمانی، دەبوو لایەنی کۆمەلە بگرێت. لەولاشەوە ئەوانەی لەسەرکردایەتیی بزوتنەوە مابوونەوە زۆربەیان لەوانەبوون، کەمێژوویان لەنێو بالی مەلاییدا هەبوو.[2] هەروەها ناکۆکی لەنێوان لێپرسراوانی بزوتنەوەو سەرکردایەتی یەکێتیدا هەبوو، هەندێ لەهەڤالانی سەرکردایەتی یەکێتی وەکو پێویست رێزیان لەبیروراکانی بزوتنەوە نەدەگرت. لەبارەی نەمانی هاوسەنگی نێو یەکێتیشەوە، رێباز لەکتێبی(قەندیل بەغدای هەژاند)دا دەنوسێت:"ئەگەر لەبەهاری(١٩٧٨)دا بزوتنەوە لەنێو یەکێتیدا رۆلی سەرەکی گێرابێت، ئەوا بێگومان لەپاییزی(١٩٧٨)دا کۆمەلە رۆلی سەرەکی گێراوە".[3]

نەوشیروان مستەفا لەمبارەوە دەنوسێت:"لەمێژبوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نوێنەری بزوتنەوەی تێدا نەمابوو. قادر عەزیزیان بەنوێنەری بزوتنەوە لای مەکتەبی سیاسی دانابوو، بەلام قادر عەزیز نەئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە بوو، نەهی یەکێتی، لەزۆر کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکرد، بەلام لەهەموویاندا وەکو پێیانوتبوو کێشەی دروستدەکردو لەگەل مام جەلال قسەیان لەیەك دەگیرا".[4] لەئاستی هەندێ مەسەلەشدا لەنێوان بزوتنەوەو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیدا بیروڕای جیاواز هەبوو، بەتایبەت لەبەرامبەر سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)، بەجۆرێ بزوتنەوە لەگەل لێدانو شەڕکردنیاندا نەبوو. لەسەرەتاشدا بزوتنەوە لەگەل بەرزکردنەوەی دروشمی روخاندنی حکومەت نەبوو، چونکە پێی وابوو ئەرکی سەرشانی میللەتی کورد نییە ئەوکارە قورسە بگرێتە ئەستۆی خۆی، نەبەرچاو روونی هەبوو، نەبارودۆخی سیاسیو بابەتی لەباربوو، نەکوردیش ئەو توانایەی هەبوو ئەم دروشمە جێبەجێ بکات. بزوتنەوە پێی وابوو بەجۆشدانی خەباتی هەمەلایەنەو سەرتاپایی هێزەکانی بەرهەلستیکاریی عێراقی دەتوانرێت ئەم دروشمە بەرز بکرێتەوە.[5]

---

(١) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢٥٣.

(٢) پشکۆ نەجمەدین: دیوی، ل١٠، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٠٣، عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل١٠٨.

(٣) بەرگی یەکەمو دووەم، ل١٤٠.

(٤) پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٧.

(٥) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢٥٤، نامەی سالح یوسفی بۆسەرکردایەتی حسیك، دەق لەعبدالسلام علی: صفحات من، ص٧٨، صلاح الخرسان: التیارات، ص٣٧١، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٠٢،١٠٣.

## بێ- ئەو هۆکارانەی بەخودی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە پەیوەستبوون:

بزوتنەوەی سۆسیالیستی هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە پێکهاتەیەکی ناجۆرو ناتەباو هەمەڕەنگی هەبوو، بەشێوەیەك لەکەسانی(سۆسیالیست، دیموکراتی، نەتەوەیی، مارکسی– لینینی، خێلەکی)پێکهاتبوو،

ئەمەش رۆڵی هەبوو لەوەدا یەك ئایدۆلۆجیاو بیروڕای سیاسییان نەبێت.[1] بەتایبەتیش ساڵەح یوسفی لەگەڵ بیری سۆسیالیست دیموکراتیدابوو، ئەو پێی وابوو چوونی بزوتنەوە بۆناو یەکێتی لەرێبازی سۆسیالیست دیموکراتی دوور کەوتووەتەوەو رووبانکردۆتە پەیڕەوکردنی رێبازی سۆسیالیزمی زانستی(مارکسی– لینینی)و پشتگیریی ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی دەرەوەی بزوتنەوەی نەکردووە.[2] بەشێوەیەك هەست بەدوو باڵی جیاواز لەنێو بزوتنەوەدا دەکرا. لەلایەکیترەوە ساڵەح یوسفیو عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵیو رەسوڵ مامەندو بەشێکی کادیرەکانیان، زیاتر لەگەڵ بنەمای وتووێژدا بوون، هەرچی عەلی عەسکەریو د.خالیدو بەشێکی دیکە بوو، لەگەڵ خەباتی چەکداریدا بوون.[3] دەشێ ئەم ناکۆکییەی ناو بزوتنەوە بەناکۆکیو جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان کەسە سەربازیو سیاسییەکانی لێکبدەینەوە. تەنانەت باسی لەوە دەکرێت لەدژی بەئەندامبوونی بزوتنەوە لەریزەکانی یەکێتیدا، ساڵەح یوسفیو عەلی هەژار نامەیان بۆدەرەوە بۆحاجی حاجی برایم رۆستەمو مەحمودی حاجی حەمە رەش سەنگەسەریو لەوێوە بۆرەسول مامەند لەدەرەوە دەنارد. سەرەڕای ئەمانە بینای رێکخراوەییو هێزی بزوتنەوە لەنێو دوو باڵە نەیارەکەی(مەلایی–جەلالی)یەوە دەرکەوتبوونو لێکئالابوون. بەجۆرێ رەوتێکیان ئەو سەرکردەو کادرو ئەندامانە بوون، کە لەدووبەرەکییەکەی(١٩٦٤–١٩٦٦) باڵی مەکتەبی سیاسیو ئەوانیتر باڵی مەلا مستەفای بارزانی بوون. لەلایەکیتریشەوە بزوتنەوە لەشاخ زیاتر وەك حزبێکی چەکداری دەردەکەوت، نەك سیاسیو رێکخراوەیی، چونکە نەئۆرگانی هەبوو، نە ئیزگەی راگەیاندنی هەبوو، نەکۆبوونەوەی فراوانو نەکۆنفرانسو نەکۆنگرەشی بەستبوو، تەنانەت بەدانان سەرکردایەتییە سیاسییەکەشیان دانابوو.[4] رەنگە هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆئەو بارودۆخە سیاسییە بگەڕێتەوە، کەدەرفەتی پێنەدابن. جگە لەمانە هەندێ لەو ئەندامانەی سەرکردایەتی بزوتنەوە لەشاخ ئەزمونی سەرکردایەتیکردنی رێکخراوێکی گەورەی وەکو بزوتنەوەیان، بەتایبەت دوای کارەساتی هەکاری، نەبوو.[5]

---

(١) رێباز: قەندیل، بەرگی دووەم، ل٢٠٩.

(٢) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٠١،١٠٠.

(٣) مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل١٦٢، ٢٠٢، ٢٠٧، عادل مراد: الاتحاد، ص٣٣،٥٥، شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٤٥.

(٤) پشکۆ نەجمەدین: دیوی، ل١١، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٢٠٦،٢٧٦،٢٧٧، عادل مراد: الاتحاد، ص٥٥.

(٥) بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند، ل٥٨.

## جیم- ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بەناکۆکی نێوان کۆمەڵەو بزوتنەوەی سۆسیالیستییەوە هەبوو:

لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانەوە، وەك نیمچە بەرەیەك تێبینی جیاوازی هزریو سیاسیو ڕێکخراوەییو شێوازو جۆری کاری چەکداری دەکرا، بەتایبەت لەنێوان باڵی کۆمەڵەو باڵی بزوتنەوەدا. گرفتی سەرەکی ئەوەبوو یەکێتی دەیویست لەپاشەڕۆژدا سەرەنجامی باڵەکانی ببێتە بەرەیەکی نیشتمانی، لەکاتێکدا ئەم باڵانە جیاوازی گەورە لەنێوانیاندا بەدی دەکرا. کاتێکیش ئەم باڵانە چوونە نێو نیمچە بەرەی یەکێتییەوە، هیچ لایەکیان دەستبەرداری جیهانبینی هزریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕێکخراوەییو ئابوری خۆی نەبوو. بۆیە پاش ماوەیەك ئەم جیاوازیو ناکۆکییانە سنوریان تێپەڕاند.[(١)]

ڕەنگە بەشێك لەم ناکۆکییانە، ناکۆکیو ململانێ بووبێت لەنێوان دوو نەوەی جیاوازدا، کەخۆیان لەبزوتنەوەو کۆمەڵەدا دەبینییەوە. کۆمەڵە وەك هەندێ گەنجی خوێن گەرمو توندڕەو، کەخۆیان بەنوێنەری چینی پرۆلیتاریاو بزوتنەوەشیان بەنوێنەری بیری بۆرجوازی دەزانیو پێیانوابوو شۆڕش بەسەرکردایەتی بۆرجوازی سەرناکەوێت. لەبەرئەوە دەبێت پرۆلیتاریا سەرکردایەتی بکاتو نەشیان دەشاردەوە، کەشۆڕشەکە بەدەستی ئەوان بێت. بزوتنەوەش وەك نەوەیەکی بەتەمەنو خاوەنی کەسایەتی، ناسراو بوون، هەریەکەیان رابردوویەکی درێژی لەکاری سیاسیو لەژیانی پێشمەرگایەتیدا هەبوو، خەڵکی زۆریان لەشارو لادێ دەناسی، سەرانی هۆزەکانو کوێخای گوندەکان رێزیان لێدەگرتنو بەقسەیان دەکردن.[(٢)] تەنانەت باس لەوە دەکرێت لەدیدارێکی نێوان عەلی عەسکەریو شاسوار جەلال(ئارام)دا، کاتێك عەلی عەسکەری هەواڵی دامەزراندنی بزوتنەوەی پێڕاگەیاندووە، ئەویش وتوویەتی:"بەخوا شتێکی قۆڕتان دروستکردووە".[(٣)] سەرانی کۆمەڵەو بزوتنەوە تاڕادەیەك ناکۆکبوون، فەرماندەو کادرەکانی یەکێتی هەندێکیان کۆمەڵەبوونو هەندێکی تریان بزوتنەوە بوون، هەریەکەیان هەوڵیدەدا پێشمەرگەو ئەندامو لایەنگر بۆڕێکخراوەکەی خۆی زیاد بکات، بۆئەمەش زۆرجار لەنێو خەڵکدا دژی یەکتر دەدواندو بۆبەهێزکردنی خۆیانو لاوازکردنی لایەنەکەی تر رێگای ناڕاستیان دەگرتەبەر.[(٤)]

ئەم دوو باڵە لەسەر چۆنێتیی پێکەوەنانی هێزی پێشمەرگەو ژمارەی مەفرەزەکانو دیاریکردنی بەرپرسەکانی پێشمەرگە جیاوازیو ناکۆکییان هەبوو، بەشێوەیەك لەو کۆبوونەوانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی لەدۆڵە گۆستێ، لەنێوان سەرکردایەتی کۆمەڵەو سەرکردەکانی بزوتنەوە لەسەر دانانی نوێنەرەکان لەلقو هەرێمەکاندا کێشە دروستدەبوو. کۆمەڵە پێی وابووە بزوتنەوە زۆرو بۆر کۆدەکاتەوەو هەندێ کەس

---

(١) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٧٢، صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٨٧.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل١٧٢،١٧١، تعميم داخلي القيادة المشتركة الحزب الديمقراطي الكردستاني– اللجنة التحضيرية والحركة الاشتراكية الكردستانية– اللجنة التحضيرية الى الرفاق الكوادر السياسية ومقاتلي الثورة المحترمين، العدد(١) في (١٩٧٩/٥/٢)، ص٢،١، بەوەرگرتن لە(عەلی تەتەر نێروەی)یەوە، ل١٠٧، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٧٩.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەکەم، ل١٦٤، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٢٠٥.

(٤) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢١٢.

بەبەرپرسی چەکداری دادەنێ، کەرابردووی پاك نییە،...".[1]، بەڵام لەبنەڕەتدا هۆکارەکە بۆ بوونی ململانێو جیاوازی لەسەر چۆنێتیی هەڵگیرساندنی خەباتی چەکداری دەگەڕایەوە، بەجۆرێ کۆمەڵە لەدیدێکی چەپو مارکسیسزمیانەوە بۆشۆڕشی دەڕوانیو بزوتنەوەش لەسەر شێوەی خەباتی چەکداری کۆن، بەتایبەت مۆدێلی شۆڕشی ئەیلوول هەوڵی پەرەپێدانی شۆڕشی چەکداری دەدا.

لەسەر مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتن لەسەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)و شەڕکردن لەگەڵیاندا، دیسان جیاوازیو ناکۆکی لەنێوان بزوتنەوەو کۆمەڵەدا هەبوو، بەشێوەیەك بزوتنەوە کەمتر لەگەڵ لێدانو شەڕکردنی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)دابوو، بەپێچەوانەی کۆمەڵەوە. بەگشتی ئەوەی کۆمەڵەو بزوتنەوەی لەنیمچە بەرەی یەکێتیدا کۆکردبووەوە بەرنامەیەکی هزریو سیاسی نەبوو، هێندەی چەمکی کوردایەتیو ڕێبازی نەتەوایەتی بوو، پاشان مەترسیو سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس کۆی کردبوونەوە. دیارە ئەمەش بناغەیەکی قایمو پتەوی بۆمانەوەی ئەم دوو باڵە بەیەکەوە نەبوو. لەمبارەوە شاخەوان عەباس دەنوسێت:"ئێمەو سەید کاکە دوو تێڕوانینو ڕێبازی سیاسی جیامان هەبوو، تەنها مەسەلەی نیشتمانی ئێمەی لەگەڵ ئەوان کۆکردبووەوە".[2] ئەوەش دەوترێت یەکێکی تر لەناکۆکییە قوڵەکانی نێوان کۆمەڵەو بزوتنەوە لەکۆتایی ساڵی(١٩٧٦)ەوە، مەسەلەی باج وەرگرتنو پارەسەندن لەجوتیاران بووە. جگەلەوەی باس لەوە دەکرێت هەندێ لەسەرکردەکانی بزوتنەوە لەگەڵ سیاسەتێکی نەرمدا بوون لەگەڵ ئێرانو قسەیەکیان لەساڵی(١٩٧٧)لەناوچەی شلێری پێنجوێن لەگەڵ دەزگای ساواکدا کردووە، کۆمەڵەش دژی ئەم پەیوەندییە بووە[3].

## دال- ئەو هۆکارانەی بەسەرکردایەتی کاتیی( پ.د.ك )ەوە پەیوەستبوون:

بەرلەوەی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی پەرەبسێنێتو بۆ هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی سەربکێشێت، لەسەر مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتنو پەیوەندیو شەڕکردن لەگەڵ سەرکردایەتی(پ.د.ك)دا ناکۆکیو جیاوازی هەبوو، بەتایبەت لەنێوان بزوتنەوەو کۆمەڵەدا، بەجۆرێ ژمارەیەکی زۆر لەفەرماندەو بەرپرسو پێشمەرگەی یەکێتی، هەر لەسەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێوە بەدەستی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)کوژرابوون، وەك(ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانیو مولازم حەسەن خۆشناو....).[4]

بۆیە لەناکۆکی نێوان یەکێتیو سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)دا، بزوتنەوە پێی وابوو ئەمە زیندووکردنەوەی ناکۆکی(مەلایی–جەلالی)یەو نەیدەویست لەو شەڕەدا لایەنێك بێت. بیرکردنەوەشیان وابوو، ئەگەر لەریزەکانی

---

(١) شاخەوان عەباس: سەفەری، ل١١٦، ڕێباز: قەندیل، بەرگی یەکەمو دووەم، ل١١٧، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٧٤،٧٥.

(٢) مەبەست لەوشەی ئێمە لەوێدا کۆمەڵەیە، چونکە شاخەوان عەباس کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە لەسنوری دەشتی هەولێردا بووە، سەفەری کوردایەتی، ل٢٢٠.

(٣) مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل١٠٣،١٧٠،١٧١.

(٤) ڕێباز: قەندیل، بەرگی یەکەمو دووەم، ل١٢٤، شکیب عقراوی: سنوات، ص٤٥٠.

یەکێتی بێنەدەرەوە دەتوانن لەو نێوانەدا خەتی سێیەم بن.[(١)] لەسەرەتای دروستبوونیشیانەوە ئەم بیرکردنەوەیان هەبوو، بۆیە زۆر لەگەڵ شەڕی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)دا نەبوون.

هەرچەندە کارەساتی هەکاری زیانی گەورەی بەبزوتنەوە گەیاند، تیایدا دووان لەسەرکردەو دامەزرێنەرانی(عەلی عەسکەری‌و د.خالید سەعید)کوژرابوون، بەڵام لەدوای کارەساتی هەکاری‌و لەسەر مەسەلەی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)ئەم ناکۆکییانەی ناو یەکێتی پەرەیان سەند. سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)یش درێغییان لەهەوڵی لێکترازاندنی ریزەکانی یەکێتی نەدەکرد. لەم سەروبەندەدا سامی عەبدورەحمان سنجاری چەند نامەیەك بۆعومەر عەبدوڵلا ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەو سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەناوی گفتوگۆو رێککەوتنەوە نارد.[(٢)] نەوشیروان مستەفا باس لەوە دەکات ئەم تاکتیکەی سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)کاری لەبزوتنەوە کردووەو پشێوی خستۆتە نێو ریزەکانی یەکێتییەوەو لەملاشەوە رەسوڵ مامەندو هەندێ لەسەرکردایەتی بزوتنەوەلەگەڵ سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)دا کەوتنە پەیوەندی‌و نامە گۆڕینەوەو دژی شەڕبوون لەگەڵیاندا. جەلال تاڵەبانیش لەنامە ناردنی رەسوڵ مامەند دوای کارەساتی هەکاری‌و نزیکبوونەوەی لەسەرکردایەتی کاتیی پارتی دڵگران بوو.[(٣)]

بەدرێژایی زستانی(١٩٧٩) رەسوڵ مامەند کێشەی لەگەڵ یەکێتیدا هەبوو، تاگەیشتە ئەوەی لەمەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی کشایەوە، لەباتی ئەو تایەری عەلی والی بۆئەندامێتی مەکتەبی سیاسی‌و حاجی حاجی برایم بۆئەندامێتی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەستنیشانکران.[(٤)]

## هاء- ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان بەلیژنەی ئامادەکاری( پ.د.ك )ەوە هەبوو:

هێشتا د.خالیدو عەلی عەسکەری مابوون، لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)و هەندێ لەئەندامانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بەیاننامەیەك بەمەبەستی هاتنەدەرەوە لەریزەکانی یەکێتی‌و پێکهێنانی حزبێکی نوێیان نوسی، بەڵام د.خالید رێگای نەدا ئەو بەیاننامەیە لەکۆبوونەوەیەکدا لەلایەن قادر جەبارییەوە بخوێنرێتەوە، چونکە پێی ناخۆشبوو لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)بێنە ناو بزوتنەوەوە.[(٥)] لیژنەی ئامادەکاری پارتی رۆڵ‌و پشکی لەهاندانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بۆهاتنەدەرەوە لەریزەکانی یەکێتی هەبوو، چونکە لەلایەك لیژنەی ئامادەکاری لەرووی ژمارەوە کەمبوون‌و ئەندام‌و پێشمەرگەو لایەنگری ئەوتۆیان نەبوو.

---

(١) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٣٢،٣٣،٣٥٢، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٠٢،١٠٣، سەید کاکە: بیرەوەری، ل١٠١،١٠٢.

(٢) صلاح الخرسان: التيارات، ص٣٨٦.

(٣) لەکەناری، ل٣٣٦، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، بەرگی یەکەم، ل٢٣٢.

(٤) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل٢٥٤.

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود، بەرگی یەکەم، ل١٥٨.

لەلایەکیتریشەوە رۆڵی سیاسیو گەورەیان نەبوو. بۆیە بەهاتنـەدەرەوەی بزوتنـەوەو نزیکبوونـەوە لێیـان دەرفەتێك بوو بۆفراوانکردنی قەبارەو رۆڵی سیاسیو چەکداری خۆیان.[1] بەتایبەت مەحمود عوسمـان تـەنگو چەڵەمەی سیاسی ناو یەکێتی دەزانـیو ئاگـاداری ناکۆکییـەکانی نێـوان بزوتنـەوەو یـەکێتیو هەڵوێسـتەکانی رەسولّ مامەند بوو.[2]

سەید کاکە لەبارەی هاتنەدەرەوەی بزوتنەوە لەریزەکانی یەکێتی دەنوسێت:"هۆی نەگونجانی مام جەلال لەگـەڵ بزوتنـەوە دوو شـتی سـەرەکی بـوو، یەکـەمیان ئـەوەبوو ئامـادە نـەبووین بـەهیچ جۆرێـك شـەڕی سەرکردایەتی کاتیی پارتی بکەین. دووەمیان ئەوەبوو رەسولّ مامەند بەرپرسی یەکەمی بزوتنەوەبوو، رۆژانە بۆلێکۆڵینەوەو پرسورا وەرگرتن هاتوچۆی چادرەکەی مەحمود عوسمانی دەکرد. ئەمەش باش نەبوو بۆهـەر کەسێك لـەو چـادرە لەگـەڵ مـەحمود عوسمـان قسـە بکـات، چـونکە مـام جـەلال زۆری پـێ ناخۆشـبوو".[3] هەرچەندە ئەوانە هۆکاری سەرەکی هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی نەبوون، بـەڵام ئـەم بیروڕایـەی سەید کاکە هەندێ راسـتی تێدا بەدیدەکرێت، چـونکە بـەگوێرەی زۆر سەرچـاوەی دیکـەش د.مـەحمود لـەو هاندانو هاتنەدەرەوەیەدا رۆڵـی هـەبووە، بۆئـەوەش کەجـەلال تاڵـەبانی سـەردانی چـادرەکەی د.مـەحمودی پێناخۆشبووە. لەلایەك ئەمە ناکرێتە بەڵگەی تەواوەتی لەم مەسەلەیەدا، چونکە هەموویان چادرەکانیان نزیك یەکو لەتەنیشـت یەکـەوە بـوو، جگەلـەوەی هـاوڕێو هاوسـەنگەری یـەکتری بـوون، لەلایەکیتریشـەوە رەنگـە لەکاتی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکاندا ئەمە راست بێت، لەبەرئەوەی پێدەچێت جەلال تاڵەبانی تێبینـی ئـەوەی کردبێ، کەد.مەحمود، رەسولّ مامەندو سەرانی بزوتنەوە بەئاراسـتەی هاتنـەدەرەوەو جێهێشـتنی ریزەکـانی یەکێتی دەجوڵێنێت. هەرچەندە لەشوێنی دیکەشدا هاتووە، کە(تایەری عەلی والی)یش سـەردانی چـادرەکەی مەحمود عوسمانی کردووە،[4] بەڵام ئەمانە لەمەسـەلەی دەسـتێوەردانی مـەحمود عوسمانـدا، نابنـە بەڵگـەی یەکلاکەرەوە.

## واو- چەند هۆکارێکیتر:

هەندێکێتر لەهاتنەدەرەوەی بزوتنەوە لەریزەکانی یەکێتیدا، باس لەرۆڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـران دەکەن، بەجۆرێ ئەوکاتەی بووبوونە هێزێکی گرنگ لەناوچەکەداو بزوتنـەوەیان هانـدابوو، ئەمـە جگەلـەوەی بەڵێنیشیان پێدابوون یارمەتیان بدەنو کارئاسانیان بۆبکەن. بۆیە کاتێك هاتنەدەرەوە(حدکا)

---

(١) رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، بەرگی یەکـەم، ل٧١، بـەهرۆز گـەلاڵی: رەسـولّ مامەنـد، سەرچـاوەی پێشـوو، ل٧٢، شـاخەوان شـۆڕش: قـادر شۆڕش، ل١٠٢،١٠٣، مەلا بەختیار: یاخی بوون لەمێژوو، ل٢٠٠.

(٢) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری دانوبەوە، ل(٣٣٧،٣٣٨،٣٣٩).

(٣) بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٠، ل١٠٣

(٤) شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٢١

پشتیوانیکردنو بەهانایانەوە چوو.(1) هەندێ سەرچاوە هۆکاری ئەمە بۆدەستێوەردانی جەلال تاڵەبانی لەکاروباری ناوخۆیی رۆژهەڵاتی کوردستان لێکدەدەنەوە،(2) لەولاشەوە د.عەبدورەحمان قاسملو دەستی خستبێتە ناو دۆخی نێوخۆی یەکێتییەوە. لەلایەکیتر رەنگە هۆکارەکەی بۆئەوەش بگەڕێتەوە، کە یەکێتی بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو رووخاندنی حکومەتی شاهەنشایی لەو ولاتەدا، کەدوژمنێکی سەرسەختی کوردو هاوکاری حکومەتی بەعسی عێراق بوو، پیرۆزباییان لەو شۆڕشە کردو پەیوەندیان لەگەڵدا دروستکرد، ئەمەش بووبێتە مایەی نیگەرانی حدکاو هەوڵدان بۆدەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی یەکێتیو هاندانی بزوتنەوە بۆهاتنەدەرەوە، بەلام ئەم بۆچوونە زانستی نییە، چونکە یەکێتی لەدواتردا یارمەتی زۆری حدکای لەشەڕکردن لەگەڵ ئێران دا.

هەروەها لەم نێوەندەدا باس لەتاکڕەویی جەلال تاڵەبانی دەکرێت، بەشێوەیەك سەرانی بزوتنەوە بەوەتاوانباریان دەکرد، کەگوێنادات سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، بیروڕاکانی خۆی دەسەپێنێت، توڕەش دەبێت، رێزی سنوری هاوڕێکانی ناگرێتو جیاوازی لەنێوان بزوتنەوەو کۆمەڵەدا دەکاتو زیاتر بەلای کۆمەڵەدا دایدەشکێنێت. گوایە بەم هۆیانەوە زیاتر رەسوڵ مامەند کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەوە.(3) لەمبارەیەوەو لەیەکەم بەیاننامەی ناوخۆیی سەرکردایەتی هاوبەشی لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لیژنەی ئامادەکاری لە(2ی گوڵانی 1979)دا ئەوە هاتبوو کە:"جەلال دەیەوێت بەشێوەیەکی تاکڕەوانەو دیکتاتۆرانە کاربکات، بڕوای بەدیموکراسیو سەرکردایەتی بەکۆمەڵ نییەو هەروەها ئەو کەسانەی لەگەڵی کاردەکەن، خاوەنی رای خۆیان نین..."،(4) بەلام دیسان ئەمە زیاتر هۆکارێکی خودی بوو، نەك بابەتی. جگە لەمانە باس لەکێشەی داراییو چەك دەکرێت، گوایە(3)هەزار چەكو نیو ملیۆن دیناری چاپی عێراقی ئەوکاتە بۆیەکێتی هاتووەو لەسەر شێوازو رێژەو جۆری دابەشکردنەکەی لەنێوان باڵەکانی یەکێتیدا ناکۆکی دروستبووەو ئەمەش سەری کێشاوە بۆهاتنەدەرەوەی بزوتنەوە لەریزەکانی یەکێتی ی نیشتمانی.(5) ئەمەش لەلایەك زیاتر دەچێتە خانەی هۆکارە خودییەکانەوەو لەلایەکیتریشەوە وەك جەلالی حاجی حسێن، کەیەکێك لەسەرکردەکانی پاسۆك بوو، پێی وایە(282)پارچە چەك بووە، نەك(3)هەزار، هاوکات ئەو رێژەیەش نابێتە هۆکاری هاتنەدەرەوەی بزوتنەوە.

---

(1) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل33، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل282.

(2) عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی ل109.

(3) نەوشیروان مستەفا: لەکەناری، ل254، صلاح الخرسان: التیارات، ص371.

(4) تعمیم داخلی القیادة المشترکة، ص2،1، بەوەرگرتن لە(عەلی تەتەر نێروەی)، ل107.

(5) فاتح رسول: صفحات، ج1، ص239.

هەندێك پێیانوایە، کەئەم هاتنەدەرەوەیە لەمەرامی حزبیو مەبەستی تایبەتیو رقو کینەی رابردوو، حەزو ئارەزووی نویو پابەند نەبوونی ئایدۆلۆژیو دەستو رۆڵی دەزگا سیخوڕییەکانی بەعسیش بەدەر نەبووە. لەلایەکیترەوە شۆڕشەکە بۆخۆی نوێ بوو، بەجۆرێ چ یەکێتیو چ شۆڕش هێشتا ئۆرگانیان نەبوو، دامو دەزگایان نەبوو، ناوچەی رزگارکراویان نەبوو، تواناو لێهاتووییەکان باش دەرنەکەوتبوون.[1] هەرچەندە لەم بۆچوونەدا جۆرێك لەتاوانبارکردن بەدی دەکەین، بەڵام راستیشی تێدا بەدیدەکرێت.

لەژێر ئەو هەلومەرجانەی، کەباسمان کرد دواجار بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەشەوی(٢٠/٣/١٩٧٩) لەریزەکانی یەکێتی هاتنەدەرەوەو لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)دا یەکیانگرتو چوونە دۆڵی نێوان گوندی گۆڕەشێرو گوندی دۆڵەتوو،[2] لەوێ جێگیر بوونو کەوتنە هەوڵی دروستکردنی حزبێکی تازە.[3] ئەوانەش سەرکردایەتی ئەم هاتنەدەرەوەیان کرد بریتیبوون لە (رەسوڵ مامەند، تایەری عەلی والی، سەید کاکە، مەلا ناسیح، حاجی حاجی برایم، ئەحمەد فەقێ رەش، قادر جەباری، شێروان شێروەندی، د.مەحمود عوسمان، عەدنان موفتی)، هەموویان نزیکەی(١٥٠)پێشمەرگەیەك دەبوون.[4]

کاتێکش بزوتنەوەی سۆسیالیستیو لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)لەریزەکانی یەکێتی هاتنەدەرەوە، کۆمەڵێ ئامانجو مەبەستیان هەبوو لەوانە: لایانوابوو ئەگەر سەربەخۆیی سیاسیو رێکخراوەییو پێشمەرگەییان هەبێ، دەتوانن زوو گەشە بکەنو بەهێزبن. هەروەها دەتوانن لەنێوان جەلالیو مەلاییدا خەتی سێیەم بنو هاوسەنگی نێوان ئەم دوو حزبە تێکبدەنو پێشمەرگەو ئەندامو کادری هەردوولا، کە لەشەڕو ناکۆکی نێوانیان بێزاربوون بێنە لای ئەمان. لاشیانوابوو حکومەتی عێراق ئامادەیە بەرێگای گفتوگۆ کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام یەکێتی بۆرازیکردنی(توع)[5] درێژە بەشەڕ دەدات، بۆیە ئەگەر ئەمان سەربەخۆ بن دەتوانن لەگەڵ بەعس رێکبکەون.[6] لەراستیشدا هەر دوای هاتنەدەرەوەیان شاندێکیان بەسەرکردایەتی د.مەحمود عوسمانو عەدنان موفتی رۆیشتنە بەغداو لەگەڵ بەعسدا یەکلایەنە کەوتنە وتووێژ، بەڵام هیچ شتێکیان دەستگیر نەبوو.[7]

نزیکبوونەوەو یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)، هەروا رووداوێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو، بەشێوەیەك د.مەحمودو لیژنەی ئامادەکاری بەقەبارە

---

(١) عادل مراد: الاتحاد، ص٧٧، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٧٢.

(٢) کەریم ئەحمەد: رێڕەوی تێکۆشان، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە(جەلال دەباغ)، چ١، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی،٢٠٠٧، ل٢٨٥، صلاح الخرسان: التیارات، ص٣٨٨، فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٢٣٩، ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم، ل٣٥٦.

(٣) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٣٢.

(٤) نەوشیروان مستەفا، ل٣٣، فاتیح رەسوڵ: بنچینەی، ل٣٦١.

(٥) توع(التجمع الوطنی العراقی): بەرەیەك بوو لە:(مؤتمر القومیین الاشتراکیین، الحرکة العربیة الاشتراکیة، حزب البعث العربی الاشتراکی– قیادة قطر العراق، حزب الشیوعی العراقی–قیادة المرکزیة، الحزب الاشتراکی، الجیش الشعبی لتحریر العراق) پێکدەهات، صلاح الخرسان: التیارات، ص٣١٨

(٦) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٣٣،٣٢.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

بچووك بوونو رۆڵی ئەوتۆیان نەبوو، ئەمەش دەرفەتێك بوو بۆئەوەی خۆیانی پێبەهێز بکەن وەك پێشتر باسمان کرد. هاوکات لەهەندێ بیروبۆچوونیشدا لەیەك نزیکبوون، بەتایبەت هەڵوێستیان بەرامبەر یەکێتیو لەسەر ناکۆکیو شەڕی نێوان یەکێتیو سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك) یەك بوو. زۆربەشیان کادیری شۆڕشی ئەیلوول بوونو پێیانوابوو بەیەکەوە خەباتەکەیان باشتر دەبێت.[1] لەسەرەتاوە کۆمیتەیەکی هاوکاری لەنێوان هەردوو سەرکردایەتیدا پێکهاتو کاری سەرەکی ئەم کۆمیتەیە، بینینی بەکردەوەی لایەنی باشو خراپی پرۆسەی بەیەکەوە کارکردنیان بوو، واتە بەکردەوە بینینی رادەی گونجانی بۆچوونو بیروڕاکان، بەڕێوەبردنو کارکردن لەگەڵ یەکتر. ئەم کۆمیتەیە ماوەی پێنج مانگ مایەوە، واتە لەمانگی(٣-٨/١٩٧٩). دوای ئەم چەند مانگە هەردوولا ئەگەر یەکتریان پێباشبوو دەبێ یەکبگرن.[2] دوای دوو رۆژ لەهاتنە دەرەوەی بزوتنەوە لەریزەکانی یەکێتی یادداشتێك بەناوی بزوتنەوەو لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك)ەوە ئاراستەی یەکێتی بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان کرا، بەڵام وەڵامیان نەدانەوە.[3]

دوای هاتنە دەرەوەی لیژنەی ئامادەکاریو بزوتنەوەی سۆسیالیستی شەڕی راگەیاندن دژی یەکتر دەستیپێکرد، بەجۆرێ هەر لایەك دژی ئەویتر پڕوپاگەندەی دەکرد. لەم نێوەشدا د.مەحمود عوسمانو رەسوڵ مامەند لەرۆژی(٣٠/٤/١٩٧٩)نامەیەك بۆحزبی شیوعی دەنوسنو تیایدا داوا دەکەن، هەوڵەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیدا بخەنەگەڕ بۆراوەستاندنی ئەو هێرشە راگەیاندنییەی لەرادیۆی یەکێتییەوە دەکرێتە سەریان. بۆیە پاش رۆیشتنی نوێنەرانی(حشع) بۆلای جەلال تاڵەبانی، ئەویش رۆژنامەیەکی فارسی کە لەتاران دەردەچوو، پیشان دەدات، کەتیایدا لەلایەن حاجی حاجی برایمو قادر جەبارییەوە هێرشی توندیان کردۆتەسەر جەلال تاڵەبانیو یەکێتی.[4] ئەمەش پێشبینی دەکرا، چونکە یەکێتی هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەیان بەجیابوونەوە دەزانیو لایان گرانبوو. لەولاشەوە بزوتنەوە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)دا هەبوو. بوونی کەشو هەوای ناکۆکی لەو قۆناغەدا، بەتایبەت پێشتر شەڕی خوێناوی نێوان سەرکردایەتی کاتییو یەکێتی لەکوردستاندا بوونی هەبوو.[5] بۆیە لەم باردۆخەدا کە هەموولایەك بەو رەوشە بارگاوییوو بوون، شتێکی ئاساییو پێشبینی کراوبوو، کەبارودۆخو پەیوەندی نێوان بزوتنەوەو یەکێتی زیاتر گرژی تێبکەوێتو دواتریش بەرەو شەڕی چەکداری سەر بکێشێت، چونکە بارودۆخو کەشو هەوایەك، بۆروودانی روبەڕووبوونەوەی چەکداریی لەئارادابوو. لەلایەکیتریشەوە هەردوولا خاوەنی هێزی چەکداریی بوون، لەبارودۆخێکیشدا کەهەموولایەك لەشاخ بوونو هۆشیاری نەتەوایەتی نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی شەڕکردنی یەکتری بەزیانی شۆڕشی کورد بزانن. بۆیە وەك تێبینیو پێشبینی دەکرا، هەندێ پێکدادانی چەکداری روویدا. رەنگە هۆکاری ئابوریش لەم ناکۆکیانەدا رۆڵی هەبووبێت، بەتایبەت کاتێ رەسوڵ مامەندو

---

(١) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٠٥، بەهرۆز گەڵاڵی: رەسوڵ مامەند، ل٧٢.

(٢) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٠٥.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٤) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٨٧،٨٨.

(٥) شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش، ل١٣٢.

مەحمود عوسمان رۆژی(٣/٥/١٩٧٩) نزیکەی(٨)پێشمەرگە بەسەرکردایەتیی سەید کاکە دەنێرنە گوندی بێدەلانو پێشمەرگەکانی یەکێتی تێدا دەردەکەنو سەید کاکە ئەوەشیان پێدەڵێت کەئیتر:"ئەوان باجو گومرگ وەردەگرنو ئەو بازگەیە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەبێت"،[1] بەڵام دواجار لەرۆژی(٥/٥/١٩٧٩) لەبارەگای حشعو بەهۆی ناوبژیوانی ئەوانەوە، نوێنەرانی هەریەکە لەحشع، کەپێکهاتبوون لەفاتیح رەسوڵ، مەجید عەبدورەزاق، سەید تۆفیق، فەتاح تۆفیق، لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی، کەپێکهاتبوون لەد.کەمال خۆشناو، سالار عەزیزو نوێنەرانی بزوتنەوە، کەپێکهاتبوون لەحاجی حاجی برایم، قادر جەباری، لەسەر چەند خاڵێك، کەزیاتر مەسەلەی داراییو باجو گومرگو ناوچەی فەرمانڕەوایی بوو گفتوگۆ دەکەنو رێکدەکەون.[2] ئەم رێکەوتنەش دادی ناکۆکییەکانی هەردوولای نەداو شەڕو کوشتار لەنێوان هەردوولا لەبناری کۆسرەت لەگوندی(شوشکە) لەرۆژی(٥/٧/١٩٧٩) روویدا، کەهێزێکی یەکێتی بەفەرماندەی شەفیق زاهیر بۆسەیەك بۆدەستەیەك پێشمەرگەی بزوتنەوە بەفەرماندەیەتی شێرکۆ شێخ عەلیو سەرباز ئەحمەد دادەنێن. لەئەنجامدا دوو پێشمەرگەی بزوتنەوە دەکوژرێنو کۆمەڵێك پێشمەرگەی تریش بریندار دەبنو چەك دەکرێن.[3]

دواجار لەرۆژانی(٣-٦/٨/١٩٧٩)لەگۆڕەشێر بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو لیژنەی ئامادەکاری(پ.د.ك) کۆبوونەوەیەکی فراوانیان گرێدا، کەلەبنەڕەتدا کۆنگرەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بوو. بەئامادەبوونی زیاتر لە(١٥٠) فەرماندەو پێشمەرگەو کادرو ئەندام، پاش تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردستانو عێراق لیژنەی ناوەندییان هەڵبژارد، کەپێکهاتبوون لە(رەسول مامەند، مەحمود عوسمان، تایەری عەلی والی، عادل موراد، قادر جەباری، مەلا ناسیح، عەدنان موفتی، سەید کاکە سەید ئیسماعیل، قادر عەزیز، ئەحمەد فەقێ رەش، شەوکەتی حاجی مشیر، ئەنوەر مەجید سوڵتان، شیروان شیروەندی، مولازم فوئاد عومەر).[4] هەر لەو کۆنگرەیەدا ناوی پارتە نوێیەکەیان بەناوی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانەوە راگەیاندو ساڵەح یوسفی کەئەوکات لەبەغدابوو، بەنهێنی کاری دەکرد بەسکرتێری گشتی هەڵبژێردرا،[5] بەڵام لەبەرئەوەی دووربوو، نامەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەکە بۆناردنو هەندێ ئامۆژگاریکردن.

---

(١) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٨٨،٨٩.

(٢) بۆ وردەکاری ئەو خاڵانەی، کەلەو کۆبوونەوەیەدا باسکراوە بڕوانە فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٩١،٩٢.

(٣) سەید کاکە: بیرەوەری، ل١٢٢، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٣٢، هەرچەندە باس لەوە دەکرێت کەسەرەتای تەقینەوەی کێشەی نێوان بزوتنەوەو یەکێتی بەوە دەستیپێکردووە، کەپێشمەرگەیەکی مەلا بەختیارو پێشمەرگەیەکی حاجی حاجی برایم تەقەیان لەیەك کردووە لەگوندی شێنێ، بڕوانە شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٤٣. رەنگە ئەمە حاڵەتێکی تاکەکەسی بووبێت، چونکە پێکدادانی چەکداری بۆئەو رووداوە ناگەڕێتەوە.

(٤) فاتح رسول: صفحات، ص١٤٧،١٤٨، یوسف حنا یوسف: مذکرات، ص١٠، گۆڤاری پیشکەوتن، ژمارە(٣)، ل٩، صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٨٧، ٤٨٨.

(٥) جەمالی حەکیم ئاغا دەڵێت:"ڕێکخستنەکانی سلێمانی بێئاگابوون لەهەڵبژاردنی ساڵەح یوسفی وەك سکرتێر"، بەڵام شێخ محەمەد شاکەلی ئەو قسەیە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ:"ساڵەح یوسفی بەدەنگی زۆرینە کراوەتە سکرتێر"، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ جەمال حەکیم ئاغا لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٧)، سلێمانی، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤)، هەولێر.

هەریەکە لە(شێخ محەمەد شاکەلیو عەلی هەژارو کاردۆ گەڵاڵی)یش، کە لەنێو شارەکان بوونو سەرپەرشتی ڕێکخستنە نهێنییەکانیان دەکرد، لەبەر باری ئاسایش هەرچەندە ئامادەی کۆنگرە نەبوون، بەڵام بەئەندامی سەرکردایەتی دانران. هەروەها بەهۆی دووری ساڵەح یوسفییەوە، لەکۆنگرەدا سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵیان لە(ڕەسوڵ مامەند، مەحمود عوسمان، تایەری عەلی والی) پێکهێنا.[1]

لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت ڕاستە ساڵەح یوسفی دوور بوو، بەڵام ئەم حاڵەتە بەڵگەی ئەوەبوو، کەنەتوانرابوو لەکۆنگرەدا مەسەلەی کەسی یەکەمو سەرۆکی حزب، یان لانیکەم جێگری سکرتێری گشتی یەکلایی بکرێتەوە، بۆیە پەنابراوەتە بەر سەرکردایەتیکردنی بەکۆمەڵ. هەرچەندە ئەمە تایبەتمەندێتییەکی سیاسی بزوتنەوەی سۆسالیستی بوو، بەڵام جگەلەوەی ئەم سەرکردایەتیکردنە مۆدێلێکی سەرکەوتوو نەبوو، هاوکات لەقۆناغەکانی دواتری تەمەنی سیاسی حزبی سۆسیالیستدا ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو لەسەر سیاسەتو ئاراستەو ڕەوشی ناوخۆییو پەیوەندییەکانو خەباتی چەکداری ئەم حزبە نوێیە، کەئەویش سەرهەڵدانی ناڕاستەوخۆی ناکۆکیو جیاوازی نێوان ڕەسوڵ مامەندو مەحمود عوسمان بوو. لەلایەکیترەوە دووری ساڵەح یوسفی تارۆژی کوشتنی کەلێنو بۆشایی سیاسیو هزری لەنێو ئەو حزبەدا دروستکرد، چونکە کەسێکی هزری بەهێز بوو.

دواجار لەرۆژی(١٩٧٩/٨/٨) دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ڕاگەیەنراو دوای ڕاگەیاندنیشی جەماوەرو پێشمەرگەی زۆر ڕوویان لێکرد، بەحوکمی ئەوەی لەنێوان یەکێتیو سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)دا هێڵی سێیەم بوو. جگەلەمە فەرماندەو سەرکردەکانیشیان کەسانی بەتەمەنو ناسراوی شۆڕشی پێشووی ئەیلوول بوونو زیاتر لەناوچەکانی هەولێر بەپلەی یەکەمو ناوچەی شارەزوورو قەڵادزەو سلێمانی بەپلەی دووەم لایەنگرو پێگەی کۆمەڵایەتیان هەبوو.[2] لەم قۆناغەداو لەکاتی هاتنەدەرەوەی بزوتنەوە لەریزەکانی یەکێتی، پاشئەوەی بەعس پەیوەندی پێوەکردن، تاکلایەنانە دەستیان کردە وتووێژ لەگەڵ بەعسدا، بەڵام شتێکی ئەوتۆیان دەستگیر نەبوو، بەپێچەوانەوە لەکانوونی یەکەمی(١٩٧٩)دا بەعس پەلاماری دۆڵی سماقوڵی داو چەند پێشمەرگەیەکی (حسیك)ی کوشتو وتووێژیش شکستی هێنا.[3] لەراستیدا ئەگەر سەیری ئەوکاتە بکەین، کەبەعس بۆوتوێژ لەگەڵ حسیکدا دەستنیشانی کردبوو، تێبینی ئەوە دەکەین نیازی ڕێککەوتنو چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی نەبووە، چونکە تازە ئەوان لەریزەکانی یەکێتی هاتبوونەدەرەوەو لەلایەکیترەوە بەعس دەیزانی حسیك بەتەنهایەو لایەنەکانی تریان لەگەڵدا نییەو تەنها بۆدوورخستنەوەی ئەوان بوو لەریزی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیداو دروستکردنی دووبەرەکیش بوو لەنێوانیاندا. دواجار ئەنجامەکانی ئەم وتووێژەش ڕاستی ئەم بۆچوونەیان سەلماند.

---

(١) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص١٤٨، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی(٢٠٠٩/١٠/١٥)، هەولێر.

(٢) صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٩٠، میهران ئیزدی: چەردە باسێك لەبارەی كوردانەوە، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە(ئەمین شوان)، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٨٦.

(٣) گۆڤاری(پێشكەوتن)، ئۆرگانی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان، ژ(٥)، ساڵی سێیەم، نیسانی(١٩٨٨)، ل٤٦،٤٧.

# بەشی دووەم(حزبی سۆسیالیست لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٥)دا

**باسی یەكەم- وتووێژی نێوان سۆسیالیستو حكومەتی بەعس**

**باسی دووەم- گەشەكردنی سیاسیو سەربازیی سۆسیالیستو بەشداریكردنی لەدوو بەرەی دژ بەیەكدا**

**باسی سێیەم- سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ**

**باسی چوارەم- سەرهەڵدانی ناكۆكیو دووبەرەكی لەنێو ریزەكانی حزبی سۆسیالیستدا**

**باسی پێنجەم- پەیوەندییە سیاسییەكانی حزبی سۆسیالیست**

**ئەلف: پەیوەندی لەگەڵ پارتە سیاسییەكانی باشوری كوردستان**

**بێ: پەیوەندی لەگەڵ رێكخراوو پارتە سیاسییەكانی پارچەكانی تری كوردستان**

**جیم: پەیوەندی لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ناوچەكە**

**هاء: پەیوەندی لەگەڵ هێزە بەرهەڵستیكارەكانی عێراق**

**واو: پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكە**

**یاء: پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریكا**

## باسی یەکەم- وتووێژی نێوان حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حکومەتی بەعس:

بزوتنەوەی سۆسیالیستی راستەوخۆ دوای ماوەیەکی کەم لەهاتنەدەرەوەیان لەریزەکانی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان، دەستیانکرد بەوتووێژ لەگەڵ بەعسدا. باسیش لەوە دەکرێت بەرلەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی ریزەکانی یەکێتی جێبهێڵێ، حکومەتی عێراق هەوڵی دەستپێکردنی وتووێژی لەگەڵدا داون، بەتایبەت لەسەرەتای ساڵی(١٩٧٨)، گوایە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆیەك لەنێوان بزوتنەوەی سۆسیالیستیو حکومەتی عێراقدا هەبووە، بەڵام کاتێك ئەوان لەریزەکانی یەکێتی هاتنەدەرەوەو پاش بەستنی کۆنگرەو راگەیاندنی حسیك، زەمینەی وتووێژکردن لەگەڵ بەعس باشتر سازبوو، چونکە جۆرێك لەسەربەخۆیی زیاتریان لەپەیوەندیکردنو هەڵسوکەوتی سیاسی بۆدروستبوو. بۆیە لەناوەڕاستی ساڵی(١٩٧٩)نوێنەرێکی عێراق هاتو لەگەڵیاندا کەوتە وتووێژ.[1] پێشتریش لەدەوروبەری ناوەڕاستی مانگی نیسانی(١٩٧٩) حکومەت چەند نامەیەك بۆلایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان ، بەمەبەستی وتووێژو لێکنزیکبوونەوە دەنێرێت. لەو نێوانەدا نامە بۆهەریەکە لەرەسوڵ مامەندو مەحمود عوسمان دەنێرێت.[2]

هەندێ هۆکار پاڵیان بە(حسیك)ەوە نا بۆتووێژکردن لەگەڵ حکومەت، لەوانە: هەموو لایەنەکانی کوردستان لەو قۆناغەدا بەشێوەیەکی گشتی بەرەهایی دژی وتووێژ نەبوون، بۆیە حسیك دەیویست لەرێگای رێکەوتنێکەوە لەگەڵ بەعس، هەندێ دەستکەوت بۆکورد وەدەستبهێنێت. هەروەها دوای هاتنەدەرەوەیان لەریزەکانی یەکێتی فشارێکی زۆریان لەسەربوو، ئەمە جگەلەوەی ئەگەری پێکدادانی چەکداریش لەئارادابوو. ئەمە وایکردبوو دۆخێکی ناخۆش بۆ حسیك دروستببێت. بۆیە وتووێژ ئامرازێك بوو بۆکەمکردنەوەی فشارو رزگاربوون لەو بارودۆخەی تێیکەوتبوون.[3] جیا لەمانە هەموو حزبەکان تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆیان لەڕووی پەیوەندیو هەڵسوکەوتی سیاسییەوە هەبوو. ئەمە سەرباری ئەوەی بارودۆخی داراییان خراپبوو، هەندێ پێشمەرگەشیان تەسلیم بەحکومەتی بەعس بووبوونەوە.[4] عەدنان موفتی جگەلەوەی ئەمانە پشتڕاست دەکاتەوە دەڵێت:"سەدام حسێن لەتەموزی(١٩٧٩) هاتە شاری هەولێر، وتارێکییداو رایگەیاند ئامادەیە کێشەی کورد بەرێگای وتووێژ چارەسەر بکات. لەم نێوەندەشدا قاسلمو رۆڵی سەرەکی بینی لەوەدا، کەئێمە لەگەڵ بەعس بچینە نێو وتووێژەوە، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆئەو دەستپێشخەرییە".[5]

---

(١) عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل١١٢.

(٢) فاتح رسول: صفحات، چ١، ص٨٢.

(٣)مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٢٢٠.

(٤) بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند، ص٣٠١.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

هەندێ لەسەرکردەکانی سۆسیالیستیش لەگەڵ وتووێژدا بوون، راستی ئەم قسەیە لەو نامەیەی ساڵح یوسفیدا دەردەکەوێت، کەبۆ رەسوڵ مامەندو د.مەحمود عوسمانو تایەری عەلی والی دەنێرێو تیایدا باس لەپێویستی کردنەوەی دەرگای وتووێژ لەگەڵ بەعسدا دەکاتو ئەو هەنگاوەی کەئەوان(واتە سەرکردایەتی حسیک) ناویانە بۆ وتووێژ بەرز دەنرخێنێ.[1] رەنگە بۆچوونێکی بابەتی بێت حسیك لەو قۆناغەدا وتووێژ لەگەڵ بەعس، وەك هەوڵێك بۆروبەڕووبوونەوەی ئەگەری فراوانبوونو گەورەبوونی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەکێتیدا بەکاربهێنێت، چونکە پێشتر هەندێك پێشمەرگەیان لەیەکتری کوشتبوو، دۆخەکەش بەرەو شەڕێکی خوێناوی دەڕۆیشت. پێدەچێت حسیك ئامادەسازی ئەوەی کردبێت بەهۆی وتووێژکردن خۆی بۆئەو شەڕو پێشهاتە ئامادە بکات. مەسەلەی وتووێژکردنی بێمەرج لەگەڵ بەعس لای رێکخستنەکانی ناوشاری سۆسیالیست جێگەی قبوڵکردن نەبوو، بەڵکو تێڕوانینی تایبەتی خۆیان بۆ وتووێژ لەگەڵ بەعس هەبوو.[2] بەتایبەت لای هەریەکە لە(کاردۆ گەلاڵی، عەلی هەژار). سەرکردایەتی حسیك لەشاخ بۆ ئەم مەبەستە حاجی حاجی برایم دەنێرن بۆهەولێر بۆوەرگرتنی بیروڕای رێکخستنی ناوشار. لەو کۆبوونەوەیەدا کەلەماڵی عەلی هەژار لەنێوان( کاردۆ گەلاڵیو عەلی هەژارو عەلی رەسوڵو حاجی حاجی برایم)دا کرا، مەسەلەی وتووێژکردن لەگەڵ بەعس بەچەند مەرجو داواکارییەك قبوڵ دەکەنو هەڵوێستی خۆیان بەنامەیەك ئاراستەی سەرکردایەتی دەرەوە دەکەن. مەرجو داواکارییەکانی رێکخستنەکانیش پێکهاتبوون لە:

ئەلف– ئەگەر حکومەت نیازی پاکی هەیە، با رێکەوتننامەی ئازاری(١٩٧٠) لەرادیۆو تەلەفزیۆنی ناوەندی عێراقەوە رابگەیەنێ.

بێ– ئەو خەڵکانەی لەگوندو دێهاتەکان گواستراونەتەوە بیانگێڕێتەوە شوێنی خۆیان.

جیم– ئەو خەڵکانەی لەباشوری عێراق راپێچی کردون بیانهێنێتەوە شوێنی خۆیان.

دال– ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرەوە پێشەکی جێبەجێ نەکات، ئەوا پێمانووایە هەر گفتوگۆیەك ئەنجام بدرێت سەرکەوتن وەدەست ناهێنێت.

لەراستیشدا مەرجەکانیان بابەتیو واقیعی بوون، بەڵام پێناچێت سەرکردایەتی حسیك لەشاخ کاری بەم مەرجو تێبینیانەی ئەوان کردبێ، چونکە دواجار وتووێژکردن لەنێوان بەعسو حسیکدا بێ هیچ ئەنجام درا. لەولاشەوە حکومەتی بەعس سیاسەتو مەبەستی خۆی لەم نزیکبوونەوەیەدا هەبوو، بەتایبەت ئەگەرەکانی دەستپێکردنی شەڕی عێراق– ئێران، کەدواتر نزیکەی هەشت ساڵی خایاند، لەو قۆناغەدا نزیکبوونەوەو بەگوێرەی رەفتاری سیاسیو سەربازی، عێراق نیازی هەڵگیرساندنی شەڕی هەبوو. لەلایەکیتریشەوە بەعس دەیویست دووبەرەکیو تەنانەت شەڕو کوشتار بخاتە نێو ریزەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردەوە، بەراکێشانی حسیك بەلای خۆیداو دوورخستنەوەی لەلایەنەکانی دیکەی نێو جوڵانەوەکە،[3] چونکە حسیك لەو قۆناغەدا هێزێکی چەکداری تاڕادەیەك گەورەو کاریگەر بوو، بەئاسانی بەعس دەیتوانی شەڕی لایەنەکانی دیکەی بەگشتیو یەکێتی بەتایبەت پێبکات. هەروەها بەعس نیازی رێکەوتنو سازشکردنی لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نەبوو، چونکە

(١) نامەی ساڵەح یوسفی بۆ سەرکردایەتی حسیك (رەسوڵ مامەند، د.مەحمود عوسمان، تایەری عەلی والی) لەپاییزی ١٩٧٩، دەق لەعبدالسلام علی: صفحات، ص٧٨، رۆژمێری پێشمەرگەیەك، ب١، ل٧٣.

(٢) بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند، ل٧٨،٧٩،

(٣) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص ١٤٨.

لەلایەك حسیك بەتەنها نوێنەری مەسەلەی كورد نەبوو، تاوەكو بەعس وتووێژو سازشی لەگەڵدا بكاتو لەڕووی قەبارەشەوە ئەوەندە گەورە نەبوو. بۆیە بەعس مەبەستی سود وەرگرتنێكی كاتیی بوو لەحسیك دژی لایەنەكانی تر لەو قۆناغەداو دروستكردنی دووبەرەكی بوو لەنێوانیاندا.[1]

وتووێژ دەستیپێكردو لەرۆژی(١٩٧٩/٩/٣٠) نوێنەرانی حسیك، كەپێكهاتبوون لەمەحمود عوسمانو عەدنان موفتی لە(مانگی تشرینی یەكەمی١٩٧٩) لەقەڵادزێوە بۆ كەركوك بوانو لەوێشەوە بەرەو بەغدا بەڕێكەوتن. لەم چوونەدا سەعدون شاكیر وەزیری كاروباری ناوەوەو فازیل بەراك بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشو دوای ئەوانیش(سەدام حسێن) بینی، كەچەند مانگێك بوو، بووبووە سەرۆك كۆمار.[2] پاش ماوەیەك لەدانیشتنو وتووێژ هەردوولا بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشتن.[3] چونكە حكومەت داوای لێكردبوون واز لەخەباتی چەكداری بهێننو خۆیان بەدەستەوە بدەنو بگەڕێنەوە ژێر باڵی حكومەت، بەڵێنی هیچ دەسكەوتێكی سیاسیشی پێنەدابوون.[4] بەڵام پێشمەرگەكانی حسیك خۆبەدەستەوەدانو گەڕانەوەیان قبوڵ نەكردو سەركردایەتی(حسیك)یش ئامادەنەبوو بداتە پاڵ بەعس.[5] چونكە هەردوولا لەروانگەی جیاوازەوە سەیری وتووێژیان دەكرد.

لەهەندێ سەرچاوەی تریشدا باس لەوە دەكرێت حكومەتی بەعس داوای لەحسیك كردووە، بەهەموو هێزی سەربازی لەتەنیشتی عێراق لەبەرامبەر ئەگەری هەر هێرشێك رابوەستێت، كە لەلایەنی دەرەكییەوە روبەڕووی ببێتەوە. لێرەشدا مەبەستی ئێرانو دووریش نییە لایەنە كوردییەكان بووبێت. هەروەها داوای لێكردبوو، كە(حسیك)یش چالاكی چەكداری پارتە كوردییەكانی تر لەناوچەكانی ژێر دەسەڵاتیدا قەدەغە بكات.[6] بەتایبەت هێرشبكاتە سەر یەكێتی،[7] چونكە چەند رۆژێك بوو، بەتایبەت لەرۆژی(١٩٧٩/١١/٩) كەمال خۆشناوو فازیل كەریم ئەحمەد(حشع) ئاگادار دەكەنەوە لەوەی حسیك شوێنەكانی خۆیان لەشەوو رۆژێكدا لەپشتی(شێنێو زەڵێ) وە گرتووەو خەندەقو بنكەو یارەگایان زیادكردووەو مەترسی ئەوەیان لێدەكرێت

(١) عەلی تەتەر نێرەوەی: بزاڤی، ل١١٤.

(٢) یەكێتی ی نیشتمانی كوردستان: گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپخانەی شەهید جەعفەر، كانوونی دووەمی ١٩٨٥، بنكەی چاپەمنی ئاسۆس، ل٥٨، نەوشیروان مستەفا: پەنجەكان، ل١٣٨، مەلا ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەكانم، ل٣٥٧.

(٣) یوسف حنا یوسف: مذكرات، ص١٣٠.

(٤) شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٧٦، نەوشیروان مستەفا: پەنجەكان، ل١٣٨.

(٥) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٤٠٦، مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٢٢١.

(٦) صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٩٠، مەلا بەختيار: ياخى بوون، ل٢١٩.
(٧) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص ٣٨٢.

بەهاوكارى حكومەتى بەعس هێرش بكەنە سەر يەكێتىو داوا دەكەن حشع نامەيەك بۆ حدكا بنێرێتو ئەوانيش ئەم كێشەيە لەگەڵ حسيك چارەسەر بكەن.[١] هەرچى مەرجەكانى(حسيك)يش بوو لەمەسەلەى وتووێژ لەگەڵ بەعسدا بريتى بوو لە:نەهێشتنى راگواستنو دەركردنو گەڕاندنەوەى گونديیەكان بۆسەر گوندەكانيان، جێبەجێكردنى خاڵەكانى رێكەوتننامەى ئازارى(١٩٧٠)، دابينكردنى فرەحزبى، بەردانى گيراوەكانو هەڵوەشاندنەوەى ياساكانى بارى نائاسايى لەكوردستاندا.[٢] هەرچەندە مەرجو داواكارییەكانى حسيك راستو رەوابوون، بەڵام بەبەراوردكردن لەگەڵ مەرجەكانى حكومەتدا زۆر جياوازبوو، لەلايەكيتريشەوە مەبەستى هەردوولا زۆر لەيەكترییەوە دووربوو، بەجۆرێ حسيك لاى خۆيەوە بۆچارەسەركردنى مەسەلەى كوردو وەدەستهێنانى هەندێ دەسكەوتى سياسى وتووێژى قبوڵكردو لەولاشەوە بەعس بەمەبەستى سود وەرگرتنى كاتيى لەحسيكو دروستكردنى دووبەرەكى لەنێو جوڵانەوەى رزگاريخوازيى كورديدابوو. بۆيە شتێكى چاوەڕوانكراوبوو وتووێژ ئاكامى ئەوتۆى لێنەكەوێتەوە، بەڵام بەگشتى شكستهێنانى وتووێژ بێبەش نەبوو لەكاريگەرى ئەم خاڵانەى لاى خوارەوەش:

١. بەهێزى حكومەتى عێراق بەهۆى تەنازول كردنى بۆئێرانو مۆركردنى رێكەوتننامەى جەزائير لە(٦ى ئادارى ١٩٧٥)و لاوازىو پەرتەوازەيى جوڵانەوەى كورد لەوكاتەدا.
٢. هەولَى يەكلايەنەى حسيك بەتەنها بەبێ يەكێتىو حشعو سەركردايەتى كاتيى(پارتى)و پاسۆك، كەحكومەت بەباشى ئەمەى دەزانىو(حسيك)يش هێندەى قەبارەى خۆى قورسايى هەبوو. هاوكات بەتەنها نوێنەرىو قسەكەرى مەسەلەى كورد نەبوو.
٣. تەرازووى هێزى سياسىو چەكداريى نابەرامبەرییەكى گەورەى تێدابوو، حكومەت دەيزانى لەگەڵ(حسيك)يش نەگاتە رێكەوتن، دەتوانێت لەرووى سەربازییەوە بەسەرياندا زاڵببێت.
٤. جوڵانەوەى كورد لەو قۆناغەدا لەنێوخۆيدا ناكۆكو ناتەبابوو، جگەلەوەى پشتيوانو ياريدەدەرى ئەوتۆى نەبوو.
٥. بەعس لەوكاتەدا ئامادەنەبوو هيچ دەسكەوتێكى راستەقينە بەكورد بدات.[٣]

مەحمود عوسمان ئاگادارى حشعو يەكێتى كردو هەوڵيدا ئەوانيش بۆ وتووێژكردن لەگەڵ بەعس رابكێشێن بۆئەم مەبەستە دووجار لەگەڵ جەلال تاڵەبانى سكرتێرى گشتى(ى.ن.ك)كۆبوونەوەى كرد،[٤] بەڵام هەر لەسەرەتاوە يەكێتىو حشع دژى وتووێژكردنى نهێنىو يەكلايەنەى نێوان حسيكو بەعس بوونو[٥] يادداشتێكى توندیان لەرۆژى(١٩٧٩/١١/١) بە حسيك داو داوايانكرد، حسيك واز لەوتووێژكردن لەگەڵ بەعس

(١) م.ن، ص٣٨٩،٣٨٨.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٣) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٣٩.

(٤) یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی، ل٥٨، فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٣٧.

(٥) ڕێباز: قەندیل، ل٩٠، ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەرییەکانم، ل٣٥٧، شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٧٦.

بهێنێو کێشەکانیشی لەگەڵ یەکێتی بەرێگای گفتوگۆ چارەسەر بکاتو شان بەشانی ئەوان کار بۆروخاندنی حکومەتی دیکتاتۆری عێراق بکات.[١] لەلایەکیترەوە باس لەوە دەکرێت نیمچە رێکەوتنێك لەنێوان حسیكو یەکێتیو حشعدا هەبوبێت، تاهیچ لایەنێك بەتەنها وتووێژ لەگەڵ بەعسدا نەکات.[٢] د.مەحمود عوسمان دەڵێت:"کاتێك بەعس ئامادەیی بۆوتووێژ دەربڕی ئێمە وەکو سۆسیالیست چووینە پێشەوەو دوای ئەوەی چووینە بەغداو لێپرسراوانی بەعسمان بینی، پاش چەند رۆژێك هاتینەوە کوردستانو پرسمان بەیەکێتیو حشع کرد، بەڵام ئەوان لەگەڵ وتووێژکردن لەگەڵ بەعسدا نەبوون".[٣] بۆیە راستی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە هەر لایەنێك تاڕادەیەك جۆرێك لەسەربەخۆیی سیاسی هەبووەو بەعس نامەی بۆلایەنەکانی تریش ناردبوو. جەلال تاڵەبانی لەدانیشتنێکی نێوان یەکێتیو حشعدا لەرۆژی(٢/٤/١٩٧٩)باس لە هەواڵ ناردنی بەعس بۆ وتووێژ دەکات. زیاتریش یەکێتی دژی وتووێژکردنی حسیك لەگەڵ بەعس بوو، چونکە بەمایەی مەترسی لەسەر خۆی دەزانی. جەلال تاڵەبانی لەنامەیەکی مەکتەبی سیاسیدا لەرۆژی(١/١٠/١٩٧٩)بۆمەکتەبی هەرێمی کوردستانی حشع نوسیوە، باس لەپەیوەندیکردنی حسیك بەبەعسەوە دەکاتو لەخاڵی دووەمی ئەو نامەیەدا هاتووە:"هەریەکە لەرەسوڵ مامەندو سەید کاکەو حاجی حاجی برایم، خێزانوماڵو منداڵی خۆیانو براکانیانو باوکی سەید حاجیو نزیکەکانیان بۆقەڵادزەو هەولێرو کۆمەڵگە نیشتەجێیەکان گێڕاوەتەوەو حکومەتی بەعسیش بەخێرهاتنی کردوونو یارمەتیو بژێویو نیشتەجێبوونی داونو بڕی(١٠٠)دیناری مانگانە وەك موچە بۆئەو خێزانانە بڕیوەتەوە".[٤] بەڵام ناکرێ ئەمە سەبارەت بەنزیکبوونەوەی بەعسو سۆسیالیست بکرێتە بەڵگەیەکی زانستی، بۆیە جێگەی بڕوا نییە.

تەنانەت جەلال تاڵەبانی لەو دانیشتنە سێ قۆڵییەدا، کەلەرۆژی(١/١١/١٩٧٩)لەزەڵێ لەنێوان نوێنەرانی حدکاو یەکێتیو حشعدا بۆقسەکردن لەسەر رووداوەکانی ئەوکاتە ئەنجام دەدرێت، بەتوندی هێرش دەکاتە سەر حسیكو باس لەوە دەکات کەوتوونەتە جوڵەی نهێنیو ئاشکرا لەگەڵ بەعسداو لەنزیك مۆڵگەو خەندەقەکانی دوژمنەوە لەنزیك گوندی رووخاوی(گڵ کەنکی) خۆیان حەشارداوەو لەرێگای نامە ناردنەوە پەیوەندییان بەو کوێخاو دەرەبەگو جوتیارو چەکدارانەوە کردووە، کەیەکێتیو دۆستی یەکێتینو داوایان لێکردوون بگەڕێنەوە ریزی حکومەتی بەعس، لەبەرئەوەی بەعس مافە نەتەوەییەکان بەکورد دەبەخشێ. هەروەها پەنابردنی حسیك بەحکومەتی بەعس بەبەکرێگیراوی لەقەڵەم دەداتو کاتێکیش قبوڵی دەبێت، پەیوەندی حسیكو یەکێتی ئاسایی ببێتەوە، بەو مەرجەی حسیك بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان لەبێدەلانو گۆڕەشێرو پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ بەعس بپچڕێنن.[٥]

(١) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص ٤٠٦.

(٢) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٣٨، ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم، ل٣٥٧.

(٣) وتووێژی توێژەر لەگەڵ (د.مەحمود عوسمان)، لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە، لەرۆژی(٢٠٠٩/٨/١٨).

(٤) نامەی جەلال تاڵەبانی بۆمەکتەبی هەرێمی کوردستانی حشع لەرۆژی(١٩٧٩/١٠/١) دەق لە فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٢٨٧،٢٨٨.

(٥) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص(٣٤١، ٣٤٨، ٣٤٩).

مەکتەبی هەرێمی کوردستانی(حشع)یش لەم دانیشتنەدا بەتوندی دژی ئەم پەیوەندییەی حسیكو بەعس دەوەستنەوەو لەسەر زاری یوسف حەنا داوا لەحدکا دەکەن، بەهۆی پەیوەندی پتەویان بەحسیکەوە، ئەوان قەناعەت پێبکەن واز لەو پەیوەندییە لەگەڵ بەعس بهێنن.[1] لەکۆتاییشدا حشعو یەکێتی یادداشتێك ئاراستەی حسیك دەکەنو ئاگاداریان دەکەنەوە، کەرێگای هەڵەو مەترسیداریان گرتووەتەبەرو بەهیچ شێوەیەك سەدام حسێنو حکومەتی بەعس جێی بڕوا نینو داواکارییەکانی کوردیش جێبەجێ ناکەن. لەبەشێکی تری یادداشتەکەدا ئەوەش هاتووە هەموو ئەو پاساوو بیانووانەی حسیك بۆنزیکبوونەوە لەبەعس هێناویەتییەوە ماقوڵ نییەو دژی بەرژەوەندی نیشتمانییەو پێویستە حسیك کۆتایی بەو پەیوەندییەو نزیکبوونەوەیە لەگەڵ بەعس بهێنێ.[2]

حسیك بەنامەیەکی مەکتەبی سیاسی لەرۆژی(١٩٧٩/١١/١٧) وەڵامی یادداشتەکە بۆحشع دەنوسێتەوەو وەڵامی یەکێتی دوادەخات. لەو وەڵامەدا کەبۆ(حشع)یان نوسیوە رەخنەی زۆر لەشێوازی نوسینی یادداشتەکەو هەندێ وشەو دەستەواژەو تۆمەتبارکردن دەگرن، کەخراونەتە پاڵیانو بەهەڵمەتێکی پڕوپاگەندەیی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام لەو نامەیەدا بەهیچ شێوەیەك باس لەپەیوەندیو وتووێژی خۆیان لەگەڵ بەعسدا ناکەن.[3]

تاوەکو حسیك نەگەیشتە بێئاکامی وتووێژەکان، سوربوو لەسەر درێژەدان بەوتووێژو لەبەعس نائومێد نەبوونو پڕوپاگەندەیان بۆ کەڵکی رێکەوتن دەکرد، ئەوەبوو لەرۆژی(٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩) سوپای حکومەت لەدۆڵی سماقوڵی پەلاماری دانو سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمەکەو شینەی بۆڵێ، یەکێك لەفەرماندەی کەرتەکانیانو چەند پێشمەرگەیەکیتر کوژران. ئیتر ئەمە هیچ هیوایەکی بەوتووێژ نەهێشتن.[4] دواجار حسیك لەرۆژی(١٩٨٠/١/١٥)، کەهێشتا وتووێژ یەکلایی نەبووەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تیایدا باس لەو شەڕە دەکاتو بەتوندی هێرش دەکاتە سەر حکومەتی بەغداو بەفاشی ناوی دەباتو داوای روخاندنی دەکاتو سەرنەگرتنی وتووێژەکانی نێوانیان رادەگەیەنێت. ئەم هەڵوێستە تازەیەی حسیك دوای سێ مانگ لەپەیوەندی ئاشکراو نهێنی لەگەڵ بەعس لەلایەن هێزو حزبەکانی بەرهەڵستکارەوە بەهەنگاوی ئیجابی وەرگیرا،[5] چونکە هەموو هێزەکان پێیان ناخۆشبوو حسیك بەتەنهاو بێپرس لەبەعس نزیکبۆتەوە. ترسی ئەوەشیان هەبوو حکومەتی بەعس لەرێگای هاوکاریکردنی حسیکەوە پشێویو شەڕی براکوژی زیاتر لەکوردستاندا قووڵ بکاتەوە.

(١) المصدر نفسه، ص٣٤٨.

(٢) یادداشتی حشعو یەکێتی بۆمەکتەبی سیاسی حسیك لەرۆژی(١٩٧٩/١١/١) دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج١، ص٣٦٨.

(٣) نامەی مەکتەبی سیاسی حسیك بۆمەکتەبی هەرێمی کوردستانی حشع، لەرۆژی(١٩٧٩/١١/١٧)، دەق لەفاتح رسول: صفحات من، ج١، ص٣٧٨.

(٤) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٣٩، شاخەوان عەباس: سەفەری، ل٢٨٣، صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٩١.

(٥) فاتح رسول: صفحات، ج٢، ص٢٠،٢١، نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٣٩.

## باسی دووەم- گەشەکردنی سیاسیو سەربازی حزبی سۆسیالیستی کوردستانو بەشداریکردنی لەدوو بەرەی دژ بەیەکدا:

پاش ئەنجامدانی کۆنگرە دامەزراو راگەیەنرا، جەماوەرێکی زۆری پێشمەرگەو خەڵك روویان تێکرد، لەلایەك لەبەرئەوەی لەنێوان سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)و یەکێتیدا هێڵی سێیەم بوون، لەلایەکیتریشەوە سەرکردەو فەرماندەکانیان لەناوچەکانی کوردستاندا کەسایەتیی کۆمەڵایەتی ناسراوبوونو زۆربەشیان پێشتر پێشمەرگەو بەرپرس بوون لەشۆڕشی ئەیلولداو خەڵکی گوندنشینو شارو شارۆچکەکان دەیانناسین. ئەمە جگەلەوەی چەندین سەرکردەو فەرماندەی گەورەو ناوداریان لەگەڵدابوو. هاوکات لەرووی رێکخستنیشەوە تاڕادەیەکی باش بەنهێنی تادەهات لەشارەکانی کوردستانو ناوەڕاستو خوارووی عێراقدا کاریان دەکردو لەگەشەکردندابوون.[1] بەتایبەتیش بەپلەی یەکەم لەدەشتی هەولێرو شارەزوورو قەڵادزەو سلێمانی، نفوزو لایەنگری زۆریان هەبوو، بەجۆرێ بەشێوەیەکی باش گەشەی سیاسیو سەربازییان کرد.[2]

لەم قۆناغەدا ناکۆکییەکانی نێوان حسیكو یەکێتی درێژەی هەبوو، هەرچەندە چەند هەوڵێك بۆکۆتایی هێنان بەو ناکۆکیو شەڕو ململانێیانە درا، بەتایبەت لەرۆژی(١٥/٤/١٩٨٠)لەبارەگای پاسوك، لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی حسیكو یەکێتی، یەکەم کۆبوونەوەی نێوانیان، بۆئاساییکرنەوەی پەیوەندییەکانیانو وەلاداخستنی ناکۆکیو شەڕو کوشتار ئەنجامداو لەسەر چەند خاڵێك رێکەوتن: ئەلف- سوربوون لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەرێگای گفتوگۆو لەیەك گەیشتنو پەنابردنەبەر چەك خزمەت بەدوژمن دەکات.

بێ- راگرتنی هەڵمەتی ئیعلامی لەنوسینو قسەکردندا.

جیم- بەردەوامبوون لەسەر کۆبوونەوەی دەوری بۆئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو باسکردنو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانو زۆر بڕیاری تر.

دال- هەنگاو هەڵگرتن بەهەموو شێوەیەك بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوولا.[3]

بەڵام ئەو دانیشتنە ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوەو ناکۆکیو شەڕی نێوانیان سەریهەڵدایەوە. یەکێتیش لای خۆیەوەو لەنوسراوێکی مەکتەبی سیاسیدا، باسی ئەم دانیشتنەی لەگەڵ حسیكو هەندێك بابەتی تر کردووە. جیا لەمانە یەکێتی لەو نوسراوەدا، کەئاراستەی حسیکی کردووە، داوایان لێدەکەن، هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەسەرکردایەتیی کاتیی(پ.د.ك) روون بکەنەوەو وەك دوژمنی کورد لێیان بڕوانن‌و هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵدا بچڕێنن.[4]

(١) لەو قۆناغانەدا زیاتر شێخ محەمەدی شاکەلی سەرپەرشتی ڕێکخستنە نهێنییەکانی دەکرد.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤)، لەهەولێر.

(٢) میهران ئیزەدی: چەردە، ل٤٨٦، صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٨٨–٤٩٠.

(٣) بڕوانە نوسراوی مەکتەبی سیاسی حسیك لەرۆژی(١٩٨٠/٤/١٧) دەق لەفاتیح رەسول: چەند لاپەرەیەك ب٢،(١٩٨٠–١٩٨١)، ل٤٦.

(٤) نوسراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆمەکتەبی سیاسی حسیك، لەرۆژی(١٩٨٠/٤/٢٠)، دەق لەفاتیح رەسول: چەن، ب٢، ل٥٩.

لێرەدا ئەوەی لەم نوسراوەی یەکێتیدا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کەلایەنی سێیەم دێتە نێو ناکۆکیو پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو حسیك، کەئەویش بریتییە لەسەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك). ئەگەر پێشتر بوونی پەیوەندی نێوان حسیكو سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)، هۆکارێك بوو‌بێت بۆتۆخبوونەوەی ناکۆکی نێوان یەکێتیو حسیك، ئەوا لەم قۆناغە بەدواوە، ڕاستر بڵێین لەساڵی(١٩٨٠) بەدواوە، هاتنەناوەوەی لایەنی سێیەم، واتە سەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك) دەبێت بەهۆکارێك بۆسەرهەڵدانەوەی دووبەرەکی دژ بەیەك لەنێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا. لێرەوە لەپەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان لەباشوری کوردستان، تەنها ڕووداوو بارودۆخە جیاوازەکانی نێوانیان ڕۆڵ لەو نێوانەدا نابینیٚ، بەڵکو کاریگەری لایەنی سێیەمیش ڕۆڵ دەبینێت.

ئەم قۆناغە تاسەرهەڵدانو دروستبوونی کاری بەرەیی لەکوردستاندا، سەردەمو قۆناغێکە، بەگشتی لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە، دوو هەوڵ سەبارەت بەدروستکردنی دوو بەرەی دژ بەیەك بەدی دەکەین، بەجۆرێ هەر لایەنێك لای خۆیەوە بۆبەهێزکردنی پێگەو قورسایی خۆی لەسەر ئەویترو بۆپەراوێزخستنی لایەنەکەی تر، هەوڵی دروستکردنی بەرەی هاوبەش دەدات. دواجار ئەنجامی ئەم هەوڵانە دروستبوونی دوو بەرەی دژ بەیەکی لێکەوتەوە. دیارە لەم نێوەندەشدا حسیك هەم وەك هێزێکی سیاسیو هەم وەك هێزێکی چەکدار، یەکێك لەو پایەو کۆڵەکانە بوو، کەهەریەکە لەیەکێتیو پارتی لای خۆیانەوەو بگرە(حشع)یش لەهەوڵی پەلکێشکردنیاندا بوون بۆلای ئەو بەرەیەی، کە لەهەوڵی دروستکردنیدا بوونو دواجاریش حسیك لەهەردوو بەرەکەدا بەشداربوو وەك دواتر دەیبینین.

جگە لەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حسیكو یەکێتی لەو قۆناغەدا ئاسایی نەبوونەوە، هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتیش تادەهات گرژو ئاڵۆزتر دەبوو، بەجۆرێ لەو قۆناغەدا چەندین شەڕ لەناوچەکانی هەورامانو باڵەك لەنێوانیاندا ڕوویدا.[1] بۆیە لەدەرەوەی ئەو دوو هێزە بەشێك لەپەیوەندییە سیاسییەکانی هێزەکانی تر، بریتی بوو لەهەوڵدان بۆئاشتکردنەوەی یەکێتیو پارتیو کۆتاییهێنان بەشەڕو ناکۆکی نێوانیان. بەتایبەت لەلایەن لیژنەی میانگیریی نیشتمانییەوە(لجنة الوساطة الوطنیة)، کە لەحسیكو پاسۆكو حشعو سەرکردایەتی هەرێمی عێراقی حزبی بەعسەوە پێکهاتبوو هەندێ هەوڵدرا،[2] بەڵام لەبەرئەوەی لەبنەڕەتەوە ئامادەیی بۆئاشتیبوونەوە بوونی نەبوو، بەپێچەوانەشەوە هەریەکە لەیەکێتیو

(١) نامەی سوارە عەباس ئاكۆ فەرماندەی هەرێمی(١٤)ی یەكێتی ی نیشتمانی كوردستان بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٠/٥/١٩) ، دوو نامەی عومەر شێخموس بۆمحەمەدی حاجی مەحمود، نامەی یەكەم لەرۆژی(١٩٨٠/٦/٥)، نامەی دووەم لەرۆژی(١٩٨٠/٨/٥) دەقی هەردوو نامەكە لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل(٤٠٣،٤٠٤)، ل(٤٣١،٤٢٦).

(٢) ئەم لیژنەیە چەند دانیشتنێكی كردو هەندێ هەوڵی بۆئاشتكردنەوەی یەكێتیو پارتی دا، بەڵام سودی نەبوو، چونكە لەلایەك ئەمانە لەدەرەوەی ئەوان بوونو لەلایەكیتریشەوە نوێنەری یەكێتیو پارتی تێدانەبوو. لیژنەكە لەرۆژی(١٩٨٠/١٠/١٦) دانیشتنی یەكەمی ئەنجامداو چەند خاڵێكی خستە بەر باسو لێكۆڵینەوە، وەك: ←

پارتی لەهەوڵی فراوانكردنی دەسەڵاتی خۆیانو بەرتەسك كردنەوەی بەرامبەرەكەیاندا بوون، ئەم هەوڵانەش سودی نەبوو. بۆیە دواجار كاریان بۆدروستكردنو پێكهێنانی بەرەی هاوبەش، كرد.

یەكێتی زووتر توانی كار بۆدامەزراندنی بەرەی هاوبەش بكات، ئەوەبوو لەرۆژی(١٩٧٩/١٠/٢٢)لەناوزەنگ كاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی یەكێتی لەبارەگای حزبی بەعس سەركردایەتی هەرێمی عێراق، لەگەڵ نوێنەرانی حشعو بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیو حزبی بەعس سەركردایەتی هەرێمی عێراقدا، كۆبوونەوەیەكی چوار قۆڵییان رێكخستو چەند بابەتو تەوەرێكیان تاوتوێكرد. ئەمە سەرەتایەك بوو بۆدامەزراندنی بەرەی هاوبەش لەنێوانیاندا بەكرداریيو لەسەر چەند خاڵێك رێكەوتبوون. لەو دانیشتنەدا نوێنەری یەكێتی، پێكهاتبوو لەجەلال تاڵەبانیو چوار ئەندامی سەركردایەتی، نوێنەری حشع بریتی بوو لەهەریەكە لە(عومەری شێخو دوو ئەندام لیژنەی هەندرێن، نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی جەواد دوشو عەونی قەلەمچی بوون. ئەو خاڵانەی وتووێژی لەسەر كرا، پێكهاتبوون لە:

١. لەئێستاوە ئەو چوار هێزە كۆبوونەوەی چوار قۆڵی مانگانە دەبەستن.
٢. پێكهێنانی لیژنەیەكی سەرەكی لەنوێنەری چوار هێزەكە، بەئامانجی كاركردن بۆدامەزراندنی بەرەیەكی دیموكراتی عێراقی یەكگرتوو. ئەو لیژنەیەش یەكەم كۆبوونەوەی لەناوەڕاستی(كانوونی دووەمی ١٩٨٠) لەدیمەشق دەبەستێت.
٣. پێكهێنانی دەزگایەكی تایبەت لەناوزەنگ، بۆرێكخستنو بەڕێوەبردنی كارەكان لەهەموو روویەكەوە.
٤. پێكهێنانی لیژنەیەكی هاوبەش بۆبڵاوكردنەوەو راگەیاندنی هێزە بەرهەڵستكارە عێراقییەكان.

---

← ئەلف– لیژنەی لێتوێژینەوە لەحشعو سەركردایەتی هەرێمی عێراقی حشعو پاسۆك پێكبهێنرێ بۆئەوەی لەم ناكۆكییانەی نێوان حسیكو یەكێتی بكۆڵێتەوە لەرووداوەكانی دوایی.

بێ– تەنسیق لەنێوان حسیكو یەكێتیدا هەبێ بەشاهێدی حشعو بەعس.

جیم– هەر چوار لایان چارەیەك بۆئەم ناكۆكیانەی نێوان یەكێتیو پارتی بدۆزنەوە.

دواتریش پاش ئاڵوگۆڕی چەند نامەو پەیوەندییەك لەنێوان ئەم چوار حزبەدا سەبارەت بەناكۆكییەكانی نێوان یەكێتیو پارتی ئەوەبوو رۆژی(١٩٨٠/١٠/٢٢)نوێنەرانی ئەم لایەنانە دووەم دانیشتنیان لەبارەگای مەكتەبی سیاسی حسیك لەدۆڵەتوو گرێداو لەسەر چەند خاڵێك پێكهاتن، كەبریتیبوون لە:

ئەلف– راگرتنی هەڵمەتی پروپاگەندە لەنێوان یەكێتیو پارتی بۆماوەی مانگێك، كەقابیلی درێژكردنەوەبێو هەڵمەتی پروپاگەندەییەكە رادیۆو بڵاوكراوەو رژنامەو بەیاننامە سیاسییەكان دەگرێتەوە.

بێ– ڕاگرتنی پێکدادانە چەکدارییەکانی نێوان هەردوولا(یەکێتیو پارتی) لەسەر هەموو ئاستەکانو هەریەکەو هێزە چەکدارییەکانی خۆی ئاراستە بکات، کە لەرۆژی دیاریکراودا پێکدادان نەکەن.

جیم– لیژنەکە هەڵدەدات لەپێناوی گرێدانی چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەردوولا(یەکێتیو پارتی) بەئامادەبوونی نوێنەری ئەو لیژنەیە لەپێناوی گەیشتن بەچارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان.

دال– لیژنەکە ڕێزی ئەو لایەنە دەگرێ، کەنەرمی دەنوێنێو وەڵام دەداتەوە بۆگەیشتن بەچارەسەری کێشەکانو لیژنەکە بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی ئەو لایەنەی تر، کەڕێگرىو بەربەست دەخاتە بەردەم کۆششی ئەو لیژنەیەوە. بڕوانە کۆنووسی لیژنەی ناوبژیوانی نیشتمانی لەڕۆژی(٢٢/١٠/١٩٨٠)، بەڵگەنامەی ژمارە(٨)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

٥. پێکهێنانی شاندێکی چوار قۆڵی یەکگرتوو بەناوی( شاندی بزوتنەوەی نیشتمانی عێراقی)و ڕۆیشتن بۆتاران بۆدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ نوسینگەی ئیمام خومەینیو حکومەتی ئێرانیو سەرجەم حزبو هێزە پێشکەوتووخوازو ئاینییەکانی عێراق.[١]

لەدووەم کۆبوونەوەی ئەو چوار حزبەشدا، کە لەرۆژی(١٩٧٩/١٢/٢٥)گرێدرا، ڕاگەیەنراوێکیان دەرکرد، تیایدا باس لەهەوڵو کۆشش بۆدامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی لەنێوان حزبو هێزو کەسایەتییە نیشتمانیو نەتەوەییو دیموکراتییەکان لەعێراقدا کرا، کە لەپێناوی ڕوخاندنی حوکمی دیکتاتۆری سەرکوتکەرانەدا تێدەکۆشن. هەروەها باس لەدامەزراندنی حوکمێکی ئیئتلافی دیموکراسیش کراوە. لەکۆتایی ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوە هاتبوو، کەلیژنەیەکی هەمیشەیی لەنوێنەرانی ئەو چوار حزبە بۆدرێژەدان بەهەوڵەکانو بەهێزکردنی هاوکاریو تێکۆشانی نێوانیان پێکدەهێنرێتو هەمووان سور دەبن لەسەر دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتی.[٢] هەرچەندە ماوەیەکی خایاند، بەڵام شەوی(١٩٨٠/١١/١٢) ڕادیۆی دیمەشق هەواڵی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی دیموکراسیی عێراق(الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية العراقية/ جوقد)ی ڕاگەیاند، جەلال تاڵەبانی لەبری یەکێتیو عەبدولرەزاق سافی لەباتی حشع وتاریان خوێندەوە. ئەو لایەنانەش لەم بەرەیەدا بەشداربوون، بریتیبوون لەیەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو حسیك، وەك لایەنە کوردییەکان، حزبی بەعس، سەرکردایەتی هەرێمی عێراقو بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیو حزبی شیوعی عێراقیو ڕێکخراوی میللی بۆرزگارکردنی عێراقو هەندێ کەسایەتی سەربەخۆ وەك لایەنە عەرەبییەکان.[٣] ئامانجی ئەم بەرەیە ڕووخاندنی حکومەتی عێراقو دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسییو دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستانو گرێدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لەعێراقدا بەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبییەوە بوو.[٤] بەرەی جوقد ڕۆژنامەیەکیشی وەك زمانحاڵ بەناوی ڕاپەڕینی میللی(الانتفاضة الشعبية) هەبوو.[٥] بەرەی جوقد دەستەی نوێنەرایەتی پێکهێناو لەهەندێ جێگا نوسینگەی کردەوە، بەڵام تەنها یەکێتی تێدابوو، کەخاوەنی نفوزو قورساییو ڕێکخستنو هێزی چەکداری کاریگەر بێت، ئەگەرنا پاشماوەی هێزەکانیتر بەتایبەت دوای سڕکردنو دەرکردنی هەریەکە لەحشعو حسیك، جگەلەوەی عەرەب بوون، هاوکات ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەو بەرەیەدا نەگێڕا.(نوشیروان مستەفا) دەنوسێت:"بەرەکە زیاتر لەوەی دەزگای خەبات بۆڕووخاندنی حکومەتی بەعس بێت، بوو بوو بەدوکانی پارە پەیداکردن، چونکە هەندێ لەو لایەنانە بەناوی پێکهێنانی لەشکرو ڕێکخستنی خەباتی نهێنییەوە پارەی زۆریان لەوڵاتی لیبیا وەردەگرت".[٦]

(١) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٤١٩،٤٢٠.

(٢) راگەیەنراوی چوار قۆڵی(یەکێتی، حشع، حزبی بەعس سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج١، ص٤٢١،٤٢٢، عەلی تەتەر نێرووەی: بزاڤی، ل١٨٥.

(٣) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٧٦. حبيب محمد كريم: تاريخ، ص١٦٨.

(٤) بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی دیموکراسیی عێراق(جوقد)، لەپاشکۆی ژمارە(٩). ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٥) حبيب محمد كريم: تاريخ، ص١٦٨، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٣٥.

(٦) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٧٧.

لەراستیدا لەبەرەی(جوقد)دا، تێبینی هەندێ شتی تر دەکەین، ئەویش ئەوەبوو لەلایەك ئەم بەرەیە پارتی تێدا نەبوو، بەشداریشی پێنەکرابوو. لەمەشدا زیاتر یەکێتیو حزبی بەعس سەرکردایەتی هەرێمی عێراق ئامادەنەبوون پارتی بەشداربێتو دژایەتی زۆریانکرد.[١]

ئەمەش وایکرد دامەزراندنو راگەیاندنی بەرەی دووەم، کەبەرەی نیشتمانیو دیموکراسیی عێراقی(الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية/ جود)بوو، پاش چەند رۆژێکی کەم، وەك رکابەر بەرەی جوقد رابگەیەنرێت، چونکە جگە لەوەی پارتی پێشتر کاری بۆئەم بەرەیە لەگەڵ حشعو حسیکدا کردبوو، هاوکات لەبەرەی جوقدیشدا بەشداری پێنەکرابوو، بۆیە نەدەکرا پارتی بەتەنها لەگۆڕەپانە سیاسییەکدا بمێنێتەوە. ئەمەش پاڵنەری سەرەکی بوو بۆئەوەی پارتی بۆپێکهێنانو راگەیاندنی بەرەی جود بکەوێتەخۆی. لەلایەکیترەوە هەرچی حسیكو حشع بوو، کە لەبەرەی جوقددا بەشدارییان کردبوو، یەکەمیان، واتە حسیك لەلایەن مەحمود عوسمانەوە، بەرەکەی ئیمزاکردبوو، بەپێچەوانەوە لەکوردستان زۆرینەو سەرکردایەتی حسیك لەگەڵ ئەم بەشداریکردنەدا نەبوونو بێئاگایی خۆشیان لەوبارەوە نیشانداو خۆیان بەو بەرەیەوە نەبەستەوە.[٢]

هاوکات لەنێو رێکخستنەکانی ناوەوەی حسیکیشدا ناڕەزایی زۆر بڵاوبوویەوە، ئەمە جگەلەوەی حسیك نوێنەری لەسەرکردایەتی بەرەکەدا نەبوو، لەکاتێکدا سەرکردایەتی بەرەکە بەشێوەی سەرکردایەتیکردنی بەکۆمەڵ بوو. جیا لەمانەش ئەو پارەیەی لەلیبیاو وڵاتانی تری عەرەبییەوە بۆجوقد دەهات، شتێکی ئەوتۆی بەر حسیك نەدەکەوت. بۆیە بوونو ئامادەیی حسیك لەنێو جوقددا لاوازبوو، بەڵکو تەنها بەشداریکردن بوو بەس، لەسەرووی ئەمانەشەوە مەسەلەی بەشداریکرنو ئیمزاکردنی بەرەی جوقدو جود لەیەك کاتدا وەك دوو بەرەی دژ بەیەكو جیاواز، پەیوەندی بەناکۆکیو جیاوازیی نێوان د.مەحمود عوسمانو رەسوڵ مامەندەوە هەبوو، وەك دوو باڵی جیاوازی نێو حسیکن بەجۆرێ کاتێك د.مەحمود بەرەی جوقدی ئیمزا کرد، پاش دوو هەفتەش رەسوڵ مامەند بەرەی جودی ئیمزاکرد، ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزبوو بۆبوونی جیاوازیو ناکۆکی لەنێو سەرکردایەتی(حسیك)دا. هەرچی(حشع)یش بوو بەشداریکردنی لەبەرەی جوقددا ئەوەبوو ماوەی دوو ساڵ بوو لەگەڵ یەکێتی بۆپێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی لەهەوڵو وتووێژدابوو.[٣] راستی مەسەلەی بەشداریکردنی حشع لەهەردوو بەرەکەدا ئەوەبوو، بۆپێکهێنانی بەرەی هاوبەش، هەم لەگەڵ یەکێتیو هەم لەگەڵ حسیكو پارتیشدا بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی سیاسیو چەکداری خۆیو راگرتنی هاوسەنگی هێز لەنێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی، لەو قۆناغەدا کاری خۆی دەکرد. بۆیە بەشداری

حسيك لەهەردوو بەرەكەدا دەرهاویشتەی ناكۆكی نێوخۆیی ئەو پارتە بوو، ئەگەرنا نەدەكرا لەیەك كاتدا وەك حسيك لەدوو بەرەی جیاوازو دژ بەیەكدا بتوانێت بەشداربێت.

---

(١) كەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٢٩١، ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەرییەكانم، ل٣٩٥.

(٢) بەهرۆز گەڵاڵی: رەسوڵ مامەند، ل١١٣،١١٤.

(٣) حامد محمود عیسی: المشكلة الكوردية، ص٢٦٥.

هێندەی نەبرد پارتی لەگەڵ هاوپەیمانەكانیدا، كەحسكو حشع بوون، بەرەی نیشتمانی دیموكراسیی عێراقی(جود)ی لەرۆژی(١٩٨٠/١١/٢٨) لەراژان دامەزراندو راگەیاند.[١] ئەوانەی بەرەی جودیان ئیمزاكرد، بریتیبوون(لەئەحمەد بانیخێلانیو فاتیح رەسوڵ لەحشعو مەسعود بارزانیو عەلی عەبدوڵڵا لەپارتی دیموكراتی كوردستانو رەسوڵ مامەندو تایەری عەلی والی لەحسيك).[٢]

بەرەی جود رۆژنامەیەكی وەك زمانحاڵ بەناوی(خەباتی بەرە) هەبوو. لیژنەی باڵاو سكرتاریەتو لیژنە لقییەكانی لەپارێزگاكانو لیژنەی لەئەوروپاش هەبوو.[٣] دروشمی ئەم بەرەیە بریتی بوو لەدیموكراسی بۆعێراقو مافی ئۆتۆنۆمی بۆكوردستان.[٤] لەبەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جوددا باس لەسیاسیەتەكانی حكومەتی بەعس لەبوارەكانی سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوریدا كراوە. هەروەها باس لەرووخاندنی ئەو حكومەتەو دامەزراندنی حكومەتێكی دیموكراتی لەعێراقو ئۆتۆنۆمی بۆكوردستان كراوەو پێكهێنانی هاوپەیمانێتی نێوان حزبو هێزە نیشتمانیو دیموكراتییەكان بەئەركێكی پیرۆز لەقەڵەم دراوە. هەر لەبەیاننامەكەدا ئاماژە بۆئەو ئامانجانەش كراوە، كەبەرەی جود لەپێناویدا دروستبووەو خەباتی بۆدەكات.[٥] هاوكات بەرەی جود كۆمەڵێك بنەمای پەیوەندی لەنێوان حزبە هاریكارو هاوپەیمانەكانیدا دانابوو، كەخۆی لەوەدا دەبینیەوە، كەچوونە ریزی بەرەكە ئارەزوومەندانەیەو ئامانج لێی یەكخستنی كۆششی لایەنە هاوپەیمانەكانە لەپێناوی وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی لەسەری رێكەوتوونو بوونی سەربەخۆیی هزریو سیاسیو رێكخراوەییو رەچاوكردنی رەخنەی برایانە بەرامبەر بەیەكتری...[٦]

ئەگەر لەبارەی هۆكاری دامەزراندنی بەرەی جودەوە بڕوانین، دەبینین هەرچەندە لایەنەكانی نێو بەرەكە بۆپێویستی یەكخستنی وزەو تواناو كۆششەكانیان لەپێناوی رووخاندنی حكومەتی دیكتاتۆری بەعسو

---

(١) كەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٢٩١، ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەرییەكانم، ل٣٩٦، لەرۆژی(١٩٨٤/١١/١٣)یش هەر یەكە لەپاسۆكو پارتی گەلیو حزبی سۆسیالیستی عێراقو گردبوونەوەی دیموكراتی عێراق هاتنە ریزی بەرەی جودەوە. حبيب محمد كريم: تاريخ، ص١٦٩، عزيز محمد: تقرير اللجنة المركزية الى المؤتمر الوطني الرابع للحزب الشيوعي العراقي، اقره المؤتمر(١٠-١٥تشرين الثاني ١٩٨٥)، منشورات الاعلام المركزي للحزب الشيوعي العراقي، بدون مكان الطبع، ص٨٣.

(٢) بەیاننامەكە كاتژمێر(١١)ی شەو ئیمزا كرا، بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی دیموكراتی عێراق(جود)، لەپاشكۆی ژمارە(١٠). ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٣) حبيب محمد كريم: تاريخ، ص١٦٩.

(٤) عزيز محمد: تقرير، ص٨٧.

(٥) گرنگترین ئامانجەكانی بەرەی جود بریتی بوون لە:

ئـەلف– رووخانـدنی حکومـەتی دیکتـاتۆریو دامەزرانـدنی حکومـەتێکی ئیئتلافـیو نیشـتمانی، کـە لەهـەموو حـزبو هێـزە تێکۆشـەرەکانی دژ بەئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی......

بیٚ– چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەی دیموکراتیانەی دروست لەسەر بنچینەی دانانان بەمافی نەتـەوەیی رەوای کـوردو کەمایەتییـەکانو بەتەنگەوە هاتنی چەسپاندنی برایەتیو هاوکاری تێکۆشەرانەی نێوانیان. بۆ زانیاری زیـاتر لەسـەر ناوەڕۆکەکـەی بڕوانـە بەیاننامـەی دامەزرانـدنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق(جود)، لەپاشکۆی ژ(١٠)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٦) بڕوانە بنەماکانی پەیوەندی لەنێوان حزبە هاریکارەکان لەبەرەی جوددا، لەپاشکۆی ژمارە(١١)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردی دەگێڕنەوە، بەڵام بەدیوێکیتردا دامەزراندنی بـەرەی جـود خـاڵی نـەبوو لەوەی وەك رکابەر لەبەرامبەر بەرەی(جوقد)دا پێکهێنرابێت، بەتایبـەتیش سـەرەتای دامەزرانـدنو کـارکردن بۆدامەزراندنی بەرەی جود بۆئەو کۆبوونەوە سیٚ قۆڵییـەی نێـوان حشـعو پـارتیو حسـیك لـەبارەگای پـارتی لەدۆڵە کوگە دەگەڕێتەوە، چونکە لەو کۆبوونەوەیەدا قسە لەسـەر پێویسـتی پێکهێنـانی بەرەیـەکی هاوبـەش بەرامبـەر بەیـەکێتی دەکـەن، کەدەسـتی بەسـەر زۆربـەی ناوچـەکانی کوردسـتاندا گرتبـوو. تەنانـەت مـەلا ئەحمـەدی بـانیخێلانی دەنوسـێت:" لـەو کۆبوونەوەیـەدا مەسـعود بـارزانی وتـی بەڕاسـتی ئێمـە چـیتر ئـەم کەڵەگاییەی یەکێتیمان پێقبولٚ ناکرێتو رازی نابین هیچ پارچـە خـاکێکی کوردسـتان لەئێمـە یـان لەخـەڵکیتر پاوان بکرێت، کوردستان یان دەبێت گۆڕەپانی خەباتی هەموو لایەکمان بێت، یان دەبێت ئێمەو یـەکێتی ئـەم مەسـەلەیە بەشـەڕ یـەکلایی بکەینـەوە. ئێسـتاش ئـەوە خـۆمو هـەموو برادەرانـی سـەرکردایەتی هـاتووین، تاراستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیدا ئەم مەسەلەیە یەکالا بکەینەوەو بەیەکدا بدەینو چیتر لێرەولـەویٚ کوڕی خەڵك بەکوشتن نەدەین، باشەڕەکە لەنێوان سەرکردایەتی هەردوولادا بێت".[١]

بۆیە بێبەشکردنی پارتی هۆکـارێکی سـەرەکی بـوو لـەوەدا پـارتیش بـەرەی جـود لەگـەڵ حسـیكو حشـع پێکبهێنێت. لەمەدا یەکێتی مەرجی بۆپارتی هەبوو ئەگەر ببێتە ئەندامی جوقد، ئەویش دەبوو بەیاننامەیەکی فەرمی دەربکاتو تیایدا دان بەهەڵەکانی رابردووی خۆیدا بنێتو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسـرائیلو ئـەمریکا بپچـڕێنێت. عـەزیز محەمـەدیش لـەمبارەوە دەڵێـت:"دوای دامەزرانـدنی بـەرەی جـود، بـەیانێکمان دەرکـرد بەحەلکردنی جود بەو مەرجەی پارتی لەبەرەی جوقددا بەشدار بکرێت، پارتی رازیبـوو، بـەڵام جوقـد ئامـادە نەبوون ئەمە قبـولٚ بکـەن".[٢] لەلایـەکیترەوە هەوڵـەکانی پـارتی بۆپێکهێنـانی بـەرەی هاوبـەش پـێش رۆژی دامەزراندنی بـەرەی جـود دەکـەوێت، بەتایبـەت لەگـەڵ حسـیکدا دەمێکبـوو لەهـەوڵی دروسـتکردنی بـەرەی هاوبەشـدا بـوونو بۆئـەو مەبەسـتەش لـەرۆژی(١٩٨٠/٨/١٥)بانگـەوازێکی نیشـتمانییان لـەپێناوی پێکهێنـانی بەرەیەکی رزگاریخوازیی بۆکوردستانو بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی لەعێراقدا بڵاوکردەوەو لەمـەدا پـارتی دەستپێشخەری کردبوو. لەو بانگەوازەدا دامەزراندنی بەرەیەکی هاوبەش، وەك هەستکردن بەبەرپرسـیارێتیو دژی شەڕی براکوژی، بۆیەکخستنی ریزی نیشتمانی لەکوردستاندا وێناکراوە.[٣] هەرچی(حشع)یش بوو دەمێك بوولەهـەردوولاوە کـاری بۆپێکهێنـانی بـەرەی هاوبـەش دەکـرد، چ لای یـەکێتیو چ لای پـارتیو حسـیکەوە.

لەبەشێکی زۆری ئەو دانیشتنو کۆبوونەوە دوو قۆڵیو سێ قۆڵیو چوار قۆڵییانەی نێوان هێزەکاندا کارکردن بۆدامەزراندنی بەرەیەکی هاوبەش تەوەرێکی باسکراوو جەخت لێکراوە بوو.(٤)

(١) ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەرییەکانم، ل٣٩٣،٣٩٤.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەزیز محەمەد، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٥)، هەولێر.

(٣) بڕوانە بانگەوازی هاوبەشی حسیكو پارتی لەرۆژی(١٩٨٠/٨/١٥)، سەبارەت بەپێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش، لەپاشکۆی ژمارە(١٢)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٤) بڕوانە دانیشتنەکانی نێوان حشعو پارتی، حسیكو حشعو یەکێتی لە: فاتح رسول: صفحات ج١، ١٥٨–١٧٢.

مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی دەنوسێت:" ئێمە وەك حشع پرۆژەی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیمان دابووە لایەنەکان. یەکێتی وەڵامی نەداوەیەوە، بەڵام حسیكو پارتی وەڵامیان دایەوە.....".(١) فاتیح رەسوڵیش باس لەوە دەکات، کەبەڵگەنامەی بەرەی جود پێشتر لەلایەن حشعەوە ئامادەکراوەو وەك پرۆژەیەكو لەژێر ناونیشانی بەڵگەنامەی هاریکاری، بەنامەیەکی تایبەت لەرۆژی(١٩٨٠/٩/٢٧) ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستانو حسیك بۆدیراسەکردنو بڕیاردان لەسەری کراوە.(٢) بۆیە پارتی بەنامەی ژمارە(٢٧٤٥)ی مەکتەبی سیاسی لەرۆژی(١٩٨٠/١٠/٨) وەڵامی حشع دەداتەوەو پێشنیازی گۆڕینی هەندێ بڕگەی بەڵگەنامەکە دەکات.(٣) حسیکیش بەنامەی ژمارە(٨٢١)ی مەکتەبی سیاسی لەرۆژی(١٩٨٠/١٠/٢٦) ڕەزامەندی لەسەر کاری هاوپەیمانێتیو بەڵگەنامەی هاریکارییەکە دەربڕیو پەسەندی کرد.(٤) دواجار پارتیش بەنامەی ژمارە(١٨٨٢)ی مەکتەبی سیاسی لەرۆژی(١٩٨٠/١٠/٢٥) ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەکە دەربڕیو پەسەندی کردو وەڵامی بۆحشع ناردەوە.(٥)

هەندێك حشع بەوە تاوانبار دەکەن، کەویستویەتی سود لەو هێزە سیاسییانە لەبەرژەوەندی خۆی بەمەبەستی راگرتنی تەرازووی هێز لەنێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەو قۆناغەدا وەربگرێت، واتە هەوڵیداوە بەتیرێك دوو نیشانە بپێکێت.(٦)

عەزیز محەمەد لەوەڵامی ئەم تۆمەتبارکردنەی حشعدا دەڵێت:" هیچ راستی تێدا نییە، حشع هەردوو بەرەی جوقدو جودی بۆخۆی بەکارهێنابێت، بەڵکو راستییەکەی ئەوەیە ئێمە بەو مەرجە بەشداریمان لەبەرەی جوقددا کرد، کەمافی هاوپەیمانیتێمان لەگەڵ لایەنی سیاسی تر هەبێت....".(٧) هەرچی بەشداری حسیکیش بوو لەهەردوو بەرەکەدا وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، پەیوەندی بەناکۆکیی نێوان د.مەحمودو رەسوڵ مامەندەوە لەنێو سەرکردایەتی حسیکدا هەبوو ، بەجۆرێ د.مەحمود بەهۆی نزیکی لەیەکێتییەوە

(١) بیرەوەرییەکانم، ل٣٩٦.

(٢) نامەی مەکتەبی هەرێمی کوردستانی حشع بۆ م.س پارتی دیموکراتی کوردستان لەرۆژی(١٩٨٠/٩/٢٧)، دەق لەفاتیح رەسوڵ: چەند، ب٢، ل٢٢٧، بۆدەقی پرۆژەکەش بڕوانە، ل٢٢٨–٢٣٠.

(٣) نامەی م.س پارتی دیموکراتی کوردستان بۆمەکتەبی هـەرێمی کوردسـتانی حشـع لـەرۆژی(١٩٨٠/١٠/٨)، دەق لـەفاتیح رەسـوڵ: چـەند، ب٢، ل٢٣١،٢٣٢.

(٤) نامەی م.س حسیك بۆمەکتەبی هەرێمی کوردستانی حشع لەرۆژی(١٩٨٠/١٠/٢٦)، دەق لەفاتیح رەسول: چەند، ب٢، ل٢٣٢.

(٥) نامەی م.س پارتی دیموکراتی کوردستان بۆمەکتەبی هەرێمی کوردستانی حشـع، لـەرۆژی(١٩٨٠/١٠/٢٥)، دەق لـەفاتیح رەسـوڵ: چـەند، ب٢، ل٢٣٣.

(٦) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٧٧، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل١٩.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەزیز محەمەد، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٥)، هەولێر.

بەرەی جوقدی لەسوریا ئیمزاکردو رەسوڵ مامەندیش بەهۆی نزیکی لـەپارتیو لـەژێر کاریگـەری حشـعدا، لەراژان بەرەی جودی ئیمزاکـرد.[1] گوایـە ئەگـەر لەهـەردوو بەرەکـەدا بەشـدار بـن، دەتـوانن کاربکەنـە سـەر یەکێتیو پارتیو ناکۆکییەکانی نێوانیان ناهێڵن.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆئەوەش بکرێت، کەئێران لەوکاتەدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پارتیو تاڕادەیـەکی زۆریش لەسەر هەندی لەسەرکردەکانی حسیك، بۆبەشداریکردن لەبـەرەی جـوددا، هـەبوو. لای سـەرکردایەتی حسیکیش بـەرەی جـود زیـاتر بەرەیـەکی کـرداری بـوو، وەك لەبـەرەی جوقـد. لەولاشـەوە لەلایـەن سـوریاو یەکێتیو لایەنە عەرەبییەکانەوە فشاری زۆر بۆبەشداریکردن لەبەرەی جوقددا دەخرایە سەر حسیك.[2]

بەشداریکردنی حسیك لەهەردوو بەرە لەیـەك کاتـدا کـارێکی دروسـت نـەبوو. بەتایبـەتیش بەشـداریکردنی لەبەرەی جوددا، تووشی چەند گرفتێکی کرد، لەوانە:

یەکەم: بڕینی کۆمەکی دارایی، کە لەلایەنەکانی بەرەی جوقدەوە لەلیبیا وەریدەگرت.

دووەم: تەقینەوەی ململانێی چـەکداریی لـەقۆناغی دواتـر، لەگـەڵ لایەنـەکانیتر بەتایبـەت لـەنێوان جـودو یەکێتیدا، کەحسیك زیانی گەورەی تێدا بەرکەوتن.[3] لەهەموویشی گرنگتر بەشداریکردنی حسیك لەدوو بەرەی دژ بەیەكو جیاواز بوو بەهۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکیو ململانێی نێوخۆییەکانی حسیك. لێـرەوە دوو بـەرەی دژ بەیەك لەنێو ریزەکانی حسیکدا بەکرداری دەرکەوت، ئەویش باڵی د.مەحمود عوسمانو باڵی رەسـوڵ مامەنـد بوو.[4] جگە لەوەی لێرە بەدواوە بەهۆی بەشداریکردنی حسیك لەهەردوو بەرەکەدا نەك نەیتوانی ببێتە کارتی فشار لەسەر یەکێتیو پـارتی، بـەڵکو بەپێچـەوانەوە لـەپاڵ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە، بـوو بەبەشـێك لەشەڕو ململانێی نێوان ئەو دوو هێـزەو بـووە هاوپـەیمانێکی سیاسـیو چـەکداری شـەڕ، بۆیـە لـەبری سـودو کەڵك، زیانی گەورەی لەو بەشداریکردنە بینـی. دواجـار ئاکـامی بەشـداریکردنی حسـیك لەهـەردوو بەرەکـەدا، بریتی بوو لەهەڵواسینی ئەندامێتیان لەگەڵ حشع لەبەرەی جوقدو بڕینی کۆمـەکی داراییـان. دواتـر لەبـەرەی جوددا درێژەیان بـەکاری سیاسـیو چـەکداری خۆیـان دا. عـەزیز محەمـەد لەمبارەیـەوە دەڵێت:"دەرچـوونی حشعو حسیك لەبەرەی جوقد بەهۆی رەتکردنەوەی پرەنسیپی هاتنـە نـاوەوەی پـارتی بۆنـاو بەرەکـە بـوو. هـەروەها هاوپـەیمانێتیمان لەگـەڵ حسـیكو پـارتی لەبـەرەی جـوددا، بـوو بـەهۆی سـڕکردنی ئەنـدامێتیمان لەبـەرەی جوقـد لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٨٠"،[5] بـەڵام بەشـێکیتری راسـتی مەسـەلەکە ئـەوەبوو، کەیـەکێتی

لەبەرئەوەی ململانێو ناکۆکی لەگەڵ پارتیدا هەبوو، قبوڵی نەبوو ئەوان لەیەککاتدا لەهەردوو بەرەکەدا بەشداربنو لەرووی واقیعیشەوە نەدەگونجا، چونکە هەردوو بەرەکە لەیەك جیاوازبوو.

---

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل١٩، صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٩٨.

(٢) بەهرۆز گەڵاڵی: رەسوڵ مامەند، ل١١٤.

(٣) صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٩٨.

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل١٩.

(٥) تقرير اللجنة المركزية، ص٨٥،٨٦.

بەهەرحاڵ ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆهەردوو بەرەکە بکەین، تێبینی چەند شتێك دەکەین، چونکە ئەم دوو بەرەیە، نەك نەیانتوانی ئەو ئامانجانەی دەستنیشانیانکردبوو، خەباتیان بۆدەکرد، وەدیبهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بوون بەسەرەتایەکی نوێ بۆدەستپێکردنەوەی قۆناغێکیتری شەڕی ناوخۆ لەکوردستانداو بوون بەتەوەرەی شەڕ دژ بەیەکتری، هەرچەندە لەدواییدا یەکێتی تەنها خۆی لەبەرامبەر بەرەی جوددا مایەوە.[١]

دیارترین ئەو کەمو کورتییانەی لەبەرەی جوقدو جوددا هەبوو بریتیبوون لە:

یەکەم: هەردوو بەرەکە لەبارێکی نائاساییدا دامەزران، واتە لەدۆخی مەترسی هێرشی حکومەتی بەعس بۆسەر جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد، سەریانهەڵدا.

دووەم: هیچ بەرەیەکیان دامو دەزگای تەواوو کاروباری نەخشە بۆکێشراوی نەبوو، بەڵکو هەردوو بەرە لەئاکامی دۆخی ململانێو ناکۆکی سیاسی هاتبوونەوە ئاراوە.[٢]

سێیەم: هەردووکیان ئەگەرچی هەندێ هۆکاری نێوخۆیی بووە مایەی دامەزراندنیان، بەڵام کارتێکردنی دەرەوەش رۆڵێکی گرنگی لەدامەزراندنو ئاراستەکردنیاندا دەبینی، چونکە جوقد لەلایەن سوریاو جودیش لەلایەن ئێرانەوە ئاراستە دەکران. سوریاو لایەنە عەرەبییەکانیش، هاوکاریی ماددی زۆری یەکێتیان دەکردو لەولاشەوە ئێران دەوروبەری(٩)ملیۆن تومەنی مانگانە لەوەزارەتی بەرگری دەدایە پارتی، جگە لەخۆراكو چەكو تەقەمەنی، کەبەشێکی لێدەدا بەحسیك.[٣] واتە بەرژەوەندیو دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لەکاروباری سیاسیو چەکداریی جوڵانەوەی کوردی، رۆڵی لەدامەزراندنو کۆمەك کردنی هەردوو بەرەکەدا هەبوو.[٤]

چوارەم: هەردوو بەرەکە نەبوونە هۆی گەشەکردنو بەرەو پێشچوونی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەو قۆناغەداو نەیانتوانی هیچ لەگیرگرفتەکانی چارەسەر بکەنو زیاتر بوونە هۆی ئاڵۆزبوونی کێشەکان.[٥]

پێنجەم: ناکۆکی نێوان بەرەی جوقدو جود گەورەترین هەلی سود وەرگرتن لەدۆخی شەڕی عێراق– ئێرانی بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان لەدەستدا، بەجۆرێ نەیانتوانی خۆیان بۆقۆستنەوەی ئەو دەرفەتە، یەکبخەن. بەپێچەوانەوە هەریەکەیان، بوون بەلایەنگری یەکێك لەم دوو وڵاتە، جود چووە تەنیشتی ئێرانو یەکێتیش بەهۆی دەستپێکردنی وتووێژەوەچووە تەنیشتی حکومەتی عێراقەوە.

شەشەم: جیاوازی بیرو بۆچوونو ئامانجو بەرنامەی سیاسیو ئایدۆلۆژیای پارتو ڕێکخراوەکانی نێو ئەو دوو بەرەیە، هۆکارێکی تری شکستهێنانی هەدوو بەرەکە بوو، بەشێوەیەك جوقد مافی چارەی خۆنوسینی

(١) بەهرۆز گەلاڵی: ڕەسوڵ مامەند، ل١٢٣.

(٢) سەروتاری گۆڤاری سۆسیالیست، ژ(١٧)، ساڵی نۆیەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٠، ل٢.

(٣) صلاح الخرسان: التیارات، ص٢٦٥،٢٦٦، حبیب محمد کریم: تاریخ، ص١٦٩.

(٤) چاوپێکەوتنی تویێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەڕۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤)، هەولێر.

(٥) علی معروف: هێندێ تێبینی لەمەڕ نەخشەی سیاسی لەکوردستانداو مەسەلەی بەرە، گۆڤاری سۆسیالیست، ژمارە(١٧)، ل٢٢.

گەلی کوردی نەدەسەلماند، وشەی(نیشتمانی) بەواتای پاراستنی نیشتمانو قەوارەی نیشتمان هاتووە، لەمەشیاندا مەبەستیان نەتەوایەتیی عەرەبی بوو. لەولاشەوە جود داوای ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان دەکرد. یەکێتیو حسیك لەبەرەی جوقددا دوو حزبی کوردیو کوردستانی بوونو ئامانجی نەتەوەییو کوردیان هەبوو، هێزە عەرەبییەکانیش عێراقی بوونو ئامانجی عەرەبیو عێراقییان هەبوو، کە بەتایبەت لەناوەڕۆکدا ئەم دووانە زۆر یەکیان نەدەگرتەوە.(١)

حەوتەم: ئەم دوو بەرەیە زۆرتر قەوارەی بێناوەڕۆكو هیچ لەبارا نەبوو بوون، نەك دامو دەزگای خەبات بۆرووخاندنی حکومەتی دیکتاتۆری بەعسو دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی.

هەشتەم: هەردوو بەرەکە نەیانتوانی کێشەی یەکخستنی میلیشیای حزبەکانیان چارەسەر بکەن، بەپێچەوانەوە هەر حزبە هەوڵیدەدا خۆی زۆرترین ژمارەی چەکداری هەبێو لەو ڕێگایەشەوە دەست بەسەر گۆڕەپانی چالاکییە سیاسیو چەکدارییەکاندا بگرێت.(٢)

بەهەرحاڵ لەم قۆناغەدا بەهۆی گەشەکردنی سیاسیو چەکداریو گەورەبوونی قەوارەی حزبەکەیانەوەو پێویستی ڕێکخستنەوەو بونیادی ڕێکخراوەییو سیاسیو کاریگەری گۆڕانکارییەکانی جیهانو ناوچەکەوە، حسیك کەوتە هەوڵی بەستنی یەکەم کۆنگرە.(٣) بۆئەم مەبەستە لەیەکێك لەکۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی ئەو حزبەدا لەبەهاری(١٩٨١) بڕیاری بەستنی کۆنگرە درا(٤). لەنوسراوی ژمارە(٥)ی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکەمی حسیکیشدا، کەئاراستەی هەموو هەرێمو لقو ناوچەکان کراوە، هاتووە:" کۆمیتەی سەرکردایەتیی حزبمان بڕیاری گرتنی کۆنگرەی یەکەمیدا، بەمەبەستی داڕشتنی پرۆژەو پەیڕەوو پرۆگرامێکی نوێ، کەبتوانێت بارودۆخی خەباتی ئەو سەردەمەو داهاتوومان بەڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە، بەرەو سەرکەوتن ببات".(٥) ڕۆژی(١٩٨١/٥/١٢)یش بۆرۆژی بەستنی کۆنگرە دەستنیشانکرا.(٦) ئەوەبوو لەرۆژانی(١٢-١٩٨١/٥/١٥) لەدۆڵەتوو کۆنگرەی یەکەمی حسیك بەئامادەبوونی نزیکەی(١١٥)ئەندام بەسترا.(٧)

(١) مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٢٦٦،٢٦٥، نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٧٧.

(٢) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل١٧٨،٢٠٦.

(٣) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٣٦.

(٤) بەهرۆز گەلاڵی: ڕەسوڵ مامەند، ل٩٤.

(٥)بڕوانە نوسراوی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان لەرۆژی(١٩٨١/٣/١٦) لەپاشکۆی ژمارە(١٣). ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٦) باس لەوە دەکرێت، کەرۆژی(١٩٨١٩/٥/٥ دانراوە بۆدەستپێکردنی کۆنگرە، بەڵام بەهۆی بۆردومانکردنی ناوچەکە لەلایەن فڕۆکەکانی حکومەتی عێراقەوە لەبەر پاراستنی کەشی کۆنگرەکە دواخراوە بۆرۆژی(١٩٨١/٥/١٢)، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پیشمەرگەیەك، ب١، ل٤٣١، صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٩٥، شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٥٤.

(٧) لەسەر ژمارەی ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە بیرورای جیاواز هەیەو ژمارەیەکی ورد لەبەردەستدا نییە، بەجۆرێ هەندێك دەڵێن(١١٥) ئەندام بووەو هەندێکیتر(١١٤)و هەندێکیش بە(١١٢)ی دەدەنە قەڵەم، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پیشمەرگەیەك: ب١، ل٤٣١.

ئەگەر تێبینی ئەندامە بەشداربووەکانی کۆنگرە بکەین، دەبینین لەپێکهاتەیەکی هەمەجۆر پێکهاتبوو، بەجۆرێ پێشمەرگەو ئەندامو لایەنگرانی حسیك، لەدوو باڵی سەرەکی د.مەحمود عوسمانو ڕەسوڵ مامەند پێکهاتبوون. لەلایەکیترەوە چەند کەسێکیتریش بەناوی بازنەی رۆشنبیرییەوە، کەپێشتر سەر بەسەرکردایەتی کاتیی(پ.د.ك)بوونو تازە هاتبوونە ناوحسیکەوەو ڕێگایان پێدرابوو بەشداری کۆنگرەکە بکەنو ئەمانە خۆیان بەچەپو مارکسی دەزانی. هەروەها ڕێکخستنی نهێنی شارەکانو ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حسیکیش نوێنەری خۆیان بۆکۆنگرە ناردبوو.[1] لەسەرەتای دەستپێکردنی کۆنگرە لەلایەن ڕەسوڵ مامەندەوە ڕاپۆرتی سیاسی خوێنرایەوە، کەهەر خۆیشی ڕاپۆرتەکەی نوسیبوو. لەدواییدا چەندین لیژنە بۆبەڕێوەبرنی کاروبارەکانی کۆنگرە پێکهات، وەك لیژنەی ڕاپۆرتی سیاسی، لیژنەی ڕێکخستن، لیژنەی کاروباری دارایی، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی سکالا، لیژنەی پەیڕەوو پرۆگرام، لیژنەی بڕیارو ڕاسپاردەکان.[2] لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە لەعادل موراد، ڕەسوڵ مامەند، تایەری عەلی والی، د.مەحمود عوسمان پێکهاتبوو. لەیەکەم ڕۆژی کۆنگرەشدا دوو بابەتی گرنگ جێگەی قسە لەسەر کردنی ئەندامانی ناو کۆنگرە بوو:

یەکەم: بەشداریکرن لەبەرەی جود، یان بەرەی جوقد؟

دووەم: ئایدۆلۆژیاو ڕێبازی داهاتووی حزب.

لەڕاستیدا مشتومڕو قسەو باس لەسەر ئەم دووخاڵە بەر لەدەستپێکردنی کۆنگرەش لەئارادا بوو، بەشێوەیەك لەسەر ئەو دوو بابەتە نەتوانراوە لەنێو حسیکدا ڕێکەوتنیان لەسەر بکرێو لەسەر یەکێك لەو دووانە یەکلایی ببنەوە، چونکە هۆکارەکە ئەوەبوو، کەدوو هێڵی دژ بەیەك لەنێو حسیکدا هەبوو، هێڵی ڕەسوڵ مامەند، کەلایەنگری بیری سۆسیالیستی زانستیو چەپ بوو، لەگەڵ بەرەی جود. لەگەڵ هێڵی د.مەحمود عوسمان، کەلایەنگری ڕاستڕەویو لەگەڵ بەرەی جوقددا بوو. د.مەحمود لەمبارەیەوە دەڵێ:"ڕای ئێمە هەروەکو ڕای ساڵەح یوسفی وابوو، دەمانویست حزبی سۆسیالیست بێتو دیموکراتخواز بێت، واتە موعتەدیل بێت، نەك سۆسیالیستی زانستی، کەئێمە بەتوندڕەوو پەڕگیرمان دەزانی".[3] کاتێکیش دەنگدان لەکۆنگرەدا دەستیپێکرد، ناکۆکوییەکانی نێوان ئەم دوو هێڵە زەقبوویەوەو د.مەحمود خۆی نەپاڵاوتو کشایەوە، هەرچەندە باڵەکەی داوایان لێکردو لەسەر ئەوەش دەمە قاڵێ لەگەڵ باڵەکەی ڕەسوڵ مامەند

دروستبوو. دواجار کۆنگره لەرۆژی(١٦/٥/١٩٨١)کۆتایی هاتو دەنگەکان جیاکرانەوەو کۆمەڵێك بۆسەرکردایەتی حسیك سەرکەوتن.[٤] لەکۆنگرەدا چەند بڕیارێك دەردەکرێن، لەوانە: هەڵبژاردنی ساڵەح

(١) شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش، ل١٣٦.

(٢) بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند، ل٩٥.

(٣) وتوێژ لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە لەرۆژی(١٨/٨/٢٠٠٩).

(٤) ئەنجامی جیاکردنەوەی دەنگەکانی کۆنگرەی یەکەمی حسیك بەمشێوەیە بوو:(عادل موراد ٩٨ دەنگ، رەسوڵ مامەند ٩١ دەنگ، تایەری عەلی والی ٨٩ دەنگ، ئەحمەد فەقێ رەش ٨٦ دەنگ، قادر عەزیز ٨٣ دەنگ، سەید کاکە ٧٩ دەنگ، محەمەد رەحیم خاڵە حاجی ٧٨ دەنگ، مەلا ناسیح ٧٦ دەنگ، قادر جەباری ٧٥ دەنگ، عەزیز عەقراوی ٧٥ دەنگ، محەمەد فاتیح ٧٠ دەنگ، ←

یوسفی بەسکرتێری حزبەکەیان، کەئەوکات لەبەغدا بەنهێنی کاری دەکرد. گۆڕینی ناوی حزبەکەیان لەحزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانەوە بۆحزبی سۆسیالیستی کوردستان. هەر لەکۆنگرەدا بڕیاردرا، هەر یەکە لەعەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی، کەناوی رێکخستنیان(سوارەو حەسیب)بوو بۆلیژنەی سەرکردایەتی لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، کەئەویش ناوی نهێنیو رێکخستنیی( خەڵەف)بوو دابنرێن. بڕیاربوو لەوکاتەدا شێخ محەمەد شاکەلی بێتە شاخ، بەڵام لەبەر چاودێری بەعسو رەوشی ئاسایش نەیتوانیبوو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆئەوە بکەین هەریەکە لەعەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی لەرۆژی(٤/٩/١٩٧٩) لەلایەن دەزگا سیخوڕیو ئەمنییەکانی حکومەتەوە لەنێو فەرمانگەی دادگای هەولێر دەستگیر کرابوونو شوێن بزرکرابوونو دواتریش وەك لەبەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت لەرۆژی(١٥/٦/١٩٨٢)لەلایەن دادگای سەربازی بەعسەوە بڕیاری لەسێدارەیان بۆدەرچووبوو[١]. واتە لەکاتی بەستنی کۆنگرەدا سەرکردایەتی حسیكو ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە نەیانزانیبوو لەژیاندا نەماونو زانیاریان لەبارەیانەوە نەبوو، بەزیندوو هەژمارکرابوون. هەروەها لەکۆنگرەدا بڕیار لەسەر پرۆگرامی حزبو پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆییو راپۆرتی سیاسی درا. عەبدولخالق زەنگەنە لەمبارەیەوە دەڵێت:"لەکۆنگرەدا ئێمە بەزۆرینەی(٧٠٪)، نەك بەکۆدەنگ بڕیارماندا ئایدۆلۆژیای فەرمی حزب سۆسیالیزمی زانستی بێتو حزبمان حزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز بێتو خەباتی چینایەتیو نەتەوەیی پێکەوە گرێبدات".[٢]

ئەگەر لەدواتردا سەیری پرۆژەو بەرنامەی(حسك)یش بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە لەسەر ئایدۆلۆژیای چەپی مارکسیانە داڕێژراوە، بەجۆرێ لەشوێنکیدا هاتووە:"ئێمە ئەو تیکۆشەرانەین، کەخەبات بۆوەدەستهێنانی ئازادانەی مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەی کورد، کەداگیرکەرانی کوردستانو ئیمپریالیزم دابەشیان کردووە، دەکەین." ئەوەش هاتووە "دژایەتی هەموو چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی– چینایەتی– کۆمەڵایەتی، مەزهەبیو سیاسی بەئەرکی بنچینەیەیی خۆمان دەزانینو باوەڕی تەواومان بەدیموکراسیو ئازادی هەیە، کەباشترین رێو شوێنی چارەسەرکردنی گیرگرفتە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانە". هەر لەپرۆژەو بەرنامەی حسكو لەریزی ئامانجە ستراتیژییەکانو لەخاڵی چوارەمدا جەخت لەسەر خەباتکردن

دژی هـــەموو شـــێوەکانی ئیســـتعیمارو مۆنۆپۆڵـــە جیهانییـــەکان، کەســـامانی میللـــەتان بـــەتاڵان دەبـــەن‌و بەرهەڵستیکردنی کۆنەپەرستی‌و زایۆنیزم کراوە.[3]

---

← شێرکۆ شێخ عەلی، شیروان شیروەندی ٦٩ دەنگ، م.ئەمین ٦٥ دەنگ، قادر شۆڕش ٦٤ دەنگ، م.سەعد عەبدوڵڵا ٦٤ دەنگ، عەبدولخالق زەنگەنە ٥١ دەنگ)، ئەمانەش بۆئەندامی یەدەگ(احتیاگ)ی سەرکردایەتی لەکۆنگرەدا دەرچوون، کەبریتیبوون لە(محەمەدی حاجی مەحمود ٧١ دەنگ، د.هۆشیار ٥٦ دەنگ، ئەبو عەلی ٥٥ دەنگ، عەدنان موفتی ٥٣ دەنگ، ، وریا مستەفا ٣٦ دەنگ)، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پیشمەرگەیەك: ب١، ل٤٣٥–٤٣٦.

(١)انظر قرار المحكمة العسكرية الخاصة فى التاميم فى التاريخ(١٩٨٢/٦/١٥) الخاصه باعدام(على عبداللهو عارب عبدالقهار= عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی)، فی الملحق رقم(١٤)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٢) گۆڤاری پێشکەوتن، ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان– عێراق/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، ژ(٣)، ساڵی یەکەم، شوباتی(١٩٨٧)، ل٩،١٠.

(٣) پرۆژەی بەرنامەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق، چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵەح یوسفی، بێ ساڵی چاپ، ل٣،٤، ل١٧،١٨.

ئەمانەش ئاماژەو خەسڵەتەکانی ئەو حزب‌و هێزو گروپانەن، کەئایدۆلۆژیایەکی چەپی‌و مارکسییانەیان هەیەو ئەو دەربڕین‌و دەستەواژانە لەچوارچێوەی ئەدەبیاتی مارکسیزم‌و بەرنامەی سۆسیالیسیزمی زانستیدا خۆیان دەبیننەوەو بەکردوەش حسك لەدوای کۆنگرەوە، لەهەوڵی ئەوەدا بوو، وەکو بزوتنەوەیەکی چەپی دیموکراسیی کوردستان گەشە بکات‌و واش خەباتی کردووە.[1] ئەنجامی کۆنگرە تاڕادەیەك ڕەنگدانەوەی خراپی کردەسەر دۆخی نێوخۆیی حسك‌و کەلێنەکانی فراوانتر کردو جۆرێك لەدوو بەرەکی لەنێو حسکدا دروستکردو ناکۆکییەکانی قوڵتر کردەوە. دوای کۆنگرەش د.مەحمود ماوەیەك هەر بەناوی حسیکەوە مایەوەو ژمارەیەك لەفەرماندەو ئەندامانی پێشووی حزبەکەی لەگەڵدابوو. ئەمانە بارەگایان لەگوندی شێنێ داناو لەیەکێتی نزیکبوونەوە، بەڵام دوای نزیکەی دەوروبەری سێ مانگ د.مەحمود چووە سوریاو لەگەڵ حسکدا مایەوە، بەڵام لەسەرکردایەتیدا نەبوو، لایەنگرەکانیشی هەندێکیان گەڕانەوە نێو حسك‌و هەندێکیشیان پەیوەندیان بەیەکێتییەوە کردو چوونە ناویانەوە.[2] دوای تیرۆرکردنی ساڵەح یوسفیش لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بەنامەیەکی مینڕێژ کراو لەبەغدا،[3] سەرکردایەتی حسك ڕایگەیاند ڕەسوڵ مامەندی بۆسکرتێری لیژنەی ناوەندی هەڵبژاردووەو لێرەوە ڕەسوڵ مامەند بوو بەکەسی یەکەم‌و سکرتێری حسك.[4]

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کەدوای کۆنگرەی یەکەم حسك سیاسەت‌و بەرنامەیەکی روون‌و ئاشکرای بۆمامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو بەرەی جودو جوقددا نەبوو، بەوەی کامیان هەڵبژێرێت‌و لەگەڵیدا درێژە بەهاوپەیمانێتی‌و کاری بەرەیی بدات، چونکە هۆکارەکەی بۆبوونی جیاوازی‌و ناکۆکی لەنێو سەرکردایەتی حسکدا دەگەڕایەوە، کەهەریەکە لەد.مەحمودو ڕەسوڵ مامەند ڕابەرایەتی ئەو ناکۆکی‌و جیاوازییانەیان دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی هێزی کاریگەرو زۆرینە لای ڕەسوڵ مامەند بوو، هەروەها زیاتریش لەپارتی‌و حشعەوە نزیکبوو، بۆیە حسك دوای کۆنگرە زیاتر مامەڵەی لەگەڵ بەرەی جوددا کردو بوو بەلایەنێکی بنەڕەتی تیایدا. لەکۆنگرەشدا، نەتوانرا شەڕو ناکۆکی لەگەڵ یەکێتیدا، بەرنامەیەکی سیاسی گونجاوی بۆدابنرێت. هاوکات سەردەم‌و قۆناغی دوای دامەزراندنی هەردوو بەرەی جودو جوقد بەگشتی‌و ماوەی دوای

تەواوبوونی کۆنگرەی یەکەمی حسك بەتایبەت، بریتی بوو لەقۆناغی توندبوونەوەو قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی لەلایەكو لایەنەکانی ناو بەرەی جود لەلایەکترەوە. بۆیە لێرەوە دۆخی سیاسی ئەو قۆناغەی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد بەرەو سەرهەڵدانەوەو دەستپێکردنەوەی سەردەمو قۆناغێکی نوێ لەشەڕی براکوژی هەنگاوی نا، کەهەموو لایەنەکان بەگوێرەی قورساییو پارسەنگو قەوارەی سیاسیو چەکداری خۆیان تیایدا بەشداربوون.

---

(١) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی، ب٢، ل٥٢.

(٢) ئەوانەی لەگەڵ مەحمود عوسماندا مانەوە بریتیبوون لە: حاجی حاجی برایم، محەمەد وەتمان، عەبدوڵڵا سور، موحسین بایز، عوسمان قادر منەوەر. ئەوانەش دواتر چوونە ناو یەکێتییەوە پێکهاتبوون لە: شێخ محەمەد، سەرباز، ئازاد حەمە گەمخان، مولازم فوئاد. رێباز: قەندیل، ب٢، ل٤٠، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب١، ل٤٦٨–٤٦٩.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی(٢٠٠٩/١٠/١٥)، هەولێر.

(٤) صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٩٨.

## باسی سێیەم- سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ:

دامەزراندنی هەردوو بەرەی جوقدو جود لەبەر بەشداری پێنەکردنی پارتی لەنێو بەرەی جوقددا، بەهۆی دژایەتیکردنی یەکێتیو حزبی بەعس سەرکردایەتی هەرێمی عێراق بەسەرکردایەتی عەبدولجەبار ئەلکوبەیسی، نەك نەبووە هۆی سەرهەڵدانی زەمینەی کاری بەرەییو ئاراستەکردنی خەباتو تێکۆشان رووەو رووخاندنی حکومەتی بەعس لەعێراقدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوو بەئامرازێك بۆسازکردنی زەمینەی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ.[1]. لەولاشەوە بەشداریکردنی هەریەکە لەحزبی سۆسیالیستو لیژنەی هەرێمی کوردستانی حشع لەبەرەی جوددا، بووەهۆی سڕکردنو دواتریش دەرکردنیان لەبەرەی جوقدداو ئەم روداوانە لایەنەکانی لەیەك دوورخستەوە.[2] ئیدی لێرەوە پارتی بەهۆی بەشداری پێنەکردنی لەبەرەکەدا، سودی لەم دۆخە وەرگرتو ریزەکانی خۆی لەململانێ لەگەڵ یەکێتیدا بەپێکهێنانی بەرەی جود لەگەڵ حسیكو حشعدا پتەوکردو بەخێرایی ئەو بەرەیەی دامەزراند. ئەمەش سەرەتایەك بوو، کەیەکێتی لەبەیاننامەیەکی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا لەرۆژی(١٩٨٠/١/١٠)بەناونیشانی(بایەکێتی ریزەکانی ناو بەرە بپارێزین) رەخنە لەحشعو حسیك بگرێتو بەرەی جود بەبەرەی ناکۆکی دروستکەر لەقەڵەم بدات.[3] لێرەوە گومانو پڕو پاگەندەو هێرشی جۆراوجۆر ناکۆکی لەنێوان بەری جوقدو جوددا دەستپێکردو کاریکردە سەر تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی، لەگەڵ هەریەك لەحسیكو حشع لەلایەكو گرژبوونەوەی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی لەلایەکیترەوە.[4]

بەمجۆرە پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جوددا چووە دۆخێکی خراپەوە، چونکە بەکردەوە هێزی کرداریو سەرەکی لەنێو بەرەی جوقددا تەنها یەکێتی بوو، هەروەها بنکەو بارەگاو هێزی چەکداری لەکوردستاندا هەبوو، ئەوانیتر بوونێکی سادەو ساکاریان لەکوردستاندا هەبوو، جگەلەوەی هەندێکیان تەنانەت بوونیشیان لەکوردستاندا نەبوو. لەسەرەتادا دۆخی شەڕ لەنێوان یەکێتیو پارتیدا

بەردەوام بوو، لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی تری جودیشدا روداوو شەڕ روویاندابوو، کەبووبووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان. بەهۆی رووداوەکانی دەرگەڵەو فەقێیانو کاروخەوە پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ لیژنەی هەرێمی کوردستانی حشع گرژبوو، لەگەڵ پاسۆک لەرووداوەکەی مامەخەلانو گەڕەدێ

---

(١) نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەرۆژی(٢٠٠٩/٩/٢)لەرێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، سلێمانی.

(٢) بهاءالدین نوری: مذکرات بهاءالدین نوری، ط٢، ، کردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدین، هولیر، ١٩٩٥، ص٣٨٦،٣٨٧.

(٣) بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان لەرۆژی(١٩٨٠/١/١٠)، دەق لەفاتیح رەسول: چەند ب٢، ل٢٦٨–٢٧٠.

(٤) فاتیح رەسولْ: چەند، ب٢، ل٢٢٥،٢٢٦.

پەیوەندی تێکچووبوو.[١] لەولاشەوە تادەهات پەیوەندی لایەنەکانی نێو بەرەی جود بەهێزتر دەبوو، بەتایبەت لەرۆژی(١٩٨١/١/٢٨)لەراژان دوا نیوەرۆکەی کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لەنێوان پارتیو حشعو حسیکدا دەبەسترێتو چەندین مەسەلە تاوتوێ دەکەن، لەوانە باری تێکچووی پەیوەندی خراپی نێوان حسیکو یەکێتی لەلایەکو یەکێتیو پارتی لەلایەکیترەوە، هەروەها چۆنێتیی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەرسێ حزب، کەبەرەی جودیان پێکهێنابوو.[٢]

لەهەندێ لەو نامانەشدا، کە لەنێوان لایەنەکانی بەرەی جوددا ئاڵو گۆڕ دەکرا، مەسەلەی دوژمنایەتیکردنی یەکێتیو خۆئامادەکردن بۆلێدانو شەڕکردن لەگەڵیدا باسکراوە.[٣] ئەمە جگەلەوەی شێوازو جۆرەکانی هەڵگیرساندنەوەو رێگا خۆشکردنی شەڕەکە درێژەی هەبوو، وەك چەك رفاندن لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جودداو هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی گوندەکانو پارە وەرگرتن لەخەڵكو گرتنی ئەندامو لایەنگرانی یەکتری لەدێهاتەکاندا،...تاد،[٤] بەڵام زیاتر سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی جوددا لەرۆژی(١٩٨١/٨/٢٢)ەوە دەستیپێکرد، ئەوەبوو پێکدادان لەنێوان چەند پێشمەرگەیەکی هەرێمی(٣)ی شارباژێڕی یەکێتیو چەند پیشمەرگەیەکی پاسۆك(هەرچەندە پاسۆك دواتر چووە ناو بەرەی جودەوە)لەگوندی مامەخەلان روویداو ئاکامەکەشی بەکوژرانی دوو پێشمەرگەی پاسۆكو فەرماندەی مەفرەزەیەکی یەکێتیو دواتریش پێکدادانی هەردوولای لەگوندی گەڕەدێ لێکەوتەوە. پێکدادانی یەکێتی لەگەڵ حسیکش لەرۆژی(١٩٨١/٨/٢٣)لەگوندی سێکانیان لەدۆڵی جافەتی، کەبووە هۆی کوژرانی(٦)پێشمەرگە لەحسكو بریندابوونی(٥) پێشمەرگەی تر، کە لەنێویاندا شێرکۆی شێخ عەلی فەرماندەیەکی سەربازی حسك بوو، لەیەکێتیش(٧) پێشمەرگە کوژرا، لەوانە فەرماندەی سەربازی جەمالی عەلی باپیرو بریندابوونی(٧) پێشمەرگەی تر.[٥] هەرچی شەڕی یەکێتیو حشعیش بوو، لەوکاتەوە

دەستیپێکرد یەکێتی لەرۆژی(١٩٨١/٩/٤)عەبـدوڵڵا مـاویلی[٦]، کەپێشـمەرگەیەکی حشـع دەبێـت، لەدەرگەڵـە دەکوژن، چونکە دەستی لەتەسلیمکردنەوەی چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەحکومەتی بەعس هەبووە،

(١) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٢٠، فاتیح رەسولْ: چەند، ب٢، ل٣٢٨.

(٢) لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی پارتی بریتیبوون لە: مەسعود بارزانیو عەلی عەبدوڵڵاو محەمەد ساڵح جومعەو ئازاد بـەرواری. نوێنـەرانی حسـیك پێکهاتبوون لە: عەزیز عەقراوی، مەلا ناسیح، مستەفا خۆخێ، نوێنەرانی حشعیش هەریەکە لەعەزیز محەمەدو یوسف حەناو ئەحمـەد بـانیخێڵانیو فـاتیح رەسـولْ بـوون. لـەکۆتایی کۆبوونەوەکەشـدا رێکدەکـەون لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بەیاننامەیـەکی سیاسـی لەسـەر هـەموو بارودۆخـەکان، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەزیز محەمەد لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٥)، هەولێر.

(٣) دوو نامەی عەدنان کـەمالو قـادر قـادر بۆمحەمـەدی حـاجی مـەحمود لـەرۆژانی(١٠–١٩٨١/٤/١١)و (١٩٨١/٥/٢١)، نامەیـەکی عـەدنان کـەمال بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨١/٦/٢)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٣، ل٤١١،٤٠٨.

(٤) نامەی(قادر چاوشینو قادر قادرو عەتا) بۆعوسمان قادر منەوەر، لەرۆژی(١٩٨٢/١٢/٢٩). دەربارەی دەستکاریکردنی ئەنجومـەنی گونـدەکان، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٣، ل٥١٥، نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٠٧،٢٠٨.

(٥) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل(٢٠٨–٢١٠)، بهاءالدین نوری: مذکرات، ص٣٩٠،٣٩١.

(٦) عەبدوڵڵا ماویلی سەرەتا پێشمەرگەبوو، لەگەڵ چەند پێشـمەرگەیەکی یەکێتیـدا دەبێـت، بـەڵام لـەکاتی پشـودانو نوسـتندا دەیانگرێـتو دواتـر تەسـلیمی حکومەتی بەعسیان دەکاتو هەموویان لەزیندانی ئەبو غریب لەموسڵ لەسێدارە دەدرێـن، دوای ئـەوە دێتـە دەرەوەو دەبێتـە پێشـمەرگەو حشـع لەریزەکانیـدا وەریدەگرێت، بۆوردەکاری زیاتر بڕوانە نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢١٢، نامەی جەلال تاڵەبانی بۆفوئاد مەعسوم، لەرۆژی(١٩٨١/٩/٩).

دواتریش لەگرتووخانەی ئەبوغرێب لەموسڵ لەسێدارە دران، دوای ئەم رووداوە فەرماندەیەکی حشع لەگوندی فەقێیان(٦)پێشمەرگەی یەکێتی وەك تۆڵەسەندنەوە دەکوژێت.[1] لەرۆژی(١٩٨١/٨/٢٣)سەید کاکـە ئەنـدامی سەرکردایەتیو فەرماندەیـەکی دەشـتی هـەولێری حسـك لەشـکر کێشـەییەك لەتۆڵـە سـەندنەوەدا لەناوچـەی خۆشناوەتییەوە بەدوای پیشمەرگەکانی یەکێتیـدا دەسـتپێدەکاتو زیـانێکی گـەورە لەیـەکێتی دەدات. بۆیـە لەئاکامی ئەم لەشکرکێشییەدا یەکێتی کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی دەکـاتو بـەگوێرەی خاڵەکانی ئەو کۆبوونەوەیە پلان بۆروبەڕووبوونەوەو هێرشکردنە سەر حسك دادەنێت.[2] لێرەوە ئەم رووداوە دەبێتە هاندەر بۆئەوەی لایەنەکانی بەرەی جود پشـتیوانی لەیـەك بکـەنو هێرشـی بـەرفراوان لەناوچـەکانی زارگەڵیو وەرتێ بکەنە سەر بنکـەکانی یـەکێتیو پێیـان چـۆڵ بکـەنو یـەکێتیش لەناوچـەی دۆڵەڕەقـە خـۆی کۆدەکاتەوەو هێرش دەکاتە سەر ناوچـەی وەرتـێو ناوچـەکە دەگرێتـەوە.[3] لـەم نێوەنـدەدا یـەکێتی داوای وتووێژ دەکاتو د.مەحمود عوسمانو جەلال تاڵەبانیو مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی پێکەوە دادەنیشـنو لەسـەر چەند خاڵێك رێکدەکەون.[4]

لـەم ماوەیـەدا بـەهۆی حەمـەی حەباقییـەوە هـەوڵێك بۆناوبـژیوانیکردنو ئاشـتەواییو رێکـەوتن لـەنێوان یەکێتیو حسکدا هاتەئاراوەو بەم بۆنەشەوە نوێنەرانی حسك، کەپێکهاتبوون لە:حاجی حاجی برایمو تایـەری عەلی والیو لەیەکێتیش نەوشـیروان مسـتەفاو عومـەری حـاجی عەبـدوڵڵا لەشـێنێ چاویان بەیەکدی کـەوێت. یەکێتی لەم دانیشتنەدا باسی یەکخستنی شێوازی خـەباتی سیاسـیو سـەربازی بۆحسـك، بەتایبـەت لـەڕووی سیاسیو ئایدۆلۆجیو رێکخراوەییەوە دەکات، بەجۆرێ هەر رێکخراوێك سەربەخۆ بێت، بەڵام دامو دەزگاکانی

(١) فەتاح تۆفیق فەتاح: حەفتاو، ل٦٠.

(٢) بەگوێرەی گێڕانەوەی نەوشیروان مستەفا لەو کۆبوونەوەیەدا ئەم بڕیارانە دراون:
ئەلف– مستەفا چاوڕەش بچێت بۆکۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی هێزەکانی هەرێمەکانی(٣و٤)و تین بۆسەید کاکەو هێزەکانی حسک بهێنێو بەری مەرگەو دۆڵی جافەتی بەجێبهێڵن بەرەو کۆسرەتو لەوێش گوشاریان بۆبهێنن تائەیانکەنەوە بەخۆشناوەتیدا.
بێ– نەوشیروان هێزێك لەگەڵ خۆی ببات بۆناوچەی مەنگوڕایەتی بەرەو دۆڵی خانەقاو دەستبگرن بەسەر ناوچەکانی وەرتێو دۆڵی مەلەکانو دۆڵی بالیساندا، لەوێ لەگەڵ هێزەکەی مستەفا یەکبگرنەوەو هێزەکانی حسك بخەنە ناو کەماشەوە.
جیم– مولازم عومەر ئەگەر پێویستی کرد بەدوای نەوشیروان مستەفا هێزێك بهێنێ لەقەڵاتوکان دابمەزرێ بۆپاراستنی ڕێگاکانی پشتەوە(کومتان، دۆڵی خانەقا)، پەنجەکان، ل٢١٤–٢١٦، نوسراوی مەکتەبی سیاسی حسك بۆئەحمەد فەقێ ڕەشو لیژنەی ناوچەی باڵەکی حسك لەرۆژی(١٩٨٣/٤/٢٨)، دەق لەنەوشیروان مستەفا: خولانەو لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی(١٩٨٤–١٩٨٨)، چاپو بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، بەرلین، ١٩٩٩، ل٤٠٣.
(٣) نامەی سەید کاکە بۆمەکتەبی سەربازی حسك لەرۆژی(١٩٨١/٨/٣١)، دەق لەنەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٤٠٦. ئەحمەد بانیخێڵانی: بیروەرییەکانم، ل٤٢٣–٤٢٧.
(٤) ئەو خاڵانەی لەسەری ڕێکەوتن بریتیبوون لە:
١– بێ قەیدو شەرت شەڕ بوەستێ. ٢– ئەو چەکانەی یەکێتی لەهێرشی یەکەمدا گیراون بۆیان بگێڕدرێتەوە. ٣– ڕێگای هاتوچۆی پێشمەرگەکانی حشعو یەکێتی بۆناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتری بدرێ. ٤– هەر لایەنە لای خۆیەوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بدات. ٥– حشع سەردانی پارتی بکەنو داویان لێبکەن شاری شنۆ چۆڵ بکەن، ئەگەر پارتی ئەمەی نەکرد حشع هەڵویست وەربگرن، ئەحمەد بانێخێلانی، بیرەوەرییەکانم، ل٤٢٧.

جوڵانەوەکە بەتایبەت پێشمەرگەو راگەیاندنو دەستکەوتی دارایی یەکبخرێن.[1] ئەنجامی ئەم هەوڵانە یادداشتێکی لێکەوتەوە، کەیەکێتی بەنامەی مەکتەبی سیاسیو بەناوی جەلال تاڵەبانییەوە لەرۆژی(١٩٨٢/٣/٩)ئاراستەی حسکی کردو تیادا دوو قۆناغ دەستنیشانکرابوو بۆئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیانو پێکهێنانی هاوخەباتی هەردوولادا لەو ماوەیەدا،[2] بەڵام ئەم هەوڵە دواجار شتێکی وای لێسەوز نەبوو، لەگەڵیشیدا هەوڵی ئاشتەواییەکە شکستی هێنا. بەبڕوای ئێمە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆچەند خاڵێك لەوانە:

١. هەوڵەکە هەوڵێکی تاکەکەسی بوو، کەتوانای سەپاندنی هێزی سیاسیو چەکداریو خۆی بەسەر یەکێتیو حسکدا نەبوو، بەشێوەیەك ناچاریان بکات ڕێبکەونو ئاشتببنەوە، بەپێچەوانەوە هەردوو حزب خاوەنی هێزی سیاسیو چەکداری بوونو هیچ فشارێکی هێزی سێیەمیان لەسەر نەبوو، تاوەکو ناچار بن ئاشتببنەوە.
٢. لەکاتێکدا ئەم هەوڵە درا، کەشەڕی خوێناوی تازە کۆتایی پێهاتبوو، ئاسان نەبوو بەو خێراییە بەئەنجام بگەن.
٣. حسك یەکێك لەلایەنەکانی نێو بەرەی جود بوو، بەجۆرێ بەیاننامەی هاوکاریو سیاسیو سەربازی لەگەڵ حشعو پارتیدا ئیمزاکردبوو، نەیدەتوانی بەئاسانیو بەتەنها لەگەڵ یەکێتیدا ڕێکبکەوێتو ئاشتببێتەوە. لەولاشەوە لەنێو حسکدا رایەکی یەکگرتوو بۆئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیدا نەبوو. پێشتریش حسك لەریزەکانی یەکێتی هاتبووە دەرەوەو شەڕو ململانێی سیاسیو چەکداری کۆنیان

لەنێواندا هەبوو، بەجۆرێ هەندێ لەسەرکردایەتی حسك خۆشییان بەنزیکبوونەوەو ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتی نەدەکرد.

٤. قۆناغی یەکەمی ئەو پرۆژەیەی یەکێتی لەیادداشتەکەدا ئاراستەی حسکی کردبوو، راستەوخۆ مانای هەڵوەشاندنەوەی بەرەی جود، یاخود لانیکەم دابڕانی حسك لەو بەرەیەی دەگەیاند، بەتایبەت خاڵی یەکەمو دووەمی پرۆژەکە، بەجۆرێ لەخاڵی یەکەمدا هاتووە:"هیچکامیان[مەبەست یەکێتیو حسکە] لەگەڵ حزبو لایەنێکی دیکەدا، هاوکاری سیاسیو راگەیاندنیو سەربازی ناکات، کەدژی ئەوی دیکەیان بێت". خاڵی دووەمیش دەڵێت:"هیچ کامیان لەسەر حسابی ئەوی دیکەیان، یان بۆدژایەتی سیاسیو سەربازیو راگەیاندنیی ئەوی دیکەیان لەگەڵ هیچ حزبو لایەنێکی دیکە نەچێتە نێو هیچ بەرە یان لیژنەی تەنسیق یان رێکەوتنێکی دوو قۆڵییەوە، ".[٣] ئەمەش مانای دوورخستنەوەی حسك

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان، ل٢٥٢.

(٢) دەقی یادداشتەکە بەنوسراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان لەرۆژی(١٩٨٢/٣/٩) بۆمەکتەبی سیاسی حسك، دەق لە: فاتح رسول: صفحات من تاريخ كفاح الشعب الكردی(احداث ووثائق ١٩٨٢–١٩٩٠)، ترجمة(كمال غمبار)، ج٣، مطبعة(شفان)، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٣١–٣٤.

(٣) م.ن.

لەبەرەی جود بوو، لای حسکیش نەدەتوانرا ئەمە قبوڵ بکرێت. بۆیە حسك بەنامەیەکی مەکتەبی سیاسی وەڵامی یاداشتەکەی یەکێتی دایەوەو نەچووە ژێر باری قبوڵکردنی داواکاریو پێشنیازو خاڵەکانی یەکێتییەوە، بەڵکو زیاتر باسیان لەئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیانو گێڕانەوەی متمانەو هاوکاری سیاسیو چەکداریو راگەیاندنیی هەردوولا، دژی حکومەتی بەعس کردبوو.[١] دواجار بەگشتی هۆکاری شکشتهێنانی ئەم هەوڵی ئاشتبوونەوەیە ئەوەبوو، کەیەکێتی یادداشتەکەی تەنها ئاراستەی حسك کردبوو، نەك لایەنەکانی تری بەرەی جود، حسکیش جگەلەوەی بەپرۆژەکە رازی نەبوو، هێندەی خۆیشی قەبارەیو قورسایی سیاسیو چەکداری هەبوو.

دیسان هەر لەم ماوەیەداو لەمانگەکانی ئازارو نیسانی(١٩٨٢)دا هەوڵێکی تری ئاشتەوایی لەنێوان یەکێتیو پارتیدا، بەهۆی حەمەی حەمەباقییەوەو لەرێگای حشعەوە هاتەئاراوە، دووجار حەمەی حەمە باقی لەئێران سەردانی پارتی، بۆگەیاندنی پەیامنامەی یەکێتی سەبارەت بەئارەزووی ئاشتبوونەوە، کرد. ئەوەبوو دواجار لەمانگی تەمموزی(١٩٨٢)دا لەبارەگای حشع لەپشتائاشان نوێنەرانی یەکێتی، کەپێکهاتبوون لە:فەرەیدون عەبدولقادرو د.خدر مەعسومو نوێنەرانی پارتی، کەبریتیبوون لە: محەمەدی مەلا قادرو مەغدید ئەحمەد لەرۆژی(١٩٨٢/٧/٢٨) دانیشتنو لەم دانیشتنەدا رێکەوتنێکیان ئیمزاکردو لەسەر چەند خاڵێك رێکەوتن، لەگەڵ رێکەوتننامەکەدا پاشکۆیەکیشیان دابوو، کەئەویش چەند خاڵێکی لەخۆگرتبوو.[٢] هەرچەندە دوای مانگێك مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبانگەوازێکدا ئەم رێکەوتنەی بەهەنگاوێکی ئیجابی بۆیەکخستنی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردو هێزە نیشتمانییەکانی عێراق دژی حکومەتی

بەعسو چارەسەرکردنی سەرجەم ناکۆکیو کێشەکان لەنێوان لایەنە سیاسییەکامدا بەرێگای ئاشتیو وتووێژ لەقەڵەمدا،[٣] بەڵام دواجار ئەم هەوڵەی تری ئاشتبوونەوە سەرینەگرتو شکستی هێنا، چونکە پارتی لەرێگای حشعەوە یەکێتیان ئاگادار کردەوە، کەقبوڵی ناکەن، یەکێتی هێز بۆ ناوچەی بادینان بنێرێت، چونکە رێکەوتننامەکەی پشتئاشان رێکەوتنێکی ناوچەییەو بادینان ناگرێتەوەو لەبادینان رێکەوتن لەنێوان یەکێتیو پارتیدا نییە.[٤]

هەر لەم قۆناغەدا دەرفەتێکی تر هاتە پێشەوە، کەتارادەیەك چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا، لانیکەم لایەنەکانی جودو یەکێتی لەیەك نزیك بکاتەوەو سنورێك بۆشەڕی خوێناویان دابنێتو سەرەتایەك بێت بۆباشترکردنی پەیوەندییەکانیان، ئەویش بریتی بوو لەرێکەوتنی(١٩)قۆڵی تەرابلوس، کە بەهەوڵی سوریاو لیبیا هاتەئاراوە، لەرۆژانی(١-٦/٢/١٩٨٣) لەشاری تەرابلوسی لیبیا(١٩) رێکخراوی عێراقی

(١) نوسراوی مەکتەبی سیاسی حسك بۆمەکتەبی سیاسی یەکێتی لەرۆژی(١٨/٣/١٩٨٢)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٣٥-٣٩.

(٢) بڕوانە رێکەوتننامەی نێوان یەکێتیو پارتی لەرۆژی(٢٨/٧/١٩٨٢) لەپشتئاشان، لەپاشکۆی ژ(١٥)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود، نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٦٢.

(٣) بانگەوازی یەکێتی لەرۆژی(٢٨/٨/١٩٨٢)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٤٩١،٤٩٢.

(٤) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٦٢.

لەوانە(یەکێتیو پارتیو حسكو حشع) رێکەوتنێکی کورتو پوختیان ئیمزاکرد، کەچەند بەندو خاڵێکی لەخۆگرتبوو، ئەوەی گرنگ بوو بەنیسبەت جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردییەوە لەو قۆناغەدا، خاڵی چوارەم بوو، کەتیایدا بڕیاردرابوو یەکسەرو لەرۆژی(٦/٢/١٩٨٣):

ئەلف- دەستبەجێ شەڕی راگەیاندن بوەستێت.

بێ- ناکۆکی چەکداری ناوخۆ رابگیرێت.[١]

سەرەڕای بەشداریکردنی یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود لەم رێکەوتنە(١٩)قۆڵییەدا، بەڵام دیسان ئەمەش نەبووە هۆی نزیکبوونەوەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، چونکە خودی رێکەوتنەکە درێژەی نەکێشاو لەولاشەوە چوارچێوەو ئامانجێکی فراوانو عێراقییانەی هەبوو لەوەی کوردستانی بێت، تاوەکو لایەنە کوردییەکان قوربانی لەپێناودا بدەنو ناکۆکییەکانی نێوانیان وەلا بنێن. هاوکات بەرەی جود ئامادە نەبوو خۆی هەڵبوەشێنێتەوەو بەیەکجاری بێتە ناو لیژنەی(١٩)قۆڵییەکەوە، تەنها مەگەر دوای رەزامەندی کۆماری ئێران نەبێت.[٢] ئەمە جگە لەوەی دوای چەند رۆژێك حشع بەبیانووی لاوازیو گوماناوی هەندێ رێکخراوو هێزی بەشداربوو لەرێکەوتننامە(١٩)قۆڵییەکە کشایەوە. ئەمەش هۆکارێکیتر بوو لەوەدا جارێکیتر گرژیو ئاڵۆزی بکەوێتەوە نێو پەیوەندی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود، چونکە لەم کاتەدا هەندێ رووداوی تر لەکوردستان روویاندا، کەبەهای رێکەوتننامە(١٩)قۆڵییەکەی بێنرخ کردو هیچ ئەگەرو زەمینەیەکی بۆنزیکبوونەوەی یەکێتیو لایەنەکانی جود نەهێشتەوە، بەتایبەت هێزەکانی پارتی لەشوباتی(١٩٨٣) بەسەرکردایەتی حەسۆ میرخان ژاژۆکیو بەیارمەتی ئێران هاتنە نزیك بارەگاکانی

سەرکردایەتی یەکێتی لەناوزەنگو بەرزاییەکانی بەرامبەریان لێگرتن. لەولاشـەوە لـەرۆژانی(١١-١٢/٢/١٩٨٣) هێزەکانی جودو یەکێتی لەدەشتی کۆیە بەگژ یەکداچوونو لەرۆژی(١٦/٢/١٩٨٣)بەرەی جود بەناوی لیژنـەی هــەولێرەوە بەیاننامەیــەکی توندوتیــژی دژی یــەکێتی دەرکــردو یــەکێتیش لــەرۆژی(٢٠/٢/١٩٨٣)وەلامــی بەیاننامەکەی دایەوەو جارێکیتریش سکرتاریەتی بـەرەی جـود لـەرۆژی(٢٤/٢/١٩٨٣)بـەیانێکی تونـدی دژی یەکێتی دەرکردو حشعیش یادداشتێکی توندی بەیەکێتی دا.[٣]

بۆیــە جگــە لــەم رووداوانــە، بــوونی هۆکــارە ســەرەکییەکانی ململانــێو نــاکۆکی نــاوەڕۆکو بــەهای رێکەوتننامە(١٩)قۆڵییەکەی بێنرخ کردو بەپێچەوانەوە قۆناغی دواتر بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی بەشێوەیەکی خوێناوی لەنێوان لایەنەکانی جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا. لێرەوە وردە شـەڕو هەڕەشـە لەیەکتری دەستپێکردو بۆسەو کەمین دانان بۆیەکتری، بـوو بەسـەرەتای قۆنـاغێکی تـری شـەڕی براکـوژی، تادواجار ئەوەبوو هێزەکانی یەکێتی لەرۆژی(١/٤/١٩٨٣) بۆسەیەك بۆعوسمانی قالە منەوەر دادەنێن،

---

(١) بەیاننامـەی هێـزە نیشـتمانیو نەتـەوەییو پێشـکەوتووخوازە عێراقییـەکان لـەرۆژی(٦/٢/١٩٨٣) لەتەرابلوسـی لیبیـا، دەق لـەفاتح رسـول: صفحات، ج٣، ص١٣٦،١٣٨.

(٢) حامد محمود عيسى: المشكلة، ص٢٦٩،٢٧٠.

(٣) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٧٩-٢٨١، حامد محمود عيسى: المشكلة، ص٢٧٠.

کەفەرماندەیەکی سەربازییەکانی حسك بوو، بەڵام جەزای عەلی کاتب، کەپێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی بــوو دوو پێشــمەرگەی برینــداری یــەکێتی بەئۆتۆمبیلەکــەی عوسمــانی قالــە منــەوەر دەگوێزێتــەوە، لەوێـدا دەکوژرێن. بۆرۆژی دواتر پارتی لەگوڕەدێم بۆسەیەك دەنێتەوەو لەنێو ئۆتۆمبیلێکدا(٨) کـادرو پێشـمەرگەی یــەکێتی دەکــوژن. لــەمانگی نیســانی(١٩٨٣)یشــدا هێزێکــی حســكو حشــع لەگونــدی بــاداوانی دۆڵــی خەلەکان(شەماڵو سەربان)، کەدوو فەرماندەو جێگری فەرماندەی تیپی(٩٣)ی کۆیەی یـەکێتی دەبـن، لـەنێو ئۆتۆمبیلێکدا دەکوژن، ئیدی لێرەوە شەڕ بەتەواوەتی دەستپێدەکات.[١]

ئاکامی ئەم خولەی تری شەڕی نێوان یەکێتیو جود بـەگرتنی سـەرکردایەتی حشـع لەپشتئاشـان کۆتـایی هات، کەتیایدا نزیکەی(٧٠)پێشمەرگەی حشعو حسك بەدەستی یەکێتی کـوژران، کەهەنـدێکیان دیـل بـوون، جگەلەوەی ژمارەیەك لەئەنـدامانی سـەرکردایەتی حشـع بـەدیلیگیران.[٢] ئەگـەر سـەیری هۆکارەکـانی شـەڕی ناوخۆ بکەین، تیبینی ئەوە دەکەین زیاتر لەهۆکارێك لەپشتەوەی هەڵگیرسـانی ئـەم شـەڕەوە بـوو، دەکرێت لێرەوە ئاماژەیان پێبدەین:

### ئەلف- دروستبوونی دوو بەرەی دژ بەیەك ( جوقدو جود ):

یەکێتی جگەلەوەی بەرەی جودی بەرکابەری بەرەی جوقد دادەنا، هاوکات واشی لێکدەدایەوە، کەبۆدژایەتیکردنی ئەوان دروستبووە. وەك تێبینیش دەکرا بەرەی جود دوای(١٢)رۆژ لەدامەزراندنی بەرەی جوقد دامەزرا.[٣] دروستبوونی ئەم دوو بەرە دژ بەیەکە بەکرداری لەو قۆناغەدا سەرەتای ئاڵۆزبوونو تێکچوونی پەیوەندی نێوان هێزەکانی نێو ئەو دوو بەرەیەبوو، چونکە کاتێك بەرەی جوقد دامەزرا، یەکێتی ئامادە نەبوو پارتی لەو بەرەیەدا بەشداری پێبکات، تەنها بەیەك مەرج نەبێت، ئەویش بریتی بوو لەپچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرانو ئەمریکاو جولەکە. لەولاشەوە پارتی بۆهاوسەنگکردنەوەی باری لاسەنگی خۆی، لەبری تەبایی دروستکردن بەرەی جودی لەگەڵ حشعو حسكو دواتریش پاسۆك پێکهێنا، بەپێچەوانەوە یارمەتی بەردەوامی کەشو هەوای ململانێو دوژمنایەتییەکەی دا، ئەمە جگەلەوەی هەندێ روداوو پێشهات لەنێوان پێشمەرگەکانی ئەم دوو بەرەیەدا روویدا، کەبوون بەسەرەتای دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی تر لەشەڕی ناوخۆ، چونکە لەبری ئەوەی ئەم دوو بەرەیە ببنە بەرەی خەباتکردن رووەو روخاندنی حکومەتی بەعس لەعێراقدا، بەپێچەوانەوە بوون بەدوو بەرەی شەڕ دژی یەکتریی.[٤]

---

(١) بهاءالدين نوری: مذكرات، ص٤١٣، نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٨٥.

(٢)قادر رەشید(ئەبو شوان): پشت ئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا،چ١، چاپخانەی میدیا، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨، ل٢٥،٢٦.

(٣) فەتاح تۆفیق فەتاح: حەفتاو، ل(٥٩،٦٠)، بهاءالدين نوری: فی تقییم سیاسة الحزب الشیوعی العراقی فی سنتی(١٩٥٨-١٩٩١)، ط٤، كانوون الاول(١٩٩١)، ص٤٩.

(٤) بهاءالدين نوری: مذكرات، ص٣٨٧.

## بێ- ناکۆکیو ململانێ لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەوایی:

لەناوەڕۆکدا ناکۆکیو ململانێی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لەسەر دەسەڵات بوو، لەگەڵ قۆرغکردنو دەستبەسەراگرتنی ناوچەی فەرمانڕەواییو بێبەشکردنو قەدەغەکردنی چالاکی سیاسیو چەکداری لەیەکتری. لەراستیدا لەبنەڕەتەوە چ یەکێتیو چ لایەنەکانی نێو بەرەی جود، ئامادە نەبوون رێگا بدەن پێشمەرگەی هیچ لایەکیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەویتردا بنکەو بارەگا بکاتەوە، ئەمە ئەگەر لەناوچەکانی خۆشناوەتیو باڵەکایەتی وانەبووبێتو بنکەو بارەگای لایەنەکانی جودی لێبووبێت، ئەوا تاسەر نەبووەو لەناوچەکانی تری وەك شارەزوورو سلێمانیو قەرەداغدا رێگایان بەیەکتری نەدەدا. لەکۆبوونەوەیەکی بەرەی جود لەرۆژی(١٩٨١/١٠/١٧)، کە لەراژان دەبەسترێت، مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی وەکو یەکێك لەبەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە دەڵێت:"ئێمە لەوێ[مەبەستی راژانە]کۆبووینەوە، باسی ئەوەمان کرد دەبێت ناوچەی باڵەکایەتیو دەرگەڵەو گەڵاڵە بکەینە ناوچەی کۆنترۆڵکراوی جودو هەوڵبدەین نەختە نەختە ناوچەکانی جود فراوان بکەین. هەوڵبدەین یەکێتی بگەیەنینە ئەو قەناعەتەی، کەواز لەپاوانکردنی گۆڕەپانی خەبات بهێنێتو مل بەوە بدات، کوردستان بەتەنها موڵکی ئەو نییەو هەموو هێزێکی سیاسی دەبێ لەخەباتی سیاسیو چەکداری دژی حکومەتی عێراق ئازاد بێت". هەروەها ئەوەش

دەڵێت:"ئەگەر یەکێتیش مل بەعەقڵو مەنتیق نەدات، ئەوا ئێمەش ڕێگا نەدەین لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی جوددا بێتو بڕیارماندا لەئازاری داهاتوودا ئەو نەخشەیە جێبەجێ بکەین". [1] بۆیە پارتی لای خۆیەوە نەیدەهێشت یەکێتی بچێتە ناوچەی بادینانو یەکێتیش نەیدەهێشت هێزی ئەوان بێتە ناوچەکانی هەولێرو کەرکوکو سلێمانی. [2] باسیش لەوەدەکرێت یەکێتی مەرجی هەبووە، پارتی هێزەکانی بهێنێتە ناوچەی سلێمانی، ئەویش بریتی بووە لەوەی لەلێدانی هێزەکانی حدکادا هاوکاری ئێران نەکات. [3] هەرچی پەیوەندیشی بەحسکەوە هەبوو، ئەوەبوو حسك هاوپەیمانی پارتیو حشع بوو لەبەرەی جودداو ئەویش ڕێگای نەدەدا یەکێتی هێز بهێنێتە ناوچەی بالیسانو شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتییەوە، بۆئەمەش چەندان جۆرو شێوازی فشاری پەیڕەو دەکرد، تایەکێتی ناچار بکات لەو ناوچەیە دەربچێت. [٤] کاتێکیش حزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان لەجوڵانەوەیەکی چەکداریدا بیری حکومڕانیکردنی جەماوەری ناوچەی ژێر دەسەڵات لەنێویاندا چەکەرە بکاتو پەرەبسێنێت، ململانێ لەنێوانیاندا پەیدا دەبێتو ئەو ململانێیەش سەرەنجام شێوەی توندوتیژ بەخۆوە دەگرێت. [٥] قەدەغەکردنی ناوچەکانی کوردستان لەیەکتری ئاماژەبوو بۆئەوەی هەر لایەنێك میرنشینێکی تایبەت بەخۆی هەبێتو ئیتر بۆهیچ لایەنێکی تر نەبێت بەبێ ڕەزامەندی ئەو، چالاکی

---

(١) بیرەوەرییەکانم، ل٤٢٣.

(٢) یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی شۆڕش، ل٥٩،٦٠.

(٣) فەتاح تۆفیق فەتاح: حەفتاو، ل٦٢،٦١.

(٤) کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی، ل٢٩٥.

(٥) بەلاغی کۆبوونەوەی کادرانی پێشکەوتووی حزبی سۆسیالیستی کوردستان– عێراق، چاپخانەی شەهید ساڵەح یوسفی، ب.ش، ١٩٨٩، ل٤، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

دژی دوژمنی سەرەکی لەناوچەی میرنشینەکەی جیا لەوەی خۆی بنوێنێت. بۆیە بوونی گیانی پاوانخوازییو شەڕکردن لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەوایەتی، بەتایبەت لەناوچەکانی بادینانو سۆرانو دۆڵی جافەتیو شارەزوورو قەرەداغو دەشتی هەولێر، هۆکاری سەرەکی بوو، لەوەدا شەڕی خوێناوی براکان لەنێوان خۆیاندا بکاتە واقیعو بەکرداریش لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەوایی چەند ساڵێك شەڕی خوێناوی درێژە بکێشێتو قوربانی زۆری لەهەموو لایەنەکان لێبکەوێتەوە. [1] ئەم بارودۆخانە وایانکرد هەر لایەك ناوچەیەك بکاتە بنکەی بنەڕەتی خۆیو ناچار بێت، بەرگری لەو ناوچەیە بکاتو بارەگای لێدابنێتو خۆی پڕ چەك بکات. [2] بەشێکی زۆری ناکۆکی نێوان یەکێتیو حسك، جگە لەشەڕکردن لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەوایی، لەسەر مەسەلەی چەك رفاندنو دەستکاریکردنو هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی ئاواییەکانو پارە وەرگرتن لەلایەنگرانی یەکتریو خەڵك گرتنو ئازاردانیان بوو، زیاتر لەسنوری ناوچەکانی شارەزوورو سلێمانی، بەجۆرێ ئەو ئەنجومەنانەی یەکێتی لەئاواییەکاندا پێکیدەهێنان، لەلایەن حسکەوە هەڵدەوەشێنرانەوەو لەجێگەیدا لەکەسانی لایەنگرانی خۆیان پێکیان دەهێنانەوەو یەکێتیش بەپێچەوانەوە هەمان هەڵسوکەوتی دەکردو چەندین ڕەفتاری توندوتیژیان بەرامبەر بەو ئەنجومەنانەو لایەنگرانی یەکتری لەگوندەکاندا ئەنجامدەدا، وەك چەك کردنیانو هەڵکێشانیان لەئاوی حەوزی مزگەوتەکانو جەزاو پارە

لێسەندنیانو هەڕەشە لێکردنیان.[٣] مەبەست لەچەك كردنیان، زیاتر لایەنگرو پێشمەرگەی لایەنەکان بوو، نەك ئەنجومەنی گوندەکان. ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرابوو دەربارەی ناكۆکیو ململانێی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەکە لەسەر دەسەڵاتو شەڕکردن لەسەر ناوچەی فەرمانڕەوایی. نەوشیروان مستەفا لەمبارەوە دەنوسێت:"زیاتر لە(١٠)جار پێکادانی خوێناوی بچوكو گەورە لەنێوان لایەنەکانی جودو یەکێتیدا روویدا بوو، زۆریشی لەسەر چەك رفاندن لەیەکێتییەوە بۆلای ئەوانو بەپێچەوانەوە بۆ پارە وەرگرتن بوو، رەفتار لەگەڵ ئەنجومەنی ئاوایی، خەڵك گرتن، بەواتایەکیتر بۆفەرمانڕەوایی ناوچەکان بوو".[٤] هەر لەمبارەوە شێخ محەمەد شاکەلی دەڵێت:"هۆکاری بنەڕەتی شەڕی ناوخۆ ئەوە بوو، ئەو حزبانەی لەسەر گۆڕەپانەکە بوون، دەیانویست دەستبەسەر گۆڕەپانەکەدا بگرن، بەتایبەت یەکێتیو پارتی. ئەو ماوەیە شەڕی ناوخۆ گەرم بوو، یەکێتی بەشێکی زۆری ناوچەکانی سۆرانی بەدەستەوەبوو، پارتیش ناوچەکانی بادینان، رازی نەدەبوون لایەنەکانیتر بوونیان لەو ناوچانەدا هەبێت، حزبی سۆسیالیستیش لەبەرئەوەی هێزێکی چەکدار بوو، دەیویست لەنێو ئەو پاڵەپەستۆیەدا جێگە بۆخۆی بکاتەوە. بۆیە شەڕکردن لەسەر دەسەڵات بوو".[٥]

---

(١) بڵاوکراوەی مەکتەبی سیاسی حسك لەرۆژی(١٩٨٣/٢/٦)، بێ شوێنو ساڵی چاپ، ل١٧، کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی، ل٥١، فاتیح رەسوڵ: بنچینەی، ل٣٦٤.

(٢) محەمەدی حاجی مەحمود: گۆڕینی، ل١٩.

(٣) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٠٦،٢٠٧.

(٤) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٢٠٧،٢٠٨.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤)، هەولێر.

## جیم- ناكۆکیو ململانێو شەڕکردن لەسەر باج وەرگرتنو خاڵە گومرگییەکان:

رەهەندێکیتری ململانێو شەڕی خوێناوی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەو قۆناغەدا، بریتی بوو لەهۆکارە ئابورییەکان بەگشتیو بەتایبەت ناكۆکی بوو لەسەر مەسەلەی باج وەرگرتنو دانانو دەستبەسەراگرتنی ناوچە سنوریو خاڵە گومرگییەکان. هەرچەندە لەو سەردەمەدا باجو گومرگ سەندن، هێندە رێژەکەی زۆر نەبووەو قەبارەی بازرگانیو هێنانو بردنی شتومەکیش زۆر گەورە نەبوو، بەڵام لەناوەڕۆکدا ململانێی نێوان یەکێتیو جود، بەدەر نەبوو لەم رەهەندەش. ئەگەرچی زۆر روون نەکراوەتەوەو ئاماژە بۆ شێوازو چۆنێتیی دەستبەسەراگرتنی ناوچە سنورییەکانو خاڵە گومرگییەکان نەکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی زیاتر بەشێکی داهاتی هێزە سیاسییەکان تاڕادەیەك پشتی بەو باجو گومرگانە دەبەست، لەو کەسانەی خاوەن زەویو زار یان کڕیارو فرۆشیار بوونو شتومەكو کەلو پەلیان دەگواستەوە بۆئێرانو ناوچەکانی تر وەریاندەگرت، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو، کەهێزو لایەنەکانی نێو جوڵانەوەکە، ناكۆکیو شەڕ بکەوێتە نێوانیانەوە لەسەری. چونکە کاتێکیش، کەیەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود ناوچەکانی دەسەڵاتو فەرمانڕەواییان لەیەکتری قەدەغەکرد، ئەوا دیوێکی شاراوەی ئەو قەدەغەکردنە، بریتی بوو لەپارێزگاریکردن

لەخاڵە گومرگییەکانو وەرگرتنی باجو کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنورییەکان، کەبایەخێکی گەورەی بازرگانیو ئابوری هەبوو. نەوشیروان مستەفا بەڕوونی ئاماژە بۆئەم هۆکارە دەکاتو لەشوێنێکدا دەنوسێت:"یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی ناکۆکیو تێکچوونی پەیوەندی نێوان حزبەکان، هەمیشە مەسەلەی حکومڕانیو کۆکردنەوەی باجو گومرگ بووە"،[1] چونکە هەر لایەنێك هەوڵیدەدا خۆی دەستیان بەسەردا بگرێو ئەوانیتری لێبێبەش بکات. هەر سەبارەت بەم هۆکارە شێخ محەد شاکەلی دەڵێت:"شەڕ لەسەر خاڵی گومرگی بوو، شەڕ لەسەر دەسەڵات بوو، هەر هێزێك کەدەستی بەسەر ناوچەیەکدا دەگرت، لایەنەکانیتری لێقەدەغە دەکرد، هەم لەبەر لایەنی ئابوری بوو، هەم لەبەر لایەنی بەڕێوەبردنو فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەش بوو".[2]

## دال- بوونی فرە هێزی چەکداری لایەنەکانی نێو جولانەوەکە:

هەموو لایەنەکانی نێو جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەو قۆناغەدا خاوەنی هێزی چەکدارو کەرەستەی جەنگی تایبەت بەخۆیان بوونو بەردەوام خۆیان زیاتر پڕ چەك دەکرد. کاتێکیش ناکۆکیو ململانێ لەنێوانیاندا روویدا، هەموویان لەرووی ناوچەی جوگرافییەوە لەیەکتری نزیکبوونو رۆژانەش مەفرەزەکانیان پۆل پۆلو بەشێوەی بەکۆمەڵ هاتوچۆیان دەکردو لەیەکتری نزیك دەبوونەوەو کەمینو بۆسەیان بۆیەکتری دەنایەوە. زۆرجاریش لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتریدا هاتوچۆیان دەکرد. بێگومان لەم دۆخەدا ئەگەری

(١) خولانەوە، ل١١٨.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤)، هەولێر.

بەریەککەوتنو پێکدادان دەبێتە ئەگەرێکی نزیك، بۆیە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو براکوژی چاوەڕوانکراوو پێشبینیکراوبوو، بەتایبەت سوڕانەوەو گەڕانی چەکدارەکانی جود لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیو بەپێچەوانەشەوە.[1] مەلا بەختیار لەمبارەیەوە دەنوسێت:"گومانی تێدانییە یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی شەڕی براکوژیو ناوخۆ بریتی بوو، لەبوونی فرە لەشکریو فرە هێزی چەکداری لایەنەکان لەو قۆناغەدا، چونکە کاتێك دوو هێز لەڕووی سیاسییەوە ناکۆك دەبنو خاوەنی هێزی چەکداریشن، ئەوا لەسادەترین ئالۆزیو گرژیدا شەڕ نزیکترین ئەگەر دەبێت، چونکە لەلایەکیتر ناکۆکییەکان پەیوەندییان بەدەسەڵاتو حکومڕانی، داهات، باڵادەستییەوە لەنێوان ئەو هێزانەدا هەبوو. بۆیە ئەمانەش لەگەڵ رووداوەکاندا کارلێك دەکەنو دواجار دەکەونە ململانێو ناکۆکییە جۆراو جۆرەکانەوە، چونکە بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك بەریەکدەکەوێتو دواجار بۆشەڕی خوێناوی سەردەکێشێت".[2] هەرچی نەوشیروان مستەفاشە جەخت لەسەر ئەم هۆکارە دەکاتەوەو بەپاڵنەرێکی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ئەو قۆناغەی لەقەڵەم دەدات، بەجۆرێ دەنوسێت:"هاوینی ساڵی ١٩٨١ پێنج هێزی چەکدار، کەسەر پێنج حزبی جیاواز بوون، بەناوی پێشمەرگەوە لەدێهاتەکانی کوردستاندا بەتایبەت لەناوچەکانی سلێمانیو هەولێرو

گەرمیاندا تەڕاتێنیان دەکرد، ئەگەرچی چوار لەم حزبانە(پدك، حسك، حشع، پاسۆك) لەچوارچێوەی بەرەی جوددا کۆبوونەوە، بەڵام هێزەکانیان سەربەخۆو جیاوازبوونو هەریەکەیان سەرکردایەتیو فەرماندەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، کەسیان گوێی لەفەرمانو ئامۆژگاری ئەوی تریان نەئەگرت".[3] هەرچەندە لێرەدا نەوشیروان لەلایەنەکانی جود دەداتو تاڕادەیەك تاوانباریان دەکات، بەڵام یەکێتیش لەودیاردەیە بێبەش نەبوو، پاشان لەقسەکەشیدا هەست بەوە دەکەین، کە لەنێو ئەو بارودۆخە فرە لەشکریو فرە چەکدارییەدا، جگە لەوەی هێزەکان لەیەکەوە نزیکبوون، هاوکات فەرماندە سەربازیو چەکدارییەکانیان زۆرجار گوێیان بۆڕێنماییو راسپاردەو فەرمانی سەرووی خۆیانو سەرکردایەتی حزبەکانییان نەگرتووە.

## هاء- شەڕی عێراق- ئێرانو کاریگەری لەسەر دروستکردنی ناکۆکیو تەشەسەندنی شەڕی ناوخۆ:

کاتێك لەمانگی(ئەیلوولی١٩٨٠) شەڕی عێراق– ئێران هەڵگیرساو عێراق لای خۆیەوە لەهەندێ لەخاڵەکانی رێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی(١٩٧٥) پەشیمانبووەوە، راستەوخۆ جەنگیشی لەدژی ئێران راگەیاند.[4] بەدرێژایی شەڕی عێراق–ئێران(١٩٨٠–١٩٨٨)، هەردوولایان کاری زۆریان دەکرد، بۆئەوەی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی کوردی بۆلای خۆیان پەلکێش بکەن، ئەوەبوو دواجار لەقۆناغی شەڕی ناوخۆدا بەرەی جود

---

(١) فاتح رسول: صفحات، ج٣، ص١٥٤.

(٢) یاخی بوون، ل٢١٥.

(٣) پەنجەکان، ل٢٠٦.

(٤) بڕوانە دەقی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش( بەعس) بەئیمزای سەدام حسێن دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەی جەزائیر(١٩٧٥)، لەپاشکۆی ژ(١٦)، ئەرشیفی کامەران بابان زادە.

چووە پاڵ ئێرانو یەکێتیش لەکۆتایی ساڵی(١٩٨٢)ەوە لەرێگای قاسملۆو حدکاوە دەستی بەوتووێژ لەگەڵ حکومەتی بەعسدا کردو[1] ناڕاستەوخۆ چووە پاڵ عێراق، چونکە پاش ماوەیەك لەدەستپێکردنی وتووێژ لەهەندێ ناوچەدا یەکێتی شەڕی دژی هێزەکانی عێراق راگرت.[2] ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆئەو چوونە پاڵە. هەرچەندە ئەوە پەیوەندی بەمەسەلەی وتووێژەوە هەبوو. هاوکات هەریەکە لەئێرانو عێراق، لای خۆیانەوە بەرێگاو شێوازی خۆی کاریگەریان لەدرێژەدان بەشەڕی ناوخۆو بەکارهێنانی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەکە لەبەرژەوەندی خۆیان هەبوو. بۆیە لەم قۆناغەو لەشەڕی ناوخۆدا بەئاشکرا جێپەنجەی ئێرانو عێراق لەهەڵگیرساندنو خۆشکردنی ئاگری ئەو شەڕەدا بەدیدەکرێتو زیاتریش کاریگەری شەڕی عێراق– ئێران لەسەر لایەنەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەدەستپێکردنەوەی شەڕی دووەمی بەرەی جودو یەکێتیدا دەردەکەوت، چونکە لەو قۆناغەدا بەعس لەرێگای قاسملۆو حدکاوە، کەهاوپەیمانی یەکتری بوونو لەهەمانکاتیشدا حدکا بەرەی بەرهەڵستیکاری ئێران بوو، چووە نێو وتووێژەوە لەگەڵ یەکێتی لەهاوینی(١٩٨٢)و یەکێتیش لای خۆیەوە لەرۆژی(١٩٨٣/١٢/٣) شەڕی دژی بەعس راگرتو[3] دەستی بەوتووێژ کرد.[4] ئێرانیش بەهەموو شێوەیەك کەوتە پاڵپشتیکردنی بەرەی جودو لەشەڕەکانی ناوچەی حاجی

ئۆمەران، قەڵادزێو پێنجوێن، چۆمان، رەزگەو قەڵاتوكانەوە، هاوكاریو یارمەتی بەرەی جودی دەكردو پێشمەرگەكانی پارتیو حسكیش چاوساغی هێزەكانی ئێرانیان دەكرد. لەهەندێ بروسكەو نامەكانی لایەنەكانی بەرەی جودیشدا بۆیەكتری بەئاشكرا هاوكاری ئێران بۆبەرەی جود لەدژی یەكێتی دەردەكەوێت.[٥] ئامانجی ئێران لەمەدا، بریتی بوو لەفشار خستنە سەر لایەنەكانی جود، بۆئەوەی لەلایەك لەشەڕكردن دژی یەكێتی بەردەوام بنو لەلایەكیتریشەوە دەرفەتی ئاشتبوونەوەو رێكەوتنیان پێنەدات.[٦] دەستپێكردنی وتووێژی یەكێتی– بەعس لایەنەكانی بەرەی جودی تورە كردو بەخیانەتو جاشایەتیان لەقەڵەمداو دژی وەستانەوە. لەبەیاننامەیەكیشدا هەڵوێستی توندی خۆیان لەوبارەوە خستەڕوو.[٧]

---

(١) یەكێتی ی نیشتمانی كوردستان: گفتوگۆی شۆڕش، ل٦٥،٦٦.

(٢) رێباز: قەندیل، ل٩٢.

(٣) نامەی سەید كاكە بۆمەكتەبی سەربازی حسك لەرۆژی(١٩٨١/٨/٣١)دەق لەنەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەكان، ل٤٠٦، نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل٩، محمد احسان: كوردستان ودوامة الحرب، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل،٢٠٠١، ص٥٤.

(٤) صلاح الخرسان: التيارات، ص٤١١، پشكۆ نەجمەدین: دیوی، ل٤٠، یوسف حنا یوسف: مذكرات، ص١٣١.

(٥) بروسكەی حشع بۆ م.س ی پارتی دیموكراتی كوردستان، ژمارە(٨) لەرۆژی(١٩٨٣/٤/١٤)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص١٦١، نەوشیروان مستەفا: پەنجەكان،ل٣٣٠، فاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٢٣٦.

(٦) نەوشیروان مستەفا: پەنجەكان، ل٢٨٩،٢٩٠.

(٧) بەیاننامەی لایەنەكانی بەرەی جود لەرۆژی(١٩٨٣/٩/١) دژی وتووێژی یەكێتی– بەعس، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٦٥٠، حامد محمود عيسى: المشكلة، ص٤٤٢.

هەرچی حزبی سۆسیالیستیش بوو، لەبڵاوكراوەكانی خۆیدا بەتوندی دژی وتوێژی یەكێتیو بەعس بوو، هەڵوێستی خۆی لەبەرەی جودو بەتەنهاش راگەیاندو بەپیلانێكیان دانا دژی خواستو داواكارییەكانی شۆڕشی گەلی كوردستان، بەشێوەیەك لەسەروتاری ژمارەیەكی گۆڤاری(سورێن)دا هاتووە:"رێكەوتننامەی یەكێتی بەشێكە لەو پیلانانە، حزبمان حزبی سۆسیالیستی كوردستان داوای وریایی لەرۆڵەكانی گەلە قارەمانەكەمان دەكاتو جەماوەر دڵنیا دەكات، كەخەباتمان بۆلەنێوبردنی حكومەت بەردەوام دەبێت...".[١] هاوكات لەسەر وتاری ژمارە(٦)ی هەمان گۆڤاردا ئەوەش هاتووە:"بەپێچەوانەی هەموو یاساو تاقیكردنەوەیەكی شۆڕشگێڕانەو بەپێچەوانەوەی دروشمەكانی خۆیانو بەناوی گفتوگۆو هەقی كورد وەرگرتنەوە، یەكێتی خۆی هاویشتۆتە باوەشی فاشیستەكانەوە".[٢] بەرهەحاڵ شێوەیەكی تری كاریگەری ئێرانو عێراق لەسەر قوڵكردنەوەی شەڕی ناوخۆ، بریتی بوو لەوەی هێزەكانی حكومەتی بەعس هەندێجارو لەهەندێ ناوچە بەئەنقەست دەكشانەوە، بۆئەوەی شەڕی ناوخۆ لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەوایی لەنێوان یەكێتیو جوددا زیاتر پەرە بسێنێتو خۆیانی پێ لاواز بكەن.[٣] ئەمە جگەلەوەی دەزگا سیخوڕییەكانی حكومەتی بەعس زۆرجار شەڕو ئاژاوەیان دروستدەكردو لەهەندێ ناوچەشدا كاریان

بۆتێکدانی پەیوەندی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود دەکرد، بەتایبەت لەنوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتی، ژمارە(٢٧٢٨)ی رۆژی(١٩٨٣/٢/١)دا بەئاشکرا هەوڵدانی حکومەتی بەعس بۆتێکدانی پەیوەندی نێوان حسكو یەکێتیو حشعو یەکێتی لەرێگای بڵاوکرنەوەی پڕوپاگەندەو لێدانی بارەگاکانی یەکێتیو نانەوەی بۆسە لەناوچەکانی دۆڵی ئالانەو سماقوڵییانو خۆشناوەتی بەدیدەکرێت.[٤]

## واو- چەند هۆکارو پاڵنەرێکی تر:

هەندی هۆکاری تر لەسەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆدا رۆڵیان هەبوو، وەك نەبوونی دیموکراسی لەنێو بزوتنەوەیەکی چەکداریو فرە حزبیو فرە دەسەڵاتدا، بەجۆری هێندە دیموکراسی هەبووە، کەلایەکی نەیار لاواز بکرێت. هەروەها هەندێ لەسەرکردە سەربازییەکان نەیاندەزانی چۆن ناوبانگ پەیدا بکەن، دەهاتن شەڕیان دروستدەکرد،[٥] ئەمە جگەلە بەردەوامی هێرشو شەڕی راگەیاندنی بەرەی جودو یەکێتی دژی یەکتری لەو ماوەیەداو لەشکرکێشی پارتی لەماوەی کەمتر لەدوو ساڵدا بۆناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیو

---

(١) گۆڤاری سورێن، ژ(٤) ساڵی دووەم، شوباتی١٩٨٤، ئۆرگانی لقی سلێمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ل٢.

(٢) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: گۆڕینی، ل١.

(٤) کتاب مدیریة الاستخبارات العامة رقم(٢٧٢٨)فی یوم(١٩٨٣/٢/١)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، هامش ص١٥٥، کتاب مدیریة امن الحکم الذاتی، العدد(م١٧٦٦٧/٧٨) التاریخ(١٩٨٥/٦/٩) دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٦٨٣.

(٥) مەلا بەختیار: حوکمی بەرەی کوردستانی یان دەسەڵاتی دیموکراسی؟ لەبڵاوکراوەکانی ئاڵای شۆڕش، ب.ش، ١٩٩١، ل١٢، رێباز : قەندیل ب٢، ل٦٨.

گرتنی ناوچە هەستیارەکانی نزیك سەرکردایەتی ئەو حزبەو دوورخستنەوەی بارەگا سەرەکییەکانی حشع لەنۆکانو ناوزەنگو زەڵێو گواستنەوەیان بەخێرایی بۆ پشتئاشان و سوربوونی یەکێتی لەسەر پاوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیو بێبەشکردنی لایەنەکانی بەرەی جود لێیان.[١]

سەبارەت بەئاکامو ئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆ، بێگومان چەند ئاکامێکی گەورەی مرۆییو سیاسیو کۆمەڵایەتی خراپی لێکەوتەوەو سەرجەم لایەنو هێزە سیاسییەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی لەو قۆناغەدا بەگوێرەی قەوارەی بەشدارییان تیایدا، بەرپرسیارێتی ئەو شەڕەیان بەردەکەوێت.[٢]

هاوکات ئەو ئاکامو ئەنجامە خراپانەش جۆراوجۆر بوون، بەشێوەیەك دیارترینیان خۆی لەمانەدا دەبینییەوە:

١. لەو قۆناغەدا بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیو هێزە بەرهەڵستیکارە عێراقییەکان، لەرووی ماددیو مەعنەوییەوە زیانیان پێگەیشتو ناکۆکیو ململانێو کوشتاری نێوانیان هێزە کوردستانییەکان قوڵبوونەوەو پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان لاوازبوو، تاڕادەیەکیش هەڵوەشایەوە.

٢. کوژرانی چەندین سەرکردەو فەرماندەی سیاسیو سەربازیو پێشمەرگەو کادیری سیاسی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی لەو شەڕەدا، لەگەڵ بەفیڕۆچوونی توانا مرۆییو سیاسیو سەربازییەکانو وزەیەکی شۆڕشگێڕی سیاسی گەورەو کەمبوونەوەی متمانەی جەماوەری کوردستان بەهێزو لایەنە سیاسییەکانی نێو جوڵانەوەکەو گرتنەبەری رێگای کۆچکردن بۆدەرەوەو دوورکەوتنەوە لەوڵات.(٣)

٣. پەنابردنی زۆرێك لەخەڵکی کوردستان لەکاتی شەڕی ناوخۆ بۆحکومەتی بەعس، بەشێوەیەك کەبوون بەپیاوی حکومەتو جاشو چوونە ناو فەوجە سوکەکانەوە، بەجۆرێ لەکۆتایی ساڵی(١٩٨٤)دا ژمارەی ئەو فەوجانە گەیشتنە سەرووی(٥٠)هەزار کەس. لەمبارەوە حسك بەیاننامەیەکی بۆسەرکۆنەکردنی ئەو دیاردەیە دەرکرد.(٤)

٤. پێشێلکردنی بەها مرۆییو ئاینیو رێسا جەنگیو مەدەنییەکان، وەك کوشتنی دیلی جەنگ، کوشتن بەدڕندانەترین شێوە، چارەسەرنەکردنی بریندارانی شەڕی ناوخۆ، دەستدرێژیکردنە سەر کەسو کاری پێشمەرگەو هەوادارو لایەنگرانی یەکتری، سەپاندنی سزای سەخت بەسەر گیراوو دیلەکانی جەنگدا.(٥)

---

(١) فاتح رسول: صفحات، ج٣، ص١٥٤،١٥٥.

(٢) ملا بختيار: ثورة، ص٣٣٢.

(٣) بۆزانینی ناوی ژمارەیەك لەکوژراوانو قوربانیانی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود لەو قۆناغەدا بڕوانە فاتح رسول: صفحات، ج٣،ص(٢٤٧-٢٤٩)و ص(٢٥٤،٢٦١).

(٤) دەزگای راگەیاندنی ناوەندی حسك: دیاردەی جاشایەتی لەکوردستاندا، چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵەح یوسفی، ١٩٨٦، ل٦٠، شورش حاجي: الانفال، ص٦٥،٦٦، بڕوانە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوچەی هەڵەبجەی(حسك)لەرۆژی(١٩٨٤/٧/٤) دەربارەی پیلانی بەزۆر چەکدارکردنی خەڵکی کوردستان(دیاردەی جاشایەتی)، لەپاشکۆی ژمارە(١٧)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٥) قادر رەشید(ئەبو شوان): پشتئاشان، ل١٨.

٥. لەدەستدانی هەلو دەرفەتی گونجاو، بەتایبەت شەڕی عێراق- ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨)، بەجۆرێ لەبری ئەوەی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی، ببنە ئامرازی رووخاندنی حکومەتی بەعس لەعێراقدا، بەپێچەوانەوە ئەو دەرفەتەیان لەدەستداو بوون بەدۆستو هاوپەیمانی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی عێراقو ئێران، بەجۆرێ یەکێتی بەهۆی وتووێژەوە لەگەڵ عێراقو بەرەی جودیش لەتەنیشتی ئێرانەوە.(١)

دواجار ئەوەی لەشەڕی ناوخۆی ئەو قۆناغەدا پەیوەستبوو بەحزبی سۆسیالیستەوە، ئەوەبوو بەگوێرەی رۆڵو قەبارەو کاریگەریو توانا سیاسیو سەربازییەکانی خۆی پشكو بەرپرسیارێتی هەڵگیرساندنی ئەو شەڕەو ئەنجامەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، هەروەك چۆن یەکێك لەو هێزانەش بوو بەحوکمی ئەوەی لەچاو لایەنەکانی تری بەرەی جوددا هێزی سیاسیو سەربازی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەبوو، بووە قوربانی شەڕی ناوخۆ لەو قۆناغەداو چەندین سەرکردەی سیاسیو سەربازیو پێشمەرگەو کادیری کوژران، بۆیە خۆشیان لەراگەیاندنەکانیاندا دانیان بەبەرپرسیارێتی خۆیان لەشەڕی ناوخۆدا ناوە، بەشێوەیەك لەسەروتاری ژمارە(١٤)ی گۆڤاری(سۆسیالیست)دا هاتووە:"دەبێ دان بەوەدا بنێین ئاژاوەو شەڕی ناوخۆ

چەندی دواخستین، دەرفەتو هەلی چاکی پێ لەدەستداین، جەماوەری گەلەکەمانی زویرو لێڕەنجاندین، لەبەرچاوی دۆستو دوژمن سوکو کەم بایەخی کردین...... پێویستە پێ لەوە بنێین خۆمان هۆکاری ئەوەبووین یان بەشی هەرە زۆری بەرپرسیارێتییەتەکە بەئەستۆوە بگرین، کەکێشەکەمان وەکو کێشەی سەربەخۆی عادیلانە تەماشا نەکرێت، بگرە وەك پارسەنگو بەشێك لەجەنگی عێراق– ئێران بەهەموو ئەنجامەکانییەوە ببەسترێتەوە".[٢]

---

(١) عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل٥٧٠.

(٢) ساڵی حەوتەم، تشرینی دووەمی ١٩٨٨، ل٢.

## باسی چوارەم- سەرهەڵدانی ناکۆکیو دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستدا :

هەر لەسەرەتای دروستبوونو دامەزراندنی حزبی سۆسیالیستەوە، پێکهاتەیەکی هەمەجۆرو ناجۆری هەبوو. واتە ئەو حزبە لەکۆمەڵێك پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاراستەی جیاواز لەیەکتری دروستبوو بوو، بەجۆرێ لەکەسانی( سۆسیالیست دیموکرات، چەپی مارکسی، راسترەو، دیموکراتخواز) پێکهاتبوو. ئەمە جگەلەوەی لەبنەڕەتیشدا لەهەردوو باڵە پێشووەکەی نێو جولانەوەی باشوری کوردستان(مەلایی–جەلالی) پێکهاتبوو، دوای هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری پارتیدا یەکیانگرتو(حسیك)یان دروستکرد.[١] د.مەحمود لەمبارەوە دەڵێت:" ئەو یەکگرتنەی نێوان بزوتنەوەی سۆسیالیستیو لیژنەی ئامادەکاری پارتی هیچ بنەمایەکی هزریو ئایدۆلۆژی نەبوو، بەڵکو زیاتر بنەمایەکی تاکتیکی بوو".[٢] قادر عەزیزیش زیاتر روونی دەکاتەوەو دەڵێت:"یەکگرتنی بزوتنەوەی سۆسیالیستیو لیژنەی ئامادەکاری پارتی، کەمتر بنەمای هزری هەبوو، بەڵکو زیاتر کاردانەوەو دروستکردنی هێزی سێیەم، لەگۆڕەپانەکە لەبەرامبەر فشارو شەڕو گێچەڵی یەکێتیدا بوو".[٣] بۆیە بوونی ئەم پێکهاتە جیاوازەو دواتریش

کارلێککردنی حزبی سۆسیالیست لەگەڵ ڕووداوە سیاسیو چەکدارییەکانی نێوان ساڵانی(١٩٧٩–١٩٨٥)دا، بەجۆرێ کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگ لەو قۆناغەدا ڕوویاندا، کاریگەرییان لەسەر ستراکتۆرو ئاراستەی سیاسیو سەربازیو تەنانەت لەسەر دۆخی نێوخۆیی، ئەو حزبە هەبوو.

لەهەموویشی گرنگتر ئەوەبوو کاتێك کۆنگرەی یەکەمی حسیك لە(١٢–١٥/٥/١٩٨١) بەسترا، نەك نەتوانرا ناکۆکیو جیاوازییە هزریو سیاسییەکانی نێو ئەو حزبە کۆتایی پێبهێنرێتو لەو قۆناغە بەدواوە لەسەر یەك ئاراستەی هزریو سیاسی دیاریکراو، کەهەموان پێیەوە پابەندبن بەڕێوە بڕوات، بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆنگرەی یەکەمی حسیك جیاوازییە هزریو سیاییەکانی قوڵتر کردەوە، چونکە لەکۆنگرەدا بیری سۆسیالیزمی زانستی قبوڵکرا، هەرچەندە پەسەنکراوی زۆرینەی پێکهاتە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو حزبەبوو، بەتایبەت باڵی ڕەسوڵ مامەندو چەپەکان، لەدوای کۆنگرە بوو بەناسنامەی سیاسیو هزری ئەو حزبە، کەچی ئەم بیرە لای د.مەحمود عوسمانو ئەو کەسانەی بەبیری ساڵەح یوسفیو بیری سۆسیالیست دیموکرات کاریگەر بوون قبوڵ نەکرا.[٤]

بەهەرحاڵ ئەوەی زیاتر زەمینەی ئەم دووبەرەکییە نێوخۆییەی حزبی سۆسیالیستی خۆشکرد، بریتی بوو لەدرێژبوونەوەی ناکۆکیو ململانێکانی رابردوو، هەروەها شەڕو ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی. کەڵەکەبوونی کێشە ناوخۆییەکانی حزبی سۆسیالیستو ناکۆکییەکانی

---

(١) گۆڤاری(پێشکەوتن)، ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان– عێراق/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، ژمارە(١)، ساڵی یەکەم، ئازاری(١٩٨٦)، ل٣،٤، صلاح الخرسان: التیارات، ص٤٩٠.

(٢) وتووێژی توێژەر لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە لەڕۆژی(١٨/٨/٢٠٠٩).

(٣) نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەڕۆژی(٢/٩/٢٠٠٩) لەڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، سلێمانی.

(٤) ڕێباز: قەندیل ب٢، ل٢١٠، نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەڕۆژی(٢/٩/٢٠٠٩) لەڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، سلێمانی.

نێو سەرکردایەتی ئەو حزبە، وایکرد دۆخەکە بەرەو تەقینەوەو دووبەرەکیو پەرتبوون بڕوات، چونکە بەردەوامی ئەم کێشانە بەتایبەت لەدوای کۆنگرەی یەکەمەوە، کە بەگوێرەی سەرچاوەکان دەبوو دوای(٣)ساڵ جارێکیتر کۆنگرە بۆچارەسەرکردنی کێشەو کەمو کورتیو گیروگرفتە نێوخۆییو دەرەکییەکانو پێداچوونەوە بەسیاسەت ئاراستەی حزبی سۆسالیستدا ببەسترایە، بەڵام تاساتەوەختی دروستبوونی دووبەرەکیو جیابوونەوەلەنێو ئەو حزبەدا کۆنگرە نەبەسترا، ئەمە جگەلەوەی باڵی قادر عەزیز پێیانوابوو حزبی سۆسیالیست ئاراستەی دیموکراتی خێڵەکی گرتۆتەبەرو لەمیتۆدی چەپو سۆسیالیزمی لایداوە.[١] بۆیە ڕەنگە سەرەتای سەرهەڵدانی دووبەرەکی بەشێوەیەکی کرداری لەوەوە سەریهەڵدابێت، کەکۆمەڵێك کادیری ئەو حزبە لە(١٣/٨/١٩٨٥)دا یادداشتێك بۆمەکتەبی سیاسی بەرز دەکەنەوەو تیایدا داوا دەکەن پەلە لەبەستنی کۆنگرەی دووەم بکرێت، کە بەگوێرەی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ، کە لەکۆنگرەی یەکەمدا پەسەندکراوە، کەهەر(٣) ساڵ جارێك دەبێ کۆنگرە ببەسترێت، بەمەش واپێویستبووە ساڵی(١٩٨٤) کۆنگرەی دووەم ببەسترێت، بەڵام نەبەستراوە.[٢] لەبەرامبەریشدا سەرکردایەتی حسك ئەمە بەجوڵانەوەیەکی

دژ لەنێو ڕێکخستنەکانی خۆیدا دادەنێتو لەنوسراوێکدا هێرشی توند دەکاتە سەر ئەو کەسانەی یاداشتەکەیان نوسیوەو ئەوانیش لەکاردانەوەی ئەم هەڵوێستەدا داوای گرێدانی کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتی بۆچارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی حزب دەکەن.[٣]

دوای ئەوەی لەڕۆژانی(١-١٠/٨/١٩٨٥)کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دەبەسترێت،[٤] ناتوانرێت لەو کۆبوونەوەیەدا کێشە کەڵەکە بووەکانی حسك چارەسەر بکرێت، بۆیە کۆبوونەوەکە لەڕۆژی(١١/٨/١٩٨٥)بەدەرکردنی چەند بڕیارێك کۆتایی بەکارەکانی دێنێ. لەو بڕیارانەش:

ئەلف- ڕەسول مامەند سکرتێری حسك، هەریەکە لەقادر عەزیزو عەبدولخالق زەنگەنەو سەید کاکەو قادر جەباری کران بەئەندامی مەکتەبی سیاسی.

بێ- بڕیار درا، کەبارەگای مەکتەبی سیاسی حسك بچێتە گوندی ئاڵوەتانو کاولان. ئەوانەی کە لەو کۆبوونەوەدا بەشداربوون بریتیبوون لە:(ڕەسول مامەند، مەلا ناسیح، خاڵە حاجی، ئەحمەد فەقێ ڕەش، شێروان شێروەندی، سەید کاکە، عەدنان موفتی، عادل موراد، عەبدولخالق زەنگەنە، م.ئەمین، م.سەعد عەبدوڵڵا، قادر جەباری، شێخ محەمەد شاکەلی، قادر عەزیز، محەمەدی حاجی مەحمود).[٥]

لێرەوە لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبوو، باسیش لەوە دەکرێت،

---

(١) نامەی گۆران جەلال بۆتوێژەر، لەڕۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، لەڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، هەولێر.

(٢) گۆڤاری(پێشکەوتن)، ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق/ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، ژمارە(٢)، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی(١٩٨٦)، ل٥٥.

(٣ ) صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٠٨.

(٤) مقابلة مع عبدالخالق زنكنة، گۆڤاری(پێشکەوتن)، ل١٠.

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل(٢٨٤-٢٨٨).

کەهەندێ لەئەندامانی سەرکردایەتی پێشوەخت بڕیاری جیابوونەوەیان دابوو، بەڵام قادر عەزیز ئەمە ڕەتدەکاتەوەو باس لەوە دەکات کەمۆڵەتی(٦)مانگیان داوەتە حزب، تاوەکو بەخۆیدا بچێتەوەو تاکۆتایی ئەو ماوەیەش ئامادەبوون خۆیان بەحسك بزانن، بەڵام کۆمەڵێك ڕووداوی دیکە بووەتە هۆی ئەوەی، کەدوای(٤)مانگ جیابوونەوەی خۆیان یەکلایی بکەنەوە.[١] ئیدی لێرەوە دووبەرەکیو جیابوونەوە بەواقیعی دەرکەوتو ئەوەبوو لەشەوی(١٣/٨/١٩٨٥)، واتە یەك دوو ڕۆژ لەدوای کۆبوونەوەی فراوانی سەکردایەتی قادر عەزیزو نزیکەی(١٢٠)کادیرو پیشمەرگە جیابوونەوەو بەرەو ناوچەی بارزانو بنکە کۆنەکانی هەولێری حسك بەڕێکەوتن.[٢] پاش ماوەیەكو لەڕۆژانی(١٢-١٤/١٢/١٩٨٥)یشدا لەنێوچەی(گەلی زێوە)ی نزیك ئامێدی ئەم باڵە جیابۆوە بەئامادەبوونی(٤٦)کادیرو پێشمەرگە کۆبوونەوەیەکی فراوان ساز دەکەنو(حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) رادەگەیەنن، لەسەر ئەو بنەمایەی خەباتی نەتەوایەتیو چینایەتی بەیەکەوە گرێبدەن.[٣] لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەی سەرکردایەتیو ئامادەکردن بۆگرێدانی کۆنگرەی یەکەم هەڵدەبژێرنو لیژنەی ئامادەکار لە:(قادر عەزیز، بەهمەن حسێن، بەڵێن عەبدوڵڵا، قەیس محەمەد

کەنازناوی ڕێناس بووە) پێکدێت. باسیش لەوە دەکرێت ڕێکخستنەکانی حسك لەدەرەوە بەتایبەت سوریاو ئەوروپا پشتگیری ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕیان کردووە.[٤] ئەگەر سەیری ئەم دووبەرەکیو جیابوونەوەیەی حزبی سۆسیالیست بکەین، تێبینی چەند هۆکارێك دەکەین لەوانە:

## ئەلف- بوونی جیاوازییو ناکۆکی نێوخۆیی لەنێو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستدا:

هەر لەسەرەتاوە ناکۆکیو بیروڕای جیاواز لەنێو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستدا بەدی دەکرا، بەتایبەت پێکهاتەی ئەو حزبە، بریتی بوو لەکەسانی(چەپی مارکسی، سۆسیالیست دیموکرات، کەسایەتی خێڵەکی،

---

(١) ھ.س، ل٢٨١. نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەڕۆژی(٢/٩/٢٠٠٩) لەڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، سلێمانی.

(٢) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل٢٩٨.

(٣) گۆڤاری(پێشکەوتن)، ژمارە(٤)، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی(١٩٨٧)، ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان–عێراق/ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، ل٥١، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەعد خالد لەڕۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٤) صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٠٩، گۆڤاری( پێشکەوتن)، ژمارە(٣)، ل١١، ئەم باڵە جیابووەوە دواترو لەڕۆژانی(٢٤–٢٦/٤/١٩٨٨)لەگوندی(کافی)نزیك قەزای ئاکرێ بەبەشداری(٣٦)نوێنەر، کەنوێنەرایەتی ڕێکخراوە حزبییەکانیان دەکرد، یەکەم کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بەسترا بەبەشداری ئەندامانی ڕێکخستنو ئەندامانی ڕێکخستنی شارەکان لەسەر ئەم خاڵانە وتووێژیان کرد:

یەکەم: پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سیاسی لەلایەن لیژنەی ئامادەکردنەوە.

دووەم: هەڵسەنگاندنی ئەزمونی ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لەماوەی جیابوونەوەی لەحسك تاوەکو ڕۆژی گرێدانی یەکەم کۆنفرانسی خۆی.

سێیەم: بڕیاردان لەپەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆییو جێگیرکردنی میتۆدی سیاسیو ئایدۆلۆژی بۆ ئەو ئاراستەیە.

چوارەم: گۆڕینی ناوی ڕێکخستنەکە بۆ(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان). هاوکات لەمانگی(تشرینی یەکەمی١٩٩٠)دا حزبی زەحمەتکێشان چووەتە نێو بەرەی کوردستانییەوەو لەهەمان ساڵدا لەگەڵ(ئاڵای شۆڕش)دا، کە لەساڵی(١٩٨٦) بەسەرکردایەتی مەلابەختیار لەیەکێتی جیابووبوونەوە یەکیانگرتو لەحوزەیرانی(١٩٩١) ئەو یەکگرتنە ڕاگەیەنرا، صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٠٩، ٥١١،٥١٢.

دیموکراسخوازو ڕاستڕەو)، لەو ماوەیەشدا تاوەکو چرکەساتی جیابوونەوە ناکۆکی لەنێوان باڵی ڕەسوڵ مامەندو سەید کاکە لەلایەك وەك باڵی ڕاستڕەو، لەلایەکیتریشەوە قادر عەزیزو لایەنگرەکانی لەگەنجە چەپەکان لەلایەکیترەوە هەبوو.[١] ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش دژایەتی یەکتری دەکراو ئەو ناکۆکیو جیاوازییەش هەستی پێدەکرا. بێگومان ئەم ناکۆکیو جیاوازییە کاریگەری هەبوو لەوەدا ململانێکان بەبنبەست بگاتو دواجار دووبەرەکیو جیابوونەوەی لێبکەوێتەوە، چونکە باڵی قادر عەیزیز، کەزیاتر ئاراستەیەکی چەپو سۆسیالیزمییان هەبوو، پێیانوابوو سەرکردایەتی حسك لەو میتۆدە هزرییە لایداوەو زیاتر بەئاراستەیەکی ڕاستڕەوی خێڵایەتیدا دەڕوات.[٢]

## بێ- کەڵەبوونی کێشە نێوخۆییەکانو گرێنەدانی کۆنگرە:

بەهۆی ئەوەی حزبی سۆسیالیست لەدوای کۆنگرەی یەکەمەوە کەوتە نێو هەندێ رووداوی سیاسیو سەربازی کاریگەرەوە، ئەمە وایکرد کێشەی تری بۆزیاد ببێت، بەتایبەت نەمانی ناوەندێتیی بڕیاری سیاسیو دەسەڵات، لەلایەك بەهۆی پەیڕەوکردنی سەرکردایەتی بەکۆمەڵو لەلایەکیتریشەوە بەهۆی پەرتەوازەیی سەرکردایەتی ئەو حزبە، بەجۆرێ هەر چەند ئەندام مەکتەب سیاسیو سەرکردایەتییەك لەجێگەیەکی دوور لەیەکتری بوون(د.مەحمودو عەدنان موفتیو عادل موراد لەسوریا، شێخ محەمەد شاکەلیو محەمەدی حاجی مەحمود لەناوچەی شارەزوور، رەسوڵ مامەندو هەندێکی تر لەئێران، قادر عەزیزو لایەنگرانی لەناوچەی دهۆك و هەولێر، ئەحمەد فەقێ رەش لەهەولێر)، بەشێوەیەك ناو بەناو یەکترییان دەبینیو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی زۆر درەنگ ئەنجام دەدرا. ئەمە جگەلە نەبوونی وتووێژو پرسو ڕا لەنێو سەرکردایەتی حسکداو نەبوونی ژیانی حزبایەتی، نەبوونی لێپێچینەوە، ململانێیو نەگونجان لەشێوازی کارکردندا،[3] کاریگەری شەڕی ناوخۆو قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانو دژایەتیکردنی یەکتریو گرێنەدانی کۆنگرە بۆپێداچوونەوە بەبارودۆخی حزبو دانەنانی بەرنامە بۆچارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمانە وایانکرد کێشەو گیرگرفتە نێوخۆییو دەرەکییەکان کەڵەکە ببنو بەئاسانی نەتوانرێت چارەسەر بکرێن. بەتایبەتیش وەك باڵی قادر عەزیز باسی لێوە دەکەن بەگوێرەی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەمی حسك دەبوو دوای(٣)ساڵ کۆنگرەیەکی گشتی یاخود کۆنگرەی دووەم ببەسترێت، بەڵام تاچرکەساتی جیابوونەوەی کۆنگرەی دووەمی ئەو حزبە نەبەستراوە.[4] ئەمە رێگای خۆشکردووە بۆئەوەی دووبەرەکی بەواقیعی لەریزەکانی حسکدا رووبدات. لەمبارەوە (عەبدولخالق زەنگەنە)، کەیەکێك بوو لەوانەی

(١) هـ.س، ل٢٨١. نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەرۆژی(٢٠٠٩/٩/٢) لەرێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، سلێمانی.

(٢) گۆڤاری(پێشکەوتن)، ژمارە(٣)، ل١٠.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤)، هەولێر، نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەرۆژی(٢٠٠٩/٩/٢) لەرێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، سلێمانی.

(٤) نامەی گۆران جەلال بۆتوێژەر، لەرۆژی(٢٠٠٩/١٠/١٥)، لەرێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، هەولێر.

سەرکردایەتیی جیابوونەوەکەی کردووە، دەڵێت:"لەکۆنگرەدا بڕیاردرا هەر(٣)ساڵ جارێك کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام باڵی راستڕەوی خێڵەکی بەبەستنی کۆنگرە رازی نەبوونو لەبەردەم گەنجە چەپەکانی ناو حزبدا رێگربوونو پەیڕەوو پرۆگرامیان پێشێل دەکردو جێبەجێیان نەدەکرد، بۆیە کاتێك ساڵی(١٩٨٤)ماوەکە تەواو بوو، لەو ماوەیەشدا ململانێو تەنگژە لەنێو حزبدا هەبوو، کادرو ئەندامانی حزب داوای بەستنی کۆنگرەیان کردو پێیان لەسەری داگرت، بەڵام باڵی دووەم پابەندی ئەم بڕیارە نەبوو، رەتیکردەوە".[1] تەنانەت باڵی قادر عەزیز ئومێدیان وابوو کۆبوونەوەی فراوانی رۆژی(١-١٩٨٥/٨/١٠) کۆتایی بەکێشە ناوخۆییەکانی حسك بهێنێتو وادەیەکیش بۆبەستنی کۆنگرەی دووەم دیاری بکات، بەڵام ئەم ئومێدەش سەری نەگرتو لایەنی دووەم لەلیژنەی ناوەندیی دیاریکردنی وادەی بەستنی کۆنگرەی رەتکردۆتەوە، چونکە ترسی ئەوەیان هەبووە، نفوزو شوێنی خۆیان لەدەستبدەن.[2]

## جيم- هۆكاره هزرييه‌كان‌و جياوازی بيروڕا:

له‌به‌رئه‌وه‌ی هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه حزبی سۆسياليست له‌كۆمه‌ڵێك ئاراسته‌و بيروبۆچوونی هزری‌و سياسی جياواز پێكهاتبوو، ئه‌مه وايكردبوو به‌رده‌وام هه‌ست به‌بوونی ناكۆكی‌و جياوازی هزريی‌و بيرو بۆچوون بكرێت، به‌تايبه‌ت باڵی قادر عه‌زيز خۆيان به‌ئاراسته‌يه‌كی چه‌پی توند داده‌ناو حسكيشيان وه‌ك حزبێكی چه‌پی نه‌ته‌وايه‌تی توند ده‌ناساند. له‌ولاشه‌وه باڵی ره‌سوڵ مامه‌ندو سه‌يد كاكه له‌گه‌ڵ ئاراسته‌يه‌كی ديموكراتی راستڕه‌ودا بوون‌و هه‌رگيز له‌گه‌ڵ بيرو بۆچوونی چه‌پی توندا هاوڕا نه‌بوون. لايه‌نگرانی باڵی قادر عه‌زيز هۆكاری جيابوونه‌وه‌و سه‌ره‌تاكانی بۆئه‌وه ده‌گێڕنه‌وه، كه له‌كۆنگره‌ی يه‌كه‌می حسكدا به‌زۆرينه‌ی(٧٠٪) بڕيار له‌سه‌ر ئايدۆلۆژيای حزب دراوه، كه‌سۆسياليستی زانستی بێت‌و خه‌باتی چينايه‌تی‌و نه‌ته‌وايه‌تی پێكه‌وه گرێبدات‌و ئه‌وه‌يان جێگير كردووه، به‌ڵام هه‌نديكی تر له‌نێو ئه‌و حزبه‌دا به‌م ئايدۆلۆژيايه‌وه پابه‌ند نه‌بوون‌و ئاراسته‌يه‌كی راستڕه‌وی خێڵه‌كييان گرتۆته‌به‌ر، به‌مه‌ش حزب دابه‌شبووه به‌سه‌ر دوو باڵ‌و دوو ته‌وژمی سه‌ره‌كيدا، ئه‌وانيش باڵی چه‌پڕه‌وو باڵی راستڕه‌و بوون.[٣] باڵی چه‌پڕه‌وی ناو حسك له‌گه‌ڵ دامه‌زراندنی رێكخستنێكی حزبی له‌سه‌ر بنه‌مای ماركسيدا بوون‌و ره‌تكردنه‌وه‌ی ئينتيما عه‌شايه‌ری‌و خێڵايه‌تييه‌كان‌و په‌يوه‌ندييه سياسييه‌كانی حسك به‌تايبه‌ت له‌گه‌ڵ ئێراندا ره‌تده‌كرده‌وه.[٤] شێخ محه‌مه‌د شاكه‌لی ده‌ڵێت:" قادر عه‌زيزو ئه‌وان وايان لێكده‌دايه‌وه، كه‌ده‌بێت حزبی سۆسياليست حزبێكی چه‌پی توندی نه‌ته‌وايه‌تی بێت، كه‌من بۆخۆم له‌گه‌ڵ ئه‌و جۆره ديدو تێڕوانينه‌دا نه‌بووم". جيا له‌مانه‌ش شێخ محه‌مه‌د شاكه‌لی ئاماژه

---

(١) گۆڤاری پێشكه‌وتن، ژماره(٣)، ل١٠.

(٢) حزبی سۆسياليستی كوردستان– عێراق/ ئيتيجاهی ديموكراتی شۆڕشگێڕ(كۆميته‌ی ئاماده‌كردن): هه‌ڵوێستی شۆڕشگێڕی نه‌ك لادان‌و پاشگه‌زبوونه‌وه، ب.ش، ئابی ١٩٨٦، ل٩-١٠.

(٣) چاوپێكه‌وتنی توێژه‌ر له‌گه‌ڵ به‌ڵێن عه‌بدوڵڵا له‌رۆژی(٢٠٠٩/١٠/١٥)، هه‌ولێر.

(٤) صلاح الخرسان: التيارات، م.س، ص٥٠٨.

بۆخراپی ره‌وشی رێكخراوه‌يی حسك ده‌كات‌و پێی وايه دۆخی شپرزه‌يی حزب له‌و بواره‌دا كاريگه‌ری له‌سه‌ر سه‌رهه‌ڵدانی دووبه‌ره‌كی نێوخۆيی هه‌بووه. له‌گه‌ڵ گوێنه‌گرتن له‌يه‌كتری‌و پرس‌و رانه‌كردن به‌ئه‌ندامان‌و لايه‌نگران‌و كادرانی خواره‌وه‌ی حزب.[١] له‌راستيدا مه‌سه‌له هزرييه‌كان هێنده له‌نێو ريزه‌كانی سۆسياليستدا قووڵ نه‌بوون، چونكه حسك زياتر شه‌قڵی حزبێكی سه‌ربازی ده‌نواند، وه‌ك له‌وه‌ی حزبێكی سياسی بێت‌و مه‌سه‌له‌ی بيرو ئايدۆلۆژيا له‌كاروباره‌كانيدا ره‌نگبداته‌وه. هه‌رچه‌نده ئه‌وانه‌ی جيابوونه‌وه پاڵنه‌ری بيرو هزر ده‌كه‌نه هۆكارێكی سه‌ره‌كی، به‌ڵام پێده‌چێت توند په‌يوه‌ستوون‌و توندڕه‌وی پاڵنه‌ره‌كه‌ی بێت، نه‌ك كێشه‌و ناكۆكی هزری، چونكه خۆشيان دان به‌توندڕه‌وی هزری خۆياندا ده‌نێن.

## دال- ده‌ستێوه‌ردان‌و رۆڵی حزبه سياسييه‌كانی تر:

تائەوكاتەش ململانێو شەڕو ناكۆكی نێوخۆیی لەنێو لایەنەكانی جولانەوەی رزگاریخوازیی كوردستاندا ئامادەیی هەبوو. هاوكات هەر حزبەو هەوڵیدەدا، ناڕاستەوخۆ لەهەر گۆڕانكارییەكی نێوخۆیی لایەنەكەی تردا دەستوەر بداتە كاروباری ناوخۆییانەوە، با ئەو حزبو لایەنە هاوپەیمانیشی بووایە، بەتایبەت لەنێو جولانەوەیەكی سیاسی لەقۆناغی خەباتی شاخداو لەدۆخێكدا، كەناكۆكیو شەڕی ناوخۆیی تانو پۆی ئەو ماوەیەی داپۆشیبوو. هەرچەندە حسك لەبەرەی جود لەگەڵ حشعو پارتیدا هاوپەیمانێتی سیاسییان هەبوو، بەڵام دووبەرەكیو جیابوونەوەی باڵی قادر عەزیزو لایەنگرانی لە(١٢/١٢/١٩٨٥)دا،[٢] جگە لەكاریگەری هۆكارە نێوخۆییەكان، هاوكات لەكاریگەری دەرەكیو رۆڵی هەریەكە لەحشعو پارتی دوور نەبوو، چونكە هەرچی حشع بوو، هەم لەبەر نزیكی بیروبۆچوونی سیاسیو هزرییان، كەهەردوولایان واتە لەگەڵ(باڵی قادر عەزین)دا هەڵگری بیرو بۆچونی ماركسیو چەپی توند بوونو هەم لەبەرئەوەش، كەحشع تموحی ئەوەی هەبووە، گوایە لەنێو خۆیاندا بیانتوێنێتەوە، بۆیە دوای جیابوونەوەیان حشع هەڵسوكەوتو پەیوەندی لەگەڵدا دروستكردن. هەرچی پارتیش بوو، دەیویست بەسەریاندا زاڵبێت، چونكە دوای جیابوونەوە چوونە ناوچەكانی بادینان،[٣] بەڵام ئەم رایە زۆر زانستی نییەو لاوازە.

هەندێ كەس باسیش لەوەدەكەن، دوای جیابوونەوە، پارتی هاوكاری قادر عەزیزی بۆدروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا كردووە، بەتایبەت گوایە، دوای چەند رۆژێك لەجیابوونەوەیان قادر عەزیزو لایەنگرانی دەچنە راژان بۆلای پارتیو ئیدریس بارزانی دەبینن‌و ئەویش دەیانباتە لای ئیتلاعاتی ورمێ،[٤] بەڵام قادر عەزیز ئەمانە رەتدەكاتەوەو رایدەگەیەنێت نەك پارتیو حشعو ئێران هاوكارییان نەكردوون، بگرە دوای

---

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاكەلی، لەرۆژی(٢٤/٢/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٢) شمران العجلی: الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٠، ص٢٨١.

(٣) صلاح الخرسان: التيارات، ص٥١٠-٥١٢.

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل٢٢١،٢٩٠.

جیابوونەوە، كەوتوونەتە بەر پەلاماری چەكداریی پارتیو یەكێتی، لەلایەن ئێرانیشەوە خۆیو چەند كەسێكی لایەنگرو هەواداری چەند جارێك دەستگیرو زینداینكراون.[١] شێخ محەمەد شاكەلی لەمبارەیەوە دەڵێت:"لەوانەیە حشع بەشێوەی ناڕاستەوخۆ رۆڵی لەجیابوونەوەكەدا هەبوبێت، بەڵام پارتیو یەكێتی پێیانخۆشنەبوو، تەوژمێكی نێوەند لەنێو جولانەوەی كوردیدا هەبێت. ئەوكاتەش حسك تەوژمێكی چەپی موعتەدیلو ماقوڵ بوو، بۆیە ئەوان پێیان خۆشنەبوو گەشە بكاتو هەركە ئەو جیابوونەوەیەش روویدا ئەوان هانیان دەدان".[٢] هەروەها ئاماژە بەدەستێوەردانو رۆڵی حكومەتی بەعسیش لەهاندانی باڵی قادر عەزیز بۆجیابوونەوە لەریزەكانی حسكدا دەكرێت، بەتایبەت باس لەوە دەكرێت لایەنگرانی باڵی قادر عەزیز كەسێكیان تێدابووە بەناوی(ئاوات)، گوایە دوای جیابوونەوەكە تەسلیمی حكومەتی بەعس بووەتەوە، بەڵام ئەمەش دیسان بۆچوونێكی لاوازەو زانستی نییە.

بەهەرحاڵ قادر عەزیزو ئەوانەی جیابوونەوە بەناوی حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕەوە، دەستیان بەچالاکی سیاسیو چەکداری کردو تاماوەیەکی زۆر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حزبی دایك(حسك)دا تێکچووبوو، بگرە شەڕو کوشتاریش لەنێوانیاندا روویدابوو، بەتایبەت کوشتنی قادر مستەفا لەبۆسەیەکدا کەسەر بەباڵی قادر عەزیز بوو.[٣] لەلایەکیترەوە ئەم جیابوونەوەیە قبوڵ نەکراو جگەلە دژایەتی سیاسی، لەرووی نوسینو راگەیاندنیشەوە شتی زۆر دژی ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێر لەلایەن میدیای حزبی دایك(حسك)ەوە نوسرا. هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەکە بۆهۆکاری رێکخستنیو کارگێڕیو بۆچوونی هەلپەرستانە دەگێڕنەوە، بەجۆرێ لەشوینێکدا هاتووە:" دەستەو تاقمی لادەرو هەلپەرست، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن، بیانووی بوونی ناتەبایی فیکرییو ئایدۆلۆژیای سیاسی بگرن، یان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کەدیموکراسیەت لەنێو حزبدا نییەو بواری رادەربرین نادرێت، کەچی لەپشتەوەی ئەو لێکدانەوەو رایانەوە مەبەستو مەرامی دیکەی هەلپەرستانە خۆی حەشاردراوە". دەربارەی ململانێی هزریش هاتووە:"ململانێی هزری بەو پێودانگە بەململانێیەکی هزریی دادەنرێت، کە لەچوارچێوەی خۆیدا بێتو نەبێتەهۆی کەرتبوونی حزبو پەیدابوونی دەستەبەندی". یان" ململانێ لەنێو حزبدا مەسەلەیەکی سروشتییە، بەڵام بەمەرجێك ئەو ململانێیە ئاراستەکراو بێتو ئامانجێکی گشتی رەچاو بکرێت، ململانێ ئەوکاتە رەوایە، کە لەسەر مەسەلەکانی سیاسیو ئایدۆلۆژیو رێکخراوەیی بێت، نەك لەسەر شتی تاکەکەسیو بەرژەوەندی کاتیو رۆژانە".[٤] دواجار بەئاشکرا دیاربوو، ئەم رەخنەگرتنو تۆمەتبارکردنانە، ئاراستەی قادر عەزیزو لایەنگرانی دەکرا، چونکە دوای جیابوونەوە تاماوەیەك ناویان لەخۆیان نابوو(حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ). ئەمە جگەلەوەی لای ئەوانیش شەڕی راگەیاندن درێژەی هەبوو.[٥]

---

(١) نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەرۆژی(٢/٩/٢٠٠٩) لەرێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، سلێمانی.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی، لەرۆژی(٢٤/٢/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل٢٧٩، صلاح الخرسان: التيارات، ص٥١١،٥١٢.

(٤) ب.گۆران: چەند سەرنجێك دەربارەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، چ١، چاپخانەی سەیدا ساڵەح یوسفی، ١٩٨٧، ل٨٢–٨٧.

(٥) بڕوانە ژمارە(١–٣)ی گۆڤاری(پێشکەوتن)، ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئاراستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ.

## باسی پێنجەم( پەیوەندییە سیاسییەکانی حزبی سۆسیالیست )

### ئەلف: پەیوەندی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستاندا

#### - پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی ی نیشتمانی کوردستاندا :

لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولو لەدروستبوونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە، حزبی سۆسیالیست پەیوەندی پتەوی لەگەڵ یەکێتیدا هەبوو، بەجۆرێ پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییانە گەیشتە ئەوەی، بزوتنەوەی سۆسالیستی بچێتە نێو نیمچە بەرەی یەکێتییەوە، وەك پێشتر باسمانکرد. تاوەکو ماوەیەك لەدوای کارەساتی هەکاریش پەیوەندی لەنێوان بزوتنەوەی سۆسیالیستیو یەکێتیدا ئاسایی بوو،

بەڵام کارەساتی هەکاری لێدانێکی کوشندەی لەپەیوەندییە سیاسیی‌و ڕێکخراوەیی‌و سەربازییەکانی نێو یەکێتیداو بەرەو کاڵبوونەوەو تێکچوونی برد، چونکە ئەنجامی کارەساتەکە، بوو بەمایەی تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی‌و چەکداری لەنێو یەکێتیداو لێرەوە وردە وردە پەیوەندییەکان گرژی‌و ئاڵۆزییان تێکەوت، بەتایبەتیش دوای هاتنەدەرەوەی زۆربەی سەرکردەو پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەریزەکانی یەکێتی، کەدوای ماوەیەك لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری پارتی، بەسەرکردایەتی د.مەحمود عوسمان، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان پێکهێنا.[1] ئەم جێهێشتن‌و هاتنەدەرەوەیە لەلایەن یەکێتییەوە، بەرووداوێکی ئاسایی قبوڵنەکراو پەیوەندییەکان لەپەیوەندی سیاسی‌و دۆستایەتییەوە بوو بەدوژمنایەتی‌و ململانێی سیاسی‌و چەکداری. تێکچوونی ئەم پەیوەندییانە شتێکی چاوەڕوانکرابوو، چونکە پارتە سیاسییەکانی نێو جولانەوەکە لەکەش‌و هەوای خەباتی شاخدا بوون‌و هۆشیاری سیاسی‌و نەتەوایەتی لەئاستی پێویستدا نەبوو، بەڵکو زۆرجار بۆیەکلاییکردنەوەی کێشەکان پەنا بۆ لۆجیکی هێز دەبرا.

هەرچەندە حسیك لەرێگای د.مەحمود عوسمانەوە لەسوریا بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی دیموکراتی عێراق(جوقد)ی لەرۆژی(١٢/١١/١٩٨٠) ئیمزاکردو ئەم بەرەیە ئامرازێك بوو بۆدروستبوونی زەمینەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حسیك‌و یەکێتی بەهۆی بەشداریکردنی هەردوولا لەو بەرەیەدا، بەڵام بەشداریکردنی حسیك لەبەرەی نیشتیمانی دیموکراسی عێراق(جود) لەرۆژی(٢٨/١١/١٩٨٠)، کە لەلایەن پارتی‌و حشع‌و حسیکەوە پێکهات،[2] ئەو زەمینەیەی لەنێو برد، چونکە لەبنەڕەتدا بەرەی جود لەبەرامبەر بەرەی جوقددا راستکرابوویەوە، هەرچەندە بەبەراورد لەگەڵ بەرەی جوقددا، ئەم بەرەیەیان زیاتر بەرەیەکی کرداری بوو، بۆیە ئەندامێتی حسیك لەبەرەی جوقددا سڕکراو دواتریش لەبەرەکە دەرکرا.

---

(١) وتووێژ لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە لەرۆژی(١٨/٨/٢٠٠٩).

(٢) بڕوانە بەیاننامەی دامەزراندنی جوقد،لەپاشکۆی ژ(٩)، بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جود، لەپاشکۆی ژ(١٠)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

ئەم هۆکارانە وایانکرد پەیوەندی نێوان حسیك‌و یەکێتی لەدۆخی ناکۆکی‌و دوژمنایەتیدا بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم دوو بەرەیە لەقۆناغەکانی دواییدا بوون بەدوو بەرەی شەڕ لەدژی یەکتری، لەولاشەوە حسیك لایەنێکی سەرەکی پێکهێنەری بەرەی جود بوو، بەمانایەکی تر بەشێك لەشەڕی نێوان یەکێتی‌و بەرەی جود بریتی بوو لەشەڕی نێوان یەکێتی‌و حسیك.

پەیوەندییەکانی نێوان حسك‌و یەکێتی تاوەکو سەرەتای ساڵی(١٩٨٥)، زیاتر بریتی بوو لەبەریەککەوتن‌و پێکدادانی سیاسی‌و چەکداری. هەرچەندە لەماوەی ئەو قۆناغەدا، هەندێجار پەیوەندییەکانی نێوان حسك‌و یەکێتی ئاسایی دەبووەوەو لەهەندێ دۆخیشدا هاوکاری یەکتریان بۆچارەسەرکردنی کێشەکان دەکرد.[1] هاوکات لەمیانەی قۆناغی شەڕی ناوخۆشدا بەهۆی هەوڵی ناوبژیوانیکردنەوە، چەند جارێك دەرفەتی

ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی سۆسیالیستو یەکێتی هاتەئاراوە، بەڵام ئەو هەوڵانە لەوبارەوە بێئاکام بوون. بۆیە ئەو پەیوەندییانە وەك خۆیان مانەوە، تاوەکو یەکێتی لەنەورۆزی(١٩٨٤)دا، بانگەوازی ئاشتبوونەوەی گشتی ئاراستەی لایەنەکانی بەرەی جود کرد.[٢] لەنێو لایەنەکانی بەرەی جودیشدا حسك بەدەم بانگەوازەکەی یەکێتییەوە چوو. بەجۆرێ سەرەتا لەسنوری ناوچەی سلێمانیو شارەزوور پێکەوە ئاشتبوونەوەو رێکەوتننامەیەکی ناوچەییو دواتریش گشتی، لەنێوانیاندا ئیمزاکرا.[٣]

ئەو بنەمایانەی پەیوەندی حسكو یەکێتی لەسەر دامەزرابوو، لەسەرەتاوەو بەر لەکارەساتی هەکاری بریتی بوو لەوەی هەردوولایان دژی بڕیاری راوەستانی خەباتی چەکداریی بوونو پێشتریش زۆربەی سەرکردەکانی هەردوولا لەنێو ریزەکانی پارتیدا پێکەوە بوونو باڵی جەلالییان پێدەوترا. لەلایەکیتریشەوە هەردوولا دوو هێزی سیاسی نەتەوەیی کوردی بوونو ئامانجیان رووخاندنی حکومەتی بەعسو وەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد بوو. سەرەڕای ئەوەی تاهاتنە دەرەوەی سۆسیالیست لەریزەکانی یەکێتیدا دژایەتیکردنی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی، بنەمایەکی تری پەیوەندی نێوانیانی پێکدەهێنا.[٤]

## - پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا:

لەسەرەتادا پەیوەندی لەنێوان حزبی سۆسیالیستو پارتی(سەرکردایەتی کاتیی) باش نەبوو، چونکە لەلایەك پارتی هەموو ئەو رێکخراوو پارتە سیاسییانەی لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول دروستبوون، بەدەستی دەرەکی دەزانیو پیێ وابوو دوژمن دەیانجولێنێت. لەلایەکیترەوە لەسەرەتاوە بزوتنەوەی

(١) بۆنموونە لەکاتی هاتنی لەشکرکێشی پارتی بۆناوچەی دۆڵێو دروستکردنی مەترسی لەسەر بنکەو بارەگاکانی یەکێتی، لەو نێوانەدا حسك لەگەڵ حشعدا رۆڵ دەبینن، بۆئەوەی شەڕو کوشتار لەنێوان پارتیو یەکێتیدا روونەدات، بڕوانە کۆنووسی کۆبوونەوەی نوێنەرانی حشعو حسكو یەکێتی، لەرۆژی(١٩٨٣/١/٦) لەگوندی مالومە، لەپاشکۆی ژ(١٨)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٢) ئەرسەلان بایز: رۆژانی سەخت، ل٣٦٨.

(٣) رێکەوتننامەی ناوچەیی لەنێوان حسكو یەکێتی لەناوچەی شارەزوررو سلێمانی، لەپاشکۆی ژ (٢٠)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٤) نوسراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆمەکتەبی سیاسی حسيك، لەرۆژی(١٩٨٠/٤/٢٠)، دەق لەفاتح رسول، صفحات، ج٢، ص١٦٧.

سۆسیالیستی لەریزەکانی یەکێتیدابوو، لەو ماوەیەشدا کارەساتی هەکاری روویداو بەهۆیەوە دووان لەسەرکردە باڵاکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی، کەبریتیبوون لە(عەلی عەسکەریو د.خالید سەعید)بەدەستی پارتی کوژران.[١] دوای هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەریزەکانی یەکێتیو پێکهێنانی حسيك وردە وردە پەیوەندی لەگەڵ پارتی بەرەو ئاسایی بوونەوە رۆیشت، چونکە حسيك خۆی بەهێزی سێیەم دەزانیو لەولاشەوە سەربەخۆیانە رەفتاری سیاسی دەکرد. هەروەها دۆخی ململانێو شەڕی نێوان حسيكو یەکێتی زەمینەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی حسيكو پارتی هێنایە پێشەوە، بەجۆرێ

پەیوەندییەکانیان لەساڵی(١٩٨٠) گەیشتە ئەوەی بیر لەپێکهێنانی بەرەی هاوبەش بکەنەوەو کۆبوونەوەی لەبارەوە بکەن. دواجار ئەوەبوو بەرەیان جودیان دامەزراند، وەك پێشتر باسمانکرد.

هۆکاری سەرەکی پتەوی پەیوەندی نێوان حسكو پارتی تانیوەی یەکەمی ساڵانی هەشتاکان زیاتر پەیوەندی بەدۆخی شەڕو ململانێ لەگەڵ یەکێتیدا هەبوو.[٢] ئەمە جگەلەوەی هەردوولا دوو هێزی نیشتمانیو نەتەوەیی کوردی بوونو ئامانجیان روخاندنی حکومەتی بەعسو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بوو، ئەمەش لەنامەو نوسراوەکانی یەکتریدا جەختیان لێدەکردەوە.[٣]

## - پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق( لیژنەی هەرێمی کوردستان ):

پەیوەندی نێوان سۆسیالیستو حشع لەوکاتەوە دەستپێدەکات، کەهاوپەیمانێتی نێوان بەعسو حشع لەساڵی(١٩٧٩) تێکدەچێتو بەعس دەستدەکات بەگرتنو راوەدوونانو کوشتنی ئەندامەکانیان،[٤] ئەوانیش ناچار دەبن ناوچەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق جێبهێڵنو رووبکەنە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان. چونکە باس لەوە دەکرێت، لەو قۆناغەدا بزوتنەوەی سۆسیالیستی، هاوکاری حشعیان کردووەو پەنایان داون. لەلایەکیترەوە بەحوکمی ئەوەی هەموو لایەنەکان لەخڕی ناوزەنگ بنکەو بارەگایان دانابوو، ئەمە وایکردبوو سەرجەم پارتە سیاسییەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێتو لەو نێوانەشدا، پەیوەندی نێوان حسكو حشع پەیوەندییەکی هەستپێکراو بووە، بەتایبەتیش لەزۆر روداوو پێشهاتدا پرسو رایان بەیەکتری دەکرد. هەندێجاریش لەسەر ئاستی باڵا، لیژنەی هاوبەشیان پێکەوەو لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تریشدا، بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان لایەنەکاندا دەهاتەئاراوە، دروستدەکرد. لەوانە هەوڵدان بۆچارەسەرکردنی شەڕو ناکۆکی نێوان یەکێتیو سەرکردایەتی کاتیی پارتی.[٥]

---

(١)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەعد خالد لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٢) نامەی نادر عەلی هەورامی بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(٣٠/٤/١٩٨٣)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٦٢١.

(٣) نامەی ئیدریس بارزانی بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٥/٣/١٩٨٢)، دەق لە هـ.س، ل٤٩٢.

(٤) کاظم حبيب: الفاشية، ص٢٧٥.

(٥) فاتح رسول: صفحات، ج٢، ص٩٥–٩٧، ج١، ص٢٢١–٢٣٠.

لەهەندێ قۆناغدا پەیوەندی نێوان حسكو حشع گەیشتۆتە ئاستی هاوکاریکردنی دارایی، بەشێوەیەك حشع لەهەندێ کاتدا کۆمەکی دارایی حسکی کردووە. پەیوەندی نێوان ئەم دوو هێزە سیاسییە بەردەوام بوو، تاوەکو دامەزراندنی بەرەی جودو پەیوەندییەکانیانی گەرمو گوڕتر کرد، چونکە لێرەوە بەتەواوی بوون هاوپەیمانی یەکتریو هەردووکیشیان لەشەڕدابوون دژی یەکێتی، ئەمە سەرباری ئەوەی دوو هێزی سیاسیو چەکداری بوون دژی حکومەتی بەعسو ئامانجیان لەیەکەوە نزیکبوو.[١] سەرباری ئەمانە هەندێجار گرفتی بچووك لەو پەیوەندییەدا دەهاتەئاراوە، بەتایبەت لەچوارچێوەی بەرەی جوددا، بەڵام دەتوانرا رێگا چارەی

بۆبدۆزرێتەوەو مەسەلەی سیاسیو داراییو ڕێکخراوەیی نێوانیان ڕێکبخرێت. هەروەك چەندینجار دانیشتنی ئاسایی دوو لایەنەیان بۆپتەوکردنی پەیوەندییەکانیان ئەنجام دەدا.[٢]

- **پەیوەندی لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی کورد( پاسۆك ):**

پێدەچێت دروستبوونی پەیوەندی نێوان حسكو پاسۆك بۆئەوکاتە بگەڕێتەوە، کە لەناوچەی شارباژێڕ لەنێوان پارتیو یەکێتیدا ڕێکەوتننامەیەك ئیمزا دەکرێتو یەکێتی ئەو مەرجە بۆپارتی دادەنێت، کە چەکدارەکانی پاسۆك لەسنورەکانی ژێر دەسەلآتیدا نەهێڵێتو دەریان بکات. بۆیە ئازاد مستەفای سەرۆکی پاسۆکیش نامەیەك بۆمحەمەدی حاجی مەحمود دەنێرێتو تیایدا داوا دەکات، حسك لەناوچەی سورێن ڕێگایان پێبدەن بنکەو بارەگا بگوازنەوە بۆناوچەکانی سورێنو دەرەکۆرە، بۆیە پاش ڕەزامەندی حسك، بارەگا دەبەنە ئەو ناوچانەو حسك لەرووی ڕاگەیاندنو ئازوقەو خواردەمەنییەوە یارمەتیان دەدات.[٣]

پەیوەندی نێوان حسكو پاسۆك تاقۆناغەکانی دواتریش پەیوەندییەکی بەهێزو پتەوبوو، چونکە پاش ماوەیەك پاسۆك چووە ناو بەرەی جودەوەو بوو بەهاوپەیمانی سیاسیو چەکداری حسك دژ بەیەکێتی. لەرووی هزریو بیروبۆچوونی سیاسیشەوە لەیەك نزیکبوون، ئەوە نەبێت کە سەرەڕای جیاوازی مێژووییان، پاسۆك زیاتر پێی لەسەر مەسەلە نەتەوایەتییەکان دادەگرت. ئەگەرچی لەهەندێ کاتی کەمدا کێشەو ناکۆکی بچووكو ساردی لەسەر مەسەلەی گومرگو پارە دەکەوتە نێو پەیوەندییەکانی حسكو پاسۆکەوە،[٤] بەلآم دەتوانرا چارەسەر بکرێت.

شێوەیەکی تری پەیوەندی نێوان حسكو پاسۆك، بریتی بوو لەهاوکاریکردنی پاسۆك لەلایەن حسکەوە

---

(١) نامەی ئیبراهیم سۆفی(ئەبو تارا) بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١/٥/١٩٨٣)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٦٢٣.

(٢) بڕوانە کۆنووسی دانیشتنی حسكو حشع، لەرۆژی(٩/٦/١٩٨٣)، لەپاشکۆی ژ(١٩)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود، نامەی ئیبراهیم سۆفی(ئەبو تارا) بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(٢٩/٤/١٩٨٣)، دەق لە هـ.س، ل٦٢٠.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل٣٢.

(٤) نامەی مولازم کەریمو ئەبو تارا بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(٣١/٥)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٣٨٧، نامەی ملازم کەریم بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(٥/٦/١٩٨٤)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٦٦٧.

لەرووی داراییو ئازوقەو کارئاسانیکردن بۆ سەفەرکردن بۆئێرانو....تاد.[١] ئەمە جگەلەوەی بەشێکی تری پەیوەندییەکانی نێوان حسكو پاسۆك درێژەدان بوو بەهاوپەیمانێتی لەچوارچێوەی بەرەی جود لەگەڵ لایەنەکانی تردا.[٢]

- **پەیوەندی لەگەڵ لەشکری ئیسلامی کورد( لاك )دا :**

یەکێکی تر لەو هێـزە سیاسـییانەی لـەو قۆناغـەدا حسـك پـەیوەنـدی لەگەڵیـدا هـەبوو، بریتـی لەلەشـکری ئیسلامی کورد(لاك). هۆکارەکەشی ئـەوەبوو لەلایـەك لاك دروسـتکراوی ئێـران بـوون‌و حسـکیش هاوپـەیمان‌و دۆستی ئێران بوو، لەلایەکیترەوە بەشێك لەچالاکییەکانی لاك دەکەوتە ناوچەکانی سـلێمانیو شـارەزوورەوەو بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەش حسك تیایاندا بوونی هەبوو. لەمبارەوە محەمەدی حـاجی مـەحمود بـاس لـەوە دەکات، ئێران داوای لەحسك کردووە، هاوکاری لاك بکـات‌و پـەیوەنـدی سیاسـییان لەگەڵـدا گرێبـدەن. بۆئـەم مەبەستەش(عەباس شەبەك)، کەئەندامێکی سـەرکردایەتی لاك بـووە، هاتۆتـە سـەرکردایەتی حسـك‌و لـەکاتی تێپەڕبوون بەناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی ئەوانـدا داوای کارئاسـانی لێکـردوون، چـونکە لەوکاتـەدا ئێـران لاکـی چەکدار دەکردو کۆمەکی سەربازی دەکردن.

بۆیە حسك لەسنوری ناوچەی شارەزوورو سلێمانی پەیوەندی لەگەڵ لاکدا هەبوو، بەڵام پاش ماوەیەك ئەو پەیوەندییە تێکدەچێت‌و حسك لەگوندی شیرەمەڕی ناوچەی شارەزوور نزیکەی(١٠٠)کەسـیان چـەك دەکـات، چونکە یەکێتی لەوماوەیەدا پەیوەندی لەگەڵ لاکدا تێکچووبوو، سـەرقاڵی چـەك کـردن‌و لێـدانیان بـوو، بۆیـە حسك ئەم هەلە دەقۆزێتەوە.[3] ئەم رووداوە دەبێتە هـۆی گلـەییکردنی سـەرکردایەتی لاك‌و نیگـەرانی خۆیـان بەحسك رادەگەیەنن‌و لێیان زویر دەبن.[4] هەردوولاش دواتر روونکردنەوەیەك سەبارەت بەو رووداوە ئاراستەی پێشمەرگەو چەکدارەکانیان دەکەن،[5] بەڵام لەبـەر دەسـتکەوتنی چـەکەکانیان، حسـك حسـابێکی ئـەوتۆ بـۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان ناکات.

دواجـار بەگشـتی پەیوەنـدی حسـك‌و یـەکێتی لـەو قۆناغـەدا تـەنها شـەڕو نـاکۆکی نـەبوو، بـەڵکو هەندێجاریشپێکەوە دژی حکومەتی بەعس چالاکییان دەنواند، یان هەندێجار حکومەتی بەعس هێرش‌و

---

(١) نامەی محەمەدی حاجی مەحمود بۆ مولازم کەریم لەرۆژی(١٩٨٢/٣/٥)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٤٩٠، نامەی ئازاد مستەفا بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەمانگی(١٩٨٢/٤)، دەق لە هـ.س، ل٤٩٧، نامەی مولازم شوان بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨١/٩/٤) دەق لە هـ.س، ل٤٧٣.

(٢) نامەی ئازاد مستەفا بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨١/١١/١٥)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب١، ل٥٢٨.

(٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود، لەرۆژی(٢٠٠٩/٥/١١)، گوندی گوڵەخانە.

(٤) نامەی زرار عەبدولقادر بۆلقی سلێمانی حسك لەرۆژی(١٩٨٢/٦/٢٣)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٥١٧، نامەی عەبدولقادر سەیدە(حاجی شێخ عەبدولقادر) بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٢/١١/١٥)، دەق لە هـ.س ، ل٥٦٠.

(٥) بڕوانە روونکردنەوەی حسك‌و لاك لەرۆژی(١٩٨٢/٦/٢٢)، لەپاشکۆی ژ(٢٠)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

پەلاماری دەهێنایە سەر ناوچەکانی کوردستان بەرەنگاری دەبوونەوە[1].

هەرچی پەیوەندی حسك لەگەڵ لایەنەکانی نێو بەرەی جوددا بوو، زیاتر بۆدژایەتیکردن‌و فشارو مەترسی‌و هەژمونی یەکێتی لەسەر ئەو لایەنانە لـەگۆڕەپانی سیاسـی‌و چـەکداری کوردسـتاندا دەگەڕایـەوە.[2] هـەروەك زۆرجار حسك لەگەڵ ئەم لایەنانەدا لیژنەی دووانی‌و سیانی‌و چواری بۆچارەسـەرکردنی ئـەو گـرژی‌و ئـاڵۆزی‌و کێشـانەی لـەنێو جوڵانـەوەی رزگـاریخوازیی نەتـەوەیی کـوردی لەباشـوری کوردسـتاندا لـەو قۆناغـەدا

دروستدەبوو، پێکدەهێنا، یاخود بۆتاوتوێکردنی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) لەگەڵ ئێران.[٣]

## بێ- پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوو پارتە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستاندا:

پەیوەندی حسك لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر پەیوەندی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا)دا هەبوو، بەتایبەت لەڕێگای عەبدورەحمان قاسملۆوە.[٤] ئەو پەیوەندییەش تاسەر وەك خۆی نەمایەوە، بەڵکو لەقۆناغەکانی دواتردا رووەو ئاڵۆزیو تێکچوون رۆیشت. ڕەنگە سەرەتای دروستبوونی ئەو پەیوەندییە بۆسەردەمی دروستبوونی حسیك بگەڕێتەوە، بەوەی حدکا پێشتر هانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بۆهاتنەدەرەوەیان لەریزەکانی یەکێتی داوەو بەڵێنی کۆمەکی داراییان پێداون.[٥] بۆیە لەدوای ڕاگەیاندنی حسیك پەیوەندی لەگەڵ حدکا دروستکردو لەزۆربەی ڕووداوو پێشهاتە سیاسیو چەکدارییەکانی ئەو قۆناغە لەگەڵ ئێراندا پشتگیری دەکردو لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تردا هاو هەڵوێست بوو، بەتایبەت لەڕووداوەکانی ساڵی(١٩٧٩)، دوای ئەوەی هێزەکانی ئێران لەرۆژی(١٩٧٩/٨/١٨) شاری پاوە دەگرن، حسك لەگەڵ حشعو یەکێتی هێزی پشتیوانی بۆحدکا دەنێرنو لەرۆژی(١٩٧٩/٩/٤)یش لە(بنو خلف) نوێنەرانی ئەو لایەنانە کۆدەبنەوەو ڕاگەیەنراوێکی هاوبەش دەردەکەنو تیایدا دژی هێرشەکانی ئێران پشتیوانی لەحدکا دەکەن.[٦]

حسك بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەش دەکات، کە لەرۆژی(١٩٧٩/٩/١٥) لەزەڵێ ساز دەکرێتو پێویستی

---

(١) وەك بەرەنگاربوونەوەی هێرشی بەعس لەگوندی بێدەلان تاگوندەکانی کانی زەردو شەڕی مامەندە لەنێوان مانگی(٧-١٠/١٩٨٠)و لەناوچەی تەقتەق لەرۆژی(١٩٨٢/١/٢٨)دا، بڕوانە فاتیح رەسوڵ: چەند، ب٢، ل١٣٨،١٣٧، فاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٦٧.

(٢) بڕوانە راگەیەنراوی لیژنەی بەرەی(جود) لەپارێزگای سلێمانیو کەرکوك لەرۆژی(١٩٨٤/٤/١٥)، لەپاشکۆی ژ(٢١)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود، نامەی قادر عەزیز بۆتوێژەر لەرۆژی(٢٠٠٩/٩/٢) لەرێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە.

(٣) لەوانەش کۆبوونەوەو دانیشتنی حسك لەگەڵ یەکێتیو حشعو حدکا لەرۆژی(١٩٧٩/٩/١٥) لەزەڵێو پێکهێنانی لیژنەی میانگیریی لەگەڵ حشعو لەرۆژی(١٩٨٠/١٠/٢٢)، بڕوانە فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٢٢١-٢٣٠، هەروەها بڕوانە کۆنووسی لیژنەی میانگیریی، لەپاشکۆی ژ(٩)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٤) وتووێژ لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە.

(٥) نەوشیروان مستەفا: پەنجەکان، ل٣٣.

(٦) هـ.س، ل١٣٧،١٣٨، عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی، ل١٣٦.

هاوکاریکردنو پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ حدکادا تاوتوێ دەکەن.[١] تەنانەت ئەنوەری مەجید سوڵتان یەکێك لەفەرماندە چەکدارییەکانی حسك لەپێناوی بەرگریکردن لەحدکا لەلایەن ئێرانەوە لەناوچەی دووئاوان لەنێوان شاری بانەو سەقزدا دەکوژرێت. هەر بەهۆی پەیوەندی نێوان حسكو حدکاوە، قاسملۆ لەو وتوێژانەدا ڕۆڵ دەبینێت، کە لەمانگی ئەیلولی(١٩٧٩)دا لەنێوان حسكو حکومەتی بەعسدا دێتەئاراوە.[٢]

هەرچـی حـدکاش بـوو لـەم پەیوەندییـەدا هـەوڵی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی حسـکی دەدا، بۆنموونـە لەبەرامبەر ئەو شەڕەدا، کە لەگوندی(مامکاوی) لـەنێوان حسـكو یەکێتیـدا بـەرپا دەبێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە حـدکا لـەرۆژی(١٩٧٩/١٢/١٢)دا یادداشـتێك دەداتـە هـەردوولایانو تیایـدا جگـە لەنیگـەرانی دەربـڕین، داوای ئاشـتبوونەوەی هـەردوولا دەکـات،[٣] بـەڵام دواتـر ئـەم پەیوەندییانـەی حسـكو حـدکا وەکخۆیـان نەمانـەوە، بەتایبـەت لـەدوای دروسـتبوونی هـەردوو بـەرەی جوقـدو جـودو دروسـتبوونی شـەڕی نـاوخۆ،[٤] چـونکە لـەو قۆناغەدا حسك بووە هاوپەیمانی پارتیو حدکاش پەیوەندی خراپ بوو لەگەڵ پارتیدا، بەهۆی بەشداریکردنی پارتی لەشەڕەکانی ئێران لەگەڵ چەکدارەکانی حدکاو هەروەها نزیکبوونـەوەی حـدکا لەیـەکێتیو لەولاشـەوە بوونی دۆخی ململانێیو شەڕی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود، ئەمە جگەلـەوەی بـەرەی جـود زیـاتر لەئێرانەوە نزیکبوو، لەنێویشیدا حسك. تێکچـوونی پەیوەندییـەکانی حسـكو حـدکا گەیشـتە ئـەوەی کوشـتار لەنێوانیاندا روویدات، ئەمە جگەلەوەی هەندێجار حسك چەکدارەکانی حـدکای بـەوە تاوانبـار دەکـرد، کـەرێگا بەپێشـمەرگەو نـەخۆشو برینـدارەکانیان بـۆ ئێـران دەگـرنو هەندێکیشـیان زینـدانی دەکـەن.[٥] هەرچـەندە لەهەنـدێ نوسـراوی تـری نێوانیانـدا بـاس لەپتـەوکردنی پەیوەنـدیو تێـوە نـەگلان لەشـەڕی خوێنـاویو کۆمـەکیکردنی یـەکتری کـراوە،[٦] بـەڵام تاناوەڕاسـتی سـاڵانی هەشـتاکان پەیوەنـدی نێـوان حسـكو حـدکا بەنائاسایی مایەوە.

حزبی سۆسیالیست لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی بـاکورو رۆژئـاوای کوردسـتانیش پەیوەنـدی هـەبوو، ئـەم پەیوەندییـــەش لەســـەر بنـــەمای هاوکـــاری بـــوو لەسەرخســـتنی خـــەباتی ئازادیخوازانـــەی گـــەلی کـــورد، بەبێدەستوەردان لەکاروباری ناوخۆیی ئەو پارتانە.[٧] رەنگە سەرەتای پەیوەندی حسك لەگەڵ رێکخراوو

---

(١) نوێنەری حسك لەو کۆبوونەوەیەدا بریتی بوو لە(رەسول مامەند، د.مەحمود عوسمان، تایەری عەلی والی)، نوێنەری یەکێتی پێکهاتبوو لە(جەلال تاڵەبانی، فازیل عەبدولکەریم، عەلی حەوێز)، نوێنەرانی حشع(یوسف حنا یوسف، فاتیح رەسوڵ، تۆما تۆماس)، نوێنەری حدکا(قاسملۆ، ئەمیری قازی، عەزیزی ماملێ)، فاتح رسول: صفحات، ج١، ص٢٢١–٢٣٠.

(٢) فاتح رسول: صفحات، ج١، ص١٨٢، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی لەرۆژی(٢٠٠٩/١٠/١٥)، هەولێر.

(٣) فاتح رسول: صفحات، ج١، م.س، ص٤١٧–٤١٩.

(٤) نامەی قادر عەزیز بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٢/٢/٩)، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٤٨٩.

(٥) لەو کوشتارەدا فەرماندەی کەرتی حسك(نەجمەدین مەحمود) بووەتە قوربانی، بڕوانە نوسراوی م.س حسك بۆم.س حدکا لەرۆژی(١٩٨٢/٧/٤) ، دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٥٢٠.

(٦) نامەی محمد نزیف قادری بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٣٦٠/٧/٥)،دەق لەمحەمەدی حاجی: رۆژژمێری، ب٢، ل٤٤٦.

(٧) التقرير السياسي للمؤتمر الاول للحزب الاشتراكی الكردستانی، المنعقد فی(١٢–١٩٨١/٥/١٥)، نقلا عن صلاح الخرسان: التيارات، ص٨٣٨–٨٤٩.

پارتە سیاسییەکانی باکوری کوردسـتان، بگەڕێتـەوە بۆسـەردەمی بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتی، ئەوکاتـەی لـەنێو نیمچـە بـەرەی یەکێتیـدا بـوو، ئـەویش لەگـەڵ رێکخراوی(دەدەقـەدە). نامـەکانی دەدەقـەدە بۆعـەلی عەسکەری، یەکێك لەسەرکردە باڵاکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی، بەڵگەیە بـۆ بـوونی پەیوەنـدی دۆسـتانەی نێوانیان.[١] ئەو پـەیوەندییانەش جگەلەوەی دۆستانەو سیاسی بوون، هاوکات دەدەقەدە لەگواستنەوەی ئـەو

چـەكو تەقەمەنييانـەی، لەسـورياوە دەهێنـران، هاوكـاری یـەكێتی دەكـردو بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتیش لەریزەكانیدا بوو، ئەمە جگەلەوەی لەچوونی هێزەكانی یەكێتی بۆناوچە سنورییەكانی نێوان(توركیا–ئێـران–عێـراق) كـاری رێنوێنیـان دەكـردن. كـاتێكیش سۆسیالیسـت بـوو بـەپارتێكی سیاسـی سـەربەخۆ، ئـەم پەیوەندییانە لەگەڵ رێكخراوو پارتە سیاسییەكانی باكوری كوردستان بەردەوامیان هەبوو، بەتایبەت عـەدنان موفتی باس لەپەیوەندی حسك لەگەڵ هەریەكە لەرێكخراوی (كـاوە، دەدەقـەدە، ئـاڵای رزگـاری، پەكەكـە)دا دەكات.[2]

هەرچی پەیوەندی حسك بوو لەگەڵ رێكخراوو پارتە سیاسییەكانی رۆژئاوای كوردستان، لەگەڵ زۆربەیانـدا پەیوەندی هەبوو، لەوانەش(پارتی پێشكەوتنخوازی دیموكراتی كوردی لەسوریا، پارتی یەكێتی میللی كـوردی لەسوریا، پارتی دیموكراتی كوردستان لەسوریا، پـارتی چـەپی كـوردی لەسـوریا).[3] پەیوەندییـەكانی حسـك لەگەڵ رێكخراوو پارتە سیاسییەكانی بـاكورو رۆژئـاوای كوردسـتان، بەتایبـەت لەسـاڵانی هەشـتاكاندا، زیـاتر خۆی لەدەركردنی بەیاننامەو راگەیەنراوی هاوبەشو دەربڕینی هاوهەڵوێستی لەمـەڕ ئـەو كێشـەو مەسـەلانەی دەهاتنە پێشەوە دەبینییەوە.[4]

## جیم- پەیوەندی لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ناوچەكەدا:

لەپرۆژەی بەرنامەی حسكدا ئەوە هاتبوو"باوەڕمان وایە گەلانی ژێردەستەو بزوتنەوەی دیموكراتی دۆستی سروشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی كوردن".[5] بۆیە حسك بەگوێرەی رۆڵو قەبارەی سیاسـی خـۆی پەیوەنـدی لەگـەڵ جوڵانـەوەی رزگـاریخوازی گـەلانی ناوچـەكەدا هـەبوو. ئـەم پەیوەندییـەش لەلایـەك وەك پاڵپشـتییەك بۆخـەباتی نەتـەوەیی گـەلی كـوردو لەلایەكیتریشـەوە بۆپێویسـتی بـەرگریكردن لەخـەباتی ئازادیخوازانـەی گـەلانی ناوچـەكە لێكدراوەتـەوە. لـەراپۆرتی سیاسـی كۆنگرەی یەكـەمی حسیكیشـدا ئـەوە هاتبوو:"حزبمان بەتوندی تێدەكۆشێت لەدژی داگیركاری جیهانیو یارمەتیدانی خەباتی گەلانو تێكۆشانی

---

(١) بڕوانە دوو نامەی دەدەقە بۆعەلی عەسكەری، لە: الشیخ سالار الحفید: علی العسكری، ص١٥٨–١٦١.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی، لەرۆژی(١٥/١٠/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٣) بڕوانە پەیامی ژمارەیەك لەرێكخراوو پارتە كوردییەكانی پارچەكانی كوردستان بۆمعەمەر قەزافی لەرۆژی(١٤/١/١٩٨٦)، لەپاشكۆی ژ(٢٢)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٤) بڕوانە بەیاننامەی ژمارەیەك لەرێكخراوو پارتە كوردییەكانی پارچەكانی كوردستان لەدژی رێكەوتننامەی یەكێتی– بەعس، لەرۆژی(١٠/٣/١٩٨٤)، لەپاشكۆی ی ژ(٢٣)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٥) پرۆژەی پەیڕەوو پرۆگرامی حسك، ل٤.

نەتەوەو كەمە نەتەوایەتییە چەوساوەكان لەكیشوەرەكانی ئاسـیاو ئـەفریقیاو ئـەمریكای لاتـین لـەپێناوی وەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنوسو سەربەخۆیی نیشـتمانیو دیمـوكراتیو پێشـكەوتنی كۆمەڵایـەتیو سۆسیالیستی...".[1]

ڕەنگە سەرەتای دروستبوونی ئەو پەیوەندییەش بگەڕێتەوە بۆئەو سەردەمەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەنێو ریزەکانی یەکێتیدا بوو، یەکێتیش پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ناوچەکەدا هەبوو، دواتریش حسك درێژەی بەو پەیوەندییە داو گەشەی پێدا، بەتایبەت پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە فەلەستینییەکان، کە لەسوریا بوون، لەوانەش(بەرەی میللی–سەرکردایەتی گشتی، بەسەرۆکایەتی ئەحمەد جبریل، بزوتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستینی– فەتح، بەرەی دیموکراتی بۆرزگاری فەلەستین، بەسەرۆکایەتی(نایف حەواتیمەو چەند رێکخراوێکی تر). عەدنان موفتی باس لەوە دەکات لەهاوینی(١٩٧٩)دا بۆدروستکردنی پەیوەندی سیاسی، سەردانی سوریاو لوبنانی کردووە، ماوەی(١٠)رۆژ لەسوریا زیندانی دەکرێت، بەڵام دواتر ئازاد دەکرێتو دەستدەکات بەدروستکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو رێکخراوە سیاسییانەی، کە لەسوریا بوون، لەوێشەوە دەچێتە لوبنان بۆهەمان مەبەست. ئەو رێکخراوو پارتە سیاسییانەی لوبنانیش، کەحسك پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوو، بریتیبوون لە(حزبی شیوعی لوبنان، رابیتەی شەغیلە)، بەجۆرێ رابیتەی شەغیلە رۆژنامەو رادیۆی بەناوی(صوت الشعب)ەوە هەبوو، تەنانەت دەرفەتی پێشکەشکردنی بەرنامەیان بەحسك داوە، ئەوەش وەك ئاماژەیەك بۆ پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.[٢] بنەماو هۆکاری بوونی پەیوەندی حسك بەجوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ناوچەکەوە، بریتی بوو لەوەی هەردوولایان خۆیان بەرێکخراوو پارتی سیاسی رزگاریخواز لەدژی داگیرکارییو هەندێجاریش دژی زایۆنیزم لەقەڵەم دەدا، خەباتو تێکۆشانیشیان لەپێناوی وەدەستهێنانی ئازادیدا بوو بۆنەتەوەکانیان. بۆیە زۆرجار لەبۆنەو پێشهاتەکاندا پشتگیریکردنی بۆیەکتریيان دووپات دەکردەوەو جەختیان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان دەکردەوە.[٣]

## دال- پەیوەندی لەگەڵ هێزە بەرهەڵستیکارەکانی عێراقدا:

لەبەرئەوەی حسك هێزێکی سیاسیو چەکداریی نەیاری حکومەتی بەعسی عێراق بوو، پەیوەندی سیاسی لەگەڵ زۆربەی ئەو رێکخراوو پارتە سیاسییانەدا هەبوو، کەئەوانیش نەیاری حکومەتی بەعسی عێراق بوون، بەتایبەت ئەوانەی لەسوریا لەچوارچێوەی گردبوونەوەی نیشتمانی عێراقی(التجمع الوطنی العراقی–توع)دا بوونو پێکهاتبوون لە(مؤتمر القومیین الاشتراکیین، الحرکة العربیة الاشتراکیة، حزب البعث العربی الاشتراکی–

(١) التقریر السیاسي، ص٨٣٨–٨٤٩.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی، لەرۆژی(٢٠٠٩/١٠/١٥)، هەولێر.

(٣) بروانە نوسراوی لیژنەی ناوەندی حسك بۆنایف حەواتیمە لەرۆژی(١٩٨٤/٢/٢٢)، لەپاشکۆی ژ(٢٤ )، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

قیادة قطر العراق، الحزب الشیوعی العراقی– القیادة المرکزیة، الحزب الاشتراکی، الجیش الشعبی لتحریر العراق).[١] هەروەها حسك پەیوەندی لەگەڵ(حزب الدعوة الاسلامیة، حرکة المجاهدین العراقیین)یشدا هەبوو.[٢] پەیوەندی حسك لەگەڵ ئەم رێکخراوانەدا زیاتر خۆی لەدەرکردنی بەیاننامەو راگەیەنراوی هاوبەشو دەربڕینی هەڵوێستی هاوبەش لەسەر مەسەلەو رووداوو پێشهاتە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە دەبینیەوە، چونکە حسكو

ئەو ڕێكخراوانەش هێزی سیاسی بەرهەڵستیكاری حكومەتی بەعسی عێراق بوونو ئامانجیان ڕووخاندنی ئەو حكومەتەو ڕزگاركردنی گەلانی عێراق بوو، بەڵام د.مەحمود عوسمان ئاماژە بەوە دەدات:"ئەو ڕێكخراوانە زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ یەكێتیو پارتیدا هەبوو، زۆرتریش هاوكاری ئەوانیان دەكرد".(٣)

## هاء- پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكەدا:

لەبەرئەوەی حسكو لایەنەكانی تری نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی كورد لەباشوری كوردستان، بەتەنها نەیاندەتوانی ڕووبەڕووی حكومەتی بەعس لەعێراقدا ببنەوەو بەهۆی نزیكیو هاوسنوری باشوری كوردستان لەوڵاتانی ناوچەكە، ئەمە وایكردبوو حسك تاڕادەیەك پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبێت، لەوانەش(سوریا، لیبیا، ئێران).(٤) هەرچەندە پەیوەندییەكە فەرمی نەبوو، تاحسك بتوانێت نوسینگە بكاتەوە، بەڵام ئەوكات سوریاو لیبیا هاوكاری هێزە بەرهەڵستیكارەكانی حكومەتی بەعسی عێراقیان دەكرد، ئەمەش وایكردبوو حسك بتوانێ لەو وڵاتانەدا لەڕێگای دروستكردنی پەیوەندی سیاسییەوە جێگەی خۆی بكاتەوە، لەلایەك لەگەڵ ڕێكخراوە فەلەستینییەكانو لەلایەكیتریشەوە لەگەڵ هێزە بەرهەڵستیكارەكانی حكومەتی بەعسی عێراق، سوریاو لیبیا پارەو كۆمەكیان دەدایە ئەو ڕێكخراوو هێزانەو ئەوانیش بەشی حسكو لایەنەكانی تری نێو جوڵانەوەی باشوری كوردستانیان لێدەدا. سەرباری ئەوەی لەبۆنەو پێشهاتەكاندا بروسكەو نامەی پیرۆزبازییان ئاراستەی ئەو وڵاتانە دەكرد.(٥) قادر عەزیز لەمبارەوە دەڵێت:"پەیوەندییەكانمان بەردەوام لەبەرزبوونەوەو نزمبوونەوەدا بوون، زیاتریش پەیوەندی شەخسیو زارەكی بوون، پەیوەندییەكان لەڕێگای عادل مورادو عەدنان موفتییەوە بوون، كەزۆر سەركەوتوو نەبوون، چونكە تەمەڵ بوونو زۆر خۆشیان نەدەدایە كارەكان. هەروەها د.مەحمود عوسمانو عەبدولخالق زەنگەنە بەهۆی ئەوەی ئەوانیش ماڵەكانیان لەدیمەشق بوو، ناوە ناوە لەكۆڕو كۆبوونەوەكاندا بەشداریان دەكردو پەیوەندییەكانی حزبیان پێكهێنابوو، بەڵام بەهۆی ناكۆكی نێوانیانو جدی نەبوونیان لەكارەكاندا، نەك هەر سودێكیان بۆحزب نەبوو، بەڵكو زیانی زۆریشیان لێدا".(٦)

---

(١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ د.مەحمود عوسمان.

(٢) التقرير السياسي، ص٨٣٨-٨٤٩.

(٣) وتووێژی توێژەر لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە.

(٤) هـ.س.

(٥) بڕوانە نوسراوی لیژنەی ناوەندی حسك بۆنایف حەواتیمە لەڕۆژی(١٩٨٤/٢/٢٢)، لەپاشكۆی ژ(٢٤ )، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٦) نامەی قار عەزیز بۆتوێژەر.

لەوڵاتی لوبنانیش، زیاتر حسك لەگەڵ ڕێكخراوو پارتە سیاسییەكاندا پەیوەندی هەبوو، لەوانەش حزبی شیوعی لوبنانیو ڕابیتەی شەغیلە. هەندێجاریش لەلایەن عەدنان موفتیو عادل مورادەوە پاشكۆی(ڕێبازی ئازادی) لەوێ چاپ دەكرا.(١)

حسك زياتر پەيوەندى لەگەڵ وڵاتى ئێراندا بوو. لەسەرەتاوەو لەسەردەمى بزوتنەوەى سۆسياليستيدا پەيوەندييەكى ئەوتۆ نەبوو، چونكە ئەوكات حكومەتى شاهەنشاهى لەئێراندا فەرمانڕەوابوو، بەهۆى ناپاكييە بەناوبانگەكەشى، لەرێكەوتننامەى جەزائير(١٩٧٥)دا لەگەڵ حكومەتى بەعسى عێراق، بۆلەنێوبردنى شۆڕشى كوردەوە بوو. كاتێكيش شۆڕشى گەلانى ئێران بەرپاكراو حكومەتى شاهەنشاهى رووخێنرا، سەرەتاى دروستبوونى پەيوەندى سياسى بۆپارتە سياسييەكانى باشورى كوردستان هاتەكايەوەو حسيك لەرێگاى د.مەحمودو محەمەد رەحيم(خاڵە حاجى)يەوە خۆى لەئێران نزيك كردەوە، بەڵام تاكۆتايى ساڵى(١٩٧٩) بەهۆى شەڕو رووبەڕوبوونەوەكانى نێوان ئێرانو پێشمەرگەكانى حدكاوە، لەبەرئەوەى حسك دۆستى حدكا بوو، ئەمە وايكردبوو پەيوەندى كەمتر بێت،[٢] بەڵام دەورووبەرى ساڵى(١٩٨٠) بەدواوە زياتر پەيوەندى حسك لەگەڵ ئێران بەرەو پێشەوەچوو، بەدياريكراويش لەكۆنگرەى يەكەمى حسيكدا برياردرا پەيوەندى دۆستانە لەگەڵ ئێراندا ببەسترێ. دواتريش لەزۆربەى بەياننامەو بڵاوكراوەو راگەياندنە حزبييەكاندا پشتگيريى لەشۆڕشى ئيسلامى ئێران بەسەرۆكايەتى ئيمام خومەينىو باس لەپەيوەندى دۆستايەتى لەگەڵ ئێراندا كراوە.[٣]

هۆكارى پەيوەندى نێوان حسكو ئێران بۆچەند شتێك دەگەڕێتەوە، لەوانەش ناكۆكى ئێرانو عێراق بەهۆى شەڕى هەشت ساڵەى نێوانيانەوە. هەروەها حسك لايەنێكى سياسىو چەكدارى نەيارى حكومەتى بەعسى عێراق بوو، ئێرانيش لەو قۆناغەدا جگە لەيەكێتى پشتگيرىو هاوكارى زۆربەى هێزە بەرهەڵستيكارەكانى حكومەتى عێراقى دەكرد، ئەويش بەهۆى بوونى وتووێژى يەكێتى لەگەڵ عێراقدا.[٤] لەلايەكيترەوە بەشێكى زۆرى هێزى سياسىو چەكدارى حسك لەناوچەكانى سلێمانىو شارەزووردا بوون، ناوچەكەش هاوسنورى ئێران بوو، ئەمەش وايكردبوو دۆخى جوگرافيى ئەو پەيوەندييە بسەپێنێت.

---

(١) چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتى، لەرۆژى(٢٠٠٩/١٠/١٥)، هەولێر.

(٢) پارتى لەرێگاى ئيدريس بارزانييەوە لەهاوينو پاييزى(١٩٧٩)دا سەرقاڵى دروستكردنى پەيوەندى بوو لەگەڵ ئێرانو شاندێكى يەكێتيش، كەپێكهاتبوو لە(فوئاد مەعسوم، عادل مورادو ئەحمەد بامەڕنى) لەتشرينى دووەمى(١٩٧٨)دا سەردانى خومەينى دەكاتو پاش گەڕانەوەشى بۆتارانو لەمانگى شوباتى(١٩٧٩)دا جارێكيتر عومەر مستەفاو فوئاد مەعسومو فازيل كەريم لەناوزەنگەوە چوون بۆتاران بۆديتنى خومەينىو پشتيوانى خۆيان بۆشۆڕشى ئێران دەربڕىو كەوتنە دروستكردنى پەيوەندى، عەلى تەتەر نێروەى: بزاقى، ل١١٥،١٣١. چاوپێكەوتنى توێژەر لەگەڵ محەمەدى حاجى مەحمود.

(٣)حزبى سۆسياليستى كوردستان: هەڵوێستى، ل١٧، التقرير السياسي، ص ٨٣٨–٨٤٩.

(٤) فاتيح رەسول: مشتێك لەپاشماوەى خەرمان، چ١، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٣١.

جۆرى پەيوەندى حسك لەگەڵ ئێراندا زۆر فەرمى نەبوو، بەڵكو زياتر لەگەڵ كەسايەتىو دامەزراوە جەنگىو سەربازييەكانى ئەو وڵاتەدا بوو، وەك قەرارگاى رەمەزانو هەندێ كەسايەتى سەربازى وەك(سەرهەنگى سەيادى شيرازى، حاجى بەهادووريان، ئاغاى مونتەزرىو ...تاد).[١] ئەگەرچى هەندێجار باس لەوە دەكرێت پەيوەندى فەرمى بووە، بەڵام هيچ رێكەوتننامەو پەيماننامەيەكى هاوبەشى سياسىو

سەربازی نییە، تاوەکو ئەمە بسەلمێنێت. بۆیە ئێران زیاتر لەرووی پارەو دارایی‌و چەك‌و كەرەستەی سەربازییەوە، یاخود چارەسەرکردنی نەخۆش‌و برینداره‌کانیان لەنەخۆشخانەکانیدا هاوکاری‌و کۆمەکی دەکردن.[٢] لەزۆربەی نامەو نوسراوەکانی هەردوولاشدا چ حسك‌و چ کەسایەتی‌و دەزگا سەربازییەکانی ئێران جەخت لەپەیوەندی دۆستانەی هەردوولاو پێویستی بەرەو پێشبردن‌و پتەوکردنی کراوەتەوە.[٣]

ئەوەی لەپەیوەندییەکانی نێوان حسك‌و ئێراندا مایەی سەرنجە، ئەوەیە زیاتر ئەم پەیوەندییانە لەچوارچێوەی پەیوەندی ناڕێکوپێك‌و نافەرمی‌و تاکەکەسیدا خۆی دەنوێنێت. لەمبارەوە محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت:"ئێمەو ئێران تاساڵی(١٩٨٤) هیچ پەیوەندییەکی ئیمزاکراومان نەبوو، نەپرۆتۆکۆلیشمان هەبوو، هەموو پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای تاکەکەسی بوون، لەتاران‌و ورمێ خاڵە حاجی‌و لەمەریوان‌و سنەش ئێمە بووین[مەبەستی لقی سلێمانی حسکە]. پەیوەندی ئێمە زیاتر شتی مەیدانی بوو، بۆنموونە شەڕێك دەکرا لەسەر ئەوە ڕێکدەکەوتین، کەئێران چەند پارچە چەك‌و تەقەمەنی‌و ئازوقەو خواردن‌و ئامێری پەیوەندیمان بداتێ، نەك لەسەر بنەمای سیاسی، چونکە ئێران نەیدەکرد".[٤] ئەمە جگەلەوەی هەندێ کات ئەو پەیوەندییە تێکدەچوو.[٥] هەرچەندە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان حسك‌و ئێراندا بەبڕیاری کۆنگرەی یەکەمی حسیك خۆی بوو، بەڵام بەردەوامی بوونی ئەم پەیوەندییە لەقۆناغەکانی دواتردا دەبێتە یەکێك لەهۆکارەکانی دروستبوونی دووبەرەکی‌و جیابوونەوە لەساڵی(١٩٨٥)دا، بەجۆرێ ئەوانەی جیابوونەوە پێیانوابوو لەدوای ساڵەکانی(١٩٨٣و١٩٨٤)ەوە لەلایەن هەندێ کەسی نێو سەرکردایەتییەوە ئەو پەیوەندییە بۆسودی تاکەکەسی‌و مەسەلەی بازرگانی‌و شتی لەو بابەتە بەکارهێنراوە.[٦] هەرچەندە ئەمە یەکێك لەهۆکارو پاساوەکانی ئەوکەسانەبوو جیابووبوونەوە، بەڵام بەشێکی زۆر راستیشی تێدابوو، واتە پەیوەندییەکانی نێوان حسك‌و ئێران جۆرێك لەناڕۆشنی‌و کەموکورتی تێدابوو.

---

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٢، ل٣٠، وتووێژی توێژەر لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە.

(٢) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری پیشمەرگەیەك، ب١، ل٤١٣،٤٢٩.

(٣) بڕوانە نامەو نوسراوی ئێران دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لەپاشکۆی ی ژمارە(٢٥)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود.

(٥) بەتایبەت دوای ئەوەی هەندێ لەفەرماندە سەربازییەکانی خوارەوەی حسك لەناوچەکانی شارەزوورو هەڵەبجەدا لەژێرەوە پەیوەندییان بەحکومەتی بەعسی عێراقەوە کردبوو، هەندێ چالاکی سەربازییان بۆحکومەت لەسەر حسابی ئێران ئەنجامدا، وەك کوشتن‌و تەسلیمکردنەوەی پاسدارانی ئێرانی لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕێك پارەداو ئەمەش بووەتە هۆی نیگەرانی ئێران‌و لەبەرامبەر ئەوەشدا حسك سزای ئەو فەرماندە سەربازییانەی داوە، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٢، ل٧٧.

(٦) حزبی سۆسیالیستی کوردستان: هەڵوێستی، ل١٨،١٧، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵلا لەرۆژی(٢٠٠٩/١٠/١٥)، هەولێر.

## واو- پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا:

لەراستیدا حسك هیچ جۆرە پەیوەندییەكی ئەوتۆی بەوڵاتانی ئەوروپاو ئـەمریكاوە نـەبوو، چـونكە بـەهۆی رێكەوتننامـەی جـەزائیرەوەو بـەهۆی گرتنەبـەری بیرۆكـەی سۆسـیالیزمییەوە، بەتـەواوەتی دژایـەتیی وڵاتـە زلهێزەكانی لەژێر دروشمی خەبات دژی ئیمپریالیزمو كۆنەپەرستیدا دەكرد.[١] هـەروەك زۆربـەی پەیوەندییـە سیاسـییەكانی حسـك لەگـەڵ رێكخـراوو پارتـە سیاسـییەكانی پارچـەكانی تـری كوردسـتانو رێكخـراوە عەرەبییەكانو هێزە بەرهەڵستیكارەكانی حكومـەتی بەعسـی عێـراقو لەگـەڵ وڵاتـانی ئێـرانو لیبیـاو سـوریا لەسەر بنەمای دژایەتیكردنی ئیمپریالیزمو سەرمایەداریو كۆنەپەرستیو هەروەها زایۆنیزم بوو.[٢] د.مەحمود عوسمان لەمبارەیەوە دەڵێت:"ئەمریكاو وڵاتانی ئەوروپا لـەو قۆناغـەدا بـەهۆی ئـەوەی پەیوەنـدییان لەگـەڵ حكومەتی عێراقدا هەبوو، دانیان بەهیچ حزبێكـی كوردسـتانیدا نـەدەناو پەیوەنـدییان لەگەڵیـدا نەدەبەسـت، چونكە لەوكاتەدا عێراق لەشەڕدابوو لەگەڵ ئێرانو ئـەوانیش دژی ئێـران بـوونو هاوكـاری عێراقیـان دەكـردو گرنگیان بەهیچ پارتێكی سیاسیی كوردی نەدەدا".[٣]

هەرچـی یـەكێتی سـۆڤیەتیش بـوو، هەرچـەندە حسـك لەبـەرەی بـیری چـەپو ماركسـیزمدا بـوو، بـەڵام پەیوەندییەكی سیاسی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نـەبووە. هـەروەها هـیچ جـۆرە هاوكارییـەكی حسكیشـیان لـەرووی سیاسـیو سـەربازییەوە نـەدەكرد، هەرچـەندە هەنـدێجارو لەهەنـدێ بەیاننامـەو بڵاوكـراوەو راگەیاندنـدا، پشتگیریی یەكێتی سۆڤیەتییان دەكـرد، تەنانـەت نـاو نـەبردنی یـەكێتی سـۆڤیەت لەبەیاننامـە فەرمییـەكانی حسكدا یەكێك لەو هۆكـارو پاسـاوانە بـوو بەدەسـت ئـەو كەسـانەوە، كـە لـەكۆتایی سـاڵی(١٩٨٥)دا لەحسـك جیابوونـەوە. لـەمبارەوە(بـەڵێن عەبـدوڵڵا) دەڵێت:"هەرچـەندە ئێمـە پەیوەندییـەكی سیاسـی وامـان لەگـەڵ یەكێتی سۆڤیەتدا نەبوو، بەڵام هێندە بەرگریمان لێدەكرد، كە بەقیبلەی خۆمانمان دەداناو ئەگەر بەیاننامـەو بڵاوكراوەیەكی حزب ناوی یەكێتی سۆڤیەتی تێدا نەهاتبا واماندەزانی دنیا كۆتایی دێت".[٤]

دواجار هەست بەهیچ پەیوەندییەك لـەنێوان حسـكو وڵاتـانی ئـەوروپاو ئـەمریكا ناكرێـت، تـەنها ئەوەنـدە نەبێت لەبەیاننامەو بڵاوكراوەو راگەیەنراوە حزبییەكانی خۆیـدا چ نـاوخۆیی بێـت یـاخود ئاراسـتەی لایـەنێكی سیاسیو كەسایەتییەكانی كردبێت، هەڵوێستی دوژمنایەتی خۆی بۆئەو وڵاتانـە لـەژێر دروشـمی خـەبات دژی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم دەردەبڕی.[٥]

---

(١) التقرير السياسي، ص٨٣٨-٨٤٩.

(٢) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان موفتی.

(٣) وتووێژ لەگەڵ د.مەحمود عوسمان.

(٤) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڵێن عەبدوڵڵا.

(٥) التقرير السياسي، ص٨٣٨-٨٤٩.

.

# بەشی سێیەم( حزبی سۆسیالیست لەنێوان سالآنی ١٩٨٦-١٩٩٢)دا

**باسی یەکەم- حزبی سۆسیالیستو ئاشتبوونەوەی گشتی**

**باسی دووەم- حزبی سۆسیالیستو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی**

**باسی سێیەم- حزبی سۆسیالیستو راپەڕینی بەهاری( ١٩٩١ )**

**باسی چوارەم- حزبی سۆسیالسیتو وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیو بەعس لەدوای راپەڕین**

## باسی یەکەم- حزبی سۆسیالیستی کوردستانو ئاشتبوونەوەی گشتی:

دوای ئەوەی یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود قۆناغێکیان لەشەڕی ناوخۆ لەنێوان خۆیاندا تێپەڕاند، ئاکامەکەی بەزیانی خۆیانو جولانەوەی رزگاریخوازیی کورد کۆتایی هات، جگە لەماڵوێرانیو بەفیڕۆچوونی توانا مرۆییو مادیو سەربازییەکان هیچ لایەك سودی لێنەبینی. هەرچەندە یەکێتی توانی لایەنەکانی بەرەی جود لەبەشێکی گۆڕەپانی ناوچەکانی باشوری کوردستان بەتایبەت ناوچەی سۆران وەدەربنێت، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بەکاریگەریو هێرشی ئەوان بهێنێت. لەماوەی ئەو قۆناغەی شەڕی براکوژیدا جۆرێك لەهەستکردن بەرامبەر بەبێسود بوونی شەڕو کوشتاری یەکتری دروستبوو، لەمیانەی ئەو ماوەیەشدا چەند هەوڵێك بۆئاشتبوونەوەی لایەنەکانو کۆتایی هێنان بەشەڕو ململانێ درا، بەڵام کەڵکی نەبوو، چونکە ئەو هەوڵانە لەلایەن نوسەرانو روناکبیرانەوە دەدران، کە لەلایەك هەوڵی تاکەکەسی بوونو هیچ فشارێکی سیاسیو سەربازیان نەبوو، تاوەکو لایەنەکانی نێو جولانەوەکە ناچار بکەن ئاشتببنەوەو کۆتایی بەناکۆکییەکانی نێوانیان بهێنن، لەلایەکیتریشەوە ئیرادەی ئاشتبوونەوە لەو قۆناغەدا لای لایەنەکانی نێو جولانەوەی رزگاریخوازیی کورد ئامادەیی نەبوو.

لەرۆژی(٢١/٣/١٩٨٤)لەسورداشو لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فراواندا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، جەلال تاڵەبانی وتارێکی خوێندەوەو تیایدا داوای ئاشتبوونەوەی گشتیو بانگهێشتی لایەنەکانی بەرەی جود دەکات بۆئاشتیو تەباییو چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەرێگای وتووێژی هێمنانە، دەکات.[(١)] چەند جارێکیش یەکێتی نامەو نوێنەر بۆلای لایەنەکانی بەرەی جود( بەتایبەت بۆحشعو پارتی) بەمەبەستی ئاشتبوونەوە دەنێرێت، بەڵام بەهۆی بوونی مەرجی ئەو لایەنانەوە ئەنجامی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە.[(٢)]

---

(١) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل٣٢، یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان: گفتوگۆی، ل٥، رێباز: قەندیل، ل١٠٨،٢٠٥.

(٢) جگە لەهەوڵەکانی پێشوو، لەرۆژی(١٦/٤/١٩٨٤)فەرەیدون دارتاشو حەمەی حەمەباقی دەچنە برادۆست بۆبینینی بەرپرسەکانی حشع بۆئاشتبوونەوە، بەڵام ئەنجامی نابێت. هەر لەم قۆناغەدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامە بۆپارتی دەنێرێ بەمەبەستی ئاشتبوونەوە، بەڵام وەڵامی نابێ. لەدەرەوەش چەند هەوڵێك لەگەڵ مەسعود بارزانی دەدرێت، ئەویش سودی نابێتو چەند مەرجێکی دەبێ لەوانە: یەکێتی وتووێژ لەگەڵ بەعس کۆتایی پێبهێنێتو یەکێتیش داوای لەپارتی کردبوو، ئەوانیش پەیوەندی لەگەڵ ئێران بپچڕێنن، ئەمەش بەئاشکرا کاریگەری عێراقو ئێران بەسەر جولانەوەی کوردییەوە دەردەخات. دیسان لەرۆژی(١٦/٨/١٩٨٤) وەفدێکی یەکێتی کەپێکهاتبوون لە(ئازاد هەورامی، د.پێشەوا تاڵەبانی) لەگەڵ فەرەیدون دارتاش دەچن بۆچیای شیرین بۆلای حشعو لەکۆبوونەوەی نێوانیاندا چەند مەرجو خاڵێك باس دەکەن، بەڵام حشع مەرجیان بۆوتووێژو ئاشتبوونەوە ئەوەیەن کەیەکێتی بەیاننامەیەك لەسەر سەرکۆنەکردنی رووداوی پشتئاشانو وتووێژی یەکلایەنەی لەگەڵ بەعس دەربکاتو کۆتایی بەوتووێژ لەگەڵیاندا بهێنێتو شەڕ دژی بەعس دەستپێبکاتەوە. بڕوانە یوسف حنا یوسف: مذکرات، ص١٣١،١٣٢، نەوشیروان: خولانەوە، ل٣٢،٧٨.

دواجار ئەوەی لەنێو لایەنەکانی بەرەی جوددا بەدەم بانگەوازەکەی یەکێتییەوە بۆئاشتبوونەوە ڕۆیشت، حسك بوو. سەرەتاکانی ئاشتبوونەوەی گشتیش لەنێوان حسكو یەکێتیدا لەئاشتبوونەوەو ڕێکەوتنێکی ناوچەییەوە(ناوچەی سلێمانیو شارەزوور)دەستیپێکرد، بەڵام پرسی ئاشتبوونەوەی گشتی، بەواقیعی لەدوای کۆتایی هاتنی وتووێژی یەکێتیو بەعس ئەنجامی باشی لێکەوتەوە، چونکە یەکێتی لەمەسەلەی وتووێژ لەگەڵ بەعسدا بەهۆی دەستێوەردانی تورکیاو بەدەستهێنانی کۆمەکی دەرەکی لەچەند لایەنێکەوە لەلایەن عێراقەوە لەشەڕیدا لەگەڵ ئێران بێهیوا بوو. هەروەها وتوێژەکان گەیشتنە بنبەستو شتێکی ئەوتۆیان لێسەوز نەبوو،[1] جگەلەوەی بەعس وەك سەوداکارێکی جەنگ درێژەی بەوتووێژ دەدا، لەولاشەوە یەکێتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جوددا نەمابوو.[2] هاوکات پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ سوریاو لیبیاو ئێرانیشدا بەهۆی نزیکبوونەوەو چوونە نێو وتووێژە لەگەڵ بەعس تێکچووبوو. بۆیە لەم نێوەندەدا یەکێتی بەتەنها مابوویەوە، ئەگەرچی لەو قۆناغەشدا بەهێزبوو. بۆیە یەکێتی لەڕۆژی(١٩٨٥/١/١٥) بەیاننامەیەکی لەسەر کۆتایی هاتنی وتووێژەکانی لەگەڵ بەعسدا دەرکردو[3] لەلایەن بەرەی جودیشەوە ئەمە بەهەنگاوێکی ئیجابی لەقەڵەمدرا.[4]

دوای کۆتایی هاتنی وتووێژی یەکێتیو بەعس، یەکێتی لەڕێگای شەوکەتی حاجی مشیرەوە یەکەم نامە بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەحسك بەمەبەستی ئاشتبوونەوە دەنێرێت، کەدوو پێشنیازی تێدابوو، یەکەمیان: گەڕانەوەی محەمەدی حاجی مەحمود بۆناو ریزەکانی یەکێتی. دووەمیان: ئەگەر گەڕانەوەی قبوڵ نەبوو، ئەوا ڕێکەوتنو ئاشتبوونەوە لەسنوری ناوچەی سلێمانیدا ئەنجامبدرێت، کەئەو ئەوکاتە ناوبراو لێپرسراوی بووە.[5] (محەمەدی حاجی مەحمود)یش وەڵامی نامەکە بەپیاوێکدا بەناوی ڕەحیم ئیسماعیل دەنێرێتەوەو ئامادەیی بۆپێشنیازی دووەمو ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتیدا دەردەبڕێت، بەڵام لەنامەکەدا داوا دەکات، کە لەگەڵ حسك ئاشتبوونەوەی گشتی بێت، نەك تەنها لەسنوری ناوچەی سلێمانیدا بێت.[6] پاش ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەك لەنێوان هەردوولا(محەمەدی حاجی مەحمودو شەوکەتی حاجی مشیر)،[7]

---

(١) بیار مصطفى شريف: تركيا وكوردستان العراق، الجارين الحائرين، ط١، مطبعة(خانى)، دهوك، ٢٠٠٨، منشورات مؤسسة موكريانى للبحوث والنشر(٣٤)، اربيل، ص١٦٧، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، لەڕۆژی(٢٠٠٩/٦/١٨) سلێمانی.

(٢) فؤاد معصوم: المسالة الكردية وتشكيل الدولة العراقية، فی كتاب عدنان المفتی: الحوار العربی– الكردی، ط١، مكتبة مدبولی، القاهرة، ١٩٩٩، ص(١٩٤)، محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٢، ل٢١٥.

(٣) بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی وتووێژ لەگەڵ بەعس لەڕۆژی(١٩٨٥/١/١٥)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٦٥١.

(٤) بەیاننامەی بەرەی جود لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی(١٩٨٥)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٦٦٥.

(٥) نامەی شەوکەتی حاجی مشیر بۆ محەمەدی حاجی مەحمود لەڕۆژی(١٩٨٥/٢/١)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری، ب٢، ل٦٨٣.

(٦) نامەی محەمەدی حاجی مەحمود بۆشەوکەتی حاجی مشیر، لەڕۆژی(١٩٨/٢/٢)، دەق لە هـ.س، ل٦٨٦.

(٧) بۆدەقی نامەکان بڕوانە هـ.س، ل٦٨٠–٧٠٠.

دواجار دەگەنە ڕێکەوتننامەیەکی ناوچەیی لەرۆژی(١٩٨٥/٣/٢١)و لەگوندی ناوگردانی نزیک شارۆچکەی سەیدصادق ڕێکەوتننامەکە ئیمزا دەکەن.[1] خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە پێکهاتبوون لە:

١. ئاگربڕ لەنێوان هەردوولا لەرۆژی(١٩٨٥/٣/٢١)ەوە.
٢. ئازادی سەربازیو سیاسی لەناوچەی شارەزوور بۆهەردوولا هەبێت، بەڵام لەناوچەکانی شارباژێرو دۆڵـێ، بەئاگاداری هەردوولاو بەمۆڵەتی فەرمییەوە بێت بۆگەرمیانو قەرەداغ.
٣. چەك رفاندن لەرۆژی(١٩٨٥/٣/٢١)ەوە بۆهەردوولا قەدەغە بکرێت.
٤. ئیجرائاتی چەکەکانی پێشوو، کە لەنێو یەکێتی نیشتمانییەوە چوونەتە ناو حکومەت، دەکرێت.
٥. دانانی لیژنەیەك بۆکاروباری کۆمەڵایەتی هەردوولا لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێ هەڵاوێردن.
٦. ئیجرائات لەگەڵ دۆسـتانو ڕێکخسـتنو کـەسو کـاری شـەهیدی هـەردوولا نـەکرێت، بەمـەرجێك بەڵگـەی یەکێك لەو لایەنەی پێبێت.
٧. بکوژی پێشمەرگەو جەماوەر، بەپێشمەرگە وەرنەگیرێتو حسابی بکوژی بۆبکرێت.
٨. گەڕان لەگەڵ لایەنەکانی جود لەو شوێنانەی کەبوونی یەکێتی لێیە.
٩. هەرکەسێك لەهەرلایەك لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا، لەلاکەی دیکە وەرنەگیرێت.
١٠. کێشەکانی هەردوولا بەلیژنەیەك چارەسەر بکرێت.
١١. ئەنجومەنی ئاوایی‌یەکانی شارەزوور لەلایەن لیژنەیەکەوە پێکبهێنرێتو دەسەڵاتی تەواوەتی بدرێتێ.[2]

ئەگەر سەیری خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، بناغەیەکی باشی بۆئاشـتبوونەوەی گشتی سازکردووە. لەلایەکیتریشەوە هۆکاری سەرگرتنی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەگەڕێتەوە بۆئـەوەی هەریەکـە لەمحەمەدی حاجی مەحمودو شێخ محەمەد شاکەلی، کەسەرپەرشتی ناوچەی سلێمانیو شارەزووری حسکیان دەکرد، جۆرێك لەسەربەخۆیی کارکردنو هەڵسوکەوتو بڕیاردانیان هەبوو، لەولاشەوە لەم ناوچـەیەدا بـەهۆی گومرگو هەندێ شتی ترەوە، جۆرێك لەساردی کـەوتبووە نێـو پەیوەنـدی نێـوان حسكو لایەنـەکانی بـەرەی جودەوەو هەندێجاریش ئالۆزی کەوتبووە نێوانیانەوە، ئەمە جگەلەوەی خودی محەمەدی حاجی مـەحمودیش بەرەی جودی بەمایەی زیان بۆسەر حسك لێکدەدایەوەو حەزی لێنەدەکرد.[3]

لەراستیشـدا ئـەم هەڵسـوکەوتانەی هەریەکـە لەمحەمـەدی حـاجی مـەحمودو شـێخ محەمـەد شـاکەلی سەربەخۆییانەو بێپرسو ڕاکردن بەسەرکردایەتی حسك بوو، هەرچەندە محەمەدی حاجی مەحمود باس لەوە

(١) سـەرەتا لەگونـدی(دۆڵاش) لـەماڵی هاوڵاتی(محەمـەد عـەلی دۆڵاشی)دانیشـتن دەکـرێ، بـەڵام ئێوارەکـەی دەچـنە گونـدی نـاوگردانو لـەوێ ڕێکەوتنەکە ئیمزا دەکەن، صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٩٩،٤٩٨.

(٢) بڕوانە ڕێکەوتننامەی حسكو یەکێتی لەناوچەی شارەزوورو سلێمانی لـەرۆژی(١٩٨٥/٣/٢١)، لەپاشکۆی ژ(٢٦)، ئەرشـیفی محەمـەدی حـاجی مەحمود.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری، ب٢، ل٢٢٨، ٢٢٩.

دەکـات، کـەناوەڕۆکی نامـەکانی لـەرێگای خاڵەحاجییـەوە بۆسـەرکردایەتی نـاردبوو، بـەڵام وەڵامیـان نەدابووییەوە.[١] ئیتر یان ئـەوەبووە خاڵـەحاجی نەیگەیانـدبوون، یـاخود سـەرکردایەتی حسك بـەهۆی بـوونی شـەڕو کوشـتار لەگـەڵ یەکێتیـداو لەولاشـەوە بـەهۆی بوونیـان لەبـەرەی جـوددا پێیـان خۆشـنەبووە لەگـەڵ یەکێتیـدا ئاشـتببنەوە. بۆیـە هـەم سـەرکردایەتی حسـكو هـەم لایەنـەکانی بـەرەی جـودیش جگـە لەپاسۆك(بەتایبەت حشعو پارتی)دژی ئـەم رێکەوتننامـەو ئاشـتبوونەوە ناوچـەییە بـوون. لەکۆبوونەوەیـەکی لایەنەکانی بەرەی جودیشدا لەراژان رەخنە لەسـەرکردایەتی حسـك دەگـرنو فشـار دروسـتدەکەن، کەبـەرەی جود یان سەرکردایەتی حسك بەیاننامەیەکی سەرکۆنەکردن دژی محەمەدی حـاجی مـەحمودو شـێخ محەمـەد شاکەلی دەربکەن.[٢]

دوای سـوربوونو پێـداگرتنو روونکردنـەوەی بارودۆخەکـەو قەناعـەتپێکردنی سـەرکردایەتی حزبەکـەیان، ئەوەبوو شێخ محەمەد شاکەلی بەهاوڕێیەتی عەبدولخاق هەورامیو دوو پێشمەرگە سەردانی مەکتەبی سیاسـی یەکێتی لەیاخسەمەر دەکەنو دوای ئەویش چەند جارێك محەمەدی حاجی مەحمود سەردانی یەکێتی دەکاتو گفتوگۆ لەگەڵ جەلال تاڵەبانیو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا دەکات.[٣]

شێخ محەمەد شاکەلی لەمبارەیەوە دەڵێت:"دوای ئەوەی رێکەوتننامـەو ئـاگربڕە ناوچـەییەکەی ئێمـەو یەکێتی بەباشی شکایەوە، سەرکردایەتیی یـەکێتی داوای وتووێـژی راسـتەوخۆیان کـردو ئێمـەش لەمەکتـەبی سیاسی کۆبوونەوەمان کردو زۆر پێشنیاز هەبوو، دوایی لەسەر پێشنیازی من لەگـەڵ عەبـدولخالق هـەورامیو دوو پێشمەرگە سەردانی سەرکردایەتی یەکێتیمان کـردو لەلایـەن جـەلال تاڵـەبانیو ئەنـدامانی سـەرکردایەتی یەکێتییەوە پێشوازی گـەرم کـراین".[٤] هاوکـات نـاوەڕۆکی بەشـێکی زۆری ئـەو نامانـەش، کـە لەوماوەیـەدا لەنێوان یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکران، دەربڕی پەرۆشی بوو بۆئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکترو کۆتایی هێنـان بەشـەڕو ناکۆکی رابردوو.[٥] ئاکامی ئەم سەردانو چاوپێکەوتنانە ئەوەی لێکەوتەوە، کەوەفدێکی سەرکردایەتی حسك، کـەپێکهاتبوون لـە:(قادر جـەباری، شـێخ محەمـەد شـاکەلی، خاڵـە حـاجی)، لـەرۆژانی(١٨-١٩٨٦/٤/٢٤) بۆیاخسـەمەر چـوونو لەگـەڵ سـەرکردایەتی یەکێتیـدا کۆبوونـەوەو بـەدیاریکراویش لەرۆژی(١٩٨٦/٤/٢١)رێکەوتننامەیەکی گرنگیان پێکەوە ئیمزاکرد.[٦]

---

(١) هـ.س، ل٢٣٧.

(٢) هـ.س، ل٢٥٨.

(٣) صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٩٩،٤٩٨.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی لەرۆژی(٢٠٠٩/٢/٢٤) هەولێر.

(٥) نامەی جەلال تاڵەبانی بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٥/١٢/٢)، هەروەها نامەی نەوشـیروان مسـتەفا بۆمحەمـەدی حـاجی مـەحمود لەرۆژی(١٩٨٦/١/١٤)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٢، ل٧٢٨،٧١٨.

(٦) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل١١٦.

ئەو خاڵانەی لەو ڕێکەوتننامەیەدا هاتبوو بریتیبوون لە:

ئەلف- لایەنی سیاسی:

١. ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان هەردوولا لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەی لەکوردستانو عێراقو ناوچەکە دێنە پێشەوە.
٢. لەڕۆژی ئیمزاکردنی ئەم ڕێکەوتننامە بەدواوە هەردوولا بەڵێنی بەیەکتری دەدەن، لەهیچ میحوەرێکی سیاسی دژی ئەویتر بەشدار نەبنو لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی دژ بەیەکتر پێکنەیەن.
٣. هەوڵدان بۆدۆزینەوەی خاڵی هاوبەشو قوڵکردنەوەیانو کارکردن لەسەریان.
٤. هاوکاریکردنی یەکتری بۆئەوەی لایەنەکانی تر مافی چارەی خۆنوسین بۆگەلی کورد لەعێراقدا بسەلمێنن.
٥. هەوڵدان بۆیەکخستنی ڕێکخراوە دیموکراتیو پیشەییەکانی کوردستان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.
٦. گۆڕینەوەی زانیاریی هەمەلایەنە لەنێوان هەردوولادا.
٧. ئەم هاوکارییە هەنگاوێکی کرداری بێت بۆئاشتبوونەوەیەکی گشتی لایەنە کوردستانیو عێراقییەکان، بۆبنبڕکردنو نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانیو بەرەی فراوانی عێراقی، کەمافی چارەی خۆنوسین بۆگەلی کورد بسەلمێنن.[١]

بێ- لایەنی ڕاگەیاندن:

١. یارمەتیدانی یەکتری بۆگەشەپێدانی کاری ڕاگەیاندن لەسەر مەسەلە هاوبەشەکان.
٢. تەرکیزکردن لەسەر پێویستی هاوکاریو یەکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی حکومەتو هێنانەدی مافەکانی گەلەکەمان لەسەر بناغەی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد.
٣. بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕۆژو چالاکی یەکتر.
٤. هاوکاری هونەری بۆگەشەپێدانی ڕۆژنامەو رادیۆی هەردوولا.[٢]

جیم- لایەنی سەربازی:

١. هاتوچۆکردن بۆناوچەکان بەئاگاداری یەکتر بێت، بەگوێرەی(ضوابط واسس)و پێویستییەکانی، کە لەکۆبوونەوە خولییەکاندا بڕیاری لەسەر دەدرێت.
٢. نابێت هەردوولا پێشمەرگەی محاسەبەکراوی ڕاکردووی یەکتری وەربگرن یاخود یارمەتی بدەن.
٣. پێشمەرگە بۆی هەبێت لەئەنجامی قەناعەتی خۆی لەیەکێك لەم دوو لایەنەوە بۆلای یەکتری بگوازێتەوە،

(١) پرۆتۆكۆلی هاوبەشی نێوان یەكێتیو حسك، بەرگەلّو، لەرۆژی(٢١/٤/١٩٨٦)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری،ب٢، ل٧٣٩.

(٢) هـ.س، ل٧٣٩.

بەبێ چەك، مەگەر چەكەكە بەبەڵگە هی خۆی بێت.

٤. هەوڵدان بۆجێبەجێكردنی چالاكیی سەربازیی هاوبەش دژی هێزەكانی حكومەت بەرێكەوتن لەنێوان مەڵبەندی(ی.ن.ك)و لقی حسكدا.

٥. هەوڵدان بۆخۆشكردنی زەمینەی یەكخستنی هێزی پێشمەرگە.[1]

دوای ئەم رێكەوتنە جارێكیتر شاندێكی باڵای حسك، كەپێكهاتبوون لە(رەسوڵ مامەند، عەدنان موفتی، سەیدكاكە، خاڵەحاجی، محەمەدی حاجی مەحمود)، لەرۆژی(١١-١٣/٧/١٩٨٦) سەردانی مەكتەبی سیاسی یەكێتی دەكەنو لەلایەن(جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، د.فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر)ەوە پێشوازی دەكرێنو پاش چەند رۆژێك وتووێژ، راگەیەنراوێك بەزمانی عەرەبی دەردەكەنو تیایدا، باس لەپێویستی بەدەنگەوە هاتنی لایەنە سیاسییە كوردییەكان بۆئاشتبوونەوەو كۆتایی هێنان بەكوشتاری ناوخۆ لەپێناوی دانانی بەردی بناغەی پێكهێنانی بەرەی كوردستانی دژی حكومەتی فاشی بەغدا، بەئامانجی وەدەستهێنانی مافە رەواكانی كوردو مافی چارەی خۆنوسین، دەكەن. هەروەها هەردوولا لەسەر چەند خاڵو تەوەرەیەك رێككەوتن لەوانە:

ئەلف- ئاشتبوونەوەی هەمەلایەنەی هەردوولاو پێكهێنانی بەرەیەكی بەرهەڵستیكاری بۆهێزە كوردییەكان.

بێ- رێكخستنی كاروباری داراییو گومرگو برینەوەی رێژەیەك لەپارەی گومرگی مانگانە بۆحسك.

جیم- دابینركردنی بڕی(٣٠) هەزار دینار مانگانە بۆحسك لەلایەن یەكێتییەوە.[2] هەر لەم سەردانەی حسكدا داوای ئاشتبوونەوەی یەكێتی لەگەڵ سەرجەم لایەنەكانی تری بەرەی جود بەگشتیو پارتی بەتایبەت دەكرێتو هەردوولا(یەكێتیو حسك) رێكدەكەون، لەسەر ئەوەی حسك هەوڵی ناوبژیوانی بۆئاشتبوونەوەی نێوان یەكێتیو پارتی بدات.[3]

ئەم رێكەوتنو ئاشتبوونەوەیەی نێوان حسكو یەكێتی، ئەگەرچی لەسەرەتاوە ئاگربڕێكی ناوچەیی بوو، بەڵام دوایی بوو بەسەرەتایەك بۆرێكەوتنو ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان یەكێتیو لایەنەكانی بەرەی جوددا. هاوكات ئەم ئاشتبوونەوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، چونكە كۆتایی بەشەڕو ناكۆكی نێوان یەكێتیو حسك لەلایەكو لەدواتردا یەكێتیو لایەنەكانی بەرەی جود هێناو بوو بەئامرازو زەمینەیەكی لەبار بۆپێكهێنانی بەرەی كوردستانیو یەكخستنی هەوڵو توانا سیاسیو سەربازییەكان دژی حكومەتی بەعس لەعێراقدا، ئەمە جگەلەوەی زۆر مەسەلەو شتی بنەڕەتی چارەسەركردبوو، كەجێگەی ناكۆكیو شەڕو شۆڕی نێوان یەكێتیو لایەنەكانی بەرەی جود بوو، بە تایبەت مەسەلەی ناوچەی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی.[4]

لەلایەکیترەوە حسك لەم هەوڵەدا دەستپێشخەری كردو وەپیر بانگەوازەكەی یەكێتییەوە بۆ ئاشتبوونەوە رۆیشتو ئەو بەربەستو فشارانەی شكاندو تێپەڕاند، كە لەبەردەم پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتیدا لەنێوان یەكێتیو لایەنەكانی بەرەی جود لەو قۆناغەدا هەبوون، بەتایبەت فشاری ئێران لەسەر لایەنەكانی بەرەی جودو رێگانەدان بەر لەخۆی بۆئاشتبوونەوە لەگەڵ یەكێتیدا.[1] ئەم هەوڵو دەستپێشخەرییەی حسك، بۆئەو قۆناغەی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی كورد بوێرییەكی گرنگ بوو.

دوای ئاشتبوونەوەی حسكو یەكێتی، سەرەتا زەمینەیەكی لەبار بۆئاشتبوونەوەی یەكێتیو لایەنەكانی تری بەرەی جود هاتەئاراوە. حسك باس لەوە دەكات پێشوەخت لەبڵاوكراوەكانی خۆیاندا بەئاشكرا داوای ئاشتبوونەوەی گشتیو یەكڕیزیو تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەكانی كوردستانیان كردووەو بانگەوازیان بۆلابردنی كۆسپو رێگرەكانی بەردەم ئاشتبوونەوە ئاراستەی لایەنەكانی نێو جوڵانەوەی كوردی ئەو قۆناغە بۆكۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ كردووە.[2] ئەوەبوو بەهەوڵی حسك توانرا لەنێوان یەكێتیو پاسۆكدا ئاشتەوایی دروستبكرێت، بەتایبەت پاش چاوپێكەوتنو دیداری نێوان ئازاد مستەفا لەپاسۆكو محەمەدی حاجی مەحمود لەحسك. لەو دیدارەدا ئازاد مستەفا پێشنیاز دەكات حسك، بۆئاشتبوونەوەیان لەگەڵ یەكێتیدا رۆڵ ببینێت، تەنانەت كاتێك یەكێتی رادیۆكەیان لەدەنگی شۆڕشی عێراقەوە بۆدەنگی كوردستان دەگۆڕن، پاسۆك پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە لەیەكێتی دەكاتو هانی حسكیشیان دابوو وەپیر بانگەوازەكەی یەكێتییەوە بۆئاشتبوونەوە بچێتو لەكۆبوونەوەی لایەنەكانی بەرەی جودیشدا لەراژان، بەرگری زۆریان لەهەڵوێستی شێخ محەمەد شاكەلیو محەمەدی حاجی مەحمود كردبوو، بەوەی لەگەڵ یەكێتیدا رێكەوتنی ناوچەییان لەسنوری ناوچەی سلێمانیو شارەزووردا ئیمزاكردووە.[3] بۆیە شاندێكی پاسۆك، كەپێكهاتبوون لە(ئازاد مستەفا، مولازم كەریم، شەماڵ)، لەرێگای خاڵەحاجی ئەندامی مەكتەبی سیاسیی حسكەوە بۆبێژوێو یاخسەمەر بۆلای یەكێتی بەرێدەخرێن، پاش یەكتر بینینی شاندی پاسۆكو یەكێتی، بەیاننامەیەكی هاوبەش پێكەوە دەردەكەنو رێكدەكەونو ئاشتدەبنەوە. دوای ئاشتبوونەوەشیان پاسۆك بنكەو بارەگاكانیان دەبەنە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی یەكێتی لەدۆڵی جافەتیو مالومە.[4]

هەر لەم ماوەیەداو لەناوەڕاستیساڵی(١٩٨٦)داو لەرێگای حسكەوە هەندێ نامە لەنێوان سەركردایەتی یەكێتیو پارتیدا بەئامانجی نزیبكونەوەو ئاشتبوونەوە ئاڵوگۆڕ دەكرێت،. بۆیە لەرۆژی(١٩٨٦/٥/٢٥)دا، نوێنەرانی سەركردایەتی یەكێتیو پارتی لەبارەگای حسك لەگوندی كاولان كۆبوونەوەو پەیوەندییەكانی نێوانیان ئاسایی كردەوەو تەنانەت دواتریش گەرمو گوڕی تێكەوت.[5] بەهۆی هەوڵو ناوبژیوانی حسكو

(١) هـ.س، ل٧٣٩.

(٢) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل١١٦، محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٢، ل٣٤٢،٣٤٣.

(٣) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل١١٦.

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٢، ل٣٣١.

ئامادەیی هەردوولا بۆئاشتبوونەوە لەرۆژی(١٩٨٦/١١/٧)ئیدریس بارزانیو جەلال تاڵەبانی لەتاران کۆبوونەوەو لەسەر هاوکاریو تەنسیق لەنێوانیاندا ڕێکەوتنو بەیاننامەیەکی دوو قۆڵییان دەرکردو لەسەرجەم

(١) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل١١٥.

(٢) حزبی سۆسیالیستی کوردستان: دیاردەی جاشایەتی، ل١٨،١٩.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری، ب٢، ل٢٣١، ٣٣٣، ٣٣٣، ٣٣٤.

(٤) هـ.س، ل(٣٢،٣٣)،(٣٣٦،٣٣٧).

(٥) فاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٤٥٦.

کوردستاندا بەزمانی کوردیو عەرەبی بڵاوکرایەوەو لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتن.[1] دواتریش پرۆژەیەکیان بەناوی(پرۆژەی هاریکاری لەنێوان پارتیو یەکێتی) لەرووی سیاسیو سەربازیو ڕاگەیاندنەوە دەرکرد.[2]

هاوکات هەر لەم قۆناغەدا حسك، لەهەوڵدان بۆئاشتکردنەوەی یەکێتیو لایەنەکانی تری بەرەی جود، کەمتەرخەم نەبوو، بەتایبەت کاتێك لەلایەن مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی، کەبەرپرسی ناوچەی کەرکوكو سلێمانی حشع بوو، لەرێگای چەند نامەیەکەوە لەمانگی(١٩٨٦/٤)دا، کەبۆعەبدولخالق هەورامیو دواتریش بۆمحەمەدی حاجی مەحمودی دەنێرێت، تیایاندا داوا دەکات حسك ڕۆڵی ناوبژیوانی بۆئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتیدا ببینێت.[3] بۆیە پاش هەوڵی ناوبژیوانی حسك لەمانگی(١٩٨٦/٥)دا لەرێگای خاڵەحاجییەوە، مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی دەگاتە سەفرەو زەروونو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بەیەك دەگەنو پرسی ئاشتبوونەوە تاوتوێدەکەن. ئاکامی هەوڵو تەقەلای حسكو نامەکانی مەلا ئەحمەدو چاوپێکەوتنی ناوبراو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، لەناوەڕاستی مانگی(کانوونی دووەمی ١٩٨٧)دا نوێنەرانی حشع، کەپێکهاتبوون لە(عەبدورەزاق سافی، مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی) لەراژان لەگەڵ نوێنەری یەکێتی، کەبریتی بوو لە(فەرەیدون عەبدولقادر)کۆدەبنەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەیاننامەو ڕێکەوتننامەیەك دەردەکەنو تیایدا لەسەر چەند خاڵێك ڕێکدەکەون.[4]

دواجار تەنانەت حسك ڕۆڵیشی هەبوو لەئاشتکردنەوەی یەکێتیو ئێرانو چەندین جار بەناوبژیوانیو

(١) ئەو خاڵانەی کە یەکێتیو پارتی لەسەری ڕێکەوتن بریتیبوون لە:

ئەلف– هەوڵی تەواوو بەردەوام بۆبەگەڕخستنی هەموو توانای هەردوولاو ڕووخاندنی حکومەتی بەعسی عەفلەقی عێراق.

بێ– دابینکردنی ئازادی چالاکی سیاسیو سەربازیو ڕێکخراوەیی هەردوولا لەهەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراقو گەشەپێدانی خەبات.

جیم– وەستاندنی چالاکی ڕاگەیاندنی هەردوولا لەدژی یەکتر، چ چالاکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

دال– ڕێگرتن لەشەڕی براکوژیو حەرامکردنی. ڕاگەیەنراوی هاوبەشی کۆبوونەوەی یەکێتیو پارتی لەتاران، لەرۆژی(١٩٨٦/١١/٢)، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٤٥٥، صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٢٧.

(٢) پرۆژەی هاریکاری نێوان یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەرۆژی(١٩٨٦/١١/٨) تاران، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٦٦٨،٦٦٩.

(٣) بۆ دەقی نامەکانی مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی بۆعەبدولخالق هەورامیو محەمەدی حاجی مەحمود بڕوانە محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری، ب٢، ل٧٣٢–٧٤٥.

(٤) لەفاتح رسول: صفحات ، ج٣، ص٤٣٦،٤٣٧، بیرەوەرییەکانی مەلا حەسەن، ل٨٣،٨٤، نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل١٢١. ئەو خاڵانەی کەیەکێتیو حشع لەسەری ڕێکەوتن بریتیبوون لە:

ئەلف– هەرلایەك بڕیاری ئازادی چالاکی سیاسیو فیکریو ڕێکخستن بۆلاکەی تر دەدات.

بێ– هەردوولا پابەندن بەوەی نەچنە ناو ڕێکەوتنێکەوە، کەدژی لاکەی تر بێت.

جیم– ئاڵوگۆڕی بیروڕا بۆگفتوگۆکردنی بارودۆخە نوێیەکان.

دال– پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لەهەردوولا، کە لەساڵێکدا دووجار کۆدەبێتەوەو لانیکەم بۆپتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

هاو– سەرکۆنەکردنی توندوتیژی وەك شێوازێك بۆچارەسەکردنی ناکۆکییەکانو حەرامکردنی بەکارهێنانی بەرەهاییو پشت بەستن بەوتووێژی دیموکراتی وەك تاکە شێواز بۆچارەسەرکردنی ناکۆکییەکانو پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی.....تاد، بڕوانە فاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٤٣٩،٤٤٠.

ئامادەیی حسك نوێنەرانی دامو دەزگا جیاوازەکانی ئێرانو بەرپرسەکانیان سەردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییان دەکردو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای یەکێتی کۆدەبوونەوە. لەئاکامدا بەهەوڵی حسك یەکێتیو ئێران ئاشتبوونەوەو لەسەر هاوکاری هەردوولا پێکهاتنو جۆرێك لەپەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش لەنێوانیاندا دروستبوو.[1] گرنگی ئاشتبوونەوەی یەکێتیو ئێران بەنیسبەت جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردەوە لەوەدا بوو، کەئێران لەو قۆناغەدا وەك پەناگەیەك بۆلایەنەکانی نێو جوڵانەوەکە، بەتایبەت لایەنەکانی بەرەی جود وابوو، ئەگەر بهاتبا ئێرانو یەکێتی ئاشت نەبوونایەتەوە، پێدەچوو پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جودیشدا سەری نەگرتایە، چونکە لەشەڕی ناوخۆدا ئێران پشتیوانییەکی ناڕاستەوخۆی گەورەی لەلایەنەکانی بەرەی جود دەکرد، ئەمە جگەلەوەی ئێران وەك دوژمنێکی گەورەی عێراق بەردەوام هاوکاری لایەنە کوردییەکانو هێزە بەرهەڵستیکارەکانی حکومەتی عێراقی دەکرد. بۆیە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، بۆسود لێوەرگرتنو درێژەدان بەخەباتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەپێناوی لاوازکردنو روخاندنی حکومەتی بەعس لەعێراقو وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد، گرنگ بوو.

دواجار بەهۆی دەستپێشخەری حسك بۆبەدەمەوەچوونی بانگەوازەکەی یەکێتی بۆئاشتبوونەوەی گشتی، توانرا لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود، لەو قۆناغەدا، ئاشتەوایی دروستبێتو جوڵانەوەی کوردی لەشەڕی ناوخۆو براکوژی رزگار بکرێت. هەوڵو تەقەلاکانیش یەکبخرێنو زەمینەیەك بۆپێکهێنانی بەرەیەکی سیاسیو سەربازی لەنێوانیاندا بڕەخسێنرێت. لەبەرئەوەش، کەهۆکاری سەرەکی شەڕو ناکۆکیو ململانێی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جود، هەمیشە مەسەلەی فەرمانڕەوایی ناوچەکانو ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەواییو مەسەلەی گومرگ کۆکردنەوەو وەرگرتنی باج بوو، بۆیە لەم ئاشتبوونەوەو ریێکەوتننامانەی نێوانیاندا، ئەم دوو خاڵە گرنگەی لەخۆگرتبوو، کەبریتی لەدابەشکردنی ناوچەی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی، لەگەڵ داهاتی باجو گومرگ. ئەم ڕێکەوتننامانە ئاکامو ئەنجامیان هەبوو، بۆیە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتیش شوێنی خۆی گرت.[2] بۆنموونە لەمادەی(٥)ی لایەنی سەربازی پرۆژەی هاوکاری نێوان یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە لەتارانی

(١) بۆدرێژەی چۆنێتیی سەردانی نوێنەرانی ئێرانی بۆلای یەکێتی لەرێگای حسکەوە بڕوانە نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل١٠٢–١٠٥، ئەو خاڵانەی، کەیەکێتیو ئێران لەسەری پێکهاتن بریتی بوون لە:

ئەلف– ئێران پشتیوانی لەبزوتنەوەی نیشتمانی کورد لەدژی سیاسەتی داگیرکارانەی عێراقی عەفلەقی بکات.

بێ– ئێرانو یەکێتی پابەندن بەهاوکاری یەکتری بۆسەرنگومکردنی حکومەتی سەدام حسێنو بەدیهێنانی حکومەتێکی دیموکراسی سەربەخۆو میللی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە.

جیم– ئێرانو یەکێتی لەدژی هەموو ئەوانەی، کەدەسەڵاتو سەربەخۆیی عێراق دەخەنە مەترسییەوە هاوکاری یەکتری بکەن.

دال– هەردوولا بڕیاردەدەن سەبارەت بەجەنگو ئاشتی، بەهیچ شێوەیەك هەڵوێست وەرنەگرن بەبێ راوێژ. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی، ب٢، ل٧٧.

(٢) نەوشیروان مستەفا: خولانەوە، ل١١٨.

پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران لەرۆژی(١٩٨٦/١١/٨)دا ئیمزاکرابوو ئەوە هاتبووە کە:"لەمەسەلەی فەرمانڕەوایی ناوچەکانو گومرگدا، تاهەلومەرجێکی لەبار ئەبێ لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتردا واقیعی ئێستا حورمەت بگرن".[1]

بەمشێوەیە حسك سەرەتا توانی لەئیمزاکردنی رێکەوتنێکی ناوچەییەوە خۆی لەگەڵ یەکێتیدا ئاشتبێتەوەو لەولاشەوە هەوڵو تەقەلاکانی بۆناوبژیوانیکردن لەنێوان یەکێتیو لایەنەکانی تری بەرەی جوددا بەمەبەستی رێکەوتنو ئاشتبوونەوە بخاتەگەڕ. لەلایەك لەبەرئەوەی ویستو ئامادەییەکی راستەقینە لای لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لەو قۆناغەدا بۆئاشتبوونەوە هەبوو و لەلایەکیتریشەوە لەرێکەوتننامە دوو قۆڵییەکانی نێوان یەکێتیو لایەنەکانی بەرەی جودیشدا مەسەلە بنەڕەتییە جێناکۆکەکان ئامرازی چارەسەرکردنیان بۆدانرابوو، بۆیە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی سەری گرتو بەکرداری لایەنەکان پێکەوە ئاشتبوونەوەو لێرەوە سەرەتاو زەمینەیەکی لەبار بۆدامەزراندنو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هاتەئاراوە.

(١) پرۆژەی هاریکاری، دەق لەفاتح رسول: صفحات، ج٣، ص٦٦٨،٦٦٩.

## باسی دووەم( حزبی سۆسیالیستی کوردستانو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی )

قۆناغی دوای ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان لایەنەکانی جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردی، سەرەتاو زەمینەسازی بوو بۆهاتنەئاراو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، چونکە لەلایەک ناکۆکیو ململانێ چەکدارییەکانی رابردوو، بەهۆی ئاشتبوونەوەی گشتیو تەبایی لایەنە سەرەکییەکانی نێو جولانەوەکە، کۆتایی پێهاتبوو، بەحوکمی ئەوەی دۆخی شەڕی ناوخۆ رێگر بوو، لەوەی ئەم هێزانە لەچوارچێوەی بەرەیەکی سیاسیو چەکداری هاوبەشدا کۆببنەوە. لەلایەکیتریشەوە پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا جۆرێك لەئاساییبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، ئەمە سەرباری ئەوەی لەو ماوەیەدا جار جار لەهەندێك جێگەدا چالاکیی چەکداریی هاوبەشیان دژی حکومەتی بەعس ئەنجام دەدا، بەلام هێشتا نەتوانرابوو، بەرەیەکی سیاسیو چەکداریی هاوبەش لەسەرتاسەری کوردستان لەو هێزانە، پێکبهێنرێت تالەسەر بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامێکی یەکگرتوو پێکەوە کاربکەن، تەنها هێندە هەبوو، کەجۆرێك لەمتمانەو نزیکبوونەوەو رێکەوتن لەنێوانیاندا دروستبووبوو.[١]

هەرچەندە پێشتر بەرەی هاوبەش هەبوو، بەتایبەت هەردوو بەرەی جوقدو جود، بەلام لەبەرئەوەی ئەم دوو بەرەیە لەهەموو هێزەکانی نێو جولانەوەکە پێکنەهاتبوو، بەپێچەوانەشەوە هەر بەرەیەك لەکۆمەڵێك هێزی سیاسیو چەکدار پێکهاتبوو. هاوکات ئەم دووبەرەیە نەك نەبوونە زەمینەو سەرەتایەك بۆدامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوون بەدوو تەوەرەو دووبەرەی شەڕ دژ بەیەکتری، بۆیە لەو قۆناغەی جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردیشدا تواناو ئومێدی دامەزراندنی بەرەی کوردستانییان بەجارێك لەنێوبرد.[٢] هەروەها پێشتریش بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەی هاوبەشی کوردستانی کۆمەڵێك هەوڵدرابوو، بەتایبەت بانگەوازەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(کاژیك)و دواتریش پاسۆك لەنیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکاندا، بەلام ئەو هەولانە شتێکی ئەوتۆیان لێسەوز نەبوو[٣] لەوماوەیەدا بەهۆی هاتنەئارای کەشو هەوای ئاشتبوونەوەی گشتیو تەبایی نێوان لایەنەکانو بەپێشنیازی حسكو دەستپێشخەری یەکێتی لەسەر پێشنیازو داوای جەلال تاڵەبانی، کە لەرێگای بروسکەیەکەوە لەرۆژی(١٩٨٧/٤/٢٢) ئاراستەی سەرکردەی

(١) فاتح رسول: صفحات من، ج٣، ص٤٦٠.

(٢) ئازاد مستەفا: کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، چ١، چاپەمەنی شەهید فەرهاد، سوید، ١٩٨٩، ل٢٤.

(٣) ئازاد مستەفا باس لەوە دەکات، کاژیك لەمانگی کانوونی دووەمی(١٩٧٥)بەبەیاننامەیەکی رەسمی داوای لەپارتیو بارزانی کردووە، کەبەرەی کوردستانی لەپارتیو کاژیكو سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی حشعو بەرابەرایەتی بارزانی پێکبهێنرێ، بەلام پارتی قبولی نەبووەو بەپێچەوانەشەوە کەوتوونەتە بەر وێزەیانو ئەندامانی کاژیكو سزادراون. ئامارژە بۆئەوەش دەکات، کەلەهاوینی(١٩٧٦)دا نوێنەرانی پاسۆك دووجار لەشاری سلێمانی بەنوێنەرایەتی یەکێتیو (کۆمەڵەی مارکسی– لینینی)لەگەڵ نوێنەرێکی بزوتنەوی سۆسیالیستی کوردستاندا کەوتوونەتە قسەو باس بۆدامەزراندنی بەرەی کوردستانیو دەقی پرۆژەکە خراوەتە بەردەستی نوێنەرانی سەرکردایەتی کاتیی پارتی لەناوچەی شارباژێر، بەلام بەرهەمێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە. بڕوانە هـ.س، ل٧–٢٣.

لایەنە سیاسییەکانی تری نێو جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردی، بۆدامەزراندنی بەرەی کوردستانی، کردبوو،[1] بەکردەوە زەمینەو سەرەتایەك بۆپێکهێنانی بەرەی کوردستانی هاتەئاراوەو سەرکردەی ئەو هێزو لایەنانە سیاسیانەش هەریەکە لای خۆیەوە بەشێوەیەکی باش وەلامی داواکاریو پێشنیازەکەیان دایەوەو ئامادەیی خۆیان لەوبارەیەوە دەربڕیو کەوتنە کارکردن.[2]

ئەوەی پەیوەندی بەحزبی سۆسیالیستەوە هەبوو، ئەوەبوو پێشتر لەخالی حەوتەمی لایەنی سیاسی رێکەوتننامەی ئاشتبوونەوەیاندا لەگەڵ یەکێتیدا، کە لەرۆژی((٢١/٤/١٩٨٦)دا لەبەرگەلو ئیمزایان کردبوو، جەختیان لەسەر ئەوەکردبووەوە، کەئاشتبوونەوەی گشتی لایەنە کوردستانیو عێراقییەکان هەنگاوێکی کرداری بێت بۆبنبڕکردنو نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانیو بەرەی فراوانی عێراقی، بەجۆرێ مافی چارەی خۆنوسین بۆگەلی کورد بسەلمێنێت.[3] لەلایەکیتریشەوە رەسول مامەندی سکرتێری حسك لەوەلامی بروسکەکەی جەلال تالەبانیدا، ئامادەیی دەربڕیو رەزامەندی لەسەر داواکاریو پێشنیازەکە دەربڕی بوو، تیایدا ئامارژە بۆئەوەش کرابوو، کەئەوان وەك حسك پێشترو لەکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا، کە لەرۆژانی(١–٣/٤/١٩٨٧)دا بەسترابوو، شاندێکیان بۆباسکردنو تەواوکردنی مەسەلەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی پێکهێناوەو لەرۆژی(١٥/٤/١٩٨٧)وە بۆبینینی لایەنەکانی تری نێو جولانەوەکە بەرێکەوتوون.[4]

بۆئەم مەبەستەش یەکەمجار نوێنەرانی سەرکردایەتیی هەموو لایەنەکان لەرۆژی(١٨ی تەمووزی ١٩٨٧)دا، وەك هەنگاوی یەکەم، کۆدەبنەوەو بڕیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دەدەن. رۆژی(٣٠)ی هەمان مانگیش بەیاننامەیەك لەوبارەیەوە بلاودەکەنەوەو تیایدا دەستنیشانی مەبەستەکانی بەرە دەکەنو هەنگاوی دووەمیش، کۆبوونەوەکانی سەرەتای مانگی ئەیلوول بۆدارشتنی بەرنامەی بەرەی کوردستانی دەستنیشان دەکەن.[5] هاوکات یەکێتی پرۆژەیەکی بەناوی(مشروع میثاق الجبهة الکردستانیة) بۆلێدوانو بڕیار لەسەردانی ئامادەکردبوو، کەدواتر بوو بەبناغەی(مشروع میثاق الجبهة الکردستاني)ەی مانگی ئەیلوولی(١٩٨٧)، کەبڕیاریاندابوو لەو وادەیەدا نوێنەرانی لایەنەکان بۆدارشتنی بەرنامەی بەرەی کوردستانی کۆببنەوە. پاش لێدوانو تاوتوێکردنو ئالوگۆڕکردنی بیرورا لەسەری پرۆژەکە گەلالەکراو بۆ سەرکردایەتی حزبەکان

(١) بروسكەی جەلال تاڵەبانی بۆهەریەکە لەمەسعود بارزانی، رەسوڵ مامەند، ئازاد مستەفا، سامی عەبدورەحمان، لەرۆژی(١٩٨٧/٤/٢٢)، دەق لەهـ.س، ل٨٧،٨٨، یوسف حنا یوسف: مذكرات، ص١٠٢، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(٢٠٠٩/٥/١١)، گوندی گوڵەخانە.

(٢) نامەی هەریەکە لەمەسعود بارزانی بۆجەلال تاڵەبانی لەرۆژی(١٩٨٧/٤/٣٠)، نامەی ئازاد مستەفا بۆجەلال تاڵەبانی لەرۆژی(١٩٨٧/٤/٢٤)، نامەی مەکتەبی سیاسی پارتی گەل بۆجەلال تاڵەبانی، دەقی نامەکان لەهـ.س، ل٨٨-٩٤.

(٣) پرۆتۆکۆلی هاوبەشی نێوان یەکێتیو حسك، بەرگەلۆ، لەرۆژی(١٩٨٦/٤/٢١)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٢، ل٧٣٩.

(٤) نامەی رەسوڵ مامەند بۆجەلال تاڵەبانی، دەق لەئازاد مستەفا: کورتە، ل٨٩-٩١.

(٥) ئازاد مستەفا: کورتە، ل٣٣.

بەرزکرایەوە، تادوابڕیاری خۆیانی لەسەر بدەنو لەژێر رۆشنایی ئەو راو سەرنجانەدا بەرنامەی بەرەی کوردستانی جارێکی دی دابڕێژرێتەوە.[1] ئەوەبوو نوێنەرانی هەریەکە لەحسكو پارتیو یەکێتیو پارتی گەلو پاسۆك لەکۆتایی مانگی نیسانو سەرەتای مانگی ئایاری(١٩٨٨)، بەتایبەت لەرۆژی(١٩٨٨/٥/١٢)دا لەگوێژێ کۆبوونەوەو پاش دەستکاریکردنی هەندێ لەبڕگەکانی پرۆژەکە، بڕیاردرا لەکۆبوونەوەی داهاتوودا ئیمزا لەسەر پرۆژەکە بکرێت.[2] هەر لەم کۆبوونەوەیەدا لایەنەکان بۆدامەزراندنی بەرەی کوردستانی، وەك ئامرازێکی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی بۆروبەڕووبوونەوەی حکومەتی بەعس لەعێراقدا، گەیشتنە بڕیاری کۆتایی.[3] بۆیە لەرۆژی(١٩٨٨/٦/٦)دا نوێنەرانی شەش حزب لەخواکورك بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەسەرکردەکانیان کۆبوونەوەو ئیمزایان لەسەر پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کرد.[4] لەمانگی(١٩٨٨/٨)یشدا نوێنەرانی لایەنە سیاییەکان بۆبڕیاردان لەسەر پەیڕەوو پرۆگرامو پێکهێنانی دامو دەزگاکانی بەرەی کوردستانی کۆبوونەوە.[5]

ئەگەر سەیری کاتو وادەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەو قۆناغەدا چەند هۆکارێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، لەریزی پێشەوەی ئەو هۆکارانەشدا بەهێزبوونی حکومەتی عێراقو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوو، بەجۆرێ بەرەی کوردستانی بۆفشارخستنە سەر حکومەتی عێراق دروستبوو. ئەمە جگەلەوەی، کەپرۆسەی تەبایيو ئاشتبوونەوەی گشتی درەنگ هاتەئاراوە. هاوکات لەو قۆناغەدا مەترسی حکومەتی بەعس بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتە توندوتیژەکانییەوە دژی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لەرۆژی (١٩٨٨/٣/١٦)و پرۆسەی ئەنفال لەمانگی(١٩٨٨/٤)دا، گەیشتبووە سەر خودی

---

(١) بیروڕاو تێڕوانینی مەکتەبی سیاسی پاسۆك دەربارەی پرۆژەی بەڵگەنامەی بەرەی کوردستانی، دەق لەئازاد مستەفا: کورتە، ل١٠٢-١١١، کەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٣٢٦.

(٢) صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٢٨.

(٣) بەیاننامەی بەرەی کوردستانی لەرۆژی(١٢ی ئایاری ١٩٨٨)، دەق لەحبيب محمد كريم: الحزب، ص٢٠٧-٣١٥.

(٤) فاتح رسول: صفحات،ج٣، ص٤٦٠،٤٦١، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان پێکهاتبوون لە: مەسعود بارزانی لەپارتی، مولازم کەریم لەپاسۆك، رەسوڵ مامەند لەحسك، عەزیز محەمەد لەحشع، نەوشیروان مستەفا لەیەکێتی، سامی عەبدورەحمان لەپارتی گەل، بیرەوەرییەکانی مەلا حەسەن، ل٨٩. هەندێ سەرچاوەی تر دەڵێن رۆژی(٧-١٩٨٨/٦/٩) کۆبوونەوەکە کراوە، بڕوانە راگەیەنراوی کۆبوونەوەی سەرکردە سیاسییەکانی بەرەی کوردستانی سەرەتای(حوزەیرانی ١٩٨٨)، دەق لەحبيب محمد كريم: الحزب، ص٣٣٩-٣٤٢، د.خالد یونس خالد: جلال، ص٣٠. دواتر

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەکۆبوونەوەی لەماوەی نێوان(١٠/٢٧- ١/١١/١٩٩٠) گرێداوەو تیایدا بڕیاریدا هەریەکە لەحزبی زەحمەت کێشانی کوردستان، کەپێستر بەهۆی ڤیتۆی حسکەوە بەشداری بەرەی کوردستانی نەکرا، لەگەڵ بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری لەریزەکانیدا وەربگرێت، صلاح الخرسان: التيارات، ص٤٢٨.

(٥) لەو کۆبوونەوەیەدا چەند خاڵێك تاوتوێکرا لەوانە:

ئەلف- بڕیاردان‌و ئیمزاکردن لەسەر پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆیی بەرەی کوردستانی. ←

حزبەکان خۆیان، بەشێوەك دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، کەوتە دوای ئەو شاڵاوە دڕندانەی حکومەتی بەعسەوە، چونکە لەوماوەیەدا مەترسی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس لەخودی لایەنە سیاسییەکانی نێو جوڵانەوەکە نزیکبووبوویەوە.[1] ئەمەش نیشانەی کەمی هۆشیاری نەتەوەیی‌و لاوازی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی نیشتمانی لەو قۆناغەدا، لای لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی بوو، چونکە ئەگەر پێشتر بەرەی کوردستانی دابمەزرایە، لەوانەبوو خەڵکی کوردستان‌و ناوچە گوندنشینەکان بەو ئەندازەو شێوەیە زیانیان بەرنەکەوتایە.

وەك لەبەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا هاتووە:" دامەزراندنی بەرەکە دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەبوو، کەبەهۆی توندبوونەوەی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس لەکوردستاندا هاتبووە ئاراوەو مەترسی بۆسەر لەنێوبردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردو وێرانکردنی خاك‌و ناوچەکانی کوردستان دروستکردبوو"، ئەمە جگەلەوەی بەرە وەك هەستکردنێکی مێژوویی بەرامبەر بەچارەنوسی گەلی کوردو کێشە رەواکەی‌و پێویستی یەکخستنی کۆشش‌و خەبات دژی حکومەتی بەعس لای هێزە سیاسییە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی بوونی هەبوو. هاوکات دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بەدەر نەبوو لەوەستانەوە بەرووی سیاسەتی راگواستن‌و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ‌و شاڵاوەکانی ئەنفال‌و کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان. سەرباری هەستکردنی لایەنەکان بەنزیکبوونەوەو ئاشتەوایی

---

← بێ- پێکهێنانی دەزگاکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی.

جیم- دیاریکردنی پشك‌و کارئاسانی پارتە هاوپەیمانەکان لەرووی دارایی‌و کارگێڕی‌و هونەرییەوە.

دال- دەستنیشانکردنی بارەگای بەرەی کوردستانی.

هاو- دەرکردنی بەیاننامەی فەرمی.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنەکان نوێنەری خۆیان دیاریکرد بەمجۆرە:

- بۆنوسینگەی جێبەجێکردن:(فازیل مطنی‌و فەرەنسۆ حەریری لەپارتی‌و ئەبو حیکمەت لەحشع‌و جەبار فەرمان لەیەکێتی‌و قادر جەباری لەحسك‌و جەبار فەیلی لەپارتی گەل‌و مولازم شوان لەپاسۆك).

- بۆراگەیاندن:( فەلەکەدین کاکەیی لەپارتی‌و ئەرسەلان بایز لەیەکێتی‌و م.سەعد عەبدوڵلا لەحسك‌و پاڵە لەپارتی گەل).

نوسینگەی سەربازی بەرەی کوردستانیش پێکهات لە:

- مولازم عومەر لەیەکێتی‌و سەلام لەپارتی گەل‌و مولازم شوان لەپاسۆك‌و شیروان شیروەندی لەحسك‌و ئیبراهیم سۆفی(ئەبو تارا) لەحشع‌و مولازم عەلی لەپارتی.

بڕیاردرا پشك‌و داهاتی دارایی لەسەر ئەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

- پشکی پارتی‌و حشع‌و یەکێتی،(٦٠٠٠)دینار بێت بۆهەر حزبێك بۆماوەیەکی دیاریکراو.

- پشکی حسك(٥٠٠٠)دینار.

هەروەها بڕی(٦٠٠٠)دینار لەژێر ڕەفتاری نوسینگەی جێبەجێکردنی بەرەدا بێت بەمەبەستی دروستکردنی بارەگاو کڕینی ئامێری چاپو هەندێ پێویستی تر. هەروەها قادر جەباری وەك سکرتێری نوسینگەی جیبەجێکردنی بەرەی کوردستانی دەستنیشانکراوو ئەبو حیکمەت بەرپرسی کارگێڕیو دارایی. یوسف حنا یوسف: مذکرات، ص(١٠٤-١٠٧)، ئەرسەلان بایز: ڕۆژانی سەخت، ل٤٢٦.

(١) شورش حاجی: الانفال، ص٦٣.

بۆیەکخستنی ریزەکانیان بەرامبەر بەدوژمنی سەرەکیان کەحکومەتی بەعس بوو.(١)

هەندێجار باس لەوە دەکرێت، لەژێر فشاری ئێراندا بەرەی کوردستانی دامەزراوە،(٢) بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئێران رۆڵی هەبوو، کاریگەری خۆیشی بۆیەکخستنی هێزە چەکدارەکانی کوردستان بەکارهێنا، بەتایبەت لەقۆناغێکدا، کەلایەنەکان خۆیان پێکەوە ئاشتبووبوونەوەو پرۆسەی تەبایی گشتییان راگەیاندبوو، ئەوکاتەش بەرژەوەندی ئێران لەپەرتەوازەیی ئەم لایەنانەی شەڕی ناوخۆوە هاتەسەر یەکخستنی ئەو هێزانە بۆبەکارهێنانو سود لێوەرگرتنیان لەوەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەدژایەتیکردنی عێراقو دەستوەشاندنو هێرشکردنە سەر ناوچەو دەزگاو دامەزراوە نەوتیو سیاسیو ستراتیژییەکانی عێراق. بۆیە دەکرێت بڵێین ئێران رۆڵی هەبوو، بەڵام ناتوانین بڵێین لەژێر فشاری ئەودا بەرەی کوردستانی دامەزراوە.

بەرەی کوردستانیش لەپێناوی کۆمەڵێك ئامانجدا دامەزرا، لەوانە:

یەکەم: رووخاندنی حکومەتی دیکتاتۆری بەعسو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتلافی نیشتمانی دیموکراسی، کەبڕوای بەمافەکانی گەلو ئازادییە دیموکراسییەکان هەبێتو مافە رەواکانی گەلی کورد لەخۆبگرێت.

دووەم: پاڵفتەکردنی هەموو دیاردەو ئاسەوارەکانی حوکمی دیکتاتۆریو سیاسەتی دوژمنکارانەکانی دژی ئازادی گەلو مافە نیشتمانیو نەتەوەییو دیموکراتییەکان، لەرێگای:

ئەلف- کۆتایی هێنان بەدیاردەکانی دیکتاتۆرییەت لەدامو دەزگاکانی دەوڵەتو پاڵفتەکردنی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دژی گەلی کوردو کەمە نەتەوایەتییەکانو هەڵوەشاندنەوەی جیاوازی نەتەوەییو ئاینیو تایفی......

بێ- ئازادکردنی سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان لەرێگای لێبوردنی گشتیو خێراو تەواوەوە.

جیم- گێڕانەوەی هەموو لەکار دەرکراوو کەسە سیاسییە نیشتمانیو مەدەنیو سەربازییەکان بۆوەزیفەو کارو خوێندنگەو پەیمانگەکانیان.

دال- پاکردنەوەی دامو دەزگای دەوڵەت لەرەگەزی کۆنەپەرستیو گەندەڵکارانو لەئەنجامدەرانی تاوان دژی میلللەتو هەواڵەکردنیان بۆیاسا.

هاء- دارشتنی یاسا، کەمافی شەهیدانی بزوتنەوەی نیشتمانی لەخۆبگرێتو قەرەبووکردنەوەی کەسو کاریان لەخۆبگرێت.

و- گێڕانـەوەی سـەرجەم راگـوێزراوانو ئاوارەکـانو دوورخراوەکـان لـەنێوەوەو دەرەوە بۆشـوێنەکانی نیشتەجێبوونیانو گێڕانەوەی مافو پێداویستییەکانیان.

---

(١) بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستـانی، لـەڕۆژی(١٢/٥/١٩٨٨) دەق لـەحبیـب محمد کریم: تـاریخ ، ص٢٠٧-٣١٥، دەقـی راگەیـەنراوی کۆبوونەوەی سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی لەسەرەتای(حوزەیرانی ١٩٨٨)، دەق لە م.ن، ص٣٣٩،٣٤٢.

(٢) مەلا بەختیار: یاخی بوون، ل٢٦٧.

سێیەم: بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەژیانی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا بە:

ئـەلف- دەسـتەبەرکردنی ئـازادیی چـالاکی سیاسـیو سـەندیکاییو پیشـەییو کۆمەڵایـەتیو رووناکبیریی بۆژنانو پیاوانو هەموو چینو توێژەکانی میللەت.

بێ- دەستەبەرکردنی ئازادیی رۆژنامەوانیو بڵاوکردنەوەو وەشاندنو خۆپیشاندانو مانگرتن.

جیم- گواستنەوەی وڵات بۆبـارودۆخی دەسـتوریو دیموکراسـی لـەرێگای دانـانی یاسـای دیموکراسـییەوە بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی دامەزرێنەر، کەدەستوری هەمیشـەیی لەسـەر بنـەمای مـافی هەڵبـژاردنی گشتیو راستەوخۆو یەکسانو بەدەنگدانی نهێنیو لەسەر بنـەمای جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکانی یاسـادانانو جێبەجێکردنو دادوەری دابڕێژێت.[1]

پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆیی بـەرەی کوردسـتانیدا چـەندین شـتی گرنگـی لـەخۆگرتووە، هـەر لەپێناسـەی بەرەی کوردستانیو ئەرکو وەزیفەکانییەوە، تادەگاتە رێساو بنەماکانی کارکردنو پێکهاتەو دامـەزراوەکانیو دەزگاکانی......، تاد.[2]

دواجار بەرەی کوردستانی لەو قۆناغەدا بایەخو گرنکی تایبەتی خۆی هەبوو، کەدەکرێت لەچـەند خاڵێکدا ئاماژە بەهەندێکیان بدەین وەك:

١. پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، بۆیەکـەمجار رووداوێکـی گـەورەو مـەزن بـوو لەجوڵانـەوەی رزگـاریخوازی کوردیـداو هـەموو هێـزە سیاسـییەکانی بۆهەسـتکردن بەبەرپرسـیارێتی مێـژوویی ئـەو قۆناغـە بزوانـد، هەرچەندە مەترسی حکومەتی بەعس گەیشتبووە سەر خودی حزبەکان خۆیان.[3]

٢. بـەرەی کوردسـتانی تاڕادەیـەکی زۆر لـەو قۆناغـەدا کۆتـایی بەشـەڕو نـاکۆکیو ململانـێ سیاسـیو چـەکدارییەکانی نێـوان لایەنـەکانی نێـو جوڵانەوەکـە هێنـاو تـوانی پێکـەوە کۆیـان بکاتـەوەو خـەباتو تێکۆشانیان رووەو حکومەتی بەعس لەعێراقدا یەکبخات.

٣. بـەرەی کوردسـتانی پاڵنـەرێکی سـەرەکی بـوو لەگەڕاندنـەوەی ئومێد بۆکۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان، کەبەهۆی سیاسەتەکانی راگواستنو ئەنفالو کیمیابارانو قڕکردنی کورد لەلایەن بەعسەوە پیادە دەکراو بەهۆیەوە مرۆڤی کورد توشی جۆرێك لەرەشبینیو نائومێدی کردبوو.[4]

٤. هەرچەندە دروستبوونو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دواکەوت، بەڵام لاپـەڕەیەکی نوێی لەپەیوەندیی

(١) بەڵگەنامەی بەرەی کوردستانی، دەق لەحبیب محمد کریم: الحزب، ص(٣١٦،٣٣٢)،(٣٢٤،٣٢٥).

(٢) بۆزانینی درێژەی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆیی بەرەی کوردستانی بڕوانە دەقەکەی لەم.ن، ص٣٣٣-٣٣٧.

(٣) کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی، ل٣٢٨.

(٤) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب٣، ل١٤١، فەتاح تۆفیق فەتاح:حەفتاو، ل٩١، وتووێژ لەگەڵ(د.مەحمود عوسمان)لەڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە، لەرۆژی(٢٠٠٩/٨/١٨).

سیاسی نێوان لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەباشوری کوردستان کردەوە.[١]

٥. بەرەی کوردستانی لەرووی دامو دەزگاو کاری کارگێڕیو جموجوڵو چالاکییەوە، ئەگەرچی کەمو کورتی هەبوو، بەڵام لەهەموو بەرەکانیتر باشتربوو، چونکە سەرجەم هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان تیایدا بەشداربوون.[٢]

٦. بەرەی کوردستانی توانی لەو قۆناغەدا سەرکردایەتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان، بۆوەستانەوە بەرووی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس بکات، کە لەو قۆناغەدا توندترین سایسەتی جینۆسایدو قڕکردنی گەلی کوردی پەیڕەو دەکرد، وەك شاڵاوەکانی ئەنفال بۆسەر ناوچە جیاوازەکانی کوردستانو پرۆسەی کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان.[٣]

٧. لەقۆناغەکانی دواتردا بەرەی کوردستانی توانی کاروباری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو کارگێری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان رێکبخاتو کۆمیتەی هاوبەش بۆبەڕێوەبردنیان پێکبهێنێت، سەرەڕای رێکخستنی کاروباری داراییو وەرگرتنی باجو گومرگ.

٨. دەرکردنو دانانی یاسای تایبەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کەدواتر جێبەجێکرا.[٤]

٩. بەرەی کوردستانی توانی تاڕادەیەك کۆتایی بەفرە لەشکریو فرە هێزی چەکداریی بهێنێتو هەموویان، بەتایبەت لەراپەڕینی بەهاری(١٩٩١)دا یەکبخات، لەکاتێکدا دیاردەی فرە لەشکری هۆکارێکی سەرەکی دۆخی ناتەباییو شەڕو ناکۆکی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەی کورد بوو.[٥]

بێگومان بەرەی کوردستانی جگە لەلایەنە باشەکانی لەکەمو کورتیش بەدەر نەبوو لەوانەش:

یەکەم: هەرچەندە بەرەی کوردستانی دامو دەزگای جێبەجێکردنو کارگێڕیو راگەیاندنو دارایی هەبوو، بەڵام تاڕادەیەك لەبڕیاردانو یەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا سست بوو، زیاتر وەك بەرەیەکی راگەیاندن دەکەوتە بەرچاو.

دووەم: کەمو کورتییەکی دیکەی بەرەی کوردستانی، ئەوەبوو نەیتوانیبوو بگاتە ئاستی دروستکردنی رێکخستنی هەرەمی لەبەر راگرتنی باری هاوسەنگی لەنێو بەرەداو هەوڵی تەواو بۆلاسەنگ کردنی نەدرابوو، چونکە لەدەزگایەکی هەرەمیدا بڕیاری پێویست لەکاتی خۆیدا وەردەگیرێتو چاودێری چۆنێتیی

جێبەجێکردنی بڕیارەکان دەکرێتو تەوجیهاتی ڕۆژانە دەردەچێت. لەلایەکیترەوە لایەنەکانی ناو بەرە لەسەر بنچینەی لەخۆبردوویی‌و دڵسۆزی بۆکێشەکەو هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لەیەك نزیك نەبوو بوونەوە، بەڵکو

---

(١) علی معروف: هێندێ تێبینی، گۆڤاری(سۆسیالیست)، ژ(١٧)، ساڵی نۆیەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٠، ل٢٣.

(٢) سەروتاری گۆڤاری(سۆسیالیست)، ژ (٧)، ل٣.

(٣) میدڵ ئیست وۆچ، جینۆساید لەعێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە(محەمەد حەمەساڵح تۆفیق)، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٣،١٥٤، کەریم ئەحمەد: رێڕەوی تێکۆشان، ل٣٢٨.

(٤) فەتاح تۆفیق فەتاح: حەفتاو، ل١٠٣،١٠٤.

(٥) ئازاد مستەفا: کورتە، ل٥٨.

زیاتر مەترسی حکومەتی بەعس یەکیخستن‌و لەولاشەوە نەبوونی رای یەکلاکەرەوە لەسستی کارەکانی بەرەی کوردستانیدا رۆڵی هەبوو، چونکە بڕیاری بەکۆمەڵی ناو بەرەو سەرکردایەتیکردنی بەکۆمەڵ رەچاوکردنی زیاتر بەرژەوەندی لایەنەکانی تێدابوو.(١)

سێیەم: ئەگەرچی بەرەی کوردستانی کۆتایی بەشەڕو ململانێی نێوخۆیی لەو قۆناغەدا هێنا، کەزیاتر هۆکارەکەشی پەیوەندی بەناکۆکی لەسەر دەسەڵاتو ناوچەی فەرمانڕەوایی‌و کێشەی دارایی‌و گومرگو باج وەرگرتنەوە هەبوو، بەڵام ئەم کێشانە جارێکیترو بەشێوەیەکی تر لەنێو بەرەی کوردستانیدا سەریانهەڵدایەوەو نەتوانرا بەیەکجاری چارەسەریان بکات، ئەمە جگەلەوەی لەهەندێ بابەتو مەسەلەدا بیروڕای جیاواز لەنێو سەرکردایەتی بەرەدا هەستی پێدەکرا.(٢)

بەهەرحاڵ بەرەی کوردستانی دوای دامەزراندنی کەوتە جموجوڵ‌و چالاکی‌و توانی سەرکردایەتی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد بەرەو بەدەستهێنانی ئازادی لەبەهاری(١٩٩١)دا بکاتو لەماوەی دامەزراندنیشیدا کۆمەڵێك رۆڵی ناوخۆیی‌و ناوچەیی گێڕا، کەسەرباری تێبینی‌و رەخنەو سەرنج، بەڵام بەباری سودو کەڵك بۆجوڵانەوەی کوردی‌و مەسەلەی کوردو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شکایەوە. پێویستە ئەوەش بوترێت بەرەی کوردستانی لەماوەی کارکردنیدا دوو جۆر ئاراستەی گرتبووەبەر ، ئاراستەی یەکەم بریتی بوو لەئاراستەی دیپلۆماسی‌و کردنەوەی کەناڵی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی بەعس بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد بەتایبەت ناردنی د.مەحمود عوسمان بۆتونس بۆبینینی بەرپرسانی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی، بەتایبەت یاسر عەرەفات، کەئەوکات لەو نێوانەدا کەوتبووە هەوڵی ناوبژیوانیکردن، هەرچەندە ئەم ئاراستەیە بەهۆی نائامادەیی بەعس بۆچارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد سەرینەگرتو شکستی هێنا.(٣) ئاراستەی دووەمیش بریتی بوو لەکارکردنی بەرەی کوردستانی‌و خەباتکردن لەریزی هێزە بەرهەڵستیکارەکانی حکومەتی بەعس لەعێراق بۆگەیشتن بەشێوازی کارکردنی هاوبەش، کەدواتر پێکهێنانی(لیژنەی کاری هاوبەش)(٤) ی لێکەوتەوەو لەرۆژی(١٩٩٠/١٢/٢٧)دا بەیاننامەی دامەزراندنی دەرکرد، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی دیاریکراوو بوونی بیروڕای جیاوازی هێزو لایەنە عەرەبییەکانی ناو ئەو لیژنەیە لەسەر مەسەلەی کوردو مافەکانی کورد لەئایندەی عێراقو هەندێ بابەتی تر،

ئەم هەوڵەش بەرهەمێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوەو سەرکەوتوو نەبوو.[٥] بۆیە بەرەی کوردستانی هەوڵەکانی لەچوارچێوەی خۆیدا چڕکردەوە، تاوەکو گەیشتە ئەوەی، کەسەکردایەتی راپەڕینی بەهاری(١٩٩١) بکات.

---

(١) علی معروف: هێندێ، ل٢٣–٢٥.

(٢) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٣، ل٣٢٩،٣٣٠.

(٣) صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٢٤، محمد احسان: کوردستان، ص٧٨.

(٤) لیژنەی کاری هاوبەش: ئەم لیژنەیە ئەم حزبو رێکخراوانەی لەخۆدەگرت: حزبی بەعس سەکردایەتی هەرێمی عێراق، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق، حزبی دەعوە، حشع، بەرەی کوردستانیو چەند هێزێکی سیاسی تر، بەڵام ئەو پێنج هێزەی سەرەوە مافی هەڵوەشانەوە(ڤیتۆ)یان هەبووە. هەروەها نوێنەرایەتی سەرکردایەتیکردنی لیژنەیەکەیان دەکرد. محمد احسان: کوردستان، ص٧٨.

(٥) صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٢٥.

## باسی سێیەم- حزبی سۆسیالیستی کوردستانو راپەڕینی بەهاری ١٩٩١:

پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان لایەنە ساسییەکاندا، جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی لەباشوری کوردستان بردە قۆناغێکی باشترەوە. ئەو ئاشتبوونەوەیە بەرەو لێنزیکبوونەوەی لایەنەکان رۆیشت، تادواجار پێکهێنانو دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لێکەوتەوە، بەڵام بەئاراستەیەکی تردا، بەهۆی سیاسەتە توندوتیژەکانی حکومەتی بەعس بەرامبەر بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو ناوچە کوردنشینەکان، بارودۆخێکی خراپ هاتەئاراوەو مەترسی گەورەی بۆسەر جوڵانەوەکە دروستکرد، چونکە بەعس لێرەوە کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی جینۆسایدو قڕکردنی کورد لەرێگای چۆڵکردنو وێرانکردنو شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان. سەرەتاو دەستپێکی ئەم سیاسەتانەی بەعسیش، بریتی بوو لەدانانی عەلی حەسەن مەجید وەك بەرپرسی ناوچەی باکورو فەرمانڕەوایی کوردستانو پێدانی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکو سەرجەم دەزگاو دامەزراوە سیاسیو سەربازیو میریو مەدەنییەکانیشیان خستە ژێر دەسەڵاتییەوە.[١]

لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدیشەوە هەندێ بڕیار دەرکران، کەپوختەی ئەو بڕیارانە بریتی بوو لەدانانی پلانی چۆڵکردنی گوندو دێهاتەکانی کوردستانو راگواستنی خەڵکەکەیو کۆکردنەوەو نیشتەجێکردنیان لەئۆردوگا زۆرە ملێکاندا.[٢] لەم قۆناغەداو لەدرێژەی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعسدا، لەرۆژی(١٥/٤/١٩٨٧)و رۆژانی دواتردا ناوچەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵو، دۆڵی جافەتیو گوندەکانی بالیسانو شێخ وەسانان لەدۆڵی بالیسان کیمیابارانکرانو نزیکەی(٣٢)کوژراو برینداری لێکەوتەوە.[٣] ئەمە جگەلەوەی، کەشاڵاوی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان قۆناغی یەکەم لەرۆژی(٢٣/٢/١٩٨٧)ەوە دەستپێکردو بەهەشت قۆناغ لەدواتردا کۆتایی پێهات.[٤]

(١) انظر كتاب مكتب تنظيم الشمال العدد(٤٠٠٨/٢٨)، فى التاريخ(١٩٨٧/٦/٢٠) فى الملحق رقم(٢٧)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.
(٢) انظر كتاب مجلس القيادة الثورة رقم(١٦٠) فى التاريخ(١٩٨٧/٣/٢٩)، فى الملحق رقم(٢٨)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود، نەوشیروان: خولانەوە، ل٢١٩. میدل ئیست وۆچ: جینۆساید، ل١٣٦،١٣٧، بۆزانیاری دەربارەی درێژەی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس دژ بەکورد لەو قۆناغەدا بڕوانە د.مارف عومەر گول: پەیوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتانەوە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٣-٧٥. هەروەها بۆلیستی ناوی ئەو گوندانەی، کە لەسالآنی(١٩٨٧-١٩٨٨)بەر شالآوی کیمیابارانکردن کەوتوون، بڕوانە شەماڵ عەبدوڵڵا: سروشتی یاسایی بڕیاری(٦٨٨)و چۆنێتیی کاراکردنی، بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨٢.
(٣) میدل ئیست وۆچ: جینۆساید، ل١٥٣،١٥٤، شورش حاجی: الانفال، ص٧٦، جیرارد جالدیان: المساة، ص١٢٩.
(٤) بۆزانینی وردەکاری قۆناغەکانی شالآوی ئەنفال بۆسەر ناوچەکانی کوردستان بڕوانە شورش حاجی: الانفال، ص٩١-١٢٤، هەروەها میدل ئیست وۆچ: جینۆساید، ل١٥٣،١٥٤.

هەر لەدرێژەی جێبەجێکردنی سیاسەتی قڕکردنی خەڵکی کوردستاندا، حکومەتی بەعس لەڕۆژی(١٩٨٨/٣/١٦)دا کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی کردو لەئاکامدا نزیکەی(٥٠٠٠)کەس بوونە قوربانیو بەهەزارانی دیکەش بریندداربوون.[1] بەعس بەدرێژایی ساڵانی(١٩٨٧-١٩٩١) لەسیاسەتە توندوتیژەکانی بۆجینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان بەردەوام بوو، ، بەجۆرێ لەو قۆناغەدا جگە لەشاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردن، چەندین پێشمەرگەو کادیرو کەسانی ڕێکخستنی حزبە سیاسییە کوردییەکان لەنێو شارەکاندا لەسێدارەداو گوللەباران کردو سزای سەختی بەسەریاندا سەپاند.[2] بەهۆی ئەم سیاسەتانەی حکومەتی بەعسەوە لەو قۆناغەدا جوڵانەوەی کوردی توشی جۆرێك لەلاوازی بوو،[3] چونکە تائەو قۆناغە گوندو دێهاتو ناوچە سنورییەکان پشتو پەناو شوێنی حەوانەو کۆمەکی پێشمەرگەو خۆسازدانی لایەنە سیاسییەکان بوونو لەلایەن بەعسەوە خاپورکران، ئیدی لەو قۆناغە بەدواوە پەناگەو شوێنێك بۆپێشمەرگە نەمایەوەو جۆرێك لەنائومێدی رووی لەجوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد کرد، بەڵام لەلایەکیترەوە ئەم سیاسەتانەی حکومەتی بەعس بوو بەهۆی ئەوەی هێزە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی هەوڵو تەقەلاکانیان بخەنەگەڕ بۆڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی بەعسو جۆشدانەوەی خەباتی سیاسیو چەکداری بەشێوازێکی نوێ، تابتوانێت بەڕووی ئەم سیاسەتانەی بەعسدا بوەستێتەوە. بۆیە هەر لایەنە کەوتە خۆی بۆگۆڕینی شێوازی خەباتی سیاسیو چەکداریو ڕێکخراوەیی.[4]

ئەوەی پەیوەندی بەحزبی سۆسیالیستەوە هەبوو لەم قۆناغەدا، ئەوەبوو ئەوانیش وەك هێزە سیاسییەکانی تری نێو بەرەی کوردستانی ئەم سیاسەتانەی حکومەتی بەعس کاری لێکردنو توشی شپرزەییو لاوازیو پەرتەوازەیی کردن، بەجۆرێ هێندەی تر سەرکردایەتیو پێشمەرگەو ئەندامو لایەنگری ئەو حزبەی لەیەکتر دوور خستەوە، چونکە وەکچۆن پێشتر سەرکردایەتی ئەو حزبە لەیەکتر دابڕاوبوونو هەریەکە لەناوچەیەکی جوگرافی دوور لەیەکدا بوون، ئەم سیاسەتانە بوو بەمایەی زیاتر پەرتەوازە بوونیانو دوورکەوتنەوەیان لەیەکتری، بێگومان ئەم پەرتەوازەییو لێك دوورکەوتنەوەیەشدا کاریگەری بۆسەر دۆخی نێوخۆییو شێوازی خەباتی سیاسیو چەکداریو ڕێکخراوەییو راگەیاندنیان هەبوو، بەڵام حزبی سۆسیالیست

توانی لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیو لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی نێو بەرەی کوردستانیدا کار بۆتێپەڕاندنی

---

(١) ڕێکخراوی(v.i.s.d.p)ی ئەڵمانی: کوردستان گەورەترین هێرش بەچەکی کیمیاوی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە دژی کوردەکان، چ١، چاپخانەی خانی، دهوك، ٢٠٠٨، ل٣-٥، بۆزانینی هەندێ لەناوی قوربانیانی کیمیابارنی شاری هەڵەبجە بڕوانە، الحزب الاشتراکی الکردستانی، فرع السلیمانیە، قسم الاعلام، ضحایا مجزرة حلبجة، اسماء وارقام، مطبعة شهید صالح الیوسفی، ص٧.

(٢) انظر كتاب محكمة تحقیق امن السلیمانیة فی التاریخ(١٣/٢/١٩٩١)فی الملحق رقم(٢٩)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٣) ملابختیار: ثورة، ص٣.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١١/٥/٢٠٠٩)، گوڵەخانە.

بارودۆخی ئەو قۆناغە بکاتو لەئێران لەگەڵ هێزە بەرهەڵستیکارە عێراقییەکانی تر کەوتنە هەماهەنگی بۆخۆئامادەکردنو دۆزینەوەی دەرفەتێك بۆدرێژەدان بەدژایەتیکردنی حکومەتی بەعس. لەهەمانکاتیشدا کاربەدەستانی ئێران بەجیا لەگەڵ بەرپرسی یەکەمو سەرکردایەتی حسكو لایەنە سیاسییەکانی تریشدا قسەیان دەکردو داوایان لێدەکردن، کەخۆیان زیاتر ڕێکبخەنو بەرنامەی گونجاو بۆئەوکاتەی ئەگەری لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە دێتەکایەوە دابڕێژن.[١]

ئامادەسازی حسكو لایەنەکانیتر لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا بەردەوامبوو، تائەوکاتەی حکومەتی عێراق وڵاتی کوەیتی لەرۆژی(١/٨/١٩٩٠) داگیرکرد.[٢] لەراستیدا داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە سەرەتایەك بوو بۆجوڵانی هێزی بەرهەڵستیکاری عێراقی بەگشتیو بەرەی کوردستانی بەتایبەت، چونکە لێرەوە رای گشتی جیهانیو نێودەوڵەتی دژی هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی عێراق وەستایەوەو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئاگاییان لەبارەی ئاکامەکانی مەترسی داگیرکردنی کوەیت بەحکومەتی عێراق دا. تەنانەت کۆنگرێسی ئەمریکا لەرۆژی(١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩١) بڕیاری بەکارهێنانی هێزی لەدژی عێراق دا.[٣] دواجار ئەم ڕووداوە بوو بەدەستپێکی خۆئامادەکردنی کرداری بەرەی کوردستانی بەشێوازێکی ترو چالاکانە کەوتنە کارکردن. مانەوەی عێراق لەسەر داگیرکاری کوەیتو گوێنەدان بەئاگادارکرنەوەو ئامۆژگاری رای نێودەوڵەتی بەگشتیو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بارودۆخی لێدانو هێرشکردنە سەر عێراقی کردە ئەگەرێکی نزیك، بەجۆرێ تەنها لەسەر کات مابووەوەو لەولاشەوە بەرەی کوردستانی هاندا، کەبەرنامەی هاتنە پێشەوەی لێدانی عێراقو خۆئامادەکردن بۆراپەڕین دابڕێژن.[٤] سەبارەت بەخۆئامادەکردنی حسکەوە لەکۆتایی ساڵی(١٩٩٠)لەکرماشان بەشداری کۆبوونەوەی لایەنە بەرهەڵستیکارەکانی حکومەتی عێراقی کرد، کەبۆتاوتوێکردنی پەرەسەندنەکانی هەڵوێست وەرگرتن لەسایەی ئەگەری ڕوودانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆهێرشکردنی سەربازی بۆگێڕانەوەی کوەیتو ڕەنگدانەوەی ئەو هێرشە لەسەر ڕەوشی ناوخۆیی عێراق تەرخانکرابوو.[٥]

(١) شەوكەتی حاجی مشیر: چیوەرۆ، دەروازەیەك بەرەو كەركوك، چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٩.

(٢) عبدالعزیز الاحمد: موسوعة حرب الكویت من الاحتلال للتحریر، كتاب وثائقی، ط١، ١٩٩٢، ص٣٩، حامد محمود عیسی: المشكلة الكوردیة، مكتبة مدبولی، القاهرة–مصر، ١٩٩٢، ص٢٧٢، كریش كوتشیرا والاخرون: الكتاب الاسود لصدام حسین، ص٤٦.

(٣) بڕوانە پرۆژە بڕیاری بەكارهێنانی هێز دژی عێراق لەلایەن كۆنگرێسی ئەمریكاوە، دەق لەرێبوار كریم محمود: العلاقات، ص(١٦٨)، انظر مشروع فرض قانون العقوبات الاقتصادیة علی العراق بسبب استخدامة الاسلحة الكیمیایي ضد الشعب الكردی، فی الملحق رقم(٣٠)، دەق لە رێبوار كریم: العلاقات، ص١٦٨.

(٤) نامەی فەرەیدون عەبدولقادر بۆمحەمەدی حاجی مەحمود، لەرۆژی(١٩٩١/١/٢٢)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ل٧٣١.

(٥) نوێنەری حسك لەو كۆبوونەوەیەدا بریتیبوو لەرەسوڵ مامەند لەگەڵ مەسعود بارزانی نوێنەری پارتیو نەوشیروان مستەفا لەیەكێتیو محەمەد باقر ئەلحەكیم نوێنەری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراق، صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٢٥.

لەراستیدا خۆئامادەكردنی حسك لەقۆناغەكانی سەرەتاوە، خۆئامادەكردنێكی رێكو پێكو بەرنامە بۆدارێژراو نەبوو، كەدەرهاویشتەی كۆبوونەوەو راسپاردەو نەخشەی مەكتەبی سیاسیو سەركردایەتی ئەو حزبە بێت، چونكە لەسەرەتای خۆئامادەكردنی لایەنەكانی نێو بەرەی كوردستانییەوە، سەركردایەتی حسك لەگەڵ ئەوەدا نەبوون لەكاتی لێدانو هێرشكردنە سەر عێراق لەلایەن ئەمریكاو هاوپەیمانانەوە، ئەمانیش بەشداری بكەن. بەتایبەت لەدانیشتنێكی سەركردایەتی حسكو یەكێتیدا، سەركردایەتی حسك ئامادەی بەشداریكردن نەبووە بۆهاتنە پێشەوەی ئەگەرو و پێشهاتەكان.[1] ئەوەش دەوترێت، سەركردایەتیی حسك لەدوای هێرشی ئاسمانی ئەمریكاو هاوپەیمانانەوە لەشەوی(١٩٩١/١/١٦)و پاش كۆبوونەوەی بەرەی كوردستانی لەرۆژی(١٩٩١/١/٢٢) لەبارەگای یەكێتی ی نیشتمانی كوردستان لەدۆڵەناو لەگەڵ خۆئامادەكردندا بۆراپەڕین نەبوون. دواتر رەوتی رووداوەكان بەجۆرێ هاتەپێشەوە، كەخۆئامادەكردنی ئەو حزبەی كردە ئەمری واقیع، بەڵام لەسنوری لقی سلێمانی ئەو حزبەدا تارادەیەك خۆئامادەكردن هەبوو.[2] لەگەڵ ئەمانەشدا لەرۆژی(١٩٩١/١/٢)لەكاتی دینار كۆبوونەوەی هاوبەشی لقو ئامر هەرێمەكان لەماڵی قادر جەباری بۆخۆئامادەكردن بۆراپەڕین دەكرێتو چەند مەفرەزەیەكیش بۆئۆردوگاكان دەنێرن. دواتریش لەرۆژی(١٩٩١/١/٣)دا سەردانی كانی خەیاران دەكەنو سەرژمێری چەكو هێزو هەرێمەكان دەكەن.[3] هاوكات رێكخستنەكانی حسكو لایەنەكانی تری نێو بەرەی كوردستانی لەنێو شارەكاندا ئامادەباییو جموجوڵو چالاكی، بۆهاندانی جەماوەر بۆراپەڕین دەستپێدەكەن. بەنامەش پەیوەندی بەخەڵكو سەرۆك هۆزەكانو پیاوانی ئاینیو پیاوانی حكومەت دەكەن، ئەوانەی ئامادەبوون هاوكاریو بەشداری راپەڕین بكەن، بۆئەوەی تێكڕا هاریكاریكردنی سەرخستنی راپەڕین بكەن.[4] كاتێك هێزی هاوپەیمانان لەشەوی(١٩٩١/١/١٦) هێرشی ئاسمانی كردە سەر عێراق، ئیتر مەكتەبی سیاسی حسك لەكۆبوونەوەی رۆژی(١٩٩١/٢/١٣)لەنۆكان بڕیار دەدات پێشمەرگە بنێرێتە خوارەوە بۆناوچەكان، هاوكات نامەی تایبەتیو هی مەكتەبی سیاسیو لقەكان بۆ

هەموو ڕێکخراوو ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان دەنێردرێت. لەڕۆژی(١٩٩١/٢/٢٧)یش بڕیار دەدرێ هێزێك بڕواتە دەوروبەری ڕانیەو قەڵادزێو کێوەڕەشو حاجیاوا.[٥]

---

(١) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری، ب٣، ل٢٥٧،٢٥٨، ل٢٦٤.

(٢) بڕوانە نوسراوی لقی سلێمانی حسك لەڕۆژی(١٩٩٠/١٢/٢١) لەپاشكۆی ژ(٣١)، هەروەها بڕوانە نوسراوی لقی سلێمانی حسك، لەڕۆژی(١٩٩١/١/١٥)، لەپاشكۆی ژ(٣٢)، ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود.

(٣) محەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری، ب٣، ل٢٥٦.

(٤) بروسكەی ژ(١٠)ی مەكتەبی سیاسی حسك لەڕۆژی(١٩٩١/١/٢٣)، دەق لەمحەمەدی حاجی مەحمود: ڕۆژژمێری، ب٣، ل٧٢٢، بڕوانە نوسراوی ژمارە(٦٣٠)ی لقی سلێمانی حسك لەڕۆژی(١٩٩١/١/٥)، لەپاشكۆی ژ(٣٣) ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود، صلاح الخرسان: التيارات، ص٥٢٦.

(٥) ئەم هێزە پێكهاتبوون لەهێزی شەهید عەلی عەسكەری بەسەرپەرشتی كەمال كوێخا عومەر، هەرێمی(٤) بەسەرپەرشتی قادر چاوشینو هەرێمی(٦) بەسەرپەرشتی موحسین بایزو هەرێمی(١٠) بەسەرپەرشتی صابر فەقێیانیو هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر. عەبدورەزاق مەزرنگ: ڕاپەڕین بەهاری ئازادی، چ١، چاپخانەی(ڕەنج)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٩٨،٩٩.

ئەم ناوچانەش پێشتر لەكۆبوونەوەیەكی بەرەی كوردستانیدا بۆ خۆئامادەكردن بۆڕاپەڕینو چۆنێتیی سەرپەرشتیكردنی ڕاپەڕینەكە بەر حسك كەوتبوو. كاتێكیش سوپای ئەمریكاو هاوپەیمانان لەشەوی(١٩٩١/٢/٢٤) لەكاتژمێر(٣.٣٠) هێرشی زەمینیان دژی عێراق دەستپێكرد، ئیدی ئەگەری ڕووداوی گەورەو گۆڕانكاری بنەڕەتی لەعێراقو ناوچەكەدا بوو بەواقیع.[١] سەبارەت بەحسك لەشارەزوور لەناوچەكانی سورێن بەتایبەت لەبانی بنۆكو ئەشكەوتی دمڵییەوە پێشمەرگەیان ناردە خوارەوەو پەیوەندیش بەو مەفرەزانەوە كرا، كەپێشتر لەخوارەوە بوون.[٢] لەڕۆژی(١٩٩١/٢/٢٦) سوپای عێراق لەكوەیت وەدەرنراو نزیكەی(٢٥٠٠٠) سەربازی عێراق بەدیلی گیرانو لەڕۆژی(١٩٩١/٢/٢٧)یش نزیكەی(٣٠٠٠٠) سەربازی دیكەی تر بەدیلگیرانو زۆربەی سوپای عێراق گەمارۆدراو لەشاری ناسریەشەوە هێزی زەمینی هاوپەیمانان نزیكەی(١٦٠كم) هاتە ناو خاكی عێراقەوە.[٣] لەڕۆژی(١٩٩١/٢/٢٨) لەخوارووی عێراقیش ڕاپەڕین بەسەركردایەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقو بەپشتیوانی ئێران لەناوچەی عەمارەو زۆنگاوەكانەوە بەرەو بەسرەو جێگەكانی تر دەستیپێكرد.[٤] لەكوردستانیش لەڕۆژی(١٩٩١/٣/٤) جموجوڵی بزێو لەنێو خەڵكی شارۆچكەی چوارقوڕنە دەستیپێكرد، یەكسەر فیرقەی(٢٤)ی سوپای عێراق بەتەقەو هێرشكردن كەوتە گیانی خەڵكەكە. بۆبەیانی ڕۆژی(١٩٩١/٣/٥)خەڵكی ڕانیە لەچینو توێژە جیاوازەكان پەلاماری دەزگای ئاسایشو سیخوڕی حكومەتی بەعسیان داو لەلایەن دامو دەزگاكانی بەعسەوە كپكرایەوە، بەڵام دواتر ڕاپەڕین كڵپەی سەندو توانرا شاری ڕانیە ڕزگار بكرێتو لەڕۆژانی دواتریشدا(٧-١٩٩١/٣/٢١) ڕاپەڕین شارەكانی سلێمانیو هەولێرو دهۆكو زۆربەی ناوچەكانی كوردستانی گرتەوەو ئازادكران. لەڕۆژی(١٩٩١/٣/٢٣)توانرا بۆماوەی چەند ڕۆژێك شاری كەركوك ڕزگار بكرێت، جگە لەسەربازگەی خالید

لەرۆژئاوای ئەو شارە نەبێت، بەڵام هێندەی نەبردو پاش هەفتەیەك حكومەتی بەعس توانی شاری كەركوك داگیر بكاتەوەو لەژێر چنگی پێشمەرگە دەریبهێنێت.[٥]

---

(١) لۆران كاپلانو ویلیام كریستۆڵ: جەنگی عێراق، وەرگێڕانی(عەبدولكەریم عوزێری)، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، لەبڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، ل٥٠، بەهرۆز گەلاڵی: رەسوڵ مامەند، ل١٤٦،١٤٧.

(٢) محەمەدی حاجی مەحمود: رۆژژمێری، ب٣، ل٢٦٩،٢٧٠.

(٣) ریبوار كریم محمود: العلاقات، ل٧٠،٧٣.

(٤) كەریم یەڵدز: كورد لەعێراق، و.(شاهۆ بورهان)، چ١، چاپخانەی(كارۆ)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٥، كەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٣٣٠.

(٥) هاوڕێ قادر رەسوڵ: لێكۆڵینەوەیەك لەسەر راپەڕینەكەی بەهاری(١٩٩١)ی باشوری كوردستان، چ١، هۆڵەندا، ١٩٩٤، لەبڵاوكراوەكانی بنكەی كوردۆلۆژی لەهەندەران، ل٣٠،٣١، عەبدورەزاق مەزرنگ: راپەڕین، ل٥، فاتیح رەسوڵ: لەپێناو دەسەڵاتدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٦–١٨، كاكە مەم بۆتانی: بەها رێزان، ل١٤٨–١٥١.

بەمشێوەیەو بۆیەكەمجار بەشێكی زۆری خاكی كوردستان كەوتە دەست هێزی پێشمەرگەو جەماوەری كوردستانو یەكەمین راپەڕینی جەماوەری لەدژی ژێمی بەعس لەعێراقدا سەركەوتنی بەدەستهێناو لێرەوە قۆناغێكی نوێ لەمێژوی كورددا دەستیپێكرد. راپەڕینی بەهاری(١٩٩١)ی كوردستان لەخۆیەوە نەهاتەدی، بەڵكو كۆمەڵێك هۆكار لەسەر ئاستی نێوخۆییو دەرەكی رۆڵیان لەهاتنەئارای راپەڕینەكەدا هەبوو، كەدیارترینیان بریتی بوو لە:

## یەكەم- هۆكارە دەرەكییەكان:

پیادەكردنی سیاسەتی قڕكردنی كوردو شاڵاوی ئەنفالو جینۆساید دژی كورد لەماوەی ساڵانی(١٩٨٧–١٩٩١)دا لەلایەن حكومەتی بەعسەوە لەلایەك، داگیركردنی وڵاتی كوەیت لەلایەكیترەوە، سەرەتایەك بوو بۆگۆڕانی بیروڕاو سەرنجی وڵاتە زلهێزەكان بەگشتی بەرامبەر بەحكومەتی فەرمانڕەوا لەعێراقداو گرتنەبەری رێو شوێنی پێویستو سزادانی، بەتایبەت لەساڵی(١٩٨٨)و دواتردا[١]، چونكە لێرەوە عێراق چووە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكاوەو بوو بەمایەی مەترسی لەناوچەكەو جیهاندا. سوربوونی عێراقیش لەسەر داگیركاری كوەیتو گوێنەدان بەئاگاداركردنەوەو ئامۆژگاری نێودەوڵەتیو نەكشانەوە لەو وڵاتە، بوو بەهۆی ئەوەی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی خۆیان بۆهێرشكردنە سەر عێراق ئامادەبكەنو وڵاتی كوەیت ئازاد بكەن. تێوەگلانی عێراق لەشەڕی كەنداوو داگیركردنی وڵاتی كوەیت سەرەتای وەرچەرخانی گەورە بوو لەرەوشی جوڵانەوەی رزگاریخوازی كوردی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو نزیكبوونەوەی

بەرژەوەندیو ئامانجەکانی وڵاتانی زلهێز بەتایبەت ئەمریکا لەگەڵ کورد. ئەمە جگەلەوەی شەڕی کەنداو تاڕادەیەکی زۆر سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆلاوازبوونی عێراق لەرووی سەربازییەوە، چونکە لەدەستپێکی جەنگەکەدا زۆربەی سەربازەکانی عێراق بەدیلگیرانو خۆیان بەدەستەوە دا.(٢)

## دووەم- هۆکارە نێوخۆییەکان:

ئەلف- بەردەوامی حکومەتی بەعس لەپیادەکردنی سیاسەتەکانی تۆقاندنو قڕکردنی کورد لەڕێگای شاڵاوەکانی ئەنفال، کیمیاباران، چۆڵکردنی گوندەکانو رووخاندنیان، راگواستنی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانو نیشتەجێکردنیان لەئۆردوگا زۆرەملێکاندا، گرتنو زیندانیکردن، لەسێدارەدانو گوللەبارانکردنی خەڵکی کوردستان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی. هەروەها کوشتنو تۆقاندنو چەوساندنەوەی شیعەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق، ئەمانە وایانکرد، کەرقو تورەیی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەت دژی حکومەتی بەعس توندتر ببێت.(٣)

---

(١) بڕوانە لەپاشکۆی ژ(٣٠)، دەق لە ریبوار کریم: العلاقات، ص١٦٨.

(٢) حبیب محمد کریم: الحزب، ص١٧٧، ریبوار کریم محمود: العلاقات، ص٧٢،٧١.

(٣) محمد احسان: کوردستان، ص٧٧، کەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٣٣٠.

بێ- ناڕەزایی جەماوەری گەلانی عێراق بەگشتیو خەڵکی کوردستان بەتایبەت، دژی رەفتارو شێوازی حکومڕانیو سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس، کەخەسڵەتی حکومەتێکی تاکڕەوو تۆتالیتارو داپڵۆسێنەری لەخۆیدا بەرجەستە کردبوو. ئەمە پاڵنەرێك بوو بۆئەوەی گەلانی ناڕازی عێراق لەهەر دەرفەتێکدا بۆیان رێکبکەوێت خۆیان لەدەستی ئەو حکومەتە رزگار بکەن.

جیم- ئامادەسازی بەرەی کوردستانی بۆراپەڕینو هاندانی خەڵك دژ بەحکومەتی بەعسو دامو دەزگاکانیو دانانی نەخشەی راپەڕینو ئازادکردنی شارەکانی کوردستان بەتایبەت لەوادەی نزیکبوونەوەی راپەڕیندا، پرۆسەی راپەڕینی سەرخست.

دال- ئاگادارکردنەوەی جەماوەری کوردستان بۆهاوکاریکردنی راپەڕینو هێزی پێشمەرگە لەڕێگای ناردنی نامەی حزبەکانی نێو بەرەی کوردستانی بۆرێکخستنو کەسایەتیو جەماوەری کوردستان، بەنهێنیو ئاشکرا لەڕێگای راگەیاندنەوە بەتایبەت رادیۆی گەلی کوردستان.(١)

هاء- دەستپێکردنی راپەڕینی ناوەڕاستو باشوری عێراق لەلایەن شیعەکانەوە لەرۆژی(١٩٩١/٢/٢٨) هاندەر بوو بۆئەوەی لەکوردستانیش راپەڕین دەست پێبکاتو بەکرداریش راپەڕین لەرۆژی(١٩٩١/٣/٥) لەشاری رانیەوە دەستیپێکرد.(٢)

راپەڕینی بەهاری(١٩٩١) بەرووداوێکی مێژوویی گرنگ لەمێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا دادەنرێت، بەشێوەیەك راپەڕین سەرەتای وەدەستهێنانی ئازادیو رزگاربوونی میللەتی کورد بوو، لەژێر

دەسەڵاتی یەکێك لەسیستەمو حکومەتە تاکڕەوو تۆتالیتارەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. ڕاپەڕین لەگەڵ خۆیدا چەند ئەنجامو ئاکامێکی لێکەوتەوە، لەوانە:

یەکەم- ڕاپەڕین کاریگەری هەبوو لەوەدا مەسەلەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بکاتە پرسێکی گرنگو گەرم وگوڕو سەرنجی ڕای نێودەوڵەتی بۆلای خۆی ڕابکێشێتو لەڕاگەیاندنی جیهانیدا ڕەنگبداتەوەو پشتگیریی‌و باسی لێوەبکرێت. کارگەیشتە ئەوەی پرسی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ بێتەئاراوە. لەمبارەیەوە مەلا بەختیار دەنوسێت:" دوای وتوویژەکان[مەبەستی وتووێژەکانی نێوان بەعسو بەرەی کوردستانییە لەدوای ڕاپەڕینی١٩٩١] زانیمان، کەدەوڵەتی سویدو هەندێ دەوڵەتی ئەسکەندەنافیو ئەوروپی تر بڕیارێکیان وەرگرتووە، بەپێشنیازکردنی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لەعێراق لەئەنجومەنی ئاسایشو نەتەوە یەکگرتووەکان".[٣]

دووەم- لەسەر ئاستی نێوخۆیی ڕاپەڕین ڕووداوێك بوو، ئاستی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کوردی پیشاندا، بەتایبەت کەچوار ساڵ بوو(١٩٨٧-١٩٩١) جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەقۆناغی نائومێدیدا تێدەپەڕی.

---

(١) کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی، ل٣٣١.

(٢) كريس كوتشيرا واخرون: الكتاب، ص٤٧.

(٣) ثورة كوردستان، ص٣٧٦.

سێیەم- بۆیەکەمجار بوو لەمێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورددا، ڕاپەڕینێکی وا مەزن ڕوویدات، کەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان ڕزگار بکرێت.

چوارەم- بەشداریکردنی زۆربەی چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان لەڕوناکبیرو شۆڕشگێڕو پێشمەرگەوە تادەگاتە خەڵکی سادەو کەسانی نەخوێندەوار، تەنانەت بەشێك لەو کەسانەش، کەسەر بەحکومەت بوونو پیاوی ئەو بوون لەجاشو مستەشارەکان شان بەشانی جەماوەری کوردستان بەشداری ڕاپەڕینیان کرد.

پێنجەم- ڕاپەڕین بوو بەهۆی وەدەستهێنانی ئازادیو ڕزگاربوون لەژێر دەسەڵاتو هەژموونی یەکێك لەخراپترینو تاکڕەوترین سیستەمو حکومەتەکانی جیهان، کەحکومەتی بەعس بوو لەعێراقدا.

شەشەم- بەهۆی ڕاپەڕینەوە چەندین کەسی کورد لەپێشمەرگەو هاوڵاتیانی کوردستان لەزیندانەکانی حکومەتدا، کەچەندین ساڵ بوو زیندانیکرابوون ئازادکران.[١]

حەوتەم- بەهۆی ڕاپەڕینەوە بەشێکی زۆری پیاوانو بەکرێگیراوانی حکومەتی بەعس لەکوردستاندا ئاشکرابوون، ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی زۆر فایلی سیخوڕیو نهێنی دامو دەزگا داپڵۆسێنەرو سەرکوتکەرەکانی بەعس، کەپەیوەندیان بەزۆر ڕووداوی مێژوویی نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییەوە هەبوو ئاشکرا کران، لەوانەش ئاشکرابوونی چارەنوسی هەردوو ئەندامی سەرکردایەتی حسك(عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی)، کەتا ئەوکاتە بێسەرو شوێن بوونو زانیاری ورد لەبارەی ژیانو چارەنوسیانەوە نەبوو.[٢] دواجار هەرچەندە بەهۆی ڕاپەڕینەوە توانرا لەماوەی چەند ڕۆژێکدا(٥-١٩٩١/٣/٢١) زۆربەی شارەکانی

کوردستان بەشاری کەرکوکیشەوە ئازاد بکرێت، بەڵام حکومەتی بەعس توانی لـەرۆژی(١٩٩١/٣/٢٨) هێرشـی بەربڵاو بکاتە سەر ناوچەکانی کوردستانو توانی لەماوەیەکی کەمدا ناوچەکان داگیربکاتەوە.(٣) دیارە ئەمەش پەیوەندی بەکۆمەڵێك هۆکاری تایبەتەوە هەبوو، کەدیارترینیان بریتی بوو لە:

ئـــەلف- ئـــەمریکاو هاوپەیمانـــەکانی لەشـــەڕی کەنـــداودا زیـــاتر مەبەســـتیان رزگـــارکردنی وڵاتـــی کوەیتوکشـانەوەی سـوپای عێـراق بـوو لـەو وڵاتـەو سـەپاندنی هەنـدێ سـزا بـوو لـەپێناوی بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانی خۆیاندا، مەبەستیان رزگارکردنی تەواوەتی گەلانی عێراق بەگشتیو نەتەوەی کورد بەتایبەت، بەتایبەت لەو قۆناغە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا نەبوو، ئەمـەش کـاتێکبوو، کـەعێراق لەدانیشـتنێکدا لەگەڵ هێزی هاوپـەیمانان لەسـەفوان ملکەچـی مـەرجو داواکارییـەکانی ئـەوان بـوو، لەبەرامبەریشـدا ئـەمریکا جۆرێـك لەنـەرمیو کەمتەرخـەمیو بێـدەنگی لەئاسـتی سـەرکوتکردنی راپەڕینـەکانی ناوەڕاسـتو باشـوری شیعەکانو راپەڕینی کوردستان لەلایەن بەعسەوە نواند.(٤)

---

(١) هاوڕێ قادر رەسوڵ: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر راپەڕینەکەی بەهاری(١٩٩١)ی باشوری کوردستان، چ١، هۆڵەندا، ١٩٩٤، ل٣١- ٣٦.

(٢) بڕوانە پاشکۆی ژ(١٥)، شەوکەت حاجی مشیر: چێوەرۆ، ل١٧٩.

(٣) فاتیح رەسوڵ: لەپێناو، ل٢٠.

(٤) ) تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە لەدانیشتنێکی کۆشکی سپیدا لە(کانوونی یەکەمی ١٩٩٠) ئیدارەی بۆش لەسەر ئەوە رێکەوتوون، کەسـەدام حسێن لەسەر حوکم لانەبرێت، ئەمە جگەلەوەی لەوەی جۆرج بۆش لەرۆژی(١٩٩١/٣/٢٩) بانگەوازێکی ئاشکرای ئاراستەی ←

بێ- ئەمریکا لەبڵاوبوونەوەی نفوزی ئێرانو بیری شـیعەگەرایی لەناوەڕاسـتو باشـوری عێراقـدا دەترسـا، بەتایبەت راپەڕینی ناوەڕاستو باشورو راپەڕینی کوردستان لەکاتێکی نزیکی یەکتردا بوون. لەلایەکیتریشەوە ئەمریکا لەوە دەترسا دۆخی عێراق وەکو دۆخی لوبنانی لێبێتو عێراق بۆچەند قەوارەیەکی جیـاوازی شـیعەو کوردو سوننە دابەش ببێت، ئەمە جگەلەوەی ئەمریکا ترسی ئەوەی هـەبوو راپـەڕین کاریگـەری لەسـەر بـاری سەقامگیریی تورکیاش دروست بکات، چونکە تورکیا لەو قۆناغەدا هاوپەیمانێکی گەورەی ئەمریکا بـوو. بۆیـە بەئاسانی رێگایان بەسوپای عێراق دا تاوەکو راپەڕینەکانی ناوەڕاستو باشورو کوردستان سەرکوت بکات.(٢)

جیم- لەسەر ئاستی کوردستان ناهاوسەنگی لەڕووی ژمارەو کەرەستەی سـەربازیو جەنگییـەوە لـەنێوان هێـزی چـەکداری بـەرەی کوردسـتانیو سـوپای عێراقـدا هـەبوو، سـەرباری ئـەوەی ژماریـەکی زۆر لـەپیاوانی حکومەت لەجاشەکانو هێزی راوڕووتو تاڵانیکەر لەنێو ریزەکـانی پێشـمەرگەدا بـوونو لەولاشـەوە بەرنامـەو نەخشەیەك بۆروبەڕووبوونەوەی هێرشی سوپای بەعس بەرەو کوردستان نەبوو. بەجۆرێ (موکەڕەم تاڵەبانی) دەنوسێت:"سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی ئەوەندەی لەخـەمی دەسـتپێکردنی وتووێـژدا بـوون، ئەوەنـدە بیریـان بـەلای ئـەوەدا نـەبوو بەرنامەیـەك بۆروبەڕووبونـەوەی هێرشـی سـوپای بـەعس دابڕێـژن، لەکاتێکـدا هەرچـەندە بـەعس ئامـادەیی بۆوتووێـژ دەربڕیبـوو، منیشـی نـارد بـووە کوردسـتان، بـەڵام لەهەمانکاتـدا لەئامادەباییدا بـوو بۆئـەوەی هێـرش بکاتـە سـەر کوردسـتانو ناوچـەکان بگرێتـەوە".(٣) ئەمـە جگەلـەوەی

تاکتیکی شەڕکردن لای هێزی پێشمەرگە بەشێوەیەك بوو، کەشوێنێکیان رزگار دەکرد نەیاندەتوانی بەرگری لێبکەن.[٤]

هەروەها نەبوونی پەیوەندی لەنێوان هێزی پێشمەرگەدا، سەرەڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتوو نەبوو، کە لەژێر سەرپەرشتی یەك فەرماندەو سەرکردەدا بێت، بەڵکو هێزێکی فرە سەرکردەو فرە لێپرسراوبوو، بەشێوەیەك پیشمەرگە تەنها فەرمانو رێنمایی سەرکردەکەی خۆی جێبەجێدەکرد.

---

← هەموو عێراقییەکان کرد، بەشێوەیەکی گشتیو سەربازانی عێراقی بەتایبەت، کەراپەڕنو جڵەوی کاروبارەکان بگرنە دەست، ئەمەش ئاماژەیەك بوو، کە لەو قۆناغەدا ئەمریکا نیازی رووخاندنی حکومەتی بەعسی لەعێراقدا نەبوو، بەڵکو عێراقییەکان خۆیان دەبێ ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ. لۆران کاپلانو ویلیام کریستۆڵ: جەنگی، ل٨٠، بەڵام دواتر کەبەعس راپەڕینی ناوەڕاستو باشورو کوردستانی سەرکوتکرد ئەمریکا بێدەنگی هەڵبژارد، محمد احسان: کوردستان، ص٧٧، موکەڕەم تاڵەبانی: چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا،چ١، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك) زنجیرە(٢٧٤)، ل٦١، کەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٣٣٢.

(٢) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی، ل١١١، نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، وەرگێڕانی(عەتا قەرەداغی)، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٢٣، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

(٣) موکەڕەم تاڵەبانی: چوار رۆژ، ل٦١.

(٤) شەوکەتی حاجی مشیر: چێوەرۆ، ل١٧٥–١٧٧، کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی، ل١٠٨–١١٠.

لەلایەکیترەوە هێزی پێشمەرگە نەیتوانی سود لەو چەکە قورسانەی حکومەتی بەعس وەربگرێت، کە لەکاتی راپەڕیندا دەستی بەسەردا گرتبوون، بەپێچەوانەوە زۆربەیان سوتێنرانو لەکارخران. هێزی پێشمەرگە زیاتر لەشێوازی شەڕی پارتیزانیدا شارەزابوو، بەپێچەوانەوە شارەزاییو ئەزموونێکی ئەوتۆی لەشێوازی شەڕی شارەکانو شەڕی بەرەییدا نەبوو.[١]

ئاکامی لەشکرکێشیو پەلاماردانەوەی کوردستان لەلایەن سوپاکانی حکومەتی بەعسەوە ترسی گەورەی لای خەڵکی کوردستان دروستکرد، بەشێوەیەك لەرۆژی(١٩٩١/٤/٢) رووداوی کۆڕەوی لێکەوتەوە، کەبەهەزاران خەڵکی کوردستان لەترسی حکومەتی بەعس روویان لەسنورەکانی ئێرانو تورکیا کرد.[٢] لێرەوە ئەم رووداوە بوو بەهۆکارێکی سەرەکی بۆجوڵانی ویژدانی جیهانو گۆڕانی بیروڕای نێودەوڵەتی بەگشتیو ئەمریکاو هاوپەیمانان بەتایبەت. بەو هۆیەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەرۆژی(١٩٩١/٤/٥) بڕیاری(٦٨٨)ی دژی عێراق دەرکردو بەگوێرەی بڕیارەکە ناوچەو پەناگەیەکی ئارام بۆکورد دابینکراو لەمەترسی هێرشو پەلاماری حکومەتی بەعس پارێزراو ئەو بڕیارە لەو قۆناغەدا گرنگیو بایەخی خۆی بۆمەسەلەی کورد هەبوو.[٣]

لەم نێوەندەدا بەر لەهێرشیو پەلاماری بەعس، حکومەت لەرێگای ناردنی موکەڕەم تاڵەبانییەوە بۆلای بەرەی کوردستانی داوای وتووێژ دەکاتو بەرەی کوردستانیش رازی دەبن، لێرەوە هەردوولا چوونە نێو

وتووێژی سیاسییەوە.[٤] هەرچەندە ماوەی چەند مانگێك وتووێژ لەنێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعسدا بەردەوام بوو، بەڵام لەشارەکانی کوردستاندا راپەڕین جارێکی تر لەلایەن خەڵی کوردستانەوە دەستپێکردەوەو لەدامو دەزگاکانی ئەو حکومەتە پاك کرایەوەو حکومەتی بەعسیش پێشوەخت بڕیاری کشاندنەوەی دامو دەزگاکانی دەرکردبوو.[٥] تاوەکو لەمانگی(٥/١٩٩٢) هەڵبژاردن ئەنجامدراو لەدواتردا حکومەتو دامو دەزگای کارگێڕیو بەڕێوەبردن دامەزراو ئەو بۆشاییە کارگێڕییە پڕکرایەوە.

پاش نەگەیشتنە ئاکامی وتووێژەکانو دوای ئەوەی لەرۆژی(١٥/٧/١٩٩١) سەرجەم هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان کشانەوەو تەنها ناوەندی سەربازی(MCC) لەزاخۆ مایەوە، زنجیرەیەك پێکدادانی چەکداری لەنێوان هێزی چەکداری بەرەی کوردستانیو سوپای عێراق لەکۆتایی مانگی(٨/١٩٩١)دا روویداو حکومەتی

---

(١) نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی، ل٣٢٢.

(٢) ملا بختیار: ثورة، ل٣٧٥، فاتیح رەسول: بنچینەی، ل٣٦٨، ئازادی مام وەلی: بیرەوەری، ل١٢٢.

(٣) بڕوانە بڕیاری(٦٨٨) لەپاشکۆی ژ(٣٤)، صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٢٨، محمد احسان: کوردستان، ص(٦٤)، بۆبایەخو وردەکاری بڕیارەکە بڕوانە شەماڵ عەبدوڵڵا: سروشتی یاسایی بڕیاری(٦٨٨)، ل٢١-٢٢، محمد سلام: بڕیاری(٦٨٨)و بوژاندنەوەی مەسەلەی کورد لەدەزگە نێونەتەوەییەکان، گۆڤاری(مەتین)، ژ(٧٥)، نیسانی ١٩٩٨، ل٨.

(٤) موکەڕەم تاڵەبانی: چوار رۆژ، ل١٧، فاتیح رەسول: لەپێناو، ل٢٢،٢٣، کەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٣٣٢.

(٥) الشیخ عطا الطالبانی: عندما تتکلم الارقام، حول مفاوضات الجبهة الکردستانیة مع الحکومة العراقیة عام ١٩٩١، ط١، مدیریة العامة للطباعة والنشر، هەولێر، سلێمانی، ٢٠٠٠، ص٩.

بەعس بەتوندی بەتۆپو فڕۆکە هێرشی بۆسەر ناوچەکانی گەرمیان، کەناوچەکانی کەلارو کفریو سلێمانیشی گرتەوە لەسەرەتای مانگی(١٠/١٩٩١) دەستپێکرد،[١] بەڵام بەهۆی بوونی بەرگریو خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەو جەماوەرەوە لەرۆژانی(٦-٨/١٠/١٩٩١) نەیتوانی سەرکەوتن وەدەستبهێنێت، بۆیە شاندێکی خۆی بەسەرۆکایەتی(مەحمود فەیزی هوزاع)سەرۆکی فەیلەقی یەك ناردو لەگەڵ(جەبار فەرمان)سەرکردەی مەیدانی بەرەی کوردستانی کۆبووەوەو لەسەر چەند خاڵێك رێکەوتن لەوانە:

ئەلف- ئاڵوگۆڕکردنی ئەفسەرە زیندانیکراوەکان بەزیندانیە سیاسییەکانی کورد، کە لەزیندانەکانی حکومەت، بەتایبەت لەزیندانی ئەبو غرێب گیرابوون.

بێ- کشانەوەی هێزەکانی حکومەت لەهەموو پارێزگای سلێمانی، بەشێوەیەك بەرەی کوردستانی هەڵدەستێ بەدیاریکردنی پاسەوان بۆپارێزگاری سلێمانیو بەڕێوەبەری ئاسایش.[٢]

لێرەوە بەعس سەرجەم دامو دەزگا کارگێڕییەکانی خۆی لەناوچەکانی کوردستان کشاندەوە، بەمەش بۆشاییەکی کارگێڕی لەکوردستاندا هاتەئاراوە، کەدواتر بەرەی کوردستانی لەرێگای پێکهێنانی کارگێڕییەکی کاتییەوە ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە.

(١) صلاح الخرسان: التيارات، ص٥٣١.

(٢) بڕوانە ڕێکەوتنی نوێنەری حکومەتی عێراقیو بەرەی کوردستانی، لەپاشکۆی ژ (٣٥)، دەق لەصلاح الخرسان: التيارات، ص

## باسی چوارەم- حزبی سۆسیالسیتی کوردستانو وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس لەدوای ڕاپەڕین:

کاتێك شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەرۆژانی(٥-١٩٩١/٣/٢١) بەشاری کەرکوکیشەوە، جگە لەسەربازگەی خالید نەبێت لەرۆژئاوای ئەو شارە ئازاد کران، حکومەتی بەعس خۆی بۆپەلاماردانو داگیرکردنەوەی کوردستان ئامادەکردو لەرۆژی(١٩٩١/٣/٢٨)یشدا بەکرداری ئەو پەلامارەی دەستپێکرد. لەگەڵ ئەم هێرشو پەلامارەدا حکومەت لەرێگای موکەڕەم تاڵەبانییەوە دەرگای وتووێژی لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا کردەوەو ماوەیەك دوای ئەوە کەوتە وتووێژ لەگەڵیاندا. ئەوەبوو موکەڕەم تاڵەبانی هاتە کوردستانو چاوی بەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کەوتو پرسی وتووێژی لەگەڵدا باسکردنو ئەوانیش قبوڵیان کرد.[1]

بەر لەراپەڕینیش هەندێ هەوڵ بەمەبەستی سازکردنی وتوێژ لەنێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعسدا لەئارادا بوون، بەتایبەت لەرێگای لێپرسراوانی بەرەی رزگاریخوازیی فەلەستینیو خودی یاسر عەرەفاتەوە، کەئامادەیی دەربڕیبوو، لەو نێوانەدا میانگیریی بکات. بۆئەم مەبەستەش لەیادی(٤٠)ساڵەی ئەڵمانیای دیموکراتیدا شاندی بەرەی کوردستانی، کەپێکهاتبوون لە(عەدنان موفتی لەحسكو شازاد صائب

لەیەکێتیو د.پیرۆت لەپارتیو ئازاد خەفاف لەپارتی گەل) چوونە وڵاتی تونس بۆبینینی لێپرسراوانی ڕێکخراوی بەرەی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی. جگە لەمە سەردانی شاندی بەرەی کوردستانی بۆبەرلینی ڕۆژهەڵات لەمانگی(١٠/١٩٨٩) بۆبینینی یاسر عەرەفات، سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ڕێکخراوی بەرەی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی، بەڵام ئەم هەوڵانە سەرینەگرت،[٢] چونکە عێراق لەدۆخی بەهێزی سیاسیو سەربازیدا بوو، هەروەها عێراق لەخۆبایی بوو بوو، بۆیە ئامادەی وتووێژ نەبوو.

لەقۆناغی دوای ڕاپەڕیندا ناردنی، موکەڕەم تاڵەبانی بۆکوردستان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بەمەبەستی وتووێژ، کۆمەڵێك هۆکارو ئامانجی لەپشتەوە بوو. لەوانەش هێورکردنەوەی کورد، کەبەهۆی دەستپێکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری(١٩٩١)ەوە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەگشتیو شاری کەرکوکیش ئازادکرابوو. بۆیە دەستبەسەراگرتنی شاری کەرکوك بەهۆی بوونی نەوتو بایەخو گرنگی سیاسیو ئابوری ئەو شارە، بەئاسانی لای حکومەتی بەعس قبوڵ نەدەکرا، هەرچەندە بەعس دواتر توانی ناوچەکان داگیر بکاتەوە، بەڵام ئامانجی مراندنو سستکردنو خاوکردنەوەی گوڕو تینو ڕۆحییەتی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکە بوو. هەروەها بۆگێڕانەوەی هەندێ متمانە بوو بۆخۆی. ئەمە سەرباری ئەوەی دەیویست کورد سود لەو دەرفەتە وەرنەگرێت، کەبەهۆی هەڵوێستو هاوسۆزی نێودەوڵەتی بەگشتیو لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە، بەتایبەت بەرامبەر ڕووداوی کۆڕەوی کوردستان

---

(١) موکەڕەم تاڵەبانی: چوار ڕۆژ، ل١٧.

(٢) صلاح الخرسان: التيارات، ص٥٢٣،٥٢٤.

لەو ماوەیەدا دروستبوو بوو.[١] وەك دەرچوونی بڕیاری(٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆکوردو قەدەغەکردنی پیادەکردنی هەڵمەتەکانی جینۆسایدکردن.[٢]

بۆیە لێرەوە حکومەتی بەعسو بەرەی کوردستانی چوونە نێو وتوێژەوە. لەبەرەی کوردستانی چوار حزب بەشداری وتوێژیان کردو بڕوایان پێی هەبوو، ئەوانیش(یەکێتی، پارتی، حسك، پارتی گەل)، هەرچی حشع بوو بەشداری وتووێژیان لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا نەکرد، لەمبارەیەوە(عەزیز محەمەد) دەڵێت:"ئێمە بۆیە بەشداری وتووێژمان لەگەڵ بەعس لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا لەدوای ڕاپەڕین نەکرد، لەبەرئەوە بوو هیچ متمانەیەکمان بەحکومەتی بەعسو نیازپاکی ئەو حکومەتە لەبەرامبەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دا نەبوو، جگەلەوەش ئەزمونێکی تاڵمان لەگەڵ ئەو حکومەتە لەوتووێژو هاوپەیمانیو ڕێکەوتن لەگەڵیدا هەبوو، بەتایبەت لەساڵانی حەفتاکان، بەڵام ڕێگریش نەبووین لەوەی وتووێژ ئەنجام بدرێت".[٣] هەرچی بزوتنەوەی ئیسلامیش بوو، کەئەوکات هێزێکی سیاسیو چەکدار بوو، هەرچەندە لەنێو بەرەی کوردستانیدا نەبوو، بەڵام کاری هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی نێو بەرەی کوردستانیدا هەبوو، بەشداریشی لەئازادکردنی ناوچەکانی کوردستاندا کردبوو، ئەمانیش بەشداری وتووێژەکانی نێوان بەرەی

کوردستانیو حکومەتی بەعسیان نەکرد، لەبەرئەوەی گوایە بڕوایان بەوتوویژ لەگەڵ حکومەتکی بەعسدا نەبووە.[٤] بەر لەچوونی شاندی بەرەی کوردستانی بۆدەستپێکردنی وتوویژ، پێشوەخت هەریەکە لە(فەرەیدون عەبدولقادرو ئازاد بەرواری) سەردانی بەغدایان کردو لەوێ چاویان بەچەند ئەندامێکی سەرکردایەتی میری کەوت. لێرەوە زەمینە خۆش دەکرێت بۆئەوەی شاندی بەرەی کوردستانی بەمەبەستی وتوویژ بڕواتە بەغدا.[٥]

ئەوەی لەم نێوەندەدا پەیوەست بوو بەحزبی سۆسیالیستەوە، ئەوەبوو لایەنێکی نێو بەرەی کوردستانی بوو، کەقبوڵی ئەنجامدانی وتوویژی لەگەڵ حکومەتی بەعسدا کردو لەخولەکانی دەستپێکردنی وتوویژیشدا نوێنەری خۆی لەگەڵ نوێنەری لایەنە بەشدارەکانی تری بەرەی کوردستانیدا دەنارد. هاوکات بەر لەدەستپێکردنی وتویژ وەکو لایەنێکی سەرەکی پرسو رایان پێکراوەو بیروبۆچوونیان لەو بارەوە وەرگیراوە، بەتایبەت جەلال تاڵەبانی داوا لەسەرکردایەتی حسک دەکات، کەبێنە چوارتاو لەوێ چاوی پێیان بکەوێت، بۆئەوەی مەسەلەی وتوویژیان لەگەڵدا تاوتوێ بکات. بۆئەم مەبەستەش شاندێکی حسک کەپێکهاتبوون لەشێخ محەمەد شاکەلیو محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٢/٤/١٩٩١) بەڕێدەکەونو لەگوندی خێوەتە جەلال تاڵەبانی دەبینن‌و ناوبراو لەو کۆبوونەوەیدا باس لەپێویستی قبوڵکردنی وتوویژکردن لەگەڵ حکومەتی

---

(١) الشیخ عطا الطالبانی: عندما، ص٤.

(٢) جیرارد جالدیان: الماساة، ص١٦٨، شەماڵ عەبدوڵلا: بڕیاری، ل٢١،٢٢.

(٣) کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی، ل٣٣٤، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەزیز محەمەد لەرۆژی(٢٥/٢/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی باپیر وەتمان لەرۆژی(٢٥/٢/٢٠٠٩)، هەولێر.

(٥) فاتیح رەسوڵ: لەپێناو، ل٢٣.

بەعس لەو قۆناغەدا دەکاتو حسکیش رازی دەبێت.[١]

لەراستیدا بڕیاری قبوڵکردنی وتوویژ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە لەگەڵ حکومەتی بەعس لەو قۆناغەدا هۆکاری خۆی هەبوو، لەلایەك جەلال تاڵەبانی دەڵێت:"ئەمریکا پاش ئەوەی شکستێکی سەربازی بۆئامادە کردین، پێیوتین بچنە بەغدا بۆگفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی سەدام حسێن".[٢] لەلایەکیترەوە کورد ترسی هەبوو ئەگەر وتوویژ قبوڵ نەکاتو درێژە بەراپەڕینو شۆڕشی چەکداری بدات، حکومەتی بەعس جارێکیتر بەشێوەیەکی دڕندانە بکەوێتە وێزەی خەڵکی کوردستانو تراژیدیاکانی ئەنفالو کیمیابارانی ناوچەکانی کوردستان، یاخود تراژیدیای کۆڕەو دووبارە بکاتەوە. هەروەها خۆتێنەگەیاندنو خەمساردیو کەمتەرخەمی ئەمریکاو هاوپەیمانان لەبەرامبەر هێرشو پەلامارەکانی بەعس لەرۆژی(٢٨/٣/١٩٩١) بۆداگیرکردنەوەی کوردستانو دامرکاندنەوەی راپەڕینی ناوەڕاستو باشوری شیعەکانو سەرکوتکردنی بەدڕندانەترین شێوە، پاڵنەر بوون بۆئەوەی کورد لەهەلو مەرجی ئەو قۆناغەدا بەوتویژ رازی بێتو لانیکەم رزگاری بێت.[٣]

هاوکات ئەوەش دەوترێت، کورد ئەوەی لێکداوەتەوە، کە لەبارودۆخێکدا ئەگەر حکومەتی بەعسو دارو دەستەکەی صەدام حسێن لەلایەن ئەمریکاوە یاخود بەکودەتا یان رێگایەکیتر لەدەسەڵات دوور بخرێنەوەو

دارو دەستەو گروپێکی دیکە بێنە سەر تەختی دەسەلات، ئەوا هیچ گرەنتییەك نییە، کەبەهەمان شێوەی صەدام رەفتار لەگەڵ کورددا نەکەن، ئەمە جگەلەوەی، کەکورد ترسی ئەوەی هەبوو، جارێکیتر کۆمەڵی نێودەوڵەتی کورد وەك کارتێکی تری گەمەی سیاسی بەکاربهێنێتو ببنەوە بەقوربانی بەرژەوەندی نێودەوڵەتان. هۆکارێکیتر بریتی بوو لەوەی ژمارەیەکی زۆری سەربازی کورد لەریزەکانی سوپای عێراقیدا بوون لەجەنگی کەنداودا کوژرانو بوون بەقوربانی، بۆئەوەی ئەو حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە،[٤] بەلام بیروڕای یەکەمو سێیەم کەمتر بابەتیو زانستییە، بەڵکو ئەوەی دەچێتە خانەی ماقوڵەوە بیروڕای دووەمە، کەبریتییە لەوەی کورد ترسی هەبووە وەك کارتێکی سیاسی لەململانێی نێوان ئەمریکاو عێراقدا بەکار بهێنرێت.

دواجار بەبڕیاری بەرەی کوردستانی شاندێك بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانیو ئەندامێتی رەسوڵ مامەندو نێچیرڤان بارزانی، ئازاد بەرواری، سامی عەبدورەحمان، فەرەیدون عەبدولقادر چوونە بەغداو چەند بابەتێکیان لەگەڵ لێپرسراوانی حکومەتی بەعسدا خستەڕوو،[٥] لەوانە:

یەکەم: مەسەلەی دیموکراسی.

دووەم: ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لەکوردستان.

سێیەم: کۆتایی هێنان بەسیاسەتەکانی بەعەرەبکردنو راگواستن.

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١١/٥ /٢٠٠٩)، گوندی گوڵەحانە.

(٢) موکەڕەم تاڵەبانی: چوار رۆژ، ل٣٦.

(٣) دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، ل٦١٦، نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی، ل٣١٠،٣١١.

(٤) خالد یونس خالد: الزعیم، ل٤٧، نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی، ل٣١١،٣١٢.

چوارەم: مافی ئۆتۆنۆمیو فراوانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

پێنجەم: چارەنوسی ئەنفالکراوەکان.

شەشەم: ئاوەدانکردنەوەی گوندە رووخاوو خاپورکراوەکانو گێڕانەوەی جوتیارە راگوێزراوەکان لەکۆمەڵگە زۆرەملێکاندا بۆگوندەکانی خۆیان دوای بنیاتنانەوەی گوندەکانو قەرەبوکردنەوەیان.

حەوتەم: ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییە روخێنراوو خاپورکراوەکانو راوەستاندنی سیاسەتی بەعەرەبکردن.

هەشتەم: گواستنەوەی عەرەبە نیشتەجێبووەکان لەناوچە کوردییەکان بۆشوێنی رەسەنی خۆیانو گێڕانەوەی جوتیارانی کورد بۆشوێنە رەسەنەکانیان، کە لەماوەی ساڵی(١٩٦٣)ەوە راگوێزرا بوون.[١]

پاشئەوەی شاندەکە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی بەعس چەند رۆژێك وتووێژیان کرد. لەسەرەتاوە شاندی کوردی گەشبین بوو، بەلام دواجار خولی یەکەم ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە. بۆیە جەلال تاڵەبانی گەڕایەوە کوردستانو پێشنیازی کرد مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانی بکات بۆدەستپێکردنەوەی خولێکی تری وتووێژ لەگەڵ لێپرسراوانی میری. ئەوەبوو مەسعود بارزانی

بەسەرکردایەتی شاندێك گەیشتە بەغداو لەگەڵ نوێنەرانی میری پێکەوە کەوتنەوە وتووێژ. لەم خولەدا وتووێژ ماوەیەکی زۆری خایاند(٧/٥-١٧/٦/١٩٩١)و سەرانی حکومەتی بەعس لەهەڵوێستەکانیاندا توندبوونو زۆر ملیان بۆداواکارییەکانی شاندی بەرەی کوردستانی نەدەدا.[٢] هەرچەندە لەم خولەی وتووێژدا هەندێ پێشکەوتن هەبوو، بەڵام بێئیمزاکردنی ڕێکەوتن مەسعود بارزانیو شاندە یاوەرەکەی گەڕانەوە کوردستانو جارێکیتر دوای هاتنی شاندێکی حزبی بەعس بەسەرۆکایەتی عزەت دوریو کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا، ئەوەبوو بۆدواجار مەسعود بارزانی بەسەرۆکایەتی شاندێکی تر لەرۆژی(١٠/٧/١٩٩١) چوونەوە بەغداو خولی کۆتایی وتووێژیان دەستپێکردو دوای(٤٢) رۆژ لەوتووێژ مەسعود بارزانیو شاندەکە گەڕانەوەو ڕێکەوتنێکی ئامادەکراویان بۆئیمزا لەسەرکردن هێنایەوە.[٣]

بۆئەم مەبەستە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی چەند دانیشتنێکی لەرۆژانی(٢٨-٢٩/٨/١٩٩١) لەشەقڵاوە ئەنجامداو لەخەلیفانیش لەرۆژی(١٠/٩/١٩٩١) بۆتاوتوێکردنو بیروڕا دەربڕین لەسەر ئەو

(١) الشيخ عطا الطالباني: عندما، ل٦، حامد محمود عيسى: المشكلة، ل٢٧٣،٢٧٤، فاتیح رەسوڵ: لەپێناو، ل٢٣.

(٢) شاندەکە پێکهاتبوون لە(جەوهەر نامیق سالم، رۆژ نوری شاوەیس، ئازاد بەرواری، مەحمود عوسمان، نەوشیروان مستەفا، رەسوڵ مامەند، د.فوئاد مەعسوم، کۆسرەت رەسوڵ عەلی، سامی عەبدورەحمان)، نوێنەرانی حکومەتی بەعسیش بریتیبوون لە(عزەت دوری، عەلی حەسەن مەجید، حسێن کامیل، حامد یوسف حەمادی، صابر دوری، سوڵتان هاشم ئەحمەد، وەفیق سامەڕائی، مونزیر شاوی شارەزای یاسایی)، صلاح الخرسان: التيارات، ص٥٣١، فاتیح رەسوڵ: لەپێناو، ل٢٣.

(٣) شاندی ئەمجارە پێکهاتبوون لە(سامی عەبدورەحمان، د.فوئاد مەعسوم، د.مەحمود عوسمان، عەدنان موفتی، قادر عەزیز، یونادم یوسف کەنا، جەوهەر نامیق سالم، رۆژ نوری شاوەیس)، گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لەڕێکەوتنە ئامادەکراوەکەدا هاتبوو بریتی بوو لە: ←

ڕێکەوتنە ئامادەکراوە لەگەڵ حکومەتی بەعسدا کۆبووەوە. لەو کۆبوونەوەو دانیشتنانەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا یەکێتیو حسك دژی ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی بەعس بوونو پارتیش بەپێچەوانەوە لەگەڵ ڕێکەوتندا بوو.[١] لەئەنجامدا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ڕێکەوتنەکەی ڕەتکردەوە.[٢] بەمجۆرە وتوێژ لەنێوان حکومەتی بەعسو بەرەی کوردستانیدا بەبێگەیشتن بەهیچ ڕێکەوتنو ئەنجامێك کۆتایی پێهات.[٣]

بێئاکامی وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس لەم قۆناغەدا پەیوەندی بەچەند هۆکارێکەوە هەبوو، دیارترینیان بریتی بوون لە:

**ئەلف**- جیاوازی روانینی بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس بۆمەسەلە بنەڕەتیو هەستیارەکان:

لەنێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعسدا دوو تێڕوانینی جیاواز هەبوو، بەرامبەر مەسەلەکان بەگشتیو بابەتە هەستیارو بنەڕەتییەکان لەو باسانەی لەوتوێژەکاندا قسەو باسیان لەسەر دەکرا، بەتایبەت مەسەلەکانی( دیموکراسی، ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکانی کوردستان، مافی ئۆتۆنۆمی، بەعەرەبکردنو راگواستنو بەبەعسیکردن)، بەجۆرێ بەرەی کوردستانی لەگۆشەنیگای چارەسەرکردنی

مەســـەلەی کـــوردەوە، بۆئـــەو بابەتانـــەی دەڕوانـــی، بەپێچەوانەشـــەوە حکومـــەتی بـــەعس لەروانگـــەی بەرژەوەندییـەکانی خۆیـەوە مامەڵـەی دەکـرد. جـەلال تاڵـەبانی دوای ئـەوەی بۆخـولی یەکـەمی وتووێـژەکان ڕۆیشتو گەڕایەوە گومانی خۆی لەوتووێژ لەگەڵ حکومەتی بەعس دەربڕیو دەڵێت:"ڕاستە حکومەت لەسـەر دیموکراسیو ئۆتۆنۆمی ڕازییە، بەڵام چ جۆرە دیموکراسیو چ ئۆتۆنۆمییەك؟ حکومەت هەر ئەو دیموکراسـییە ئەنجام دەدا، کەخۆی باوەڕی پێی هەیەو ناوەڕۆکەکەی هەر دیکتاتۆرییەتـە، بـەگوێرەی ئۆتۆنـۆمیش هـەمان بۆچوونی هەیە".[٤]

---

– پشتگیریکردنی کورد لەشۆڕشی (١٩٦٨)، کەحزبی بەعسی هێنایە سەر کورسی دەسەڵات.

– بەرەی کوردستانی دەبێ بەمۆڵەت پێدانی حکومەتی بەعس پەیوەندی لەگەڵ حکومەتو ڕێکخراوەکانی دەرەوەدا بکات.

– هاوکاریکردنی بەعس لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بۆدامرکاندنەوەو سەرکوتکردنی هەر ڕاپەڕینو یاخیبوونو دەستدرێژییەك، کە لـەناوەوەو دەرەوەی عێراق ڕوویدات[مەبەست ئێرانو شیعەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق بوو].

– ئازادکردنی ڕاستەوخۆی هەموو زیندانییە سیاسییەکانی کورد.

– داخستنی ئێزگە ڕادیۆییە کوردییەکانو تەرخانکردنی کات بۆیان لەچوارچێوەی ئێزگەکانی حکومەتی بەعسدا.

– تەرخانکردنی ڕێژەیەك لەداهاتی فرۆشتنی نەوت بۆکورد لەداهاتوودا.

– قەرەبووکردنەوەی ئەو کوردانەی، کەماڵیان وێرانکراوە یان ئازار دراون بەدەستی حکومەتی عێراق.

– بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بۆماوەی(٣)مانگ لەدوای ئەوە هەڵبژاردن لەکوردستاندا ئەنجام بدرێت.

– کورد لەحکومەتی میریدا بەشدار ببێت. نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی، ل٣١٥،٣١٦، کەریم یەڵدز: کورد، ل٩٢.

(١) حامد محمود عیسی: القضية، ل٤٢٨.

(٢) بیرەوەرییەکانی مەلا حەسەن، ل١٠١،١٠٢.

(٣) کەریم یەڵدز: کورد لەعێراق، ل٩١،٩٢.

(٤) بیرەوەرییەکانی مەلا حەسەن، ل١٠١.

ئەمە هۆکاری سەرەکی بێئاکامی وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومـەتی بـەعس بـوو، چـونکە بەعس لەبنەڕەتدا ئامادە نەبوو مەسەلەی کـورد، بـەگوێرەی ئـەو بنـەماو پێوەرانـەی لەبەرژەوەنـدی کـوردو مەسەلە ڕەواکەیدا بوون چارەسەر بکات، بۆیە زۆرجار وتووێژی وەك کارتێکی یـاریو دەسـتخەڕۆکردنو کـات کوشتن بەکارهێناوە.[١] زۆربەی جاریش دوو تێڕوانینی جیاواز بۆچارەسەکردنی کێشەی کورد لەوتووێژەکانـدا بـوونی هـەبووە. یەکـەمیان تێڕوانینـی لایـەنی کـوردی، کـە لەگـەڵ چارەسـەکردنی کێشـەکاندا بـووە، بـەڵام تێڕوانینی دووەم بریتی بووە لەروانینی بەعس بۆمەسەلەکان، کـەزۆرجار نـەك مایـەی چارەسـەرکردن نـەبوو، بـەڵکو سەرچـاوەی هێشـتنەوەی کێشـەکان بـووە بەچارەسـەر نـەکراویو بـەکارهێنانی وتووێـژ وەك چـەکی ســـەرقاڵکردنی لایـــەنی کـــوردی لەکاتـــە هەســـتیارو گرنگەکانـــدا. ئەگـــەر ئـــەم دوو تێڕوانینـــە جیـــاوازە بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبووایـە بەگشـتیو لەوتووێـژەکانی نێـوان بـەرەی کوردسـتانیو حکومـەتی بەعس دوای ڕاپەڕین، ئەوا پێدەچـوو وتووێـژەکان ئـەنجامو ئاکامیـان هەبووایـە، چـونکە ئـەو چارەسـەرانەی حکومەتی بەعس لەروانگەی خۆیەوە دەیخستنەڕوو، هیچیان لەبنەڕەتـدا چارەسـەر نـەبوون، بـەڵکو ئـامرازی ئاڵۆزکردنی کێشەکان بوون.

**بێ**- نادیاریی پرسی کەرکوکو سنوری هەرێمی کوردستانو ناوچە جێناکۆکەکان:

یەکێکی تر لەو هۆکارەکانی شکستهێنانی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس لەدوای راپەڕین، بریتی بوو لەنادیاری پرسی کەرکوکو سنوری کوردستانو چۆنێتیی چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئەو ناوچە کوردیانەی خرابوونە سەر بەڕێوەبەرایەتی ناوچە عەرەبییەکانو بەر سیاسەتی بەعەرەبکردن کەوتبوونو بەردەوام جێگەی ناکۆکی کوردو بەعس بوون.[2] بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو وتەیەی(تاریق عەزیز)ە، کە لەسەرەتای یەکێك لەدانیشتنەکانی نێوان خۆیانو بەرەی کوردستانیدا وتی:" ئێوە بۆکەرکوك دەگرین، وەکچۆن ئێمەش بۆئەندەلوس دەگرین".[3] دیارە مانای ئەم قسەیەش روونو ئاشکرایە، کەبەعس ئامادە نییە سازش لەسەر کەرکوك بکاتو بەکرداریش مەسەلەی کەرکوك خاڵی ناکۆکی وتووێژەکانی نێوان بەعسو لایەنی کوردی بوو لەقۆناغەکانی پێشتریشدا. تەنانەت باس لەوە دەکرێت بەرەی کوردستانی ئامادە بووە ئەوە قبوڵ بکات نەوتی کەرکوك لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا بێت، بەمەرجێك بەڕێوەبردنی شارەکە بدرێتە بەرەی کوردستانی، بەڵام حکومەتی بەعس ئەمەشی قبوڵ نەکردووە.[4]

---

(١) حامد محمود عیسی: المشكلة، ص٢٧٤.

(٢) کەریم ئەحمەد: رێڕەوی، ل٣٣٦،٣٣٧.

(٣) الشیخ عطا الطالبانی: عندما، ص٦.

(٤) دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، ل٦١٧.

**جیم**- کەمو کورتی ئەو خاڵانەی لەدواین خولی وتووێژەکاندا بۆرێکەوتن ئامادەکرابوو:

خراپی بەشێکی زۆری ئەو خاڵانەی لەدەقی رێکەوتننامە ئامادەکراوەکەدا هاتبوو، کاتێك مەسعود بارزانی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆکوردستان بۆئەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ئیمزای لەسەر بکات، هۆکارێکی دیکەی بێئاکامی وتووێژەکان بوو، چونکە ئەو خاڵانە نەك رێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەعسو بەرەی کوردستانی نەبوون، بەڵکو ئامرازێك بوون بۆئەوەی بەرەی کوردستانیو لایەنی کوردی ببێتە پاشکۆی حکومەتی بەعسو بەدیوێکی تریشدا لێدانێکی کوشندە بوون لەجوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد، بەتایبەت لەخاڵی دووەمی ئەو رێکەوتننامە ئامادەکراوەدا هاتووە:" دەبێت بەرەی کوردستانی بەمۆڵەتپێدانی حکومەتی بەعس پەیوەندی لەگەڵ حکومەتو رێکخراوەکانی دەرەوەدا بکات".[1]

لەخاڵی سێیەمیش نوسراوە:"دەبێت کورد لەگەڵ حکومەتی بەعس بەشداری لەدامرکاندنەوەو سەرکوتکردنی هەر شۆڕشو راپەڕینو یاخیبوونێك بکات، کە لەعێراقدا رووبدات ، یان هاوکاری بەعس لەبەرامبەر هەر دەستدرێژیو پەلامارێکی دەرەکیدا بکات". لەمەشدا مەبەست لەهەر راپەڕینو یاخیبوونێك

لەعێراق، شیعەکانی ناوەڕاستو باشور بوو، هەرچی دەستدرێژیو پەلاماری دەرەکیشە مەبەست لێی ئێران بوو. خاڵی پێنجەمی ڕێکەوتننامە ئامادەکراوەکەش بەمشێوەیەیە:"دەبێت هەموو ئیزگە رادیۆییەکانی کورد دابخرێنو کوردەکان لەئیزگە رادیۆییەکانی حکومەتی بەعسەوە لەکاتێکی دیاریکراوی کەمدا کاتیان بۆتەرخان بکرێت".(۲) هەروەها لەهەندێ خاڵی دیکەشدا هەندێ شت هاتوون، کە ئاماژەن بۆکۆتایی هێنان بەشۆڕشی کورد، نەك چارەسەرکردنی کێشەی کورد، وەك تەسلیمکردنەوەی چەکە قورسەکان بەحکومەت، پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکانی بەرەی کوردستانی بەدەرەوە.(۳)

بۆیە ئەم خاڵانە لای سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی قبوڵ نەکران، هەرچەندە بیروڕای جیاواز لەنێو بەرەی کوردستانی لەسەر وتووێژەکانو ڕێکەوتن لەگەڵ بەعسدا هەبوو، بەتایبەت مەسعود بارزانیو پارتی زیاتر پشتگیریی ڕێکەوتنیان لەگەڵ بەعسدا دەکرد، لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی جیهانی هیچ ڕوانینێك بۆمەسەلەی کورد بەروونی دیار نەبوو، هەروەها لەبەر ئەو کارەساتە ئابوریو مرۆییە گەورەیەی لەوکاتەدا میللەتی کوردی تێدا دەژیا،(٤) [مەبەست لەکۆڕەوو گەمارۆی ئابورییە، کە لەلایەن ئەمریکاوە خرابووە سەر عێراق]و ترس لەدووبارە بوونەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردن لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دژ بەخەڵکی کوردستان. هەرچی جەلال تاڵەبانیش بوو دژی ڕێکەوتن بوو لەگەڵ بەعس، چونکە پێی وابوو وتووێژ

(۱) نادر ئینتیسار: ئیتنۆنەتەوایەتی، ل۳۱٥.

(۲) ه.س، ل۳۱٦، صلاح الخرسان: التیارات، ص٥٣٢،٥٣٣.

(۳) دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، ل٦١٩.

(٤) حامد محمود عیسی: القضیة، ص٤٣٢.

لەگەڵ حکومەتی بەعسو ڕێکەوتن لەسەر ئەو خاڵانە، مانای کۆتایی هاتنی شۆڕشی کورد دەگەیەنێتو ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە:"مامەڵەکردن لەگەڵ بەعس، بەبێ دەستنیشانکردنی سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمیو گرەنتی نێودەوڵەتی قابیلی قبوڵکردن نییە".(۱) لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بەهەڵوێستی حزبی سۆسیالیستەوە هەبوو، ئەوەبوو ئەوانیش لەگەڵ باقی لایەنەکانی تری نێو بەرەی کوردستانیدا دژی ڕێکەوتن لەگەڵ بەعس بوونو پشتگیریی جەلال تاڵەبانیو یەکێتیان کرد، چونکە ئەمانیش وایاندەبینی بەعس ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نییەو تەنها لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە سەیری مەسەلەکان دەکات. لەمبارەوە(مەحمود عوسمان) کەیەکێك لەشاندی وتووێژکارانی کورد بوو لەبەغدا دەڵێت:"حکومەتی بەعس لەو وتووێژانەدا شتێکی وای پێنەبوو مەسەلەی کورد چارەسەر بکاتو کوردیش بەو شتانە ڕازی نەبوو، کەبەعس لەڕێکەوتنە ئامادەکراوەکەدا باسی لێوەکردبوو، بەڵکو تەنها ئامانجی حکومەتی بەعس کات کوشتنو بەڕێکردنی کات بوو، بۆئەوەی خۆی لەدژی کورد بەهێز بکاتەوەو سود لەوتووێژەکانی ئەو قۆناغە وەربگرێت".(۲)

لەراستیدا لەنێوان هەردوو بیروڕاکەدا جۆرێك لەراستیو بابەتیبوون بەدیدەکرێت، هەرچی بیروڕای مەسعود بارزانیو پارتی بوو بۆئەوە دەگەڕایەوە، کەماوەیەکی کەم بوو حکومەتی بەعس خراپترینو دڕندانەترین سیاسەتو رەفتاری لەرێگای شالاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا ئەنجامدابوو، ئەمە جگەلەوەی چەند مانگێکیش بوو رووداوی کۆڕەوی کورد بۆسنورەکانی تورکیاو ئێران روویدابوو، کەگەلی کوردی تووشی مەینەتییەکی گەورە کرد، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم بیروڕایە زیاتر سۆز بەسەریدا زاڵبوو تاوەکو روانینی سیاسی. بەپێچەوانەوە بیروڕای جەلال تاڵەبانیو لایەنەکانی تری نێو بەرەی کوردستانی تاڕادەیەك سیاسیو واقیعی بوو، لەرووی دۆخی سیاسی ئەو قۆناغەشەوە بەڕوانین بۆمامەڵەی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی بەعسی فەرمانڕەوا لەعێراقو کورد بیروڕایەکی وردتربوو، چونکە لەلایەك ئەزمونی وتووێژەکانی پێشووی کورد لەگەڵ حکومەتی بەعسدا لەپێش چاوبوو، کەزۆربەیان کات کوشتن بوونو لەدواتریشدا بەعس لێیان پەشیمان دەبووەوە. لەلایەکی تریشەوە لەو قۆناغەدا جۆرێك لەپشتگیریی نێودەوڵەتی بۆمەسەلەی کورد هەبوو، دیارترینیان سەپاندنی سزا بەسەر عێراقدابوو بەهۆی بەکارهێنانی گازی ژەهراوییەوەو هەروەها بەهۆی داگیرکردنی کوەیت بوو لەلایەن عێراقەوە.[3] هەروەها دەرکردنی بڕیاری(٦٨٨) بوو لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە لەبەرژەوەندی کوردو دژی عێراق، بەجۆرێ بەگوێرەی ئەو بڕیارە ناوچەی ئارام بۆکورد دابینکراو لەمەترسی ئەنفالو کیمیاباران رزگاری بوو، ئەمە جگەلەوەی گرنگی تایبەتی بۆمەسەلەی کورد هەبوو.[4] بەهەرحاڵ دەقی ئەو رێکەوتنەی، کەشاندی کوردی بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی لەدوا خولی وتوێژەکان لەگەڵ حکومەتی بەعسدا لەبەغداوە بۆکوردستان، بۆئیمزا لەسەر کردنی هێنایانەوە، لەلایەن سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییەوە رەتکرایەوە، چونکە زۆربەی خاڵەکانی لەقازانجی کورددا نەبوو.

## دال- چەند هۆکارێکی تر:

هەندێ هۆکاری دیکە رۆڵو کاریگەرییان هەبوو، لەوەدا وتووێژەکانی نێوان بەرەی کوردستانیو بەعس ئاکامی نەبێت، لەوانە هەردوولا لەبەغدا بڕیاریاندا وتووێژ بکەن، نەك لەناوچەیەکی بێلایەن، ئەمە سەرەڕای نەبوونی لایەنی سێیەم یان لایەنی چاودێر وەك نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر رێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان وڵاتێکی تر.[1] لێرەدا باس لەوە دەکرێت هەرچەندە حشع وەك لایەنێکی نێو بەرەی کوردستانی بەهۆی بوونی گومان لەنیازپاکی حکومەت لەچارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو بوونی ئەزمونی تاڵی حشع لەرێکەوتنو هاوپەیمانێتی بەشداری وتووێژەکانی نەکرد لەگەڵ بەعس وەك پێشتر باسمانکرد، بەڵام پێشنیازی کردبوو،

(١) دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، ل٦١٨.

(٢) وتووێژی توێژەر لەگەڵ د.مەحمود عوسمان لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە لەرۆژی(٢٠٠٩/٨/١٨).

(٣) بڕوانە پاشکۆی ژ(٣٠).

(٤) شەماڵ عەبدوڵڵا: بڕیاری، ل٢١،٢٢، عومەر نورەدینی: سەروەری دەوڵەتانو پەیوەندی بەدۆزی کوردەوە، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٦،٩٧.

وتووێژەکان جارێك لەبەغداو جارێکی تریش لەکوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵام لایەنەکانی نێو بەرە ئەم پێشنیازەیان قبوڵ نەکردووە.[2] لەراستیدا وتووێژکردنی شاندی بەرەی کوردستانی بەتەنها لەبەغدا نیشانەیەکی لاوازی وتووێژکردن بوو، چونکە بەتەنها وتووێژکردن لەبەغدا مایەی هێز بوو بۆحکومەتی بەعسو بەپێچەوانەشەوە مایەی لاوازی بوو بۆبەرەی کوردستانی، بەتایبەت لەرووی سەپاندنی مەرجی قورس لەلایەكو لەلایەکیتریشەوە قبوڵ نەکردنو ملنەدانی حکومەتی بەعس بۆ هەندێ مەرجی بەرەی کوردستانی، ئەمە جگەلەوەی شاندی بەرەی کوردستانی ماوەیەکی درێژ لەبەغدا لەکاتی وتوێژەکاندا مانەوە.

هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کەگوایە بەهۆی بوونی بارودۆخی شەڕو راپەڕینەوە، سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی نەیتوانیوە لەجێگایەك کۆببێتەوەو تاوتوێی مەسەلەی وتووێژو رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی بەعسدا بکاتو بەخێراییش وەڵام بداتەوە،[3] بەڵام ئەم بۆچوونە راستی تێدا نییە، چونکە لەکاتی دەستپێکردنی وتووێژەکاندا چەند جارێك سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بەمەبەستی پرسو راکردنو بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر مەسەلەی وتووێژو رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی بەعس لەچەند جێگایەك کۆبووەوە، بەتایبەت لەشەقڵاوەو خەلیفانو هەندێ شوێنی تریش وەك پێشتر باسمانکرد. بۆیە مەسەلەی شوێن هۆکاری شکست هێنانی وتووێژەکان نەبووەو ئەم بیروڕایە بابەتیو زانستی نییە.

لەکۆتاییدا وتووێژەکان لەنێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعسدا کۆتایی هاتو هۆکاری بنەڕەتیش ئەوەبوو لایەنی بەرەی کوردستانی بەدەقی رێکەوتنەکە رازی نەبوو، بۆیە پاش ماوەیەك هەندێ شەڕو

---

(١) کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی، ل١١٥

(٢) فەتاح تۆفیق فەتاح: حەفتاو، ل١٠١.

(٣) حامد محمود عیسي: القضية، ص٤٣٠،٤٣١.

پێکدادان لەکوردستان لەنێوان سوپای حکومەتی بەعسو هێزە چەکدارەکانی بەرەی کوردستانیدا روویدا، ئەوەبوو دواجار حکومەتی بەعس لەمانگی(١٠/١٩٩١) هەموو دامو دەزگا کارگێڕییەکانی خۆی لەناوچەکانی کوردستان، بەتایبەت لەپارێزگاکانی(سلێمانیو هەولێرو دهۆك) کشاندەوە،[1] بەمەش بۆشاییەکی کارگێڕی گەورە لەکوردستاندا دروستبوو، بەڵام هەرزوو بەرەی کوردستانی توانی جۆرێك لەکارگێڕی بۆبەڕێوەبردنی کاروبارە جیاوازەکانی کوردستان پێکبهێنێتو تارادەیەك ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.[2] تائەوەبوو لەرۆژی(٤/١١/١٩٩١) لەشەقڵاوە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی ئەنجامدرا، بەمەبەستی وتووێژکردن لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن. لەم کۆبوونەوەیەدا بیروڕای جیاواز لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن هاتەئاراوە، بەجۆرێ پارتی لەگەڵ شێوازی هەڵبژاردنی رێژەییدا بوو، پارتی گەلیش لەمەدا پشتگیریی دەکرد، بەڵام یەکێتی بەپێچەوانەوە لەگەڵ شێوازی هەڵبژاردنی بازنەییدا بوو. ئەوەی پەیوەندی بەحزبی سۆسیالیستەوە هەبوو، ئەوەبوو پشتگیریی یەکێتی دەکرد بۆئەوەی هەڵبژاردن بەشێوازی بازنەیی لەکوردستاندا ئەنجام بدرێت. لەکۆتاییدا هەموولایەك رێکەوتن لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن بەشێوازی رێژەیی بێتو رێژەی(٧٪)یش بۆچوونە

نێو پەرلەمانو بەشداریکردن دەستنیشانکرا، هەرچەندە لەلایەن حزبە بچووکەکانەوە ناڕەزایی هەبوو، بەڵام دواتر ئەم ڕێژەیە جێگیر کرا.

بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی تایبەتی لەدادوەرو پارێزەرو مافپەروەرانو نوێنەرانی لایەنەکانی نێو بەرەی کوردستانی پێکهێناو پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنیان لەنێوان(٢٣/١٢–١٩٩٢/١/٢٨)داڕێژاو خرایە بەردەم سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی. ئەوەبوو بەرەی کوردستانی لەرۆژی(١٩٩٢/٤/٢٨) بەناوی یاسای ژمارە(١)بۆساڵی(١٩٩٢)و یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەردا.[٣] ئیدی لێرەوە ڕووداوێکی تری گرنگ لەمێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورددا هاتەئاراوە، ئەویش هەڵبژاردن بوو، کە لەمانگی(١٩٩٢/٥)دا بڕیاردرابوو ئەنجام بدرێت.

لەکۆتاییدا لەلایەك هەڵبژاردن ڕووداوو بابەتێکی سەربەخۆیەو پێویستی بەتوێژینەوەو لێوردبوونەوەی بابەتیو زانستی هەیە، هەروەها لەلایەکیترەوە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەو جیاوازیشە لەڕووداوەکانی پێش خۆی لەنێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا. بۆیە لێرەوە لایەنە سیاسییەکانی نێو بەرەی کوردستانی کەوتنە خۆئامادەکردن بۆبەشداریکردنو چوونە نێو یەکەمین ئەزمونو دیاردەی دیموکراسییەوە دوای ڕاپەڕینی بەهاری(١٩٩١).

---

(١) دیڤید مەکداوڵ: مێژووی، ل٦٢٤.

(٢) کەریم ئەحمەد: ڕێرەوی، ل٣٣٨، فەتاح تۆفیق فەتاح: حەفتاو، ل١٠٤.

(٣) فاتیح ڕەسوڵ: لەپێناو، ل٣٥.

# ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتووین، دەتوانین لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان پێبدەین:

١. ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەرۆژی(٦ی ئازاری ١٩٧٥) لەنێوان عێراقو ئێران سەرەتای شکستهێنانی شۆڕشی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردبوو، بەجۆرێ ئەو ڕێکەوتننامەیە کاریگەری لەسەر ڕاوەستانی خەباتی چەکداری لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە هەبوو. بەمەش بۆشاییەکی سیاسیو چەکداری لەباشوری کوردستان دروستبوو، کەزەمینەی لەبەردەم حکومەتی بەعسدا ڕەخساند، تاوەکو سیاسەتە نامرۆڤانەکانی خۆی لەرووی بەعەرەبکردنو ڕاگواستنو بەبەعسیکردنەوە لەدژی خەڵکی کوردستان ئەنجام بدات.

٢. ڕاوەستاندنی شۆڕشی چەکداریو پیادەکردنی سیاسەتی جینۆسایدو قڕکردنی کورد لەلایەن بەعسەوە پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی ژمارەیەك لەسەرکردەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول بیر لەدرێژەدان

بەخەباتو تێکۆشان بکەنەوە، ئەویش لەرێگای دروستکردنی رێکخراوی سیاسیو پێکهێنانی مەفرەزەی چەکدارو ناردنی بۆچیاکانی کوردستانو سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکداری.

٣. دروستبوونو راگەیاندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەمانگی(ئابی ١٩٧٦) لەئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەبوو، کە لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لەباشوری کوردستان هاتەکایەوە. ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەو رێکخراوە ئاراستەیەکی سۆسیالیست دیموکراتی گرتبووەبەر، بەڵام بەهۆی شکستهێنانی شۆڕشی کورد لەسەردەستی سەرکردایەتی راستڕەوی نێو جوڵانەوەکەو پاڵپشتی زلهێزانی جیهانی لەرێکەوتننامەی جەزائیر، بەتایبەت ئەمریکا لەلایەك، هەروەها بەهۆی گەشەسەندنی بیری سۆسیالیزمیو تەشەسەندنی لەجیهانو ناوچەکە لەلایەکیترەوە، هۆکاربوو بۆئەوەی لەقۆناغەکانی دواتردا ئەم بیرە ببێتە ناسنامەی سیاسی بەشێك لەرێکخراوو پارتە سیاسییەکان بەگشتیو بەتایبەتیش بزوتنەوەی سۆسیالیستی، ئەویش بەتەواوەتی دوای هاتنەدەرەوەی لەریزەکانی یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان.

٤. حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان دوای گرێدانی یەکەمین کۆنگرەی خۆی لەمانگی(مایسی ١٩٨١) ناوەکەی بۆحزبی سۆسیالیستی کوردستان گۆڕاو بەشداری رووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەی باشوری کوردستانی کردووەو لایەنێکی سەرەکیو بەشداری نێو جوڵانەوی رزگاریخوازیی کوردی بووە. ئەو رۆڵەی حسك خۆی بەدروستکردنو بەشداریکردنی بەشێکی زۆری رووداوە سیاسیو چەکدارییەکانی ئەو قۆناغەدا دەبینێتەوە، چ پێکەوە لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تری باشوری کوردستانو چ لەخەباتی سیاسیو چەکداری دژی حکومەتی بەعس لەعێراقدا.

٥. ئەگەرچی حزبی سۆسیالیست لەشێوەدا هەڵگری بیری سۆسیالیستی بوو، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین مەسەلە هزرییەکان لەنێوخۆی ئەو پارتەدا کەمتر رەنگیداوەتەوەو زیاتر وەك هێزێکی چەکداریو سەربازی دەرکەوتووەو رۆڵی هەبووە. سەرەڕای ئەوەی لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا ژمارەیەك لەم پارتە بەهۆی هەندێ هۆکارەوە جیابوونەوەو دووبەرەکیان تێکەوت. دروستبوونی بەرەی جوقدو جودو بەشداریکردنی حزبی سۆسیالیست تیایاندا، بەتایبەت لەبەرەی جود نەك نەبوونە هۆی بەهێزکردنو یەکخستنی جوڵانەوەی کوردی لەو قۆناغەدا، بەڵکو بوون بەسەرەتاو دەسپێکی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی(لەنێوان یەکێتی لایەنەکانی بەرەی جود)، کە لەئەنجامدا بەشێکی گەورەی توانا مادیو مرۆییو سەربازییەکانی کورد بەفیڕۆچوون، بەشێوەیەك هەموو لایەنەکان بەبێ جیاوازی هێندەی رۆڵو قەبارەی سیاسیو چەکداری خۆیان بەرپرسیارێتی مێژوویيان دەکەوێتە ئەستۆ. لەمیانەی ئەو شەڕەشدا رەفتارگەلێك دوور لەپێوەرە ئایینیو مرۆییەکان دژ بەیەکتری ئەنجامدراو ئەدەبیاتی شەڕی ناوخۆی ئەو قۆناغەش پڕە لەقسەی سوكو ناشیرین بەرامبەر بەیەکتری.

٦. هاتنەئارای ئاشتبوونەوەی گشتی بەهۆی دەستپێشخەری یەکێتی ی نیشتمانی کوردستانو بەدەمەچوونو میانگیریی حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە، بوو بەمایەی کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆو زەمینەی

نزیکبوونەوەو ئاشتبوونەوە لەنێوان لایەنەکاندا رەخساند، بەجۆرێ توندبوونی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس لەباشوری کوردستان، هانی لایەنەکانی نێو جوڵانەوەکەیدا، بۆئەوەی بیر لەپێکهێنانی بەرەی کوردستانی بکەنەوەو بتوانن فشار بخەنە سەر حکومەتی بەعس، ئەگەرچی دروستبوونی بەرەی کوردستانی ئەنجامی ئەو بارودۆخەش بوو، کەمەترسی حکومەتی بەعس روویکردبووە سەر خودی پارتە سسیاسییەکان خۆشیان.

٧. پیادەکردنی کیمیابارانو پرۆسەکانی ئەنفالکردن لەنێوان ساڵانی(١٩٨٧–١٩٩١) لەناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستانو زیندانیکردنو کوشتنو لەسێدارەدنی خەڵکی شۆڕشگێڕو بێتاوانی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە، لەولاشەوە دروستبوونی بەرەی کوردستانیو یەکخستنی ریزەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد. هەروەها گۆڕانی بارودۆخی سیاسی جیهانو گۆڕانکاری لەهەڵوێستی سیاسیی وڵاتانی زلهێز بەرامبەر حکومەتی بەعس لەعێراق، بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی کوەیتو پاشەکشەنەکردن لێی، پاڵنەری سەرەکی بوو بۆئەوەی وڵاتانی ئەمریکاو هاوپەیمان هێرشبکەنە سەر عێراق، لێرەوە راپەڕینی جەماوەری سەرەتا لەناوچەکانی باشورو ناوەڕاستەوە سەریهەڵداو دواتر ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوەو توانرا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئازاد بکرێت. لەمەشدا حزبی سۆسیالیست لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا رۆڵی لەهاندانی جەماوەرو خۆسازدانی چەکداری بۆراپەڕین هەبوو.

٨. پەلاماردانەوەی کوردستان لەلایەن سوپاکانی حکومەتی بەعسەوە، رووداوی کۆڕەوی میللەتی کوردی لێکەوتەوە، کەبووەهۆی جوڵانی ویژدانی جیهانیو بەهۆیەوە بریاری(٦٨٨)لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو. بەگوێرەی یاساکە ناوچەیەکی ئارام بۆکورد دابینکراو پاشماوەیەکیش بەعس دامو دەزگا کارگێڕییەکانی خۆی لەکوردستان کشاندەوە. بەمەش بۆشاییەکی کارگێڕی لەکوردستاندا دروستبوو، کە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە پڕکرایەوە، تائەوکاتەی توانرا بۆیەکەمینجار هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام بدرێتو یەکەمین دامو دەزگای دیموکراسی لەکوردستاندا دروستبکرێت.

٩. ئەو وتووێژانەی لەنێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی بەعس لەدوای راپەڕین هاتنەئاراوە، لەبنەڕەتدا ئامرازێك بوو بەدەست حکومەتی بەعسەوە بۆئەوەی ئەو هەلو دەرفەتە نوێیانەی، بەهۆی پاڵپشتیکردنی نێودەوڵەتییەوە بۆکورد هاتبووە ئارا لەنێو ببات، چونکە جگەلەوەی وتووێژ لەبیری بەعسیزمدا چەکی چنگخستنی کات بووە، بەکرداریش ئەو وتووێژانە ئەنجامێکی ئەوتۆیان بەنیسبەت چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە لێنەکەوتەوە، چونکە هێشتا وتووێژ کۆتایی پێنەهاتبوو، حکومەتی بەعس هێرشی کردە سەر ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان. لەم وتووێژانەدا حزبی سۆسیالیست نوێنەری خۆی هەبوو، بەشداری راستەوخۆی تیایاندا کرد.

١٠. ئەوەی لەمێژووی حزبی سۆسیالیستدا بەدیدەکرێت، ئەوەیە ئەم پارتە زیاتر وەك پارتێکی چەکداریو سەربازی دەرکەوتووە، نەك سیاسی. ئەمە جگەلەوەی سەرکردایەتییەکی پەرشو بڵاوی هەبووە، بەشێوەیەك هەندێکیان لەسوریاو بەشێکی تر لەسنوری ئێرانو بەشەکەی تر لەناوچەکانی شارەزوورو

سلێمانیدا بوون، ئەمەش کاریگەری لەسەر کاری رێکخراوەیی‌و سیاسی‌و چەکداری ئەو پارتە هەبووە، چونکە کوژران‌و لەنێوچوونی ژمارەیەك سەرکردەی سیاسی‌و سەربازی وەك(عەلی عەسکەری‌و د.خالید سەعیدو سەعدی گچکەو سالّەح یوسفی‌و عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی‌و تایەری عەلی والی‌و قادر شۆڕش‌و....تاد)، هێندەی تر کەلێن‌و بۆشایی لەنێو ئەو پارتەدا دروستکردو نەتوانرا پڕ بکرێتەوە.

١١. حزبی سۆسیالیست لەنێوان سالانی(١٩٧٩–١٩٩١)دا تەنها یەك کۆنگرەی بەستووەو نەشیتوانیوە ناو بەناو کۆبوونەوەی فراوان سازبکات، بۆیە ئەم پارتە تووشی چەندین کێشەی نێوخۆیی بۆتەوەو نەیتوانیوە چارەسەری پێویستیان بکات. هاوکات ئەو پارتە پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ زۆربەی پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان‌و پارچەکانی تری کوردستاندا لەسەر بنەمای نەتەوایەتی‌و خەباتی هاوبەش هەبووە. هەروەك لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریخوازیی ناوچەکەشدا لەسەر بنەمای پشتگیریکردنی یەکتری‌و خەبات لەدژی داگیرکاریی‌و ئیمپریالیزم پەیوەندی دروستکردووە. ئەوەی دەمێنێتەوە پەیوەندی ئەم پارتەیە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لەنموونەی سوریاو لیبیاو ئێران، کەهەندێجار تێبینی ئەوە دەکرێت، جۆری پەیوەندی لەگەڵ ئێران سیمای تاکەکەسی لەخۆگرتووە، جگەلەوەی پەیوەندی نوسراو بەگوێرەی پرۆتۆکۆل‌و پەیماننامە نەبووە.

١٢. لەکۆتاییدا ئەم پارتە چەندە لەخەبات‌و تێکۆشان‌و هەلگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ لەدژی حکومەتی بەعس لەکوردستاندا بەشدارە، کەئاکامەکەی بووەهۆی بەرپابوونی راپەڕین‌و ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان‌و هاتنەئارای پرۆسەی دەنگدان بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان‌و پێکهێنانی دام‌و دەزگای یاسایی‌و کارگێڕی‌و لەدواییشدا دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا بەئەندازەی خۆیشی لەو رووداوو دیاردە دزێوو ناشیرینانەی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردی ئەو قۆناغە مێژوییە بەشدارە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەڵگەنامەکان

### ئەلف- بەڵگەنامەی بڵاوکراوە


١. نامەی سالّەح یوسفی بۆ سەرکردایەتی حسیك لەپاییزی(١٩٧٩).

٢. نامەی جەلال تالّەبانی بۆئیدریس‌و مەسعود بارزانی لەرۆژی(١٠/٨/١٩٧٦).

٣. نامەی جەلال تالّەبانی بۆعەلی عەسکەری لەرۆژی(١٠/٨/١٩٧٦).

٤. نامەی جەلال تالّەبانی بۆمەکتەبی هەرێمی کوردستانی حشع لەرۆژی(١/١٠/١٩٧٩).

٥. نامــــەی مەکتـــەبی سیاســـی حســـیك بۆمەکتـــەبی هـــەرێمی کوردســـتانی حشـــع، لەرۆژی(١٩٧٩/١١/١٧).

٦. نامـەی سـوارە عـەباس ئـاکۆ فەرمانـدەی هـەرێمی(١٤)ی یـەکێتی ی نیشـتمانی کوردسـتان بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٠/٥/١٩).

٧.نامەی عومەر شێخموس بۆمحەمەدی حاجی مەحمود، لەرۆژی(١٩٨٠/٦/٥).

٨.نامەی عومەر شێخموس بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٠/٨/٥).

٩. نامەی عەدنان کەمالو قادر قادر بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٠-١٩٨١/٤/١١).

١٠. نامەی عەدنان کەمالو قادر قادر بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨١/٥/٢١).

١١. نامەی عەدنان کەمال بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨١/٦/٢).

١٢.نامەی(قادر چاوشینو قادر قادرو عەتا) بۆعوسمان قادر منەوەر، لەرۆژی(١٩٨٢/١٢/٢٩).

١٣.نامەی شەوکەتی حاجی مشیر بۆ محەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٥/٢/١).

١٤.نامەی محەمەدی حاجی مەحمود بۆشەوکەتی حاجی مشیر، لەرۆژی(١٩٨/٢/٢).

١٥.نامەی جەلال تاڵەبانی بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٥/١٢/٢).

١٦.نامەی نەوشیروان مستەفا بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٦/١/١٤).

١٧. نامەی مەسعود بارزانی بۆجەلال تاڵەبانی لەرۆژی(١٩٨٧/٤/٣٠).

١٨. نامەی ئازاد مستەفا بۆجەلال تاڵەبانی لەرۆژی(١٩٨٧/٤/٢٤).

١٩.نامەی رەسوڵ مامەند بۆجەلال تاڵەبانی.

٢٠. نامەی جەلال تاڵەبانی بۆفوئاد مەعسوم، لەرۆژی(١٩٨١/٩/٩).

٢١.نامەی فەرەیدون عەبدولقادر بۆمحەمەدی حاجی مەحمود، لەرۆژی(١٩٩١/١/٢٢).

٢٢.نامەی نادر عەلی هەورامی بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٣/٤/٣٠).

٢٣.نامەی ئیدریس بارزانی بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٢/٣/١٥).

٢٤.نامەی ئیبراهیم سۆفی(ئەبو تارا) بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٣/٥/١).

٢٥.نامەی ئیبراهیم سۆفی(ئەبو تارا) بۆمحەمەدی حاجی مەحمود لەرۆژی(١٩٨٣/٤/٢٩).

